# دنیای چیرۆک

گۆڤارێکی وەرزی تایبەتە بە چیرۆک و گێڕانەوە ناسی، "ماڵی ڕۆشنگەریی کەمال سەعدی "دەری دەکات

ژمارە: (١) | بەهاری ٢٠٢٥



- کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و پەخشانی هونەری لە ڕۆژنامەوانیی کوردیی باشووری کوردستاندا ١٩١٨-١٩٥٨، چیرۆکی کوردی بە نموونە.
- هەقایەت و چیرۆکی هونەری: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری
- کورتە چیرۆك - مێژوو و پێناس
- دیمانەی گۆڤار
- دەق و ڕەخنە
- چیرۆکی خۆماڵی
- چیرۆکی وەرگێڕدراو
- لە ئەرشیفی چیرۆکی کوردییەوە

ماڵی ڕۆشنگەریی کەمال سەعدی
2025

# دنیای چیرۆک
## DINYAY ÇÎROK

گۆڤارێکی وەرزی تایبەتە بە دنیای چیرۆک، گرنگی بەئەدەبی چیرۆک و گێڕانەوە ناسی دەدات. هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەند کردن و بەرەوپێش بردنی کتێبخانەی چیرۆک و گێڕانەوەناسی کوردییە.

**ژمارە (١) بەهاری ٢٠٢٥**

**بە ژمارە (١٠٠٧)ی ساڵی ٢٠٢٥ی متمانەی "سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان"ی وەرگرتووە.**

قەبارەی گۆڤار: ١٧×٢٤ سم

- **خاوەنی ئیمتیاز:**
پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا

ت: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٤١٢٢٣٢

- **سەرنووسەر:**
سابیر ڕەشید

ت: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٥٥٩٧٦٦

- **دیزاین و کاری هونەری و سەپەرشتیاری بەشی کرمانجی سەروو (Kirmancî):**

سەرباز سیامەند مەنتک
SARBAZ Siyamand mantik

- **سەرپەرشتیاری گشتی:**

دکتۆر چیایی کەمال سەعدی

- **زمان و ڕێنووس:**
حەمە ئەحمەد جاف

- ناونیشان بۆ پەیوەندی کردن:
هەرێمی کوردستانی عێراق - هەولێر

- ئیمەیل | E-mail:
stories.Magazine@gmail.com

Design: Sarbaz Siyamand
009647504925483

**مەرجەکانی بڵاوکردنەوەی بابەت لە گۆڤار:**

١. بابەتەکە لەچوارچێوەی دنیای چیرۆک و گێڕانەوە ناسی دابێت.
٢. پێشتر بڵاو نەکرابێتەوە.
٣. بە یونیکۆرد و فۆنتی (گۆران) تایپ کرابێت.
٤. لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکاندا، پەراوێز و سەرچاوەکان دیاریکرابێت، چ بە سیستەمی هارڤارد یان سیستەمی شیکاگۆ.
٥. توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان لە سنووری (٧,٠٠٠ - ١٠,٠٠٠) وشە و بابەتی دەقیش لە سنووری (٤,٠٠٠) وشە زیاتر نەبێت.
٦. ناو و ناونیشانی نووسەر و کورتەیەک لە سیڤی | بایۆگرافی و وێنەیەکی لەگەڵدابێت.
٧. تا دەکرێت بابەتەکان بە ئیمەیل بنێرن و دەشتوانن لە ڕێگەی تلیگرام، ڤایبەر و واتسئاپ بابەتەکان بنێرن.

- ئیمەیلی گۆڤار: stories.magazine@gmail.com
- ژمارە مۆبایلی: خاوەن ئیمتیاز: (٠٠٩٦٤٧٥٠٤٤١٢٢٣٢)
- ژمارە مۆبایلی: سەرنووسەر: (٠٠٩٦٤٧٥٠٤٥٥٩٧٦٦)

ناونیشان: هەولێر- گەڕەکی ڕاستی، ماڵی ڕۆشنگەریی کەمال سەعدی

**Mercên weşandina gotaran di kovarê de:**

1. Divê mijar di çarçoveya cîhana çîrokbêjiyê de be.
2. Berê nehatiye weşandin.
3. Bi tîpên Unicode û Goran hatiye nivîsandin.
4. Di lêkolînan de, divê pîvan û çavkanî bêne destnîşankirin, çi ji hêla pergalên Harvard an Chicago ve.
5. Lêkolîn ji (7.000 - 10.000) peyvan û nivîs ji (4.000) peyvan derbas nebe.
6. Nav û navnîşana nivîskar, kurte CV|Jînenîgarî û wêne.
7. Bi qasî ku dibe bila bibe gotaran bi e-nameyê bişînin û hûn dikarin bi rêya Telegram, Viber û WhatsAppê jî gotaran bişînin.

- Email a kovarê: stories.magazine@gmail.com
- Hejmara Mobîlê Serpereştyarê Beşa Kirmancî:(009647504925483)

**Navnîşan**: Hewlêr - Taxa Rastî, Mala Ronahî ya Kemal Saadî

**"ماڵی ڕۆشنگەریی کەمال سەعدی"**


ماڵێکە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ڕۆشنبیری، ئامانجی دەوڵەمەندکردنی زانستە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار لە بوارە جیا جیاکاندا و دابینکردنی بێ بەرامبەر بۆ خوێنەران، بەو باوەڕەی کە ڕۆشنبیری مافێکە بۆ هەموان.

# ناوەڕۆک


| بابەت | لابەرە |
|---|---|
| مەرجەکانی بڵاوکردنەوەی بابەت لە گۆڤار | ٢ |
| **\| وتەیەک ... خاوەنی ئیمتیاز** | ٥ |
| | |
| **\|توێژینەوە و لێکۆڵینەوە** | |
| - کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و پەخشانی هونەری لە ڕۆژنامەوانیی کوردیی باشووری کوردستاندا ١٩١٨-١٩٥٨ (چیرۆکی کوردی بە نموونە) \| پرۆفیسۆر د. هیمداد حوسێن و پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئومێد تاڵەبانی | ٦ |
| - هەقایەت و چیرۆکی هونەری: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری \| پ. د. ئازاد حەمە شەریف | ٢٤ |
| - کورتە چیرۆك - مێژوو و پێناس \| عەباس عەبدوڵلا یووسف | ٣٦ |
| - ڕەهەندەکانی قفڵ و کلیلی سیمبۆڵیزم \| عەلی شێخ عومەر | ٤٥ |
| - کورتە چیرۆك چییە؟ \| کوردادنی: مەحموود هۆمەر باوزی | ٥٣ |
| - ڕۆڵی زمان لە تەکنیکی نووسینی ڕۆماندا \| بەهادین جەلال مستەفا | ٦٢ |
| | |
| **\| وتار** | |
| - زمانی نووسین/ زمانی حیکایەتکردن \| عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا | ٦٨ |
| | |
| **\| دەق و ڕەخنە** | |
| - پڵنگەکان لە ڕۆژی دەیەم دا \| وەرگێڕان و شیکاریی: دکتۆر کەمال سەعدی | ٧٥ |
| - باش کاتب \| شیکاریی: سوزان ئەلخەتیب | ٨٣ |
| | |
| **\| دیمانە** | |
| - ئازاد خەمە: من بۆ خۆم دەنووسم، لای من گرنگ نییە خوێنەر دەیخوێنێتەوە، یان نا \| دیمانە: گۆڤاری دنیای چیرۆك | ٨٨ |
| - "کاتێک باوباپیرانمان دەمرن، سەدان چیرۆک لەگەڵیان دەبنە ئەفسانە" \| وەرگێڕانی لە کرمانجی سەروو بۆ کرمانجی ناوەڕاست: سەرباز سیامەند | ٩١ |
| | |
| **\| چیرۆکی خۆماڵی** | |
| - پرسیار \| عەبدوڵلا سەڕاج | ٩٥ |
| - تەنزە چیرۆك ماستەکەی کێخوا \| عەبدولڕەحمان فەرهادی | ١٠١ |
| - ملپێچ \| ئەدیب نادر | ١٠٤ |
| - تاتەشۆر \| حەسەن نازدار | ١٠٩ |

| | |
|---|---|
| - "ئومێد" و "سرووشت" | دلاوەر شێخ محەمەد | ١١٢ |
| - دوو کورتیلە چیرۆک | حەمە ئەحمەد جاف | ١١٧ |
| - وەزیر و بەردەست | عوسمان باشکاڵی | ١٢٠ |
| - گەڕانەوە | د. فەیسەڵ عارەب بلّباس | ١٢٣ |
| هاوارێکی سەربڕاو | شادە عەلی | ١٢٦ |
| - من و ئەو (چارەگە سەدەیەک بەیەکەوە) | تەزرە بۆتانی | ١٢٨ |
| | |
| **| چیرۆکی وەرگێڕدراو** | |
| - ژنێک... بەدوای مێردی خۆیدا دەگەڕێ... | و: مقداد شاسواری | ١٣٣ |
| - دیدارێک لە هاویندا | و: بەهزاد حەوێزی | ١٥٢ |
| - بەڕێوەبەری کرملین | و: تاهیر عوسمان | ١٥٨ |
| - هاوڕێی سەفەر | ئازاد مەولوود کردوویەتی بە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە | ١٦٤ |
| - دەربارەی پێشوولان قسەکردن قەدەغەیە | و: سالار عەبدولڕەحمان محەمەد | ١٧٦ |
| | |
| **| لە ئەرشیفی چیرۆکی کوردییەوە** | |
| - چیرۆکنووسی لە بیرکراو، یوونس مستەفا عومەر دووەم چیرۆکنووسی هەولێرە | سابیر ڕەشید | -١٨٤<br>١٩٠ |
| **Beşa Kurdîya Jorîn (Kirmancî) | بەشی کرمانجی سەروو، لاتینی |** | |
| - Gotinek \| Xwediyê kowarê | 03 |
| - EZBENÎ! Gotin Siltanê Demê Ye \| Konê Reş/ Qamişlo | 04 |
| - Dema kal û bapîrên me dimrin sed çîrokan jî bi xwe re dibin mezelan \| Gülbahar Altaş | 07 |
| - Mamoste Jî Dişibin Hev...! \| Qadir Egîd – Qamişlo | 11 |
| - Dêw di çîrokên Kobaniyê de \| Emel Me'mo | 16-20 |


*



# | وتەیەک

**خاوەنی ئیمتیاز**

"دنیای چیرۆک" پەنجەرەیەکە بۆ جیهانی خەیاڵ و داهێنان... لە هەموو گۆشەیەکی دنیادا چیرۆکەکان پەرش و بڵاون وەک ئەستێرەکان کە تاریکی شەو ڕووناک دەکەنەوە. هەر چیرۆکێک دەنگێکی هەیە، هەر دەنگێکیش مانایەکی هەیە، کە شتێک دەگێڕێتەوە. لێرەوە بیرۆکەی "دنیای چیرۆک" بوو بە ئاوێنەیەک بۆ ڕەنگدانەوەی ئەم جیهانە ئەفسووناویە، کە لە میانیدا ڕۆحە سۆزدارەکان لەگەڵ وشەکاندا یەک دەگرنەوە.

لەم ژمارەیەدا، بە دیدێکی ڕوونەوە دەستمان پێکرد، چیرۆکەکان بکەینە گەشتێکی بەردەوامی فرە کولتووری و کات و هەستەکان. پێمان وایە چیرۆک تەنیا ئەو وشانە نین کە لەسەر کاغەز نووسراون، بەڵکوو ژیانێکی پەپوولەیین، لەگەڵ خەیاڵی خوێنەر دەڕوات و زۆر لە سنووری ئەو ساتەوەختە دووری دەخاتەوە.

"دنیای چیرۆک" تەنیا گۆڤارێک نییە، بەڵکوو پلاتفۆرمێکە چیرۆکدۆستان کۆدەکاتەوە؛ جا نووسەر بن یان خوێنەر. ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی چیرۆکی داهێنەرانە بخەینەڕوو، جا ئیلهامیان لە میرات وەرگرتبێت، یان لەلایەن عەقڵی مۆدێرن و پڕ لە خەیاڵ. دەرگا بە ڕووی نووسەران دەکەینەوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان و بۆ خوێنەران بۆ چێژوەرگرتن لە گەشتێکی ئیلهامبەخش لە هەموو لاپەڕەیەکدا.

لەم ژمارەیەدا، جۆرەها چیرۆکی جۆراوجۆری نایاب، چیرۆکی ئیلهام لە واقیع و فانتازیا و ئەدەبیاتی جیهانی دەبینیتەوە، بۆ ئەوەی بۆ گەشتێکی قووڵایی مرۆڤایەتی بتبات.

بانگهێشتتان دەکەین کە لەم گەشتە ئەدەبییە سەرنجڕاکێشەدا لەگەڵمان بن و "دنیای چیرۆک" بکەن بە بەشێک لە جیهانەکەتان و ئامادەبن بۆ دۆزینەوەی ئەو سیحرەی کە وشەکان لەخۆیان گرتوون.

# | توێژینەوە و لێکۆڵینەوە

# | کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و پەخشانی هونەری لە ڕۆژنامەوانیی کوردیی باشووری کوردستاندا ١٩١٨-١٩٥٨ (چیرۆکی کوردی بە نموونە)

بەشی یەکەم:



پرۆفیسۆر د. هیمداد حوسێن و
پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئومێد تاڵەبانی

## پێشەکی[١]

کۆلۆنیالکردنی عێراق و باشووری کوردستان لە لایەن هێزەکانی ئینگلیزەوە ڕووداوێکی گەورە و کاریگەر بوو، هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردی گرتەوە و گۆڕانکاری ئەوتۆی بە سەریاندا هێنا، ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی کوردیش بە تەواوی کەوتنە بەر ئەو گۆڕانکارییە و لە ماوەیەکی کورتدا گەشەیانکرد و کاراتر هاتنە گۆڕەپانی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە و شوێن دەستی خۆیانیان لە گۆڕینی واقیعی کۆمەڵدا دیاری کرد. ئینگلیزەکان لە سەردەم و پاش جەنگی یەکەمی جیهانیدا سەرەتایەکی نوێیان بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی دامەزراند، یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی عێراق و یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی باشووری کوردستان ڕاستەوخۆ بە سەرپەرشتی ئەفسەرەکانیان دامەزرا، لە

[١]: بە هاوبەشی لەگەڵ د. ئومێد شەمسەددین. لە نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ڕۆژنامەوانیی کوردیی لە عێراقدا ١٩١٨-١٩٥٨، بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی گەرمیان-کۆلێژی پەروەردە ساڵی ٢٠٠٩.

ڕێگەیانەوە بابەتی هەمەڕەنگ و نوێی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردی بڵاوکرایەوە و بوو بە مایەی گەشەکردنیان.

پشتگوێخستنی ڕۆڵی ئینگلیز و ڕۆژنامەنووسیی ئەو سەردەمە و کاریگەرییان لە بیر و هۆشی ڕۆشنبیرانی کورد و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانیاندا هۆیەکی سەرەکیی هێنانەکایەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و پەخشانی هونەریی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیی لە باشووری کوردستاندا ١٩١٨-١٩٥٨ (چیرۆکی کوردی بە نموونە).بۆ گەیشتنە ئامانج، لێکۆڵینەوەکەمان دابەشکردە سەر پێشەکییەك و دوو بەش:

بە دوو تەوەرە پەخشانی کوردی باسکراوە. تەوەرەی یەکەممان بریتییە لە خستنە ڕووی ڕۆڵی ئینگلیزەکان لە گەشەسەندنی پەخشانی کوردیداو تەوەرەی دووەممان بۆ باسکردنی ژانرە نوێکانی پەخشانی کوردی تەرخانکردووە و بە تایبەت چیرۆکی هونەریی کوردی و بە تەواوی لایەنەکانی بینای هونەریی هەندێ لە چیرۆکەکانمان خستۆتە ڕوو و لێیکۆڵینەتەوە وەك بینای ڕووداو، گێڕانەوە، کارەکتەر، شوێن، کات.

زۆربەی ئەم بابەتانەش وەك بەرهەمێکی هونەری ڕۆژنامەنووسیی نووسراو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەپەخشانی کوردییەوە هەیە.

لە ئەنجامدا گرنگترین خاڵە سەرەکییەکانمان خستۆتەڕوو، کە لایەنی ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی دەگرێتەوە و لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکەوە بە دەستمان هێناوە و بە چڕی تۆمارمان کردووە.

سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرجەم ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزییەوە لە عێراق و باشووری کوردستاندا دەرچووە بە تایبەت لە ناوچەی بەغدا و سلێمانی و ئەوانەش دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ژێر چاودێری و سانسۆریاندا لە نێوان ساڵی ١٩١٨دا دەرچووە، کە مێژووی کۆلۆنیالکردنی تەواوی عێراق و باشووری کوردستانە تا ساڵی ١٩٥٨، کە مێژووی نەمانی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزییە و بە ڕووخاندنی حکومەتی پادشایەتی لە عێراقدا تەواو دەبێ. بەکارهێنانی ناوی (ئینگلیز)یش لە ناونیشانی نامەکەدا لە جیاتی(بەریتانیا)دا، کە ئاماژەن بۆ دەوڵەتی (ئینگلترا) لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە باوترە و زۆرتر لە ناو ڕۆشنبیران و کۆمەڵی کوردەواریدا بەکارهاتووە و بەکاردێ.

بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی بە ئاکام بە زۆری لێرەدا هەوڵماندراوە ڕێبازی شیکردنەوەی وەسفی و ڕێبازی مێژوویی بەکاربێنین بۆ دەستنیشانکردنی دەستپێشخەریی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی ئەو ماوەیە لە بواری ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیدا، لە لایەکیترەوە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی بنەماکانی ئەدەب و هۆکارەکانی دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسیی ئەو

سەردەمە. هەندێ جاریش بۆ سەلماندنی ڕاکان پەنامان بردۆتە بەر بەکارهێنانی خشتە و هەڵبژاردنی نموونە. گەورەترین گیر و گرفت ڕوو بە ڕووی لێکۆڵەر بۆتەوە لە سنووری لێکۆڵینەوەکەدایە، چونکە ئینگلیزەکان ماوەی دەسەڵاتیان بە سەر ناوچەکانی عێراقدا لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی و پاش ئەو جەنگە و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی پادشایەتی و دانانی لە ژێر ئینتیدابدا تا ساڵی ١٩٣٢ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا ڕاستەوخۆ لە لایەن کاربەدەستانی ئینگلیزەوە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)یان لە بەغدا و ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)یان لە سلێمانیدا دامەزراند، دواتر بە دانانی موتەسەڕیفێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە ناوی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) گۆڕا بۆ (ژیان)، بەڵام ئەم ڕۆژنامەیە لە سەرەتاوە تا ماوەی چەند ساڵێك وەك بەردەوامی ڕۆژنامەکەی پێشی بە هەمان ڕوخسار و ناوەرۆك و سیاسەت دەردەچوو. ئینگلیزەکانیش هەڵسووڕێنەری ڕاستەقینەی ناوچەی سلێمانی بوون و ڕۆژنامەکە لە ژێر سانسۆری ئەواندا دەردەچوو، بۆیە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا نەبوو جگە لە ناونیشانەکەی. هەمان سیاسەتی ئینگلیزەکان لەگەڵ ڕۆژنامەکەدا بەردەوام دەبێ و هەندێ جار کزەوە دەبێ و هەندێ جاریدی سەرهەڵدەداتەوە تا ساڵی ١٩٣٠ و لە سەردەمی (پیرەمێرد)دا ئیتر بە تەواوی دەبێتە ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی و لە کاری سیاسی دوور دەکەوێتەوە. ئەمە بۆ خۆی کێشەیەکی گەورەیە بە تایبەت ئەگەر بزانین ڕۆژنامەکە لە ژێر هەمان ناودا (٥٥٣) ژمارەی لێدەرچووە و لە هەمان چاپخانەی شارەوانی سلێمانی و بە بێ تۆمارکردنی هیچ زانیارییەك لە ڕووی دەرەوەیدا لە چاپدراوە، دواتر ئەنجا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (ژین). بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە لە باسکردنی ڕۆژنامەی (ژیان)دا سنووری لێکۆڵینەوەکەمان تا ئەو ساڵ و ڕۆژە درێژکردەوە، کە ئینتیدابی ئینگلیزی نامێنێ و عێراق دەبێتە ئەندامێك لە کۆمەڵەی گەلاندا، تا ئەو کاتەش ژمارەی ڕۆژنامەکە دەگاتە (٣٤٠) ژمارە.

لە لایەکیترەوە هەرچەند ئینگلیزەکان پاش جێبەجێ کردنی مەرامەکانیان تا ساڵ ١٩٣٢ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاروباری عێراق و باشووری کوردستانیان بەڕێوە دەبرد، بەڵام لەوەش بە دووا لە پشت پەردەوە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی نوێوە هەر خۆیان هەڵسوڕێنەری ڕاستەقینەی کاروباری عێراق بوون و ڕژێمی پادشایەتی بە فەرمانی ئەوان هەڵسوکەوتی دەکرد، هێزەکانی ئینگلیزیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و کاربەدەستەکانیان لە عێراقدا بەردەوام فڕۆکە و سوپاکانیان ئامادەبوون و دەستێکی باڵایان لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا هەبوو، بەڵام تا ڕووخاندنی ڕژێمی پادشایەتی هیچ لایان لە ڕۆژنامەنووسی کوردی نەکردۆتەوە، جگە لە گۆڤاری(دەنگی گێتیی تازە)، کە لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ئینگلیزییەوە لە بەغدا دەردەچوو و تا ژمارە(١)ی بەرگی پێنجەمی ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بووە، لەوە بە دووا دەستیان لێهەڵگرت و بوو بە موڵکی ڕۆشنبیرانی کورد لە بەغدا، ئیتر بە پێچەوانەی سەرجەم ڕۆژنامەنووسی کوردیی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی هەموو زانیارییەکانی تایبەت بە خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری گۆڤارەکە لە بەرگی

دەرەوەیدا تۆمارکراوە. ئەمەش جارێکیتر سنووری لێکۆڵینەوەکە درێژتر دەکاتەوە، بۆیە پاش پشکنینی سەرجەم ڕۆژنامەنووسیی کوردیی عێراق و گەڕان بە دووای خاوەن و بەڕێوەبەرەکانی و پشکنینی سەرچاوە مێژوویی و سیاسییەکان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە ئینگلیز لەو کاتەدا وەك گەورەترین دەوڵەتی کۆلۆنیالی لە جیهاندا پاش ساڵی ١٩٥٨ لە زۆری ئەو وڵاتانەی، کە پێشتر داگیریان کردبوو بەردەوام هەبوون و لە پشت پەردەوە دەسەڵاتی پێشووی خۆیانیان لەو وڵاتانەدا پاراستووە، بۆیە لێکۆڵینەوەکەمان لە نێوان ساڵی ١٩١٨-١٩٥٨دا سنووردارکرد و تەنیا باسی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەمان کردووە، کە دەکەونە نێوان ئەم سنوورە و خۆمانمان لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی پاش ئەو سنوورە نەداوە، ئەوەش ئەگەر هەبێ.

- **تەوەری یەکەم: ڕۆڵی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی لە گەشەسەندنی پەخشانی هونەریی لەڕۆژنامەوانیی کوردیی لە باشووری کوردستاندا**

لە ڕووی مێژوویییەوە پەخشانی کوردی پاش شیعر سەریهەڵداوە، سروشتی شیعر و ئاسانیی لە بەرکردنی بە هۆی ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی زۆرتر لە سروشتی مرۆڤایەتی نزیکبۆتەوە، بۆیە وەك بەڵگەیەکی مێژوویی لای کورد و نەتەوەکانیتر نموونەی شیعر پێش پەخشان بە دەستهاتووە[٢].

نموونەی پەخشانی کوردی پاش بە ئیسلامبوونی کورد لە کتێبی(جیلوە) و (میسحەفا ڕەشی)ی ئێزیدییەکان و (سەرئەنجام)ی یارسانەکاندا بەرچاودەکەوێ [٣].بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و ئەدەبیاتی فارسی و بەکارهێنانی زمانی تورکی لە دامودەزگا حکومییەکانی سەردەمی عوسمانیدا زمانی کوردیی خستە ژێر کاریگەریی ئەو زمانانەوە [٤].لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵەران دانیان بەوەدا ناوە، کە کۆنترین دەق بە زمانی کوردی نووسرابێ کتێبە وەرگێڕاوەکەی (عەلی تەرەماخی) یە ساڵی (١٠٠٠)ی کۆچی نووسراوە. گرنگترین دەقیش مەولودنامەکەی (شێخ حسێنی قازی)[٥] یە (١٧٩٠ - ١٨٢٧). لەمانەش گرنگتر ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەیە لە لایەن (مەلا مەحموودی بایەزیدی)یەوە (١٧٩٩-١٨٦٧) لە سەر داخوازی قونسوڵی ڕووسیا لە ئەرزەڕووم (ئەلکسەندەر ژاپا) نووسراون، کە بریتییە لە چیرۆکی مەم و زین، لەیلا و مەجنوون، سیامەند و شەمسێ، جامعی ڕسالیان و حیکایەتان، عادات و ڕسووماتنامەی تەوایفی ئەکرادیە، ئوسولی نیزامانی کرمانجی، وەرگێڕانی کورتەی شەرەفنامە، فەرهەنگی کوردی - فەرەنسی، ساغکردنەوەی کتێبەکەی عەلی تەرەماخی،

---

[٢] - بروانە: عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل ١٢٨.
[٣] - عەلائەدین سەجادی، مێژووی پەخشانی کوردی، ل ١٣-١٧.
[٤] - حەمە ساڵح فەرهادی، ل ١٩.
[٥] - عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٧، ل ٦ و٧.

تــەواریخی جەدیــدەی کوردستان،(رســاله توحفــه الــنخلان فی الزمــان کــوردان) و چەنــد بەرهەمێکیتر [٦].

وەرگێرانـیش لـە زمانـەکانیترەوە ڕۆڵی زۆریـان لـە پێشخسـتنی پەخشـانی کوردیـدا بینیـوە لەوانە(مـەلا یونسی- هەڵکـەتێنی) سێ کتێبی ڕێزمـانیی لـە عەرەبییـەوە کـردووە بـە کـوردی [٧].کڵیسـەکانیش ڕۆڵی باشیان لە پاراستنی هەندێ دەستنووسی کۆندا بینیوە وەك نوێژی مەسیحییەکان، کە ساڵی ١٤٠٠ و کتێبی ئایینی موژدەبەرەکانی دۆمینیك و کاپوسانەکان، کە لـە سـاڵی ١٦٠٠دا نووسراون.(ئینجیل)یش چەنـد جـارێ وەرگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کـوردی و ساڵی ١٨٥٧ بە ئەلف و بێ و پیتی ئەرمەنی نووسراوە [٨].ئەمانە و چەند نموونەیەکیدی سـەرجەم بەرهـەمی پەخشـانی کتێبخانـەی کـوردی بـووە، زۆربەیشی- دەسـتنووس بـووە و لـە کتێبخانە تایبەتەکانی هەندێ لە ڕۆشنبیراندا هەڵگیراوە و دەستی زۆرینەی پێ نەدەگەیشت و هیچ ڕۆڵێکی نەدەبینی لە بواری زانستی و ئەدەبیدا. ئەم دواکەوتنەی پەخشانی کوردی و درەنگی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی لە چاو پەخشـانی جیهانیدا دەگەڕێتـەوە بۆ دواکـەوتنی داهاتنی چاپ لە ناو کورددا. دواکەوتنی پەخشانی کوردیش لە ئەنجامی چەند هۆکارێکەوە ڕوویداوە، لەوانە [٩]:

١- نــەبوونی زمــانێکی یــەکگرتوو لــە سەرانســەری کوردســتاندا و بــەکارهێنانی دیــالێکتی جۆراوجۆر.

٢- دواکــەوتن و نەخوێنــدەواری و نەگەیشــتنی کتێــب و بەرهــەمی ئــەوروپی بــە دەســت خوێندەواران.

٣- قەدەغەکردنی خوێند و نووسین بە زمانی کوردی لە ناوچەکانی کوردستاندا.

٤- لاوازیی باری دارایی و نەبوونی چاپخانە بە هۆی باری سیاسیی کوردستانەوە.

ئەم حاڵەتە لای هەموو میللەتانی جیهاندا هاوشێوە بوو تا داهاتنی چاپ بەوەش پەخشان هاتە مەیدانی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە و شوێنی خۆیی لە پاڵ شیعردا قایمکرد و هاوشـانی یەك پێشکەوتن و گەشەیانکرد.

---

٦ - د.فەرهـاد پیربـال، مەلا مەحمـوودی بایەزیـدی ١٧٩٩-١٨٦٧، یەکەمـین چیرۆکنـووس و پەخشـاننووسی کـورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ١٣-٢٠.
٧ - عبدولرەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل ٤٥.
٨ - عەبدولرەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل ٧١-٧٤
٩ - د.عزالدين مصطفى رسول،الواقعية في الادب الكردي، ص ٢٠٤-٢٠٥.

گرنگیی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆلۆنیالیزم بە تایبەت ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لەوەدایە یەکەم بڵاوکراوە و چاپکراوی کوردییە لە باشووری کوردستاندا، کە تا ئەو کاتە هیچ کەرەسەیەك لە بەردەستدا نەبووە بۆ فێرکردن و خوێندن جگە لەم ڕۆژنامەیە.

(تۆفیق وەهبی) دانی بە گرنگی ڕۆژنامەکە لەم بوارەدا ناوە و دەڵێ:(مامۆستا (گەرنیل ئیدی) کە لە ساڵی ١٩٢٣دا دەرزی ئینگلیزیی پێ ئەوتم، سەردەمێ ئارەزووی کردبوو کە زمانی کوردی فێربێ، چونکە ئەو دەمە چاپکراوی تری کوردی نەبوو، لە سەر ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کە لە زەمانی مێجەر سۆندا دەرئەچوو دەسمان کرد بە خوێندن) [١٠].

سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە عێراقدا بنەمایەکی پتەوی بۆ پەخشانی کوردی دامەزراند و گەشەی پێکرد، چونکە پەخشانی نووسراو زادەی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵە و زمانی شارستانییەتە، ڕۆژنامەنووسیش پەیوەستە بە باری ڕۆشنبیری و هوشیاریی کۆمەڵەوە، بۆیە بەردەوام بە یەکەوە گەشەکردن و دواکەوتنیان پێوە دیارە. ڕۆڵی کۆلۆنیالیزم و کاربەدەستانی ئینگلیز لە گەشەسەندنی پەخشانی کوردیدا لە چەند لایەکەوە بەرجەستە دەکرێ وەك:

**ئ- دامەزراندنی چاپخانە:**

یەکێ لە کارە هەرە گرنگەکانی کۆلۆنیالیزم، کە خزمەتێکی بێ هاوتای کۆمەڵی کوردیی لە باشووری کوردستاندا کردووە بە تایبەت لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە دامەزراندنی یەکەم چاپخانەی کوردی بوو لە سلێمانیدا. لە ڕێگەیەوە بە تەواوی جموجۆڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و ڕۆڵی لە پێشخستنی کۆمەڵی کوردیدا بینی. هەر لەو چاپخانەیەدا بۆ ماوەی چەند ساڵێك زنجیرەیەکی نە بچڕاوی ڕۆژنامەنووسی لە باشووری کوردستاندا بەردەوامبوو، ١١٨ ژمارەی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) و١٤ ژمارەی (بانگی کوردستان)، ١٦ ژمارەی (ڕۆژی کوردستان)، ٣ ژمارەی (بانگی حەق)، ٢٥ ژمارەی (ئومێدی ئیستقلال)، ٥٦ ژمارەی (ژیانەوە)، ٥٥٣ ژمارەی (ژیان)، ٧٠ ژمارەی (زبان) لە چاپدرا و بڵاوکرایەوە. سەرەتای لە چاپدانی کتێب بە زمانی کوردی و بیانی و بە تیراژێکی زۆر لە باشووری کوردستاندا لە ڕێگەی ئەم چاپخانەوە بوو، لە هەمووی کۆنتر کتێبی (قصص الانبیاو)ی مەلا عەبوڵڵا زێوەر ١٩٢٠ و (دیوانی مەحوی)ی محەمەدی مەلا وەسمانی باڵخی ١٩٢٢ و (دەستووری موچەخۆری) ١٩٢٢ و (گۆرانی کوردی) ١٩٢٥ و (قانونی هەڵبژاردنی مەبعوسی)...[١١]. ئەمە بۆ خۆی کارێکی ئەوتۆی کردە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی و لە ڕێگەیەوە پەخشانی کوردی لەو قۆناغە پەڕییەوە، کە تەنیا باڵبەستی ڕۆژنامەنووسی بێ و

---

١٠ - تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، چاپخانەی ( دار الطباعة الحديثة )، بەغدا، ١٩٢٩، پێشەکی، ل ( ٦ ) .

١١ - مستەفا نەریمان، بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی، ل ١٨ و ١٩ . هەروەها: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی رەشە، ل ٦٨.

هەنگاوی گەورەی بەرەو کامڵبوون و پێگەیشتن نا. ئەوەش وەك ڕاستییەك خۆی دەسەلمێنێ، کە هێنانی چاپخانە و بەکارهێنانی لە کاری چاپدا ئەگەر بۆ ڕۆژنامە بێ یان کتێب کارێکی ئەوەندە سووك و ئاسان نەبووە لەو کاتەدا و لە توانای کەسێکی ئاساییدا نەبووە ئەگەر بە کۆششی. حکومەت نەبوایە، مێجەر (سۆن)یش پێشەوای ئەم کارە بوو، بۆیە لە باسکردنی چاپخانەی کوردیدا یەکسەر ناوی پێشدەکەوێ. لێرەشدا دەبێ ئەوە ڕوونبێ (ئەگەر ئەو چاپخانەیە دانەمەزرایە بە هەر مەبەستێ بێت، ئەوا سلێمانی ئەو بزووتنەوە ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسییەی بە خۆیەوە نەدەبینی)[١٢].

## ب- بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە:


مێجەر (سۆن) توانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی عێراق و یەکەم ڕۆژنامەی باشووری کوردستان دەرکا و بڵاویان بکاتەوە، ئەنجا بۆ هەر مەبەستێ بێ ئەمانە بوونە بەردی بناغەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراقدا و بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی بەرپاکرد تا ئەو کاتە کورد بزووتنەوەیەکی لەو شێوەی بە خۆیەوە نەبینیبوو. مێجەر (سۆن) توانی شوێن و کەرەسەکانی چاپ وکاری لە چاپدانی ڕۆژنامە بخاتە بەرچاو ڕۆشنبیرانی سلێمانی و ژمارەیەك ڕۆشنبیری لە چواردەور ڕۆژنامەکە کۆکردەوە و بەرهەمی ئەدەبییان تێدا بڵاوکردەوە، لەوانەش ژانرەکانی پەخشانی کوردی بوو، کە یەکەم جار لە باشووری کوردستاندا چاپکراوە. دەرکردنی ڕۆژنامەش بە زمانی کوردی لەو کاتەدا بایەخی تەواوی خۆی هەبوو و ئەوەی بۆ دۆست و دوژمن خستە ڕوو، کە زمانی کوردی تەنیا زمانی شیعر و بەیت و حیکایەت و داستان و ئەفسانەی فۆلکلۆری نییە، بەڵکو زمانێکی زیندووە و توانای پێنووسین و خوێندنەوەی هەیە و لە بواری پەخشاندا دەست باڵایە و بۆی هەیە لە هەر بوارێکدا ئەسپی خۆی تاودا، بۆیە بابەتەکانی پەخشان بە تیژی سەری بە هەموو قوژبنەکانی ژیانی کۆمەڵدا دەکرد. بەردەوامیش ئەوەی دەخستە ڕوو، کە زمانی کوردی بە توانایە و هەرگیز لە زمانانیتر کەمتر نییە و بگرە لە ئاستی ئەواندایە. ئەم ڕۆژنامانە بنەمایەکی بە هێزیان بۆ وتاری ئەدەبی و چیرۆکی هونەری و ژانرەکانی پەخشانی کوردی دامەزراند. لە بواری هونەری ڕۆژنامەنووسیدا دەستی بۆ زۆربەی لایەنە هونەرییەکان کێشاوە و بەردی بناغەی بۆیان دامەزراند وەك: ڕیپۆرتاژ، وتار، هەواڵ، دیدار، کە ئەمانەش دوور و نزیك پێوەندییەکی بەتینیان بە پەخشانەوە هەیە. ڕەشید نەجیب لە باسکردنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا دان بە ڕۆڵی ئینگلیز و مێجەر (سۆن)دا دەنێ لە بواری پێشخستنی پەخشانی کوردیدا و بە یەکەم هەنگاوی ئەژمار دەکا و دەڵێ:


(کوردیی ڕاستەقینە، نووسینی لە ساڵی ١٩٢٠هوە دەستی پێکرد. بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەیەکی کوردی بە ڕێك و پوختەیی بنووسێ دەستی کرد بە دەرچوون. لەم ڕێیەدا

---

١٢ - محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، ڕۆژنامەنووسی کوردی و بزووتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسیی کورددا، ل ١٢٨.

(مێجەر سۆن) کۆششێکی زۆری پیشاندا،(پێشکەوتن) هەرچەندە ڕۆژنامەیەکی نیو حکوومەتی بوو هەفتەی جارێك دەرئەچوو، بەڵام بوو بوو بە مەیدانی قەڵەم شۆڕی لە شیعر و نەسردا. لەگەڵ ئەوەدا کە نەسری کوردی ئەوسا هێشتا مناڵێکی ساوا بوو و یا بە پێی تەمەنیەوە بە ساوا ئەژمێررا، بەڵام دیسانەوە بە تین و بە جۆش بوو. چە (پێشکەوتن) و چە ئەو (گۆڤارانەی) بە ناوی ترەوە دوایی دەرچوون هەریەکە مزگێنی دەری ژیانێکی ئەدەبیی جوانی کوردی بوون)[١٣].





Grammar

of the

Kurmanji or Kurdish Langua

By

E. B. Soane

Author of ' To Kurdistan and Mesopotamia in Disguise , etc

LONDON

LUZAC & CO.

PUBLISHERS TO THE INDIA OFFICE


46 GREAT RUSSELL STREET

1913



مێجەر (سۆن)

[١٣] - وێڕای ئەوەی نووسەر ناوی ڕۆژنامەکان بە گۆڤار دەبا و ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ) بە نیو حکومی دادەنا، بەڵام قسەکانی دانپێنانێکی تایبەتە، چونکە بە لای زۆرینەوە نە دەبوایە بەو شێوە نایابە باسی ڕۆژنامەیەک بکرایە ئینگلیز دەریکردبێ، بۆیە دەڵێ: ( ئەترسم ئەم قسانەم بە لای هەندێ لەو لاوانە، کە وتارەکەم ئەخوێننەوە گران بێ، بەڵام من ئەوەی بە ڕاست و بە باشی بزانم ئەیڵێم . ئەشێ بە لای هەندێکەوە تاڵ بێ و بە لای هەندێکەوە شیرین ) . ئومێد ئاشنا، ڕەشید نەجیب، ژیان و بەرهەمەکانی، ل ٥١.


مركز زين للتوثيق والدراسات
بنکەی ژین بۆ بەئەرشیفکردن و توێژینەوە
Zheen Center for Documentation & Research

سالی چوارەم
ژمارە — ١

دەنگی گیتی تازە

کوواریکی ئەدەبی ، خویندەواری ، زمانی ، اجتماعی ، پەیامی ، هەفتەی ـ کوردیە

مسجلة بدائرة البريد رقم — ١٨٥

دیمەنیکی قەشەنگی بە فراوی چیای قەندیلە

چاپخانەی معارف — بەغدا

هەر ژمارەییکی
٢٦ فلسە

**پ- کاراکردن و ڕێکخستنی زمانی کوردی:**

بنەمای پەخشان لە سەر زمان پێکهاتووە، زمانی کوردییش تا کۆلۆنیالکردنی باشووری کوردستان لە کاروباری فەرمیدا بەکارنەدەهێنرا. لە سەردەمی(سۆن) دا زمانەکەی کرد بە زمانی فەرمی دامودەزگا حکومییەکان و سکاڵانووسین و کردی بە زمانی نووسین و خوێندنی خوێندگەکان و کەوتە خولیای پێکهێنانی زمانێکی کوردیی سەربەخۆ و دوور لە کارتێکردنی زمانە بیانییەکان و هەوڵیدا بۆ دانانی شێوەی نووسین و زمانێکی نەتەویی. لەم پێناوەدا

توشی کێشە و دەردەسەرییەکی زۆر هات. دکتۆر (ج.م.لیز) باسی مێجەر (سۆن) و ڕۆڵی لە جێگیربوونی زمانی کوردیدا و تێکۆشانی لە پێناویدا دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

(لەو دەمەدا ئەهالی سلێمانی و عامەکانیان بە سووکی و ئەتك و گەمە لەو گۆوارە (ڕۆژنامەی پێشکەوتن) دەدوان و لە ئەنجومەناندا ناویان دەبرد.میستەر سۆن هەڕەشەی لەوانەکرد و بە ڕوو ناچاری کردن بیخوێننەوە و بە پیرۆزی بزانن. ناچاری کردن، کە دەبێ هەمووکەس بیکڕێت، بەو جۆرە تێکۆشا تا خوێندن و نووسین و چاپکراوی کوردی لە جێگای فارسی و تورکی باوبگرێ و بخرێتە کارەوە، بەو جۆرە لە سلێمانیدا خوێندن و نووسینی کوردیی خستە کارەوە) [١٤]. ئەنجا دەڵێ:

(شێخەکانی سلێمانی وتبوویان وشەکانی کوردی گرانن نایەنە نووسین، میستەر(سۆن) پێی نیشاندان و بۆی ئاشکراکردن، کە کوردی زۆرباش دەنووسرێ). لە سەریشی- دەڕوا و دەڵێ:(میستەر سۆن وشە کوردییەکانی کۆکردۆتەوە، فەرهەنگێکی بۆ دانا، قاقەز و نامە ڕەسمییەکانی حکومەتی کردە زمانی کوردی، ڕەسمیات بوو بە کوردی، موعامەلە، عەرزوحاڵ بە کوردی نە نووسرابا قبووڵی نەدەکرد. بەو جۆرە زمانی کوردی لە سلێمانیدا پەرەیبەست و دامەزرا و هەرکەسێك نامەیەکی بە کوردیی پەتی بنووسیایە بەخشیشی- پێ دەدرا...) [١٥]. ئەو کردەوانەی (سۆن) ئەنجامیدا بە کەسێکیتر نە دەکرا، مەبەستێشی- هەرشتێکبێ، بەڵام بە قازانجی کورد هەڵگەڕا، هەوڵدانی بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی نامۆ و بیانی بە تایبەت لە ڕێگەی پێشبڕکێ ئەدەبییەکەیەوە هێڵێکی ڕاستەوخۆی لە نێوان پەخشانی کوردیی کۆن و پەخشانی نوێدا دانا و لە ڕێگەیەوە بنەمایەکی بە تینی شێوەی نووسینی کوردیی نوێی لە ئەدەبی کوردیدا هێنایە کایەوە و لە دوا ڕۆژدا بە (پەخشانی پێشکەوتن) ناسرا، کە بریتی بوو لە (ئاخاوتنێکی ڕەوانی کوردانەی بێ پێچ و پەنا و بەکارهێنانی زمانی خەڵکی لادێ و شار)[١٦]. ئەمەش بە دەسکەوتێکی گرنگی نەتەوەی کورد ئەژمار دەکرێ، چونکە (ئەوەی لە جەنگی جیهانیی یەکەم دەست نەتەوەی کورد کەوت ئەوە بوو، کە مێجەر (سۆن) بە هیمەتی مەردانەی خۆی توانی زمانی کوردی دابهێنێ لە وڵاتەکەمانا)[١٧].

لە لایەکیترەوە لێزانین و شارەزایی (سۆن) لە ڕێزمان و ڕێنووسی کوردیدا پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ ڕێکخستنی زمانەکە، ئەو هەوڵدانەیشی لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) دا دەرکەوتووە و بۆ یەکەم جارە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا نووسەرێك ئاماژەی بە گەورەترین کەلێنەکانی زمانی کوردی کردووە و دەنووسێ (...(سەر) و (بۆر) و (ژێر)ی حەرفەکان دەنووسین: لە

---

١٤ - گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە، ب ٤، ژ ٥، ئابی ١٩٤٥، ل ٣٨٧.

١٥ - س.پ.

١٦ - عەبدولرەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل ١٢٦.

١٧ - شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧٦، پاشکۆ لە نووسینی ( سالح قەفتان )، ل ٤٩٣.

باتی کردستان (کوردستان) و لە باتی دکا (دەکا)...)[١٨]. مێجەر(سۆن) لەو ماوەیەی لە سلێمانیدا بوو چ لە ڕێگەی نووسینەکانی خۆیەوە یان بە هاندانی نووسەرانیدی خزمەتێکی زۆری پێشخستنی نووسینی کوردیی کرد و بنەمایەکی بێ غل و عەیبی بۆ پەخشانی کوردی ڕەخساند، بۆیە گۆڕەپانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لەو سەردەمەدا بوو بە جێگەی بڵاوکردنەوەی ڕای جیاواز لە بارەی زمانی کوردییەوە و ڕۆشنبیرانی ناوچەکە کەوتنە بەرگری لە زمانەکەیان، دەنگیش بەرزەوە بوو بۆ دانانی (صرف)ێکی کوردی [١٩]. (شێخ نووری)ش دەستپێشخەری کرد لە دانانی ڕێنووسێکی نوێ بۆ زمانی کوردی، کە زۆر پێش (سەعید سدقی) و (تۆفیق وەهبی) کەوتووە، جیاوازی لە خوێندنەوەی وشە کوردییەکان بابەتی ئەم وتارەیە: (لە زمانی کوردیا گەلێ حەرفی وا هەیە لە نووسینا بە تەحرێك ئەنووسرێت و لە خوێندنەوەدا بە دوو تەحرە (ل . د . ڕ . ن . و . ف . ی) ئەم حەوت حەرفە وەکو عەرزم کردن نووسینیان نەوعێکە، خوێندنەوەیان دوو ڕەنگە. بۆ ئەوە کە زەریف دەربکەوێ و بزانرێت میسالەکانیان بە تەواوی عەرز ئەکەم.

حەرفی . ل . لە کوردیا بە تەحرێك ئەخوێنرێتەوە، کە لەسەر ئەحواڵی هەوەڵ مابێتەوە وەکو: لێدان، لایبە، لیرە. بە تەحرێکیش ئەخوێنرێتەوە، کە لە کوردیا نەبێ لە زمانی ترا نییە، یەعنی لە بەین مەخرەج . چ . ل . دا دێتە دەرەوە وەکو: ماڵ خۆمان، بیماڵە، ئەو داڵانە...)[٢٠].

ئەم کارە بۆ مێجەر (سۆن) خۆیشی-کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو لە پێناویدا ڕووبەڕووی کاربەدەستە باڵاکانی ئینگلیز بۆتەوە، کە دژ بە بەکارهێنانی زمانی کوردی بوون و پشتگیریان لە بەکارهێنانی زمانی فارسی دەکرد. لەوانە مێجەر(گرینهاوس) و مێجەر (گاردن ووکر)بوون [٢١].

## ت- خستنەڕووی ژانرەکانی پەخشانی جیهانی:

ئەگەرچی بە هۆی دواکەوتن و نەهامەتییەوە کورد بە گشتی لە ڕەوتی پێشکەوتنی جیهانی بە جێما بوو، بەڵام لە باشووری کوردستاندا و لە ڕێگەی تاقە کەناڵی ڕاگەیاندنی ئەو سەردەمەوە، کە ڕۆژنامەنووسی بوو پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ ژیاری جیهانیدا پەیدا کرد بوو و ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆلۆنیالیزم بەردەوام ئاسەوار و بەرهەمە پێشکەوتووەکانیان خستۆتە بەرچاو و بایەخێکی ڕادە بە دەر بەو بابەتە ئەدەبییانە دراوە، کە بنەمای پەخشان پێکدێنن. لەم بارەوە ڕۆڵی ئەفسەرە ئینگلیزەکان لە وێنەی مێجەر

[١٨] - ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی، ژ ٦٣، ١٣ی کانوونی دووەم ١٩١٩، ل ١.
[١٩] - ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژ ١٠، ١ی تەمووز ١٩٢٠، ل ١. هەروەها: ژ ١٩، ٣ی ئەیلوول ١٩٢٠، ل ١.
[٢٠] - ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ذ ٤٤، ٢٤ی شوبات ١٩٢١، ل ٣.
[٢١] - ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەشی یەکەم، ل ٦٦.

(سۆن) و مێجەر (گۆڵد سمیس) و ئەو ڕۆشنبیرانەی زمانی کوردی و بیانییان بە باشی زانیوە بە ڕوونی دیارە و سەرەتاکەی بە تەواوی لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ەوە دەستپێدەکا.

لە باشووری کوردستاندا پەخشانی کوردی بە گشتی (ئەدەبی و زانستی) سەرەتا لەم ڕۆژنامەیەوە کەوتە بەرچاو خوێنەران. وەرگێڕانی ئەدەبی و بابەتە هەمەڕەنگەکانی، چیرۆکی بیانی، ژیاننامە، گەشتنامە، گفتوگۆ، وتاری ئەدەبی، هەواڵی سەیر و سەمەر، شارستانییەت، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بابەتەکانی فۆلکلۆر... ئەمانە بابەتێکی نوێ بوون و بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەکانی ئەم ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە، کە بنەمایەکی ئاشکرابوون بۆ درککردن بە پێشکەوتنی ئەدەبیات لە جیهاندا و هاندەرێك بوو بۆ لە دایکبوونی لقە سەرەکییەکانی پەخشانی کوردی. دەرچوونی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بزووتنەوەیەکی خێرای لە ئەدەبی کوردیدا هێنایەکایەوە و ڕابەرایەتیی بڵاوکردنەوەی لقەکانی پەخشانی کوردییان گرتە ئەستۆ، لە هەمووی گرنگتر گەشەکردنی وەرگێڕانی ئەدەبییە بە تایبەت لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا، کە بە تۆی لە دایکبوونی ژانرە سەرەکییەکانی پەخشانی کوردی دەژمێردرێ، بۆیە زانایەکی وەك (تۆفیق وەهبی) لە بارەی وەرگێڕانەوە دەڵێ:(بزووتنەوەی نووسین و بڵاوکردنەوە لە هەر شاریکدا چالاك نابێتەوە ئەگەر بزووتنەوەی وەرگێڕانی لەگەڵدا نەبێ وپشتیوانیی نەکا)[٢٢].

لێرەوە دەتوانین دان بەو ڕاستییەدا بنێین، ئەگەر هەوڵدانەکەی کۆلۆنیالیزم بە نوێنەرایەتی مێجەر(سۆن) نەبوایە پەخشانی کوردی ئەوەندەیتر پاش دەکەوت و لە ڕەوت و کاروانی پێشکەوتنی وڵاتانی دنیادا بەجێ دەما. دامەزراندنی چاپخانە و بەکارهێنانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی فەرمی لە کاری حکومی و فێرکردندا و پاککردنەوەی و ڕێکخستنی و خستنە ڕووی چەندین بابەتی نوێی ئەدەبیاتی جیهانی لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە بوون بە هۆی گەشەکردنی پەخشانی کوردی و بەرەوپێشچوونی بە شێوەیەکی خێرا و بە هێز و هۆ بوون بۆ لە دایکبوونی ژانرە نوێکانی پەخشانی کوردی.

- **تەوەری دووەم: چیرۆکی هونەری**

چیرۆك وەك ژانرێکی سەرەکیی پەخشان مێژوویەکی زۆر کۆنی لای هەموو میللەتاندا هەیە، بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ فۆلکلۆر، کە لە لایەن حیکایەتخوان و چیرۆك بێژانەوە پشتاوپشت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر گوازراوەتەوە. کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی خاوەن بابەتی فۆلکلۆریی هەمەجۆرە، چیرۆکیش یەکێکە لەو بابەتانەی بە ناوی (حیکایەت) یان (نەقڵ)یان(مەتەڵۆك)ەوە پەیدا بووەو بەشێکی گەورەی ئەو ئەدەبەیە [٢٣].

---

[٢٢] میر بصری، ص٢٠٩.

[٢٣] - د.عیزەدین مستەفا ڕەسوول، لیکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل ١٨.

عەلائەدین سەجادی لە بارەی ئەو چیرۆکانەوە دەڵێ: (تا سەردەمی دوایی و بەڵکۆ تا سەدەی بیستەم بریتی بووە لەو سەرگوزەشت و حەقایەتانە کە لە مێژوویەکی پێشینا ڕوویانداوە و پاشان بە شەوان لە گوێی ئاگردانەکان دانیشتوون یەکێك بۆی گێڕاونەتەوە)[٢٤].

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم دواییەدا هاتوونەتە ئەنجام، چیرۆکی(مەم و زین)هـ کەی مەلا مەحموودی بایەزیدی، کە مێژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ١٨٥٦ یەکەم چیرۆکی کوردییە لە مێژوودا سەریهەڵداوە [٢٥].ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بەڵگانەوە هاتۆتەکایەوە، کە هەردوو مەولوودنامە و عەقیدەنامەکەی (شێخ حسێنی قازی) و (مەولانا خالیدی نەقشەبەندی)، کە پێشتر بە چیرۆك دانرابوون لە بنچینەدا داهێنان و نووسین نین، بەڵکو لە بنەڕەتدا بەرهەمێکی عەرەبین لە سەر دەستی ئەمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی [٢٦].چل چیرۆکەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی (جامع الحكايت ١٨٦٠) ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە (چیرۆك) لە ژێر ناو و فۆرمی (حیکایەت)دا لە ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەمی کورددا هەبووە و لە شێوەی زارەکییەوە نووسراوەتەوە، بنەما و ڕەگ و ڕیشەی لە منداڵدانی حیکایەت و لە ژێر کاریگەریی کولتووری ئەورووپیدا بەم شێوە هاوچەرخەی ئەمڕۆدا هاتۆتە کایەوە. ئەم بۆچوونە مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆك و قۆناغی سەرەتا و نەشونماکردنی لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوەیەکیتری جیاواز دەخاتە ڕوو. لە لایەکیترەوە تا سەرهەڵدانی پرۆسەی چاپ لە ناو کورددا سەرجەم ئەو چیرۆکانەی وەك بەڵگە ماونەتەوە تەنیا بە دەستنووس یان لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە بە وەرگێڕاوی یان بە ئەلف و بێی لاتینی لە چاپدراون، بۆیە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی بە زمانی کوردی ئەو چیرۆکانەی ژیاندەوە و بە تیراژێکی زۆر فراوان بڵاویانی کردەوە، سەرەتاش لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد ١٩١٣) (*)دا بۆ یەکەم جار کەوتە بەردەستی خوێنەری کورد. لەوە بە دوا تا سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) هیچ چیرۆکێکی کوردی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بەرچاو ناکەوێ (**).

سەرەتای کۆلۆنیالکردنی عێراق گۆڕانێکی ئەوتۆی کردە بنەمای ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئومێدیان خستە دەروونی ڕۆشنبیرانەوە و بوو بە مایەی لە دایکبوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراجۆر، لە ڕێگەیانەوە یەکەم هەوڵدانی نووسین و

---

٢٤ - عەلائەدین سەجادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل ١٦٨.

٢٥ - د. فەرهاد پیربال، مەلا مەحموودی بایەزیدی یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، ل ٢٦.

٢٦ - عەبدولرەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل ٥٦.

* - ئەم گۆڤارە لە چوار ژمارەیدا سێ بابەتی لە ژێر ناوی (چیرۆك) دا بە بێ ناونیشان بلاوکردۆتەوەو ناوەرۆکی چیرۆکەکانیش لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگیراون، لە ژ ( ١ )دا چیرۆکەکە باسی بە سەرهاتی شەویشی.کوڕی شوانێك دەکا و نووسەرەکەی ( فوئاد تەمۆ )یە . لە ژ (٣ )دا ( چیرۆکی کرمانجا )ی ( کندۆ ) و لە ژ ( ٤ )دا چیرۆکی شێر و ڕێوی و گیانلەبەرانە، کە بە بێ ناوی نووسەر بلاوکراوەتەوە.

** - لە ژ (٤، ٥، ٦) ی گۆڤاری ( ژین )ی ١٩١٩ی ئەستەمبوولدا سێ چیرۆکی بە ناوەرۆك و بابەت کوردی، بەلام بەزمانی تورکی بلاوکراوەتەوە، بۆیە ناچنە ڕیزی چیرۆکی کوردییەوە .

بڵاوکردنەوەی چیرۆك لە عێراقدا پەیدابوو تا لەگەڵ ڕۆژگاردا جێگەی خۆیی لە پاڵ شیعردا کردەوە [٢٧]. هونەری چیرۆك لە هەموو دنیادا پابەندە بە پێشکەوتن و ڕۆشنبیرییەوە، ئەمەش بە تەواوی لای کورد پەیوەستە بەوکات و سەردەمەی پاش جەنگی یەکەم و کۆلۆنیالکردنی باشووری کوردستان، چونکە دەبوایە لە کۆمەڵی کوردەواریدا بارێکی لە بار هەڵکەوتایە بۆ ئەوەی دەرفەتی سەرهەڵدانی بدرایەتێ ((لە عێراقدا لە دوای شەڕی گەورەی یەکەمەوە لەو شێوە سەرەتاییەی بۆ هەڵکەوت و خۆشی (چیرۆك) بە شێوەیەکی سەرەتایی سەریهەڵدا)([٢٨]. چیرۆك تاقە ژانرێکە لە هەموو ژانرەکانیتر زیاتر پێویستی بە جێگەیەکی لە بارە بۆ ئەوەی خۆی بە زۆربەی خوێنەران بناسێنێ، باشترین دەرفەتی لە توێی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەنووسیدا بۆ ڕەخسا تا گەرماوگەرم بڵاوبکرێتەوە و بکەوێتە بەردەستی خوێنەران، بۆیە لای زۆربەی نەتەوەکان بەردەوام باسکردنی چیرۆك دەبەسترێتەوە بە ڕۆژنامەنووسییەوە، چونکە ڕۆژنامەنووسی (وەك ڕاستییەك دەورێکی باڵایان بینیوە لە مەیاندن و خەملاندنی ئەم بەشە گرنگەی ئەدەبدا)([٢٩].

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی عێراقە دەستپێشخەری کردووە لە بڵاوکردنەوەی چیرۆکدا، زەمینەی سلێمانیش بارێکی شیاو بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ئینگلیزیش ڕۆڵی سەرەکییان لەم بوارەدا بینی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بابەت و بەرهەمی نوێی ئەوروپی و وەرگێڕانی چیرۆك و ڕۆمانی بیانیدا، کە سەرنجی ڕۆشنبیرانی کوردی بەرەو چیرۆکنووسین ڕاکێشا و لە ئەنجامدا چیرۆکی کوردی لە ڕۆژنامەکانی سلێمانیدا سەریهەڵدا. لە لایەکیترەوە بڵاوکردنەوەی بابەتی وتووێژە و گفتوگۆی ئەدەبی، وتاری ئەدەبی، ژیاننامە، چیرۆك و سەرگوزەشتەی فۆلکلۆری و چەند بابەتێکیتر بوون بە بنەمایەکی بەهێز و هەوێنێکی بێگەرد بۆ مەیین و سەرهەڵدانی هونەری چیرۆك و بەردەوامیی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکانی سلێمانیدا. هەر ئەو بنەمایەش بوو بە هۆی ئەوە(زۆربەی چیرۆك نووسانی کورد و بە درێژایی قۆناغەکاندا سەر بە ناوچەی سلێمانی بن و زۆربەی چیرۆکەکان بە دیالێکتاروو بنووسرێن)([٣٠].

---

[٢٧] - د.عبدالاله احمد، نشاة القصة و تطورها في العراق ١٩٠٨-١٩٣٩، الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافية العامة ( افاق عربية )، بغداد، ١٩٨٦، ص ٢٠ و٧٧ و٨٢.

[٢٨] - حسین عارف، ل ١٢.

[٢٩] - عومەر مەعروف بەرزنجی، ل ٩.

[٣٠] - حسين عارف، حجم القصة في الادب الكردي بلغة الببليوغرافيا، ملتقى القصة الاول، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩، ص١٣٥.



«پیشکوتن»

پیشکەوتن

حوشەبەت
بو پیشکوتن
دە نوسری

بکی بە ئە بکە

حفتەجارێك دردەچیت

کرار
بوحوشو یخیك
بە٣٨ مانك یك
بەشش مانك دو
بە سالیك چوار روپە دەدا
اعلان یا ایشیکی خوبی
لە برە داوایدادەنوسریت
بو دو دیر ٣ آنە دە سیفرت

—( سال ١ ژمارە ١ )— دوژنجشمبە ١١ شعبان ١٣٣٨ ٢٩ اپریل ١٩٢٠ )—

— لەهمو ماکەیك باشتر ماکنە چاپە —

یکی لە شتی پیشکوتن. چاپەلە هموشتیك جوانتر بکارتر هر امەیە. ایش و کارمان زو بورادە پربی. ولم اشەچا کانە کە او رای دە پربی هموکس پشی دست دەکویت. چونکە مر یکی نیە کە من ئی بیم و تو ئی بینی. ولەلە عام پشودا یکی یادەیکی زوری نەبو بە ئەی دەمانی خوێندن ونوسین چونکە اگر هوس نوسین وخوێندیش بیوایە لبرامە کتب بو هیچی بونە نەکرا. اوسا کتیبان چونکە بەیك دو مانك نوسین یك بەدەدات لەجل چماره کربان نەدا کتیبیك لەتوزی بەکلك بهایە لەهر ولاتدا یکیکی لای یکیك هبو اوخاو. کتیبەش چ تکلفیەکی زوور زوور خوش او بست هل اگرت و دیشاردەوە. واهیو بەسالیك کرە ئی او کتیبەی دربە اخست.

ارامە کە کتیب وابەگران دست اەکوت لەناو صد کسدا یکی خوێندەوار ابو. کە وهاهتا ایستانا. تاچن هزار سالیکی تریش کس بم روژە نەاکیشت.

بلام پیاو یکی ئی کیشتو همو وخت خوی لەر یکای ام ایشە چاکەدا دانا. ور... ور دە حولدا دو ... کسیش یارمەدری بون. چاپیان داهینا.

کە چاپەکی دانا لەسر درگای چاپخانەکەیەوە نوسیبوی «هیچ شتیك لە رهوا هیلادا خوی نما کری» ام قصە گکورنە راستیکی زوور زل ئی دایە. ام پیاوە کە خوی زوور بچ. کە بو بەداهینانی ام چاپە زل زل بو. زوور زوور زل بو (کوتەنبرگ) بو

بلام اوبم هموزلیەوە بەقد حکومت وام حاکم وختە زل نبو. چونکە هوچین اودای هیا بلام امیش بواپەی داهینا هر وکو بە (آدم) این (ابوالبشر) بە (نوح) یش کە لە

پاش طوفان مندالی خستەوە هروا البن. ایمەیش بو یش داین داهینەر وبە مبش.

بلام لە داهینەری پشو هیچ منت نازانین. چونکە اوی پشان ایمەی دالمەجالم لوبەوە دەزانی یا بزانی. ایمە بەوەی کە امان و ...امرو پی کیشتین. خوالم حکومت وحاکمە بەز یاکا.

انجا ایمەیش و ختیانە کەهنکاو زل زل پیاو بن. چونکە نەیاتای پیش کوتندا زوور لە دواوین. حکومت امرویش وامان الحمدکەی کەبتوانین بەالیش ... امید... لەسایی حکومتەوە بو همو پیش کوتنی هول بدەین اوی نازانین زانستەکانمان بومان بنوسن. چاپ اگریت وهتا دنیا بمینیت امینیت. اگر ایستاش هر لە دوا کوتن وتر زلی وفیشال و دلرشی خریك بین این بە بنك ولات. او وختە بو مردنیش ناشین — دە ساوختە وخت پیش کوتن ولی خورینە — لی خورین سلی خرین لی خورین — ... بکین بە هوار.

— —

حکومت خریکی چاك کردنی ریکاکانە

ریکای ... رداش: لە دوکانەوە دەپریتەوە اور لە بهارانەوە دەروانە دوبند.

ریکای البجە. لە موانەوە قرر وآو ریکاکانا ابرالبەر ریکا کە لە تزیك بستانسو ر دەوە دەپریتەوە. پاشدا لە تزیك ... وە ... بو کن البجە دەپریتەوە. بوام ریکابە دو پردیش تانجرۆ دەکن.

ریکای کفری — خریکی هلبستنی کورە خشت وقسلن بو او پردە کورەیە کە لە سر تانجرو دکریت ریکا کش تا سر زاژیلە تماشا کراوە

— —

-

| | چیرۆکنووس | ناونیشانی چیرۆک | ڕۆژنامە | ژمارە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بێ ناو | تەماع–چاوبرسی | پێشکەوتن | ٤ | ١ - ٢ |
| ٢ | م.س.ع | چۆنە بزانین | پێشکەوتن | ٥ | ٣ |
| ٣ | م.ع.ن | حیکایەتی پشت کێوی قاف | پێشکەوتن | ٣٤ | ٢ - ٣ |
| ٤ | م.ئەنوەر | بەیاخ جلدروو | پێشکەوتن | ٣٤ | ٣ |
| ٥ | س | موفلیس و بێکار | پێشکەوتن | ٥٠ | ٣ -٤ |
| ٦ | ئادەم زادە قایل | حیکایەتی پیاوی زۆرزانی پارە کەم و | | | |
| نەزانی پارە زۆرت بۆ بکەم | پێشکەوتن | ٥٣ | ٣ | | |
| ٧ | کەریم سەعید | بۆچی جلخوارم | ژیانەوە | ١٥ | ٢ - ٣ |
| ٨ | بێ ناو | لە خەوما- سەرەتا و بەشی ١ – ٤ | ژیانەوە | ٢٨ - ٣٢ | ٤ |
| | بێ ناو | لە خەوما - بەشی ٥ – ١٠ | ژیانەوە | ٣٤ - ٣٩ | ٣و٤ |
| | بێ ناو | لە خەوما - بەشی ١١ و ١٢ و ١٣ | ژیانەوە | ٤١و٤٣و٤٥ | ٣ و ٤ |
| | بێ ناو | لە خەوما - بەشی ١٤ – ١٨ | ژیانەوە | ٤٧-٥٠ و٥٦ | ٣ و ٤ |

سەرجەم چیرۆکەکانی ڕۆژنامە کوردییەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی لە باشووری کوردستاندا لەم خشتەیەی لای خوارەوە دەردەکەوێ، کە هەندێکیان بە تەواوی لە سەر بنەمایەکی فۆلکلۆری دامەزراون:

ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، هەرچەند لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی کورد ئەوەیان یەکلا کردۆتەوە، کە یەکەم چیرۆکی هونەریی کوردی لە عێراقدا (لە خەوما)کەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)یە، بەڵام ئەوە دەسەلمێنرێ، کە مێژووی سەرهەڵدانی لەو مێژووە کۆنترە و چەند ساڵێك دەچێتە دواوە. لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)هوە چەند نموونەیەکی سادەی چیرۆکی هونەریی کوردیمان دەکەوێتە بەرچاو، کە تا ئەم دواییانە باس نەکراون. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو لە ژمارە سەرەتاییەکانی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)شدا و پێش بڵاوکردنەوەی چیرۆکی (لە خەوما)دا بە (٣ مانگ و ١٠ ڕۆژ) چیرۆکی (بۆچی جلخوارم) بڵاوکراوەتەوە و بەمەش چیرۆکی (لە خەوما) نابێتە یەکەم چیرۆکی هونەری، بەڵکو دەبێتە یەکەم چیرۆکی هونەریی درێژی تەواونەکراوی کوردی، کە بە شێوەیەکی کامڵتر هاتۆتەکایەوە. دواتریش لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا هەندێ پەخشانی هونەری و گفتوگۆی ئەدەبی دەبینرێ، کە دەچنە

قاڵبی (وێنەی چیرۆك)هوە و هەندێ بنەمای چیرۆکی هونەرییان تێدا بە دی دەکرێ، بەڵام بە چیرۆکیش ئەژمار ناکرێن.


لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە چیرۆك لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا گەشەی کردو بایەخی پێدرا،ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین)ی سەردەمی پیرەمێرد و گۆڤارەکانی (زاری کرمانجی)، (ڕووناکی)،(گەلاوێژ)، (پەیام)،(هەتاو)، (هیوا)، (شەفەق)، (پێشکەوتن) تا ساڵی ١٩٥٨ چەندین چیرۆکی کوردییان بڵاوکردۆتەوە. ئەمانەش لە ڕووی هونەرییەوە زۆربەیان لە سەر بنەمای حیکایەتی فۆلکلۆری و بە سەرهاتی ئاسایی نووسەر یان بە شێوەیەکی هونەریی ناتەواو دانراون. گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە)ش دەستێکی باڵای لەم بوارەدا هەبووە و ئەمیش هەر بە هەمان شێوە بووە، بەڵام هاوکات نموونەی چیرۆکی هونەریی بەرزی ئەو سەردەمەی پێشکەش کردووە. سەرجەم چیرۆکەکانی گۆڤارەکە تا یەکەم ژمارەی بەرگی پێنجەمی لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

| | چیرۆکنووس | ناونیشانی چیرۆک | بەرگ | ژمارە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیبراهیم نادری | ژنە کوردێ | ٤ | ٢ | ١٢٩-١٢٦ |
| ٢ | ئیحسان | دایک | ١ | ٤ | ٢٢-٢١ |
| ٣ | ئیحسان | سکاڵای مردوو | ٢ | ٥ | ٤٢١-٤١٨ |
| ٤ | تۆفیق وەهبی | بەختیار و بەدبەخت | ١ | ١ | ٥-٣ |
| ٥ | تۆفیق وەهبی | قەزای دێزە کەوت لە گۆزە | ١ | ٣ | ١٢-٩ |
| ٦ | تۆفیق وەهبی | ئەز خولامی چاوی دەکۆلیم | ١ | ٥ | ٨-٢ |
| ٧ | تۆفیق وەهبی | کەر ئەحمەد | ٢ | ١ | ٢٣-١٨ |
| ٨ | دڵسۆز | خوایە حەقین وەکەی | ٣ | ٣ | ٢٥٤-٢٤٩ |
| ٩ | دڵسۆز | کورد نەفسی بەرزە | ٤ | ١ | ٦٧-٦٥ |
| ١٠ | دڵسۆز | هەرکەسێ بە خەیاڵی خۆی ئەدوێ | ٤ | ٣ | ٢٧٤-٢٧١ |
| ١١ | دڵسۆز | ئاش مێژ توویەتی | ٤ | ٣ | ٢٧٦-٢٧٤ |
| ١٢ | حسێن حوزنی | خاوەند دارستان و پشیلە | ١ | ١ | ٤٦ |
| ١٣ | حسێن حوزنی | سەپان و جوتیار | ١ | ٢ | ٢٢-٢١ |
| ١٤ | حوزنیی موکریانی | چاک و بەد | ١ | ٤ | ١٧-١٤ |
| ١٥ | حوزنیی موکریانی | گوندێکی کاولبوو | ٢ | ٢ | ١٢٦-١٢٥ |
| ١٦ | حوزنیی موکریانی | مام پیاو | ٢ | ٣ | ٢٧٠-٢٦٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | حوزنیی موکریانی | پادشا و کراس | ٢ | ٥ | ٤٦٢ |
| ١٨ | حوزنیی موکریانی | جوتبەندە و دێو | ٣ | ١ | ٨٤-٨٢ |
| ١٩ | حوزنیی موکریانی | وشیار کچە پیرێژنێکی گوندێ | ٣ | ٥ | ٤٦٨-٤٦٦ |
| ٢٠ | حوزنیی موکریانی | خانزاد، کۆشکێکی ڕەنگینی قەشەنگ | ٤ | ١ | ٢٧-١٤ |
| ٢١ | حوزنی موکریانی | دز و ڕەبەن | ٤ | ٢ | ١٥٧-١٥٥ |
| ٢٢ | خدۆک | دەتەوێ بژی ؟ فریو مەخۆ | ٤ | ٢ | ١٦٢-١٥٨ |
| ٢٣ | خدۆک | هاوڕێی خراپ | ٤ | ٣ | ٢٨٣-٢٨١ |
| ٢٤ | خدۆک | دەوڵەمەندێکی دڵسۆز | ٤ | ٤ | ٣٧٩-٣٧٨ |
| ٢٥ | ڕێبوارێکی ڕەواندز | میوان پەزیر و دڵنەوازەیی | ٤ | ٦ | ٥٥٩-٥٥٣ |
| ٢٦ | ڕەفیق چالاک | پیرێ ژنێک | ١ | ٦ | ٨-٦ |
| ٢٧ | سەلام | یا مەنە یا هۆقە، نە مەنە و نە هۆقە | ٢ | ٣ | ٢٧٧-٢٧٣ |
| ٢٨ | محەمەد ساڵح سەعید | مام نەریمان و کوڕەکانی | ٤ | ٦ | ٥٧٠-٥٦٨ |
| ٢٩ | بێ ناو | سێ کەسی هاوڕێ | ٤ | ٣ | ٢٧٧-٢٧٦ |
| ٣٠ | بێ ناو | تەرزی دابەشکردن | ٤ | ٤ | ٣٧٧ |
| ٣١ | بێ ناو | خاوەن زەویی وریا | ٤ | ٦ | ٥٢١-٥١٩ |

ماوێتی...

# | هەقایەت و چیرۆکی هونەری: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری



پ. د. ئازاد حەمە شەریف

## بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری

ڕەخنەگران و لێکۆڵەران زۆر بە ئاسانی هەست بەوە دەکەن کەوا پێوەندییەکی یەکجار توندوتۆڵ لە نێوان هەقایەت (Tale) و چیرۆکی هونەری (Story)دا هەیە؛ (مەبەستیش لە چیرۆکی هونەری ڕۆمان و کورتە ڕۆمان و کورتە چیرۆك)ە. لای زۆرینەی خەڵکی ئەکادیمیش ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کەوا چیرۆکی هونەری زادەی هەقایەتە و وەچەی نوێباو و شارستانی ئەو فۆرم و بابەتە کۆنەیە کەوا بە هەقایەت ناسراوە. ئەوەی ڕاستی بێت، هەقایەت و چیرۆکی هونەری دوو شێوەی گێڕانەوەی خەیاڵین و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار یەك لەدوای ئەوی دیکەوە سەری هەڵداوە. ئەگەرچی هەقایەت و چیرۆکی هونەری لەوەدا پێکتری دەچن کەوا هەردووکیان شێوەی گێڕانەوەیەکی کورتی پەخشانی خەیاڵین، جیاوازی ئەو دوو شێوە پەخشانە لە پێکهاتە و بیرۆکەی سەرەکی و شێوازی گێڕانەوە و سەرچاوەی کەلتوورییاندایە.

جا بۆ ئەوەی پتر لە هەقایەت و چیرۆکی هونەری وردببینەوە و شارەزای هەردووکیان ببین پێویستە تیشك بخەینە سەر هەموو توخمە پێکهێنەرەکانی هەر یەك لەو جۆرە ئەدەبییانە و پێکدییان بگرین و بەراوردیان بکەین. ئەم نووسینەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی لایەنی تیۆری بخەینە بەر باس و توێژینەوە و ئومێدەوارم لە بەشەکانی تردا لە لایەنی کرداری (پراکتیکی) بکۆڵمەوە و چەپکێك لێکۆڵینەوەی دیکەی بەدوادا بێنم.

هەقایەت و چیرۆك وەك هەر جۆرێکی دیکەی ئەدەبی بە یارمەتی کۆمەڵێك توخم پێکدێن، بەبێ ئەو توخمانەش نە چیرۆکی هونەری دەبێتە چیرۆك و نە هەقایەتیش دەبێتە هەقایەت. هەڵبەتە پێکهێنەرەکانی هەقایەت و چیرۆکی هونەریش هەر یەکن بەڵام

شێوازی بەکارهێنان و گێڕانەوە و خستنەڕوویان لە زۆر لایەنەوە لێکدی جیاوازن، هەر ئەم لێکجیاییەشە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی جۆری ئەدەبی جیاواز، دەنا بە لابردنی ئەو لایەنە جیاوازانە هەقایەت و چیرۆکی هونەری دەبنەوە بە یەك شت. بەڵام پێش ئەوەی دەست بکەین بە لێکۆڵینەوە لە توخمە پێکهێنەرەکانی هەقایەت و چیرۆکی هونەری وا باشترە زانیاری لەبارەی هەندێك (لایەنی گشتی هەقایەت و چیرۆکی هونەری) بخەینە بەرچاوی خوێنەر، دواتر باسی (پێکهاتە و توخمە پێکهێنەرەکانی هەقایەت و چیرۆکی هونەری) بکەین:

## A. لایەنی گشتی هەقایەت و چیرۆکی هونەری

لەم بەشەدا لایەنە گشتییەکانی هەقایەت و کورتە چیرۆك وەك (سەرچاوەی هەقایەت و چیرۆکی هونەری)، (بونیادی هەقایەت و چیرۆکی هونەری)، (کورتی و درێژی هەقایەت و چیرۆکی هونەری)، (ئامانجی هەقایەت و چیرۆکی هونەری)، (گوێگری هەقایەت و خوێنەری چیرۆکی هونەری)، (دانەری هەقایەت و نووسەری چیرۆکی هونەری) خاڵ بە خاڵ دەخەینەڕوو:

- **یەکەم: سەرچاوەی هەقایەت و چیرۆکی هونەری**

ڕەگوڕیشەی هەقایەت زۆربەی کات دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی زارەکی و فۆلکلۆر و داستان و ئەفسانە. گەورە و پیرەکان بەشێوەیەکی زارەکی ئەو گێڕانەوە زارەکیانەیان نەوە دوای نەوە و پشت لە دوای پشت بۆ نەوەکانی دوای خۆیانیان گێڕداوەتەوە. جا چونکە گێڕانەوەکان نەنووسراونەتەوە، بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم، کەم و زۆر گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بۆیەش زۆرجاران، هەمان هەقایەت بە چەندین شێوە گێڕدراوەتەوە.

کەچی سەرچاوە و ڕەگوڕیشەی چیرۆکی هونەری بیر و هزری نووسەرەکە خۆیەتی و جگە لە خۆی کەسی دیکە لە نووسینی ئەوکارەیەدا بەشداری نەکردووە، بۆیە چیرۆك نووسەکە بە خۆی چیرۆکەکەی خۆی نووسیوەتەوە. ئەمەش وایکردووە چیرۆکی هونەری بەر ئەم گۆڕانکاری و دەستکاریکردنە نەکەوێت و بەدرێژایی ڕۆژگار شێوازەکەی خۆی بپارێزێت.

- **دووەم: بونیادی هەقایەت و چیرۆکی هونەری**

هەقایەتەکان بەگشتی لەڕووی بونیادەوە شلوشۆقن و توند پێکەوەنەبەستراونەتەوە، چونکە ئەوان بەشێوەی دیمەن لەدوای دیمەنەوە ڕێکخراون و زۆرجاران لادان و دەرچوون لە گێڕانەوەی سەرەکی هەیە. لە هەقایەتدا پتر تیشك دەخرێتەسەر بەدوای یەکترداهاتنی ڕووداوەکان نەك گەشەکردنی کارێکتەرەکانی ناو هەقایەتەکە.

کەچی بونیادی چیرۆکی هونەری سفتوسۆڵتر و توندوتۆڵترە، چونکە لێرەدا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ددیارکراوە و لە چیرۆکی هونەریدا پتر پێداگری لەسەر (تانوپۆ یان گرێچن) و گەشەکردنی کارێکتەرەکان کراوە.

- **سێیەم: کورتی و درێژی هەقایەت و چیرۆکی هونەری**

لەڕووی کورتی و درێژییەوە هەقایەتەکان جیاوازن. بەڵام ئەوەی بەگشتی لە هەقایەتەکاندا هەستی پێدەکرێت ئەوان زۆر درێژ نین و کەمتر وردەکارییەکان باسیان لێوە کراوە. ئەمەش وا دەکات هەقایەتخوان بەجۆرێکی خێرا و تێژپەڕ بەسەر بابەتەکان تێپەڕ ببێت بەبێ ئەوەی وردەکاری بابەت و ڕووداوەکان شیبکاتەوە.

هەرچی چیرۆکی هونەرییە بەشێوەیەکی نموونەیی کورت و پوختە، بەڵام پڕ وردەکاری و شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕووداو و کەسایەتی کارێکتەرەکانە. ئەمەش وادەکات چیرۆکی هونەری زیاتر سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت چونکە ئەم وردەکاری و شیکارکاریانە وادەکەن چیرۆکی هونەری پتر سەردەمیانە و سەرنجڕاکێشانەتر دەربکەوێت.

- **چوارەم: ئامانجی هەقایەت و چیرۆکی هونەری**

ئامانج لە گێڕانەوەی هەقایەت کات بەسەربردن و دڵخۆشکردن و فێرکردنی وانەی ڕەوشتی و پاراستنی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و کەلتووری ناو کۆمەڵگەی پێشووترە. ئەمەش وادەکات پڕ بێت لە پەند و قسەی نەستەق و بەندوباوی کۆمەڵایەتی سەردەمی پێشینان.

بەڵام ئامانجی چیرۆکی هونەری ئەوەیە بیرۆکە و سۆزی مرۆڤانە و ئەزموونی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی کورت و پوخت بە خۆێنەر بگەیەنێت. ناوەرۆکی چیرۆکی هونەری پڕاوپڕە لە بابەتی نوێ و هاوچەرخ کەوا مرۆڤی ئەم سەردەمە پێیانەوە سەرقاڵ و گرفتارە. هەربۆیەشە زۆربەی جار ئاڕاستەی چیرۆکی هونەری ڕووەو داهاتووە، کەچی ئاڕاستەی هەقایەت هەمیشە بەرەو ڕابردووە.

- **پێنجەم: گوێگری هەقایەت و خوێنەری چیرۆکی هونەری**

زۆربەی کات گوێگری هەقایەت خەڵکانێکی نەخوێندەوار یان کەم خوێندەوارن و بەگشتیش منداڵان زیاتر لە کەسانی هەراشی پێگەیشتوو حەزیان لە هەقایەتە. هەمیشە هەقایەت خۆراکی خەڵکانی سادە و ساکاری دوورەشار و گوند و دێهاتەکان بووە.

بەپێچەوانەوە، خوێنەری چیرۆکی هونەری کەسانی پێگەیشتوو و خوێندەوار و ئاستبەرزن. ئەمەش بۆیە وایە چونکە چیرۆکی هونەری زیاتر بابەتی سەردەمیانە و کێشەی خەڵکانێکی

شارنشین دەخاتە ناو چوارچێوەی نووسینەوە و بەمەش جۆرێك لە نزیکی بە ڕۆحی ئەوان دەبەخشێت.

- **شەشەم: دانەری هەقایەت و نووسەری چیرۆکی هونەری**

هەقایەت بە گشتی دانەرێکی یاخود دانەرانێکی ناسراوی نییە، چونکە ئەو هەقایەتانە بە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژگار لەسەردەستی کۆمەڵە کەسانێك دروست بووینە و کەسێکی دیاریکراو خاوەنیان نییە. ئەمەش وادەکات هەقایەت پتر مۆرکی میللی و کەلتووری گشتی بەخۆوە ببینێت.

هەرچی چیرۆکی هونەرییە ئەوا لەلایەن نووسەرێکی ناسراو و دیارەوە نووسراوە و ئەو بەتەنیا خۆی خاوەنی هەموو چیرۆکەکەیەتی. هەر بۆیەشە ئەزموونی سەردەمیانەی ئەو تاکە نووسەرە زۆر جیاوازە لە ئەزموونی کەسانی دیکە.

**B.پێکهاتە و توخمە پێکهێنەرەکانی هەقایەت و چیرۆکی هونەری**

پێکهاتە و توخمە پێکهێنەرەکانی هەقایەت و چیرۆکی هونەری ئەمانەن: (دەوروبەر یان کەشوهەوای نووسین)، (بیرۆکەی سەرەکی یاخود بابەتی سەرەکی)، (پاڵەوان و کارێکتەرەکان)، (تەون یان تانوپۆ)، (کێشە و ململانێ)، (زمانی گێڕانەوە/نووسین)، (تەکنیکسازی)، (شێوازی گێڕانەوە و هەڵوێست)، (گۆشەنیگای گێڕانەوە/نووسین)، (کۆتایی هەقایەت یان چیرۆکی هونەری). وا لەخوارەوە لە یەکە بە یەکەی ئەو توخمانە دەکۆڵینەوە و لە ڕۆڵی هەر یەکێکیان لە خوڵقاندنی هەقایەت و چیرۆکی هونەریدا دەدوێین و ئاکارە جیاوازەکانیشیان دەخەینە بەر تیرۆژی ڕوانینمان:

- **یەکەم: دەوروبەر یان چوارچێوەی کات و شوێن (The Setting)**

مەبەست لە دەوروبەر ئەو چوارچێوە جوگرافییە و ئەو کات و سەردەمە و ئەو کەشوهەوایە و ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەیە کەوا هەقایەت یان چیرۆکە هونەرییەکەی تێدا ڕوودەدات. گومان لەوەدا نییە کەوا دەوروبەر ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە ڕووداو و هەڵسوکەوتی پاڵەوان و کەسایەتییەکاندا دەبینێت. دەوروبەریش بەتەنیا ئەو پێشینە جوگرافی (Geographical Background) و ئەو کاتە دیاریکراوە ناگرێتەوە کەوا پاڵەوانەکانی تێدا دەژین، تەنانەت ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی ناو کۆمەڵگەش دەگرێتەوە کەوا کار لەو ڕووداو و بەسەرهاتانە دەکەن و سەرەنجام کار لە پاڵەوانەکانیش دەکەن.

لە هەقایەتدا دەوروبەر زۆربەی جاران نادیار و خەیاڵی و ناڕاستەقینەیە و زۆرکەم بایەخی پێ دەدرێت و بە زۆری تەنیا وەك ڕووبەرێکی جوگرافی (شوێنی) و مەودایەکی (کاتی) نادیار مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر دەکرێت نەك وەك فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی. کەواتە لە هەقایەتدا دەوروبەر تەنیا دەوری ئەو پارچە قوماشە یان کارتۆنە دەبینێت کەوا هونەرمەند تابلۆیەکی لەسەر دەنەخشێنێت. بەڵام لە چیرۆکی هونەریدا دەوروبەر دیار و زانراو و ڕاستەقینەیە و لەپاڵ بەکارهاتنی وەك ڕووبەرێکی جوگرافی و مەودایەکی کاتی، کاریگەری هەموو ئەو فاکتەرانەی کار لە کۆمەڵگە دەکەن بەرجەستە دەکات. لە کۆتاییدا بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوانیش کار لەیەکە بەیەکەی پاڵەوان و کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکە هونەرییەکە دەکەن.

- **دووەم: بیرۆکە یان بابەتی سەرەکی (The Theme)**

نووسەری هەر کارێکی ئەدەبی مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەیە دەیەوێت لەودیووی وشەکانیەوە و لە چوارچێوەی بابەتێکدا دەری ببڕێت، جا هەر نووسەرە و بەجۆرێك بابەتەکەی هەڵدەبژێرێت بۆ دەربڕینی مەبەستی ناو دڵ و دەروونی خۆی. هەور ئەمەشە وادەکات ئەو مەبەست و بیرۆکانەی گێڕەرەوەی هەقایەت و نووسەری چیرۆکی هونەری لەناو بەرهەمەکەیدا دەیخاتەڕوو تارادەیەکی زۆر لێك جیاوازبن.

لە هەقایەتدا بە گشتی بابەت کۆنە و باس لە ڕووداوێکی مێژوویی یان بەسەرهاتێکی وا دەکات دەمێکە ڕوویداوە و بیرۆکەی پشت هەقایەتەکان بابەتی گشتگیر و ڕەوشتپەروەرانەن. ڕووداوەکانی هەقایەتیش لە دەوری ئەو بابەتانەوە خوول دەخۆن و هەقایەتخوان ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی کەوا ڕەنگە بوونە فۆلکلۆر یان بەشێك لە کەلتووری گشتی بۆ خوێنەر یان گوێگران دەگێڕێتەوە. بەڵام لە چیرۆکی هونەریدا بە گشتی کێشەیەکی هاوچەرخ دەکرێتە بابەتی چیرۆکەکە، جا گرنگ نییە ئەو ڕووداوە لەو بابەتانە بن پاشەڕۆژ ڕوو بدەن. لێرەدا گرنگ ئەوەیە ڕووداوەکان کێشەی مرۆڤی هاوچەرخ بن و مرۆڤی هاوچەرخ بە دەستیانەوە ئۆقرەی لێ بڕابێت. جار وایە لە چیرۆکی هونەریدا چەند بابەتێك پێکەوە دێنە پێشەوە و شان بەشانی یەکتر دەڕۆن بەڵام هەموو بابەتەکان یەکتر تەواو دەکەن و یەك بیرۆکەی سەرەکی و یەك مەبەست بەدەستەوە دەدەن.

- **سێیەم: پاڵەوان یان کەسایەتی (The Character)**

لە هەقایەتدا کەسایەتییەکان زۆربەی جاران نموونەیی یان هێمایین. ئەوان یان (پاڵەوان، یان کەسانی نامەرد یان تەلەکەباز و هتد)ن. کەسایەتییەکانی ناو هەقایەتان بە زۆری لە دەرەوەڕا وەسف دەکرێن و بەگشتی خاوەنی دوو لایەنی فیزیایی و کۆمەڵایەتیین. واتە لەوانەیە بزانین کەسایەتییەکی ناو هەقایەت کەڵەگەتە یا قوتەبنەیە، قەڵەوە یا لەڕولاوازە، لەلایەنی جەستەییەوە بەهێزە یا بێهێزە. هەروەها ڕەنگە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە بزانین سەر بە چ چینێکی کۆمەڵە. بەڵام یەکجار بە دەگمەن لایەنی دەروونی ئەو کەسایەتیانە

بەڕوونی دەردەخرێت. ئەمەش وا لە کەسایەتی ناو هەقایەت دەکات ببێتە کەسایەتی تاکلایەنە (Flat). کەچی لە چیرۆکی هونەریدا لە پاڵ ئەو دوو لایەنەی پێشووتر، لایەنی دەروونی کەسایەتییەکان زۆر بەڕوونی نیشان دەدرێت وەك بڵێی کەسێکی ڕاستەقینەیە و بە تەواوی لە خوێنەرەوە نزیکە و خوێنەر ئەو بەباشی دەناسێت. کەواتە کەسایەتی و پاڵەوانی چیرۆکی هونەری بەگشتی پاڵەوانێکی فرەلایەنە (Round).

وێڕای ئەوەش، زۆربەی جاران پاڵەوانی هەقایەت پاڵەوانێکی چالاك و باشە ( Active and Positive)، بەڵام لە سەرەتاوە چۆن بووە تا کۆتایی هەقایەت هەروا دەمێنێتەوە. کەم جاری وا هەیە گەشە بکات و بگۆڕێت. بە پێچەوانەشەوە، لە چیرۆکی هونەریدا مەرج نییە پاڵەوانەکەی باش بێت، بەڵکو زۆربەی جار مرۆڤێکی مردۆخ و خراپە ( Passive and Negative) و تەنانەت زۆر بە زەقی لایەنی ناپاڵەوانێتی ئەو مرۆڤە نیشان دەدرێت لەگەڵ ئەوەشدا گەشە دەکات و ڕەنگە بە هەردوو باری باشی و خراپییدا بگۆڕێت.

لە هەقایەتدا زۆرجاران پاڵەوانەکە شوێن دەگۆڕێت و لە جێگایەکەوە دەچێتە جێگایەکی دی. پتر گەڕان و سوڕانی ئەو پاڵەوانە سەرنجی هەقایەتخوان و گوێگرانی پێوە خەریك دەبێت. بەڵام لە چیرۆکی هونەریدا مەرج نییە پاڵەوان شوێنی خۆی بگۆڕێت. دەشێ پاڵەوان هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە یەك چایخانە یان یەك ژوور یان کونجی سینەمایەکدا دابنیشێت بەبێ ئەوەی لە جێگای خۆی بجولێت چیرۆکەکە کۆتایی بێت.

لایەنێکی دیکەی جیاوازی نێوان هەقایەت و چیرۆکی هونەری ئەوەیە کەوا لە هەقایەتدا پاڵەوان بەزۆری براوەیەوە و بەهەر شێوەیەك بێت بەسەر گیروگرفتەکاندا زاڵ دەبێت و خۆشی وا نیشان دەدات کەسێکە لە مرۆڤی ئاسایی بەهێزتر و ئازا تر و بەتواناترە. بەپێچەوانەوە، لە چیرۆکی هونەریدا پاڵەوان بەزۆری دۆڕاوە و بە خۆیشی. مرۆڤێکی ئاسایی یان خوار ئاساییە و زۆربەی جار گیروگرفتەکان بەسەریدا زاڵ دەبن. ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە لە هەقایەتدا ئەوەیە پاڵەوان یان کارەکتەری سەرەکی بە تەواوی ڕەش یان سپییە، (واتە خراپ یان چاکە)؛ کارەکتەرەکانی دیکەش لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا کەم و زۆر دابەش کراون. بەڵام لە چیرۆکی هونەریدا پاڵەوان نە ڕەش و نە سپییە؛ بەڵکو ڕەنگە کەسایەتی یان پاڵەوانی ناو چیرۆکەکە لە یەك کاتدا هەم ڕەش و هەم سپی بێت.

لە هەقایەتدا (چارەنووس) ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت لە دیارکردنی سەرەنجامی پاڵەوانەکان بەگشتی و پاڵەوانی سەرەکی بەتایبەتی، هەروەها توخمی سەرووسروشتی وەك دێو و ئەجندە و گیانەوەرانی ئەفسانەیی لە نێو هەقایەتدا جێگای خۆیان کردۆتەوە. بەڵام لە چیرۆکی هونەریدا (کۆمەڵ و ململانێی چینایەتی) ئەو ڕۆڵە گرینگە دەبینن لە دیارکردنی چارەنووسی پاڵەوان و ڕووداوی کێشەکان بە گشتی.

- **چوارەم: تەون یان تانوپۆ (The Plot)**

تەون یان تانوپۆ زنجیرەیەك كاروكردەی پێكدی بەستراوەیە كەوا زۆر بەوردی پلانی بۆ كێشراوە و بە هۆی ململانێی هێزە ناكۆكەكانی ناو ڕووداوەكان بەرەوپێش دەچێت تا دەگاتە ترۆپك و كۆتایی هاتن. جا ئەو زنجیرە كاروكردانەش كۆمەڵێك ڕووداو دەڕسكێنن و لە ئەنجامی میكانیزمی هۆ و ئەنجام بەرەوپێش دەچن. بەڵام لە هەقایەتدا تانوپۆ زۆر لاوازە و لەسەر هێڵێكی بەیانی ڕاستەوخۆ یان سەرلەبەر دەڕوات و زنجیرەی ڕووداوەكانیش بەهۆی میكانیزمی هۆو ئەنجام بەرێوە ناچن. ئەمەش وا دەگەیەنێت كەوا بۆ هەر هۆیەك ئەنجامێكی دیاریكراو نییە. هەڵبەتە ئەوەش لەبەر ئەوەیە كەوا مێشكی ئەودیووی ڕووداوەكان (واتە عەقلی حەكایەتخوانەكە) پتر لە ئاستی سۆزدا گیرساوەتەوە و كەمتر بەلای لۆژیكدا دەچێت؛ بە واتایەكی دی، لەهەقایەتدا هەقایەتخوان پتر جڵەوی بۆ سۆز و عاتیفە شۆڕ كردووە نەك عەقڵ و مەنتیق. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە مێشكی هەقایەتخوانەكەی كۆنباو و ناشارستانییە.

بەڵام لە چیرۆكی هونەریدا ڕووداوەكان لەسەر زنجیرەی هۆ و ئەنجام بەردەوام دەبن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كەوا عەقڵ و لۆژیك بەسەر ڕووداوەكان زاڵن. وەك پێشتر گووتمان، لە هەقایەتدا بەگشتی ڕووداوەكان لەسەر هێڵێكی ئاسۆیی دەڕۆن، واتە كێشەكان بە زنجیرەیەكی كاتی بەدوای یەكدا ڕێز دەبن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەوا سەرەتا و ناوەڕاست كۆتاییەكی دیاری هەبێت. بەڵام لە چیرۆكی هونەریدا ڕووداوەكان لەسەر هێڵیكی ستوونی دەڕۆن و زۆر جار هەر زەمەن لە شوێنی خۆی وەستاوە. ڕووداوەكانیش ڕەنگە لە ناوەڕاستەوە دەست پێ بكەن و بەبێ كۆتاییەكی دیار كۆتاییان پێ بهێنرێت.

لە هەقایەتدا بە گشتی ڕووداوەكان ناواقیعی و خەیاڵ ئامێزانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە كەوا میتافیزیك و عەقڵی ئەفسانەیی و ناهاوچەرخی هەقایەتخوانەكەی چۆنی بوێت ئاوا ڕووداوەكان ڕەنگرێژ بكات و عاتیفیانە نەك لۆژیكانە و فەلسەفیانە مەسەلە و كێشە سەرەكیەكان شیبكاتەوە. هەر بۆیەش دەبینین لە هەقایەتدا بە زۆری كەشوهەوایەكی ئەفسانەیی و داستانی بەسەر ڕووداو و پاڵەوانەكانیدا زاڵە. بەڵام لە چیرۆكی هونەریدا چونكە واقیعی و ڕوژانەن، لەوانەیە هەموو مرۆڤێكی ئاسایی بە سانایی هەستیان پێ بكات. هەروەها چونكی عەقڵی چیرۆكنووس لەدەست بیركردنەوەی میتافیزیكیانە دەربازی بووە، دەبینین كێشە سەرەكییەكان بە پێوانەی لۆژیك و عەقل چارەسەر دەكرێن. هەر بۆیەش لایەنی درامی بەگشتی بەسەر چیرۆكی هونەریدا زاڵە. مەبەستیش لە لایەنی درامی ئەوەیە كەوا چیرۆكنووس بە دەگمەن ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو ڕووداوەكان بەڵكو پتر لێ دەگەڕێت كێشەكان بەخۆیان خۆیان ساغ بكەنەوە.

- **پێنجەم: کێشە و ململانێ (The Conflict)**

هەموو نووسەرێك ئەوە زۆر باش دەزانێت کەوا بڕبڕەی پشتی ئەدەب بە گشتی و چیرۆك و ڕۆمان و دراما بەتایبەتی ململانێیە. کێشە و ململانێی ناو هەقایەت و چیرۆکی هونەری بۆیە ئەوەندە بایەخدارە چونکە گەلێك ڕۆڵ دەبینێت وەك: (١) پاڵنان بە تانوپۆی ڕووداوەکان، (٢) دەرخستنی توانا و بێتوانایی کەسایەتییەکان، (٣) خستنەڕووی بیرۆکە و بابەتە سەرەکییەکانی هەقایەت و چیرۆکی هونەری.

ئەوەی ڕاستی بێت، چەندین جۆرە کێشە و ململانێش هەن: (١) ململانێی پاڵەوان لەگەڵ هێزی سروشتی یان سەرووسروشتییەکان (٢) ململانێی پاڵەوان لەگەڵ کۆمەڵگا (٣) ململانێی پاڵەوان لەگەڵ تاکەکەسێك (٤) ململانێی پاڵەوان لەگەڵ خودی خۆی یان لایەنێکی خودی خۆی. جا هەقایەت و چیرۆکیش بەو پێیەی کەوا جۆری ئەدەبین، ململانێیان تێدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام هەریەکەی بەجۆرێکی جیا لەوی دیکە.

لە هەقایەتدا زۆربەی جار ململانێ لە نێوان مرۆڤ و هێزە سروشتییەکان و سەرووسروشتییەکانەوەیە، بەزۆریش لەگەڵ ئەو هێزانەیە کەوا لە مرۆڤ باڵاترن وەك دێو و درنج و ئەژدیها و سوپای شایان و شای ئەجندان و پاڵەوانی بەدکار و تەنانەت حووج و شتی لەم بابەتە. کەچی لە چیرۆکی هونەریدا کێشە و ململانێ بەگشتی لە نێوان مرۆڤ و کۆمەڵ یاخود مرۆڤ و خودی خۆیەوەیە. خۆ ئەو هێزانەی پاڵەوانی سەرەکی لەگەڵیان دەجەنگێ و بەرەنگاریان دەبێتەوە و بەگژیان دادەچێتەوە هاوتان یان کەمێك لەسەرووی توانای خۆیەوەن و ئەگەر بارودۆخێکی لەبار و گونجاو بۆ پاڵەوانەکە بڕەخسێت لەوانەیە دەرەقەتیان بێت.

ئەوەی زۆر سەرنجراکێشە لە هەقایەتدا ئەوەیە کەوا کێشە و ململانێ لەسەرەتاوە دەست پێ دەکات و لەگەڵ تێپەربوونی کات و بەرەو پێشەوەچوونی ڕووداوەکان دەگاتە ترۆپك ((Climax و لەگەڵ کۆتاییهاتنی ڕووداوەکان بەکۆتا دێت. کێشە و ململانێیەکەش بەگشتی لە نێوان هێزی خێر و هێزی شەڕدایە. بەڵام لە چیرۆکی هونەریدا زۆربەی جاران کێشە و ململانێ لە ناوەڕاستەوە دەست پێ دەکات، جاریش وایە لە کۆتایی چیرۆکدا و مەرجیش نییە کێشەکە لەنێوان هێزی خێر و شەڕدا بێت و لەگەڵ کۆتایی هاتنی چیرۆك تەواو ببێت. لە چیرۆکدا هەندێ جار کێشە و ململانێیەکە هەر لەسەرەتاوە گەیشتۆتە ترۆپك یان کاتێك چیرۆك دەست پێ دەکات لە ترۆپکیش ڕەتی داوە و بەرەو کۆتایی دەچێت.

- **شەشەم: زمانی گێڕانەوە/نووسین (The Language)**

لەبەرئەوەی زمان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ لە بەرهەمهێنانی جۆری ئەدەبیدا دەگێڕێت، جیاوازییەکی بەرچاویش لە زمانی هەقایەت و چیرۆکدا هەیە. لە هەقایەتدا بەشێوەیەکی

گشتی شێوازی نووسین گێڕانەوەیە و زمانی نووسینیشی. زمانی خەڵکانی ڕەشوڕووتە و زمانی قسەکردنی ڕۆژانەیە، وەك تێبینیش دەکرێت زمانێکە پتر وەسفی و فۆتۆگرافیە و ڕاستەوخۆ لە بابەتەکان دەدوێت و بێ پێچوپەنا مەبەست دەپێکێت. ئەو زمانەی هەقایەتیشی- پێ دەنووسرێت زمانێکە پتر بەلای زمانی فۆلکلۆردا دەشکێتەوە و پەند و قسەی نەستەقی تێدایە و مەتەڵئامێزە و بەزۆری زمانی قسەکردنە نەك نووسین.

کەچی لە چیرۆکی هونەریدا زمانی نووسین بەگشتی زمانی شیکردنەوەی بابەت و ڕووداوەکانەوە و وەسف تا ڕادەی پێویستی تێیدا کەم کراوەتەوە و کەمتریش بەلای گێڕانەوەدا دەچێت و پتر سوود لە دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ وەردەگرێ. زمانەکەش بەگشتی زمانی چینی ناوەڕاست و چینی سەرووتری کۆمەڵە و لە وشە و زاراوەی بازاڕی پاك کراوەتەوە و تارادەیەك زمانی ستاندەردی نووسینە. خۆ جاروایە زمانەکە زۆر ئاڵۆزە و پشت بە ئاماژە دەبەستێت و ڕەمزئامێزە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە بابەتەکان دەدوێت و ڕاستەوڕاست مەبەست ناپێکێ و دەبێ مرۆڤ مێشك و هەموو هەستەکانی دیکەی چاڵاکانە بخاتەکار بۆ تێگەیشتن لە مەبەست و واتای ئەودیوو وشەکان.

### ○ حەوتەم: تەکنیکسازی (The Technique)

لە هەقایەتدا زۆر بەدەگمەن تەکنیکی نووسین بەکاردێت چونکە وەك لەمەوپێش گوتمان هەقایەت لە بابەتێکی کۆن و بەسەرهاتی لەمێژینەی بەسەرچوو دەدوێت بۆیە ئەستەمە تەکنیکە ئاڵوزەکانی نووسینی وەك فلاشباك (واتە گەڕاندنەوەی ڕووداوەکان بەرەو دوا) و تەوژمی نائاگایی[i] و سەرکردنی بیرۆکە (Association of ideas) و هێماکاری و ئاماژەکاری و چەندین تەکنیکی دیکەی جۆراوجۆری پێ لە چوارچێوە بگیرێت (تەنانەت ئەگەر هەقایەتەکە لەسەردەمی نوێشدا بنووسرێتەوە). ئەمەش لەبەر ئەوەیە چونکە هەقایەت بەگشتی دەربڕی ئاستێکە لە هۆشیاری کەوا چەند پلەیەك لەخوارەوەی ئاستی عەقڵاندنی مەسەلەکانە. بەڵام لە چیرۆکی هونەریدا ئەم چەشنە تەکنیکسازیانە زۆر بەئاسانی بەکاردێن و هەڵبەتە (جێمس جۆیس) بە سەرقافڵەچی نووسەرانی ئەم تەکنیکسازیە دەژمێردرێت.

### ○ هەشتەم: شێوەی گێڕانەوە و هەڵوێست (The Tone and the Attitude)

لەبەرئەوەی هەر نووسەرێك خاوەنی پەیامی خۆیەتی و لە نووسینەکەشدا چەشنە وانەیەکی تیدایە، جا ڕەنگە ڕەوشتی، کۆمەڵایەتی، دەروونی یان ژیاری بێت. لە هەقایەتدا بەگشتی وانەی ڕەوشتی پێشکەش دەکرێت و جار نا جارەش وانەی کۆمەڵایەتی خۆی ڕەپێش دەکات. بەڵام لە چیرۆکی هونەریدا لەپاڵ ئەم چەند وانانەی پێشووش وانەی دەروونی و

فراوانکردنی ئاسۆی ژیاریش خۆ دێنێتە پێشەوە. ڕەنگە ئەوەندە ئاسان نەبێت ئەگەر بڵێین ئەوانە دەربڕی ڕوانین و هەڵوێستی نووسەرەکەن.

لە هەقایەتــدا زۆربەی جــاران هەڵوێســتی هەقــایەتخوان بەشــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ دەردەکەوێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەقایەتخوان ڕووداوەکان بە چاوێکی فۆتۆگرافیانە بۆ خەڵك دەگوازێتەوە. کەچی لە چیرۆکی هونەریدا مەسەلەکە وانییە و شێوازی گێڕانەوە و هەڵویستی نووسەر تا ڕادەیەك بەلابەلایی بەڵام بە کەمێك ڕامان و وردبوونەوە لە ڕووداو و پاڵەوانەکان خۆ بەدەستەوە دەدات؛ گەلێ جار شێوەی گێڕانەوە و هەڵوێستی پاڵەوانێك لە پاڵەوانەکانی چیرۆکێکی هونەری هەڵوێستی نووسەر دەردەخات و بەم جۆرەش نووسەری چیرۆك خۆی لەوە بە دوور دەگرێت ڕاستەوخۆ (بە چەشنی گێرەوەی هەقایەت) خۆی تێکەڵی بابەتەکان بکات.

چیرۆکنووسی سەردەمیانە چەندین شێوەی نووسینی لەبەردەستدایە بۆ نووسینەوەی چیرۆکەکەی؛ جار وایە شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکنووس جەرگسۆزانە و جاریش وایە گاڵتەجاڕانە و هەندی جاریش خەمناکانە و جاریش وایە مەراقدارانە و گاف وایە تەوساویانە و گەلێك جاریش غەریبیکارانەیە.

- **نۆیەم: گۆشەنیگای گێڕانەوە/نووسین (Point of View)**

هەقایەت بە حوکمی ئەوەی گێڕانەوەی بەسەرهات و چارەنووسی کەسانی دیکەیە و هەقایەتخوان زۆر بەکەمی ڕوانینێکی تایبەت بە خۆی لەناو هەقایەتەکەدا هەیە، بۆیە زۆربەی جاران گێڕەوەکە (شێوازی گێڕانەوەی کەسی سێیەمی نادیار/ Third-person Omniscient)، جاروباریش (شێوازی گێڕانەوەی کەسی یەکەم /First-person)، بەکاردێنێت، ئەگەرچی ئەو جۆرە گێڕانەوەیە زۆر دەگمەنە.

کەچی لە چیرۆکی هونەریدا گۆشەنیگای جیاواز لەلایەن چیرۆکنووسانەوە بەکاردێت. گۆشەنیگاکانی چیرۆکنووسان جۆراوجۆرتر و زۆرترن لەچاو ئەوانەی هەقایەتخوان بەکاریان دێنێت. چیرۆکنووسان بەشێوەیەکی گشتی ئەو گۆشەنیگایانە بەکاردێنن: (گۆشەنیگای کەسی یەکەم و کەسی دووەم و کەسی سێیەم و کەسی سێیەمی نادیار و کەسی نادیار). ئەم جۆراوجۆرێتییەی گۆشەنیگا جیاوازەکان جوانی و ڕەنگینی و سەرنجڕاکێشی- بە چیرۆکی هونەری هاوچەرخ دەبەخشێت.

- **دەیەم: کۆتایی هەقایەت یان چیرۆك (The End or Denouement)**

بەو پێیەی کۆتایی لە هەر نووسینێکدا بەشێکی گرنگ و سەرەکییە، لە هەقایەت و چیرۆکیشدا هەروایە. لە هەقایەتدا کێشەکان بەگشتی بەجۆرێکی وا چارەسەر دەکرێن و

بەکۆتــادەهێنرێن کەوا ویــژدانی هەقــایەتنووس و گــوێگر ڕازی بکــات. بەم جــۆرە چارەســەرکردنەش دەوترێـت: (دادوەری شـیعری Poetic Justice) چـونکە کێشـەکە بە لەناوچوونی هێزی خراپ و سەرکەوتنی هێزی چاك بەگشتی تەواو دەبێت و گرێی کێشەکان لەزۆربەی جاراندا بەم جۆرە دەکرێتەوە.


بەڵام لە چیرۆکی هونەریدا مەرج نییە کۆتایی کێشەکان کراوەبن. لەسەدا نەوەدی کێشەکان بەبێ چارەسـەر دەمێنـنەوە و گرێیەکانی چیرۆك بە (نیمچە)داخـراوی لەلایەن نووسـەرەوە بەجێ دەهێلرێن. ئەمەش بۆ ئەوەیە خوێنەر بە خۆی کۆتاییەکی گونجاویان بۆ دابنێت و بۆ خۆی وانەیەکی ژیارییان لێوە هەڵبهێنجێت. کەواتە بە پێچەوانەی هەقایەت، خـوێنەر لە چیرۆکی هـونەری هاوچەرخـدا بەشـیکی کارا و کاریگەر لە چـیرۆك پێکـدەهێنێت (کەچی لە هەقایەتدا گـوێگر کەسێکی ناکارا و بێکاریگەری و دەستەوەستانە). هەر ئەمەشـە وادەکات کۆتـایی و ئەنجامی کیشەکە/کێشـەکان بوەسـتێتە سـەر ڕوانیـنی فیکـری خـوێنەر و خـوێنەر بەخـۆی چـۆنی بوێـت وا بیر لە کۆتـایی کێشەکە/کێشـەکان دەکاتەوە. سـەرەنجام دەگەینە ئەو ڕاستییەی کەوا ئەگەرچی چیرۆکی هـونەری هـاوچەرخ وەچە و ڕۆڵە و زادەی هەقایەتە، بەڵام شــێوازێکی نوێبــاو و پیشــکەتوتووترە لە هەقــایەت و لە زۆر لایەنەوە جیــاوازیەکی بەرچاویان هەیە.

## سەرچاوەکان:


1. Abrams, M. H., and Geoffrey Galt Harpham. (2015*) A Glossary of Literar*
2. *Terms*. 11th ed., Cengage Learning.
   2. Baugh, A. C. (1968). *A Literary History of England: The English Novel*,
3. Volume 1. Routledge.
4. Chekhov, Anton. (2000) *Selected Stories of Anton Chekhov*. W. W.
5. Norton & Company.
   4. Gilman, C. P. (1892). *The Yellow Wallpaper*. New England Magazine.
6. Hayes, J. (1997). *The Short Story: An Introduction*. Longman.
7. Joyce, James. (2000) *Dubliners*. Penguin Classics.
8. Lohafer, S. (2003). *Reading for Storyness: Preclosure Theory, Empirical*
9. *Poetics, and Culture in the Short Story*. Baltimore: Johns Hopkins
10. University Press. O'Connor, Flannery. (1971) *The Complete Stories.* Farrar, Straus and
11. Giroux.

12. Poe, Edgar Allan. (2015) *The Complete Tales and Poems of Edgar Allan*
13. *Poe*. Barnes & Noble.
14. Propp, Vladimir. (1968) Morphology of the Folktale. 2nd ed., University
15. of Texas Press.
16. Sharif, Azad Hamad & Ismael Mohammedfahmi Saeed "Mental Disorder and Stream of (Un)consciousness in English and American Fiction" IJTRA – Vol. 4, Issue 4 (July-August, 2016), PP. 156-163.
17. https://www.ijtra.com/view.php?paper=mental-disorder-and-stream-of-unconsciousness-in-english-and-american-fiction.pdf
18. Todorov, T. (1977). *The Poetics of Prose*. Ithaca: Cornell University
19. Press.
20. Walker, Alice. (1973) *In Love & Trouble: Stories of Black Women.*
21. Harcourt Brace Jovanovich. 14. Zipes, J. (1993). *Fairy Tales and the Art of Subversion: The Classical*
22. *Genre for Children and the Process of Civilization.* Routledge.

# | کورتە چیرۆك - مێژوو و پێناس



عەباس عەبدوڵلا یووسف

لێرەدا، دەبینم ڕەخنەگر و مێژوونووسانی ئەدەب خۆیان دەمانخەنە بەرانبەر ئەم كێشەیە -هیچ شتێ نییە نوێ بێت- هەر كە تیۆرێك، یان ڕێبازێك دێتە كایەوە و هێز دەستێنێ، دایك و باوكێكی بۆ دەدۆزنەوە و زۆڵایەتی لەسەر لادەبەن، بگرە ئەم شەپۆلە ئەدەبییانە كە خۆیان ڕەگ و ڕیشەی خۆیان بڕیتەوە و وەجاغی خۆیان كوێر كردۆتەوە، بە زۆرەملێ مێژوونووسانی ئەدەب موتوربەی ڕێبازێكی هەرە كۆنی دەكەن. بۆ وێنە، سوریالیزم –من لێرەدا دەچمە سەر ڕای مێژوونووسە زانست پەروەرەكان- گژایەتی و دژایەتی- جوولێنەری مێژووە و لە ناو پسدانی كۆنا، نوێ دەزێتەوە.

كورتە چیرۆك جۆرێكی ئەدەبی نوێیە، لە چارەگەی پاش سەدەی نۆزدەهەمدا لە دایك بوو. لە زەمان و بە زمانی دوو چیرۆكنووسی بەرز ئەم هونەرە تازەیە جێ خۆی لە ناو قەڕەپەستانێی ئەدەبی بەر لە جەنگی یەكەم كردۆتەوە. گی. دی. موساپان، لە ساڵی ١٨٨١ لە فەڕەنسا وەك چیرۆكنووسێكی لێهاتوو دانی پیانرا. ئەنتوان چیخۆفیش بێ یەك و دوو لە ڕووسیای ترازی دا چیرۆكەكانی هەرمێنێكی باشی هەبوو.

لە زەمانی هەرە كۆنەوە، لەگەڵ ساردبوونی دەست وەك ئامرازێكی قسەكردن بە هێماو گەرم بوون و پژانی زمان، وشە پەیدا بوو، وتەش بوو بە هەوێنی ئاخاوتنی مرۆ و لێك تێگەیشتن و سەودایی كردنیان. ئا لەو زەمان حەقایەت و چیرۆك و پەند و داستان و لقەكانییان پەیدا بوون. ئەم میراتە زلەی كۆن بۆمانیانی بەجێهێشتوون، ڕووناكی دەداتە ئەو زەمان و بەبێ چاو ڕەشكە و پێشكەكردن دەتوانین تابلۆی ئەودەم بخوێنین. هەرچەندە زۆریشمان پێدەوێ.

بەمە چیرۆك مێژوویێكی دوورو درێژی هەیە. ڕەنگە مێژووی بۆ ساڵانی ٤٠٠ ساڵ پێش لە دایك بوونی عیسا بگەڕێتەوە، كە حەقایەتی جادووگەرانی فیرعەونی وتراون، لە پاشا، چیرۆكەكانی ئاوێستا و تەورات و كتێبی ئایینی كۆن، كە تژین لە چیرۆك. هەندە ڕەخنەگر هەنە ساڵی ١٧٤٠ بە ساڵی ڕاستەقینەی پەیدابوونی چیرۆكی درێژی هونەرمەندانە – هونەری چیرۆك دادەنێن. لەو ساڵ چیرۆكنووسی ئینگلیزی ((ڕیچاردس)) چیرۆكی

((پامیللا))ی نووسی. ئەم چیرۆکە گەلێك جیاوازی هەبووە لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی ناو کتێبە کۆنەکان و دیوەخانان و ساڵۆن و لەبەر ئاگردان. چ لە ڕووی هونەری و چ لە ڕووی داهێنان و ناسراوی خاوەنەکەی.

ئەمە لەمەڕ چیرۆك بە گشتی، بەڵام کورتە چیرۆك ئەو هونەرە نوێیە وەك وتمان دەگەڕێتەوە بۆ چارەگەی دوایی سەدەی پێشتر هەرچەندە ئەویش مێژوویانە تەماشا دەکرێت و باگراوندێکی بە تەمەنی بۆ دانراوە. دەڵێن چیرۆکەکانی تەورات و پوکاشیۆ و لاڤۆنتین و هەزار ئەفسانە و گاڵتەو گەپی باوی ناو خەڵك و چیرۆکە پێکارۆنەکانی Pecaresque ئیسپانی کە زنجیرە چیرۆك بوونە لە بارەی کەسانێکی شەڕ خوازەوە هەڵبەسترابوون. ڕێگایان خۆش کرد بۆ ئەم هونەر تازەیە. بۆیە کە ((ولیام بیسن)) لەو بڕوایەیە کە ((کورتە چیرۆك کۆنترین فۆڕمی ئەدەبییە)) لە پێش سەدەی نۆزدەهەمدا. ئەدەبی ڕۆژئاوا، لە جۆرە ئەدەبێك ڕاهاتبوو کە بە بۆنە و بەرامە و ڕەنگ و ڕوخسار بە کورتە چیرۆك دەچوو. لە سەدەی چواردەهەم لە هۆدەیێکی کۆشکی فاتیکانی ڕۆمادا، سەدان چیرۆکی کورت هەڵبەسترا و بەم شوێنە بەرفراوانەیان دەگوت ((کارگەی درۆکردن)) سکرتێرەکان و چەند پیاوێکی ئایینی پاپا سەرپەرشتیان دەکرد، بۆ ڕابواردن و پێکەنین لەم ژوورە کۆدەبوونەوە و قسەیان هەڵدەبەست. ئەم کارگەیە سەرنجی خەڵکی بێکار و دەست چەوری ئیتاڵیای ڕاکێشاو بە ژن و پیاوەوە ڕوویان لەم شوێنە دەکرد. لەبەر دوو هۆ، یەك: کات بەسەر بەرن، دوو: تا غەیبەتیان نەکرێ. ئەوەی زمان بەکاربوو ((پۆچیۆ)) ناوێك بوو نیوەی ژیانی بە سکرتێری پاپا بەسەر برد. لە تەمەنی ((٧٠))ساڵیشدا کچێکی ((١٥)) ساڵی خواست.

ئەم ((پۆچیۆ))یە لە هەموو کارگێڕانی کارگەکە بەهرەوەرتر بوو و خەیاڵیشی فراوانتر بوو. بە چیرۆکەکانی ((کارگەی درۆکردن)) دەوترا ((فاشیتا)). ((پۆچیۆ))ش بە زمانی لاتینی زۆر چیرۆکی بۆ بەجێهێشتووین.

((فاشیتا Facetia)) ئەو کورتە چیرۆکە عەنتیکانە بوون لە ئیتاڵیا لە نێوان ساڵانی ١٤٠٠-١٤٥٠ بڵاوببوونەوە.

ئەوەی ڕاگیری ((ڕۆی)) ڕەخنەگر دەکات ئەوەیە کە فاشیتا وەك گاڵتە و گەپەکەی خۆمانە. وەك ئەو نوکتە و قسە خۆشانەی ناو کوردەواریدا بە تایبەتی حەقایەتی کەچەڵ و ئەو بەزمە خۆش خۆشانەی ناو بەرگەکانی ڕشتەی مرواری مامۆستا ((عەلائەدین سەجادی)).

تەرزی کورتە چیرۆك بە پێوانەی ئەمڕۆ گەلێ جودایی هەیە لەگەڵ هینی پێشتر. گەر هەر تەماشای خەستی و چڕیەکە بکەین ئەوە بێ گومانە دەڵێین، هەموو میللەتێك ئەم هونەرەی زانیوە. هەرواشە ئەدەبی کورتە چیرۆك لە جیهانا ڕەگ و ڕیشەی خۆی بە مێژوویێکی میللی و نیشتیمانی دەبەستێتەوە و نازایەتی خۆی دەسەلمێنێ.

ئەدەبی ڕووسی سـەرەڕای ئەوەی کە وەسـتاییێکی بـاشی دا بە ئەدەی جیهـانی کە ((ئەنتـوان چیخـۆف))ە ((١٨٦٠-١٩٠٤))ی نزیك بە وڵاتانی ڕۆژهەڵات سکێچی ئازاری خەڵکی سادە و ساکار بە پێکەنینی ڕەشاوی دەکێشا. چەند بەهرەییێکی تر، کە لە پێش ئەو بوون لە زەمانی ((گۆگۆل))، (چیرۆك پەرەی دەستاند و وردە وردە بەرەو خەستی و چڕی و چلورەبەستنی شـەقلێکی تـایبەتی) دەچـوو. چیرۆکەکـانی ((شـەوانی گونـدی دیانانکـا)) و چیرۆکەکـانی دوستوفسکی و چەند نووسەرێکی تر نموونەیەکی باش و لەبارن.

لە ئەمریکادا، لە هەمان سەردەم ((دوایین چارەگەی سەدەی نۆزدەم))، ڕەخنەگران ((ولیام بیری)) بەتایبەتی، سکێچە ڕەنگ گەرمەکانی ((واشنتۆن ئەرفنگ)) بە دەمی گرۆگالی کورتە چیرۆك دادەنێن. هەروەها حیکایەتەکانی ((هۆسـۆرۆن)) وەك ((کچی ڕابچینی)) دەخـرێتە سـەر چەکەرەدانی کورتە چیرۆك لە هەندەران. ئەوەی سـەیرە هووشـەکاری ئەم ڕەخنەگرە دەگاتە ڕادەیـێکی لە ئەنـدازە بەدەر و شـوێن پەرسـتی ئەو سـەر لە پـۆپە دەدات کاتێ دەڵێ: کورتە چیرۆك تاقە فۆڕمێکە کە لە بنج و بناوانەوە ئەمریکایی بێ.

لە هەمان سـەردەم، هەنگڕای ئەم جـۆرە ئەدەبەیە ((واتا کورتە چیرۆك))، لە فەڕەنگسا و ئەڵمانیا و ژاپۆن و ئینگلستان و وڵاتانی ئەسکەندەناڤی ئەم فۆڕمە نوێیە ناسرابوو. بۆیە، کە وەك تێڕوانینـێکی پـتەو دەبینـین هەمـوو میللەتـانی دنیـا هاوبەشـن لە بنیاتنـانی ژیـار و شارستانییەتی، بەڵام کەم و زۆری و ماڵایی و قاڕایی و پاش و پێشی تێدایە. لەبەر هەندێش ئێمە و ڕەخنەگران وەرگری ئەم ئەنجامەینە. موپاسان و چیخۆف دوو مەزنە وەستای ئەم هونەرەن.

ئیمپڕاتـۆریەتی ژاپـۆن، یەکەم دەوڵەتی خـۆرهەڵات بـوو کە پەیوەنـدی لەگەڵ ڕۆژئـاوا کـرد، پەیوەندییەکی خۆپارێز و قازانج وەرگرە بوو.

لە پـاڵ ژیـارە کۆنەکەیـان کە پاڵپشـتێکی یەکجـار بەهـێز بـوو بـۆ مـاوەدان بە دەسـەڵات و دەسڕۆیی خۆیـان ئەوانـیش لە هەمـان سـەردەم. کـورتە چـیرۆك لە سـاڵی ١٨٨٥دا وەك هـونەرێکی نـوێ ناسـیان، ئا لە سـاڵی ١٨٨٥ سـاڵی پەیدا بـوونی چیرۆکی نـوێی ژاپـۆنی بـوو لەو ساڵیدا.

((تسـوبوچی شـویو)) ((١٨٥٩-١٩٣٥))، کتێبـێکی ڕەخـنەیی، لە تیـۆری چـیرۆك و چـیرۆکی ژاپۆنی دەدوێ بە ناوی ((جەوهەری چیرۆك))، بڵاوکردەوە.

پێشـان ڕۆشـنبیران زۆر بایەخییان بە چیرۆك و پەخشـان نەدەدا، گۆیا ئەوەی بـۆ منداڵان و ژنـان دەنـووسرێتەوە و دەسـت دەدات. نووسـەری وەك ((سـیکاکر)) نەنـاسرا بـوو چـونکی ڕەخنە خڕی بۆ شیعری کلاسیك ڕەخسابوو.

هەڵـبەت هەمـان سـەردەم ((چـارەگەی چـوارەم)) چـاوی پشـکنینی ڕەخـنەیی لە پێنـاوی هەڵکـردنەوەی داوە ئاڵۆزەکـانی مـێژوو بەرەو ئینگلسـتان دەمـانترازێنێ و سـەحکردنەوەییێکی

چاکمان پێ دەبەخشێ. لە هەندەران، ڕەخنەگران، خرپیان لەو باوەڕەدان کە یەکەم کورتە چیرۆکی ئینگلیزی، چیرۆکی ((دوو گاوان))ی ((والتەر سکۆت))ە لە ساڵی ١٨٢٧دا لە سەرەتای چارەگەی دووەمی چەرخی نۆزدەمدا. ڕەنگە ئەمە وابێ، بەڵام سیر والتەر سکۆت وەك نووسەرێکی کورتە چیرۆك نەناسرا، بەڵکوو وەك ڕۆماننووسێك زیاتر ناسراوە. بۆیە کە لە بارەی بەرهەم زۆری و لایەنی هونەری کورتە چیرۆك، سەرەتای ڕاستەقینە و سەرتۆپی ئەم هونەرە لای مۆپاسان و چێخۆفە. هەرچەندە ڕەخنەگرێکی لاپەڕە پەرستی تیژڕەو، نەك بۆ لای مۆپاسان دا دەلەنگێ، بەڵکوو پێوەی دەنووسێ و دەنووسێ ((کورتە چیرۆك مۆپاسانە و مۆپاسان کورتە چیرۆکە)).

ئەدەبی خۆمان، ئەدەبی کوردی ساڵی ١٩٢٥ دەکا بە ساڵی پەیدابوونی چیرۆك، لەو ساڵ جەمیل سائیب ((لە خەوما))ی بڵاوکردەوە و نووسی. هەرچەندە ئەم چیرۆکە درێژە، بەڵام لە ڕاستیدا، وەك کورتە چیرۆکێکی درێژکراو دێتە بەر چاوم.

لە پاشان وردە وردە لە کزبوونی ڕۆشنبیری شیعری و چەسپ بوونی پەخشانی کوردی، بەهۆی گۆڤارە کوردییەکانەوە، بەتایبەتی، گۆڤاری گەلاوێژی ڕووگەش. ((عەلائەدین سەجادی و بلە و شاکر فەتاح)) و چەندانی تریش وەك چیرۆکنووس ناسران.

- **پێناس کردن**

لەگەڵ پەیدابوونی ئەم هونەر تازەیە، ئیدیۆمێکی تر کەوتە فەرهەنگی ئەدەبەوە. پسپۆڕان و ڕەخنەگران و مێژووناسانی ئەدەب خەریکی ناساندن و پێوانی پەلەکان و ڕووبەری بوون، تا بە سپیکراوی بدەنە دەست خەڵك، بەڵام لەمەش وەك لە زۆر شتا هاوگر نەبوون. هەر کەسان و دەستەیێك پێناسی خۆی دانا. ئەوەی من هەڵێنجاندبم لەوەندە پێناس و دیراساتانە دەڵێ: (ژمێرە ڕەخنە باو و بڵاو بوو و قەڵەمی خەریك بووانی گیانی کورتە چیرۆکی دەسوڕاند).

دینامیکییەتی کورتە چیرۆك و مێرووله کردنی وایکرد کە هیچ پیناسەیێك لەنگەر نەگرێ و هیم دانەکوتی.

لە پێشا خەریکی ژماردنی وشەکان بوون بۆ ئەمەش، پێوانەیێکیان دانا. ڕەخنەگر ئیڤان موریس (چەند سەدێك تا هەزار، ئان ٢٠ هەزار وشە) دادەنێ بۆ نووسینی کورتە چیرۆکێك بە مەرجێ بابەتەکە هەمووی چڕ و خەست بێ و لە تاقە ڕووداوێکی چەق گر بدوێ.

هەندێکیان پێیان وایە کە کورتە چیرۆك لە ((٢٥٠٠)) وشە کەمترەو چیرۆکی درێژ لە ((٢٥٠٠) وشە زیاتر و ئەگەر لە ((٢٠٠٠٠)) ڕەتی کرد ئەوە دەبێ بە کورتە ڕۆمان Novelette.

ئەم ژمێرە ڕەخنەیە زۆر شوبهەی لەسەر بوو و نموونەکانی کورتە چیرۆکی نووسەرە بەرزەکان ئەم ڕایەیان پووچەڵ کرد.

ڕەخنەگری ناسراو ((ئەدوارد فۆرستەر)) دەڵێ: (ڕەنگە نەتوانین بڵێین قەبارەی ڕۆمان لە ((٥٠)) هەزار وشە کەمتر نییە، کەچی هەندێ کورتە چیرۆکی چیخۆف ژمارەی وشەکانیان لەم ژمارەیە کەمتر نییە، هەندێکیان گەر زیاتریش نەبێ. کورتە چیرۆك ئەوەیە کە بەرهەمی یەك ساە و بە یەك ڕووداو دێتە کایەوە).

نووسەری ڕۆمانی زانستی ((ئێچ، جی، وێلز))، لە سوڕانەوەی بە دەوری کورتە چیرۆکەوە دەڵێ: (خوێندنی کورتە چیرۆك بە ١٥٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠ دەقە بڵێنێ).

تیۆرێکی ئەدەبی تر هەیە ئەم قسەیە دەگرێتەوە کاتێ دەڵێ: (کورتە چیرۆك بە دانیشتنێك دەخوێندرێتەوە، بەڵام ئەمانەش سەریان نەگرت، چونکە چەوتییەکانیان لەمەوە دیارە کە هەندە خوێنەر هەن خێران لە خوێندنەوە و هەندێکیشیان سستن). کەسانی هەوەڵ کە کورتە چیرۆکیان نووسی هەستیان بەوە نەدەکرد کە پەیکەرێکی نوێ دادەتاشن و لە سبەی ڕۆژدا لە مۆزەخانەی پشکێنەران بەسەری دەکەنەوە. ژیان و ڕووداوی خەست و چڕ و تێکچڕژاو بەرەو پێشچوون و زۆربوونی ڕۆژنامە و هۆیەکانی گواستنەوە. سەرجەمی باری ژیان بۆ خێرایی ڕۆتین گۆڕی. لێرەدا سەرچاوەی کانیاوەکە دەبینین. بیلا بالاش دەڵێ: (قەوارەی ڕۆژنامە کورتە چیرۆکی هێنا مەیدان).

ئەدگار ئالان پۆ و هۆسۆرن و هێرمان ملفیل کە پێشەنگی ئەم هونەرەن لە ئەمریکا بە کورتە چیرۆکیان دەوت: حیکایەت، چیرۆکە و چیر چیرۆك و دەمگۆ و هەڵبەست و پەند ناوی ئەم هونەرە نەوزادە بوو لە سەرەتاییدا، تەنانەت عەرەبیش چەند وشە و دەستە وشەی بۆ داتاشی (الاقصوصة، القصيصة، القصة القصيرة، النادرة) تا ئاکام بەوە دەگا short story جێگای ڕەزامەندی هەموو ئەدەبی دنیا دەبێ.

جەستەی کورتە چیرۆك وەك هەموو جەستەیێکی ئەدەبی لە چەندا ئەندام و وردە ئەندام پێکهاتووە، کە لە ڕۆمان چیرۆکی درێژ دەکا. ئەویش وەك ئەوان، شوێن و کاتی تێدایە. بە ڕێکی و پێکی، ئان بێ ڕێك و پێکی وەدەردەکەوێ. بەڵام بەم زۆرە زۆرییە نییە، هەروەها وەسف کردن و کەسانی چیرۆکەکە، کێلەڕێن لە شەقامی کورتە چیرۆکا.

ئەم باسە ئەگەر بچینە دووی دەبێتە لا باس و درێژە دەستێنێ، بۆیە وازی لێ دێنم و دێمە سەر پێناس کردن.

هەر بەوەندە ڕازیم کە لێم هەڵکرانـد. کورتە چیرۆك بە کۆتایی کتوپڕەکەی دیارە. چیرۆکەکانی مۆپاسان و چیخۆف ئەم گرێیەیان تێدایە. هەندە نووسەر کۆتایی بە ((توخمی ناکاوی)) ناو لێدەنێن. دکتۆر ڕەشاد ڕوشدی، ناوێکی لەباری لێناوە ((عنصر التنوير))، واتا: ((توخمی ڕووناك کردن)).

لە وێستگەی تـوخمی ڕووناك کـردن یـان تـوخمی ناکاوی هەمـوو گـرێیە کۆرەکان گوریسی-چیرۆکەکە دەکرێنەوە .. چیرۆك بە پوختەکراوی دێتە دەست و دەچێتە مێشکی خوێنەر.

ئێ، ئافرەتی نووسـەر ئیدیس هـوارترن، دەڵێ: (هەڵوێسـت بابەتی سـەرەکی کـورتە چیرۆکە، وێنەکێشانی کەسانیش بابەتی سەرەکی ڕۆمانە).

مامۆسـتا ((عەلی جەواد ئەلتـاهر))، ڕەخنەگـرێکی لێهـاتووی عیراقیـیە و یەکەم کەسـە کە ڕەخنەی نوێی هێناوەتە ئەدەبی عەرەبی لە عێراق و ڕێی خۆش کردووە بۆ کورتە چیرۆك لە چەنـد وتارێکیـدا دەڵـێ: (ئەگەر درێـژی چیـرۆك بەدەن و جەسـتە بێ، ئەوە کـورتە چیـرۆك ئەنـدامێکی ئەو بەدەنەیە. کـورتە چیـرۆك جـارێ دەبێ بە دڵ و جـارێ دەبێ بە چـاو و جـارێکی تر دەبێ بە گەدە).

کـۆنە نووسـەری قـاڵ لەم مەیـدانە ((وەلیـد ئـیخلاسی)) دەڵێ: (نووسـەری کـورتە چـیرۆك هەوڵی کردەوەیێکی بروسکەیی دەدات لە پێناوی چڕ و خەسـت کـردنی بابەتێك لە دواییدا دەبێ بە چـیرۆکە کـورتەکەی. پیشـەی ئەم وەك پیشـەی دروسـتکەر و هـاوێژی گـوللە وایە. نیشـانەکە دیار دەکات و گوللە چیرۆکی تێدەگرێ). ئەم خەم خـواردنەوە لەسـەری دەڕوا و دەڵێ: (هونەری کورتە چیرۆك هونەرە، تۆمارکردنێکی فۆلکلۆری نییە).

((نەجیب مەحفـوز))، ئەویش بە جیاکردنەوە باسی کورتە چیرۆك دەکات و دەیناسێنێ و دەڵێ: (ڕۆمان هەڵچوونی ژیانێکە، چیرۆك هەڵچوونی ساتێکە).

بەڵام بەلای مـنەوە پێنـاسی ئینسـکلۆپیدیای بەریتـانی لە هەمـوو پێناسـەیێکی تـر دڵگیرتـر و زانسـتی تـرە، وەك دەڵێ: (کـورتە چـیرۆکی ڕەسـەن و ناسـراو لە سـەدەی بیسـتەمدا. دەتـوانرێ بەم شـێوەیە پێنـاس بکـرێ. چـوار گۆشـەیە، پەلەکانی: ١- کـورتە وتـار. ٢- چـاوی گـۆرانی ((لیریـك)). ٣- درامـای پەخشـان. ٤- یەکەی مـێژووی کـۆمەڵ: هەنـدە کـورتە چـیرۆك لە چەقی ئەم چوار گۆشەیە گیر دەبێ و هەندێکیشیان بۆ یەکێ لەم چوار پەلانە دادەنرێ).

بەڵێ، کـورتە چـیرۆك پـاش ئەوەنـدە پێناسـە دەکـرێ وەك پەلێـك لەم چـوار پەلانەی چـوار گۆشەیە تەماشا بکرێ، بە مەرجێ کەمی و زۆری و پەلخوازی بەندە بە چیرۆکنووس خۆی.

کـورتە چـیرۆك لە هەوڵـدانی خـۆی نـابووت نەبـووە، ڕووتێکـردنی چەنـد نووسـەرێکی بەرز و هـێزدار و گەنـج و پێشـەنگی خـواز، بـوارێکی تەکنیکی هـاوچەرخی پێ بەخشـوە. پـتر لەمە ئەم بوارە لقە هونەرێکی تازەی لێ زاوە، کە کورت کورت چیرۆکە، یان چیرۆکی زۆر کورت، کە بە چڕی و خەسـتی و ڕووت و قـوتی و تیشکۆیی و نـاواخن شـیعراوی ئێسـك سـووك نـاسراوە، پەندە کۆنەکانی دانایانمان دێنێتەوە یاد. با لەبەر خاتری خاتران بڵێین: هیچ پەیوەندی بە کـۆنە نـووسراوی، خنکاوی مێژووی ئـێمە نـیە. پاکانەی چ بکەیـن، خـۆ نـاکرێ پەنـدەکانی سـەعدی شـیرازی و کـورت کـورتە چیرۆکەکانی ئـافرەتی چیرۆکنـووس ((ناتـالی سـاروت)) و نووسـەری پاکسـتان (سـەعادەت حەسـەن مەنتۆ)) بـاوێینە نـاو یەك تەرازوو، چـونکیم مـن

خۆم بڕوامە – دنیا بەرەوپێش داژوا و هیچ هونەرێك لە توانای دا نییە هەتا هەتایێ، لەناو گریز و بوخچە و قۆدی عەتاران خۆی بشارێتەوە و دیاردەی فیزیکی لێ بە دوور بێ. بۆیە وەك ((ئیدوارد)) لە ڕۆمانی ((ساختەچییەکان))ی ((ئەندرێ ژید)) گۆتەنێ، زیاتر لە هەموو بەشەکانی تری ئەدەب، چیرۆك سەربەستە و ڕۆڵی وایە، چڕ پەیڤێك ماوە. کورتە چیرۆك ئەو هونەرەیە کە کورتە چیرۆکنووس خۆی دەتوانێ بە باشی پێناسی بکات.

- **پاشکۆ:**
- ئەنتوان چیخۆف ((١٨٦٠ - ١٩٠٤)): کوڕی دێوەرەیێك بوو، دەستی بە پەخشان نووسین کرد بۆ ئەوەی مەسرەفی خوێندنی پزیشکی پێ پڕ بکاتەوە. لە نووسینەکانیدا ڕیالیستی ڕەخنەگرانەی بەکارهێناوە. بە سەدان کورتە چیرۆك و چیرۆکی درێژ و چیرۆکی شانۆیی نووسیوە.
- گ. دی. موپاسان ((١٨٤٠ - ١٨٩٣)): لە هەرێمی نۆرماندی فەرەنسا لە خێزانێکی خانەدان لە دایك بووە. دە ساڵ لە وەزارەتی جەنگ فەرمانبەرێکی ناوەندی بوو. نزیکەی ((٣٠٠)) کورتە چیرۆکی نووسیوە. هەروەها چیرۆکی درێژیشی هەیە.

- **دوو نموونەی چیرۆکی زۆر کورت:**

**١- چارەسەرکردنی کێشەی زیاد بوونی خەڵك لە جیهاندا.**

(شکری الطیار)

لە ((ئەلەفیا))وە پیاوێك هات.

لە ((ئەمریکا))وە پیاوێك هات.

لە ((ئینگلستان))ەوە پیاوێك هات.

لە ((ئەفریقیا))وە پیاوێك هات ((ئەرێ ڕەش پێست بوو؟)) کۆنگرەیێکیان بەست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زیاد بوونی خەڵك لە دونیادا. بڕیاریاندا- کەوا زیاد لە پێویست بکوژن ... بۆیە، چوونە ئەنگۆلا.

**٢- بانگەوازی کارکردن:**

چیرۆکنووسی پاکستانی

سەعادەت حەسەن مەنتۆ

سووتا .. هەموو خانووبەرەکان بە سووتاوی دارمان .. تەنیا دوکانێکی بچووك .. لەسەر پارچە پلێتێك لە دیوارێ هەڵواسرا بوو. نووسرا بوو ((کەرستەی بیناکردنمان لە لا دەست دەکەوێ)).

- **سەدەی چواردە**

**کورتەیێك لە ئەدەبی فاشیتانووس ((پۆچیۆ)):**

لەگەڵ دەستێك لە برادەران دانیشتبووین باسی ئەوەمان دەکرد ئاخۆ چ سزایێك بدرێتە ژنە ناپاك و خایەنان لەگەڵ مێردی. برادەرێکمان کە ناوی ((سالوتاقی)) بوو، وتی: باشترین سزا ئەوەیە وا بۆتان دەگێڕمەوە: پیاوێکی خەڵکی پۆلۆنیا گەڤی لە ژنی خۆی کردبوو بە سزادانی. پرسیارمان کرد سزاکە چ بوو؟ وتی: هاوەڵێکی پۆلۆنیم هەبوو لە ناو برادەران زۆر ڕێزلێنراو بوو، بەڵام ژنەکەی بدەرەو تەخسیر نەکەر بوو لەگەڵ پیاوان. شەوێکیان چوومە ماڵی برادەرەکەم دیم لەگەڵ ژنەکەی مشتومڕی دەکرد و گازاندەی لێ دەکرد کە غەیانە. ئەویش وەك هەموو ئافرەتێك ئینکاری کرد. لە دواییدا مێردەکەی زانی هەندە هەندەی نایینی بۆیە کە بەسەریدا قیژاندی ((چیۆڤانا .. چیۆڤانا .. مەترسێ لێت نادەم، حەیا و نامووسیشت نابەم، بەڵام مەرج بێ تۆڵەی خۆم بەخۆم بسێنم. هەر لەگەڵت دەژیم و دەژیم، تۆش هەر زاوزێ بکە و منداڵت بێ تا ماڵەکە پڕی منداڵە زەردە زێڕە لێدراو دەبێ، ئەوکات بەجێت دێڵم)). هەمووومان پێکەنینمان بەم جۆرە سەیرە سزادانە هات، کە ئەم مێردە گەلحۆیە لە پێناوی شەرەفی کردی.

- **فەرهەنگۆك:**

- تخطيط – سکێچ – Sketch.
- هەرمێن – رەواج.
- پیکارۆنی – یا پیکارسیل، Picaresqu، جۆرە چیرۆکی پەخشانە باسی کەسێك دەکات لە زنجیرە ڕووداوێکی ناخۆش و پڕ کۆسپ و تەگەرە. لە دواییدا پاڵەوانی چیرۆکەکە بەسەر دەکەوێ. ئەم جۆرە چیرۆکانە لە ئیسپانیادا زۆر باو و بڵاون. گرنگترینیان ڕودیریك ڕاندوم ((١٧٤٨)) و بریجرین بیکل ((١٧١٥)).
- هووشەکاری – مبالغة.
- ئینگلستان – ئینگلترا، بەریتانیا.
- چیرۆکی ((دوو گاوان))ی ((والتر سکوت))، باسی بە شەرهاتنی دوو برادەری گاوان دەکات، یەکێکیان خەڵکی ئوسکوتلەندا و ئەوی تریان خەڵکی یورکشیرە.
- ئیدیۆم – زاراوە، مصطلح.
- ژمێرە ڕەخنە – ئیدیۆمێکە مـن دامتاشـیوە، بە چاوێکی ماتماتیکیانە تەماشای ئەدەب دەکات و ژمێرکاری دەکاتە دار دەستێك بۆ شیکردنەوەی ئەدەبی – جاری پێشنیازە.
- دینامیکی – وزەی جووڵێنەری ناوەوەی مادە.
- هیم – بناغە.
- چەق گر – مرکزي.
- باگراوند – خلفية.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


١- فن القصة القصيرة، الدكتور رشاد رشدي، ط/٣، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٠.
٢- مجلة ((الهلال))، ((عدد السينما الخاص))، مقالة عن السيناريو والمسرحية والرواية.
٣- مجلة ((الهلال))، محلق الزهور، القصة القصيرة، العدد ((٤))، ابريل ١٩٧٥.
٤- مجلة ((القصة))، ((بدون غلاف))، ايڤان موريس، القصة القصيرة في الأدب الياباني، ١٩٦٤.
٥- مجلة ((العاملون في النفط))، العدد ((٩٧))، تموز ١٩٧٠.
٦- أقاصيص مترجمة، ترجمة وتقديم الدكتور علي جواد الطاهر، ملحق مجلة المعلم الجديد، ١٩٥٧.
٧- من اصطلاحات الأدب الغربي، الدكتور ناصر الحاني.
٨- الوان من القصة القصيرة، عباس محمود العقاد.
٩- مجلة ((الأداب)) البيروتية، العدد ((٤))، ١٩٧٢.
١٠-المرأة في القصة العراقية، شجاع مسلم العاني.
١١-مجلة ((الثقافة))، العدد ((٧))، السنة الثالثة، تموز ١٩٧٣.
١٢-مجلة ((البيان)) الكويتية، العدد ((٩٤))، ١٩٧٤.
١٣-مجلة ((المعلم الجديد))، العدد ((٢))، ١٩٥٨.
١٤-المورد، انگليزي- عربي، منير بعلبكي، ط/٩، ١٩٧٥.
١٥-معجم مصطلحات الأدب، انگليزي- فرنسي- عربي، مجدي وهبة، مكتبة لبنان، بيروت ١٩٧٤.


**تێبینی:** ئەم نووسینەی مامۆستا ع. ع. یووسف لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا نووسراوە و لە کۆڕێکدا خوێندوویەتییەوە. لەو کاتەوە وەکوو دەستنووس لە ئەرشیفی خۆمدا پاراستوومە. لەبەر بایەخی نووسینەکەی لە دنیای چیرۆکدا، بە ڕێپێدانی خۆی جارێکی تر نووسیومەتەوە و ڕێنووسەکەیم هێناوەتە سەر ڕێنووسی ئەمڕۆ، بەڵام بە هیچ جۆرێ دەسکاری شێوە نووسینی ئەو و ناوەڕۆکەکەی نەکراوە، تەنیا نووسینەکەم ڕێکخستووە و یەکەم جاریشە بڵاو دەکرێتەوە.

## سەرنووسەر




# | ڕەهەندەکانی قفڵ و کلیلی سیمبۆڵیزم



عەلی شێخ عومەر

ئەدەبی گێڕانەوە چیرۆك بەتایبەت، کاتێ بە چەمکی سیمبۆڵ بەرپەرچدانەوە لەتەك ئەدەبی ڕیالیزمی دادەمەزرێنێ، داکەوتەکان وەك ئەوەی کە هەیە، لە وێنەیەکی فۆتۆگرافیدا ناگوێزێتەوە، بەڵکو ڕووداوەکان بە هەستێکی ناوەکییەوە بارگاوی دەکات، لە هەمانکاتدا کۆششدەکات ئایکۆنی ڕووداوەکان، بە پرینسیپی هۆکارەوە نەبەستێ، لە ئەدەبی سیمبۆڵیزمدا لەبری هۆکار هەڵهێنجانی ناوەکی و ئاماژە هەیە، بە چڕی و ناڕۆشنییەوە، دوور لە چەمکی ڕۆمانتیکی ناڕیالیزمییەوە، گوزارشت لە ناخمان دەکات، سیمبۆڵ بە شێوازێکی ناڕۆشنەوە دەتوانێ گوزارشت لە تێگەیشتنی ڕووداوەکاندا بکات، ئەم کردەیەش بەبێ دەق ناکرێت، گرنگترین ئەو جومگانەی کە ڕووداوی لەسەر دامەزراوە، گەیاندنی پەیامە، نێرەرەو بۆ نێراوە، گۆڕینەوەی هەستە، لادانە لە زانراو، لە بێدەنگیدا دژوارە بەبێ سیمبۆڵ، دەنگی بدۆزینەوە، هۆشیاری بتوانێ گوزارشتی لێبکات، سەدرەدین عارف وەك نوێخوازێ لە چەندین چیرۆکدا کاریگەری ئەدەبی سیمیولوجیایی پێوە دیارە، ئەو ناوە دیارانەی بە سەرکەوتووی داهینانیان لەم چەشنە ئەدەبە کردووە، لە فەرەنسا، بۆدلیر، ستیفان مالاریمە و ڕامبۆ، لە ئەدەبی عارەبیشدا، سەیاب، نازك ملائکە، بەیاتی، صلاح عەبدولسەبوورو ئەدۆنیس..تاد چیرۆکی "ڕازێك" ١، یەکێکە لە چیرۆکە نایابەکانی چیرۆکنووس "سەدرەدین عارف" بە ڕای ڕەخنەدۆز سابیر ڕەشید "سەدرەدین عارف، لەتیف حامد بەرزنجی و ئەحمەد شاکەلی بەسێکوچکەی بزووێنەری نوێکاری چیرۆکی کوردی دادەنرێن" ٢، لە نوێخوازیدا، چەمکی سیمیائیات "زانستی نیشانەخوازی"، کاتێ لەنێوان پێکهاتەو مانا پێداگری دەکات، شوێن پێی پەیوەندی دالە بە مەدلوولەوە هەڵدەگرێت، مانا دەکاتە دەرئەنجامێك، ئاوێتەی خوێندنەوەی دوورەگی دەبێت، خوێندنەوەی سادەی تاك ئاڕاستەو ئاست، ڕەتدەکاتەوە، بەمەش لە کرانەوەی دەقدا، ڕێبازی دانەر، دەکرێ چەندین لێکدانەوەو ڕاڤە لەخۆبگرێ، ئەوەی دانەر لە ئاریشەی دەقدا دەیخاتە بەردەست، وەرگر لەکاتی خوێندنەوەدا لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکاندا، لە کۆگای دەقدا ڕووبەڕووی کەشفکردنی چینەکانی دلالی



سەدرەدین عارف

دەبێت، ئەمەش پێشنیارێکە تەژییە بە چەندین دیمانەو پەیوەندی کە خەسڵەتی جۆرەها خوێندنەوە، لە ئامێز دەگرێ، کۆتا خوێندنەوە ڕەتدەکاتەوە، خوێندنەوەی نیشانەخوازی وەك کۆدێك لەسەرەتای ناونیشانی چیرۆکەکەوە دەردەکەوێت، بەوەی کلیلی یەکەمی جوڵەپێکردنە، لە ڕێچکەی ئاماژەوە توخنی دالەکانی دەق دەکەوێت، هاوشان لەتەکییدا ڕێدەکات، لە دەقدا مانا بەرهەمدەهێنێ، لە کۆگای خوێنەرو ئاستی ڕۆشنبیرییەوە، دەتوانێ دەق لە ڕەهەندەکانی جوان ناسی دا زیندووبکاتەوە، وشەی ڕازێك لەئاست زماندا هێمایەکە، تیامان و وروژاندنی بەدواچوون بە وەرگر دەبەخشێت، پێکهاتەیەکە لە دیاردەدا نادیارە، گوتەیەکە لە بێدەنگیدا دەنگێکی ناوەکییە، بە مەبەستێکی چپکراو بارگاوی کراوە، دەمامێکە ڕووخساری هەڵگرەکەی داپۆشییەوە، لە ئاوێنەی ئەوی بەرامبەردا، نابینرێت، کۆژانێکە ڕۆچووەتە نێو ناخێك، بە ئاڵوزکاندنی بیرۆکەوە گیرۆدەیە، ناتوانێ جارێکی تر دووبارە بە سەربەستی داپرژێتەوە، وشەی ڕازێك لە مانادا بەدیوێك دەرخەری سۆزو نهێنی نێو دڵە، بەدیوێکی دیکە بە ڕادەی خەم و ئازار خۆشەویستیەکی توونـدی دوولایەنیـیە، بانگەشەی ڕزگاربوون دەکات، نیشانەی گەمەیەکە، ئامانجێکە دەرخەری دنیایەکە، لە مەودای دوورو نزیکدا هەوڵدەدات لەنێو دەقدا سەرجەم جومگەو قوڵغە شاراوەکانی شوێن و زەمەن لەنێو دەقدا ئاشکرابکات، ناولێنانی جومگەو قوڵغ لە هۆشیاری نوێخوازیدا، ئازادکرنی شێوە باوەکان مانایە، لێدەرچوون وتروکاندنی لۆکەیشنی دیالێکتێکی دژوازو هاودژە، دوالیزمەی دژەوابوونە، دەرهێنانی مانای ڕاز بە چەمکی نیشانەناسی، دەرخستنی نیشانکارە، ئاشکراکردنی هاودژەکەیەتی، دەکرێ بە خەسڵەتی سکاڵا ئاماژەی بۆ بکەین.

## فشارەکانی شوێن و ڕەهەندەکانی زەردەخەنە

لە دەقدا گێڕانەوەی ڕووداو هەواڵێکە، دەکرێ لە ڕووبەرێکدا تێشووی مۆرکێ ڕاستەقینە، یان خەیاڵێك هەڵگرێ، لەئاست دارشتنی هونەریدا، کەسایەتی و ڕووداوەکان پێکەوە لە گرێچندا ڕێکدەخات، بە پێی ڕێسایەك تێزی گوتارێك ئەنجامدەدات، ئاماژە بە کێشەو گرێیەکدەکات، چەمکی گێڕانەوە دەمنادەمە، لەڕووی زەمەنەوە پاشینەی ڕووداوە، لە ڕەنگدانەوەی وێنەکاندا، سەرجەم کردارەکان لە دۆخی ڕابردوون، سەدرەدین عارف هەر لەبەرایییەوە وەك گێڕەرەوە، بە هۆشیارییەوە سۆسەی شاکەسی نێو دەقەکەی دەکات، پێگەو گۆشەنیگای کارەکتەر سەحدەکاتەوە، لە ئاریشەی ئاماژە، کۆدو وێنەوە، پێوەرەکانی گێڕانەوەی کلاسیکی تێدەپەڕێنێ " دنیا تا ئەهات گەرمتر ئەبوو، ناو ئۆتۆمبێلەکە پەنگی خواردبووەوە، لە بای گەرم ودوکەڵە جگەرە هێشتا لەنیوەی ڕێگاین" چ، لا ٢١، لەسەرەتاوە جێکەوتی شوێن بە ڕوونی ڕۆڵی دیار دەبینێ، لە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەدا، لە ڕێگەی زمانەوە، بە هێزەوە ئاوێزانی دەق دەبێ، بە ئاشکرا گوتاری بۆنێراو، هەڵگری هەواڵێکە، خەم وتەنگژەیەکە، تیشکدانەوەی ئاوێنەیەکە، سروشتی گەرمی وناخۆشی

دونیایەك، لەسەر شاکەسی چیرۆکەکە فەراهەمدەکات، بەرکەوتەکانی بەرفراوانی فاکتەکانی دونیای دەرەوە، چەند گەرم بێت، ئەوەندە فشار زیاتر دەخاتە سەر دونیای بەرتەسکی نێو ئۆتۆمبێلەکە، پتر پەنگدەخواتەوە، سەپاندنی ئەم پەنگخواردنەوەیە، لە شوێندا کاریگەری دەخاتە سەر هەڵسوکەوتی کەسەکان، وەك پەرچدانەوەی فشار لە پەنگخواردنەوە دا دەبنە فاکتەرێکی سەرەکی تەقینەوەو دەربڕینی قسە نەگووتراوەکانی نێوناخ، بە مانایەکی تر ڕاز، گۆڕینی فاکتەکانی دەرەوە تادێ دونیا گەرم دەبێت، ڕێخۆشکەرە لە پەنگخواردنی ناو ئەو چوارچێوەیە، کە بە فاکتێکی گۆڕاو، بە ئۆتۆمبێل ئاماژەی بۆکراوە، لە بەردەوامی ڕۆشتنیدا، وێنەکانی گێڕانەوە، لە ماناوە بۆ خەیاڵ، لە ڕازەو بۆ مۆنۆلۆج، لە دەسپێکەوە بۆ گەیشتن دەگۆڕێت، لە هەمانکاتدا، لە دەقدا هێشتا لە نیوەی ڕێگان، نیوە چەسپاوەکەی فاکت، ڕازێکە پێش سواربوونی ئۆتۆمبێلەکە بەجێماوە، نەگوتراوە، شاکەسی چیرۆکەکە دەشێ لەژێر فشاری هەردوو دنیای دەرەوەو ناوەوەدا، جگەرەو دوکەڵدا دەریخات، ئەمە جگە لە خوێندنەوەی پێگەی شوێن لە فۆڕم و لە ناوەڕۆکی سیمبۆڵدا، دەرخەی جیاوازیەکە، وێنەو مانای دەلالی ئیستێتیکی بە قوڵایی شوێنەوە ئاشکرادەکات، پێداگرە لەوەی شوێنی دانیشتن، دەوروبەری شاکەسی چیرۆکەکەمان لەنێو پێدراوەکانی دەقدا ئاشکرابکەین، شوێنەکە تەسکە، سەربازێك لەم لایەوە دانیشتووە، سەرباز ئاماژیەکە لە دەوڵەتدا، نوێنەرایەتی چەمکی هێز دەکات، لە گرتەیەکدا، گێڕەرەوە لە تاو تینویەتی ئاوەکەی لێی دەسێنێ، بەڵام زۆری پێناچێت قورگی لە جاران وشکتربوو، واتا پەنابردن بۆ هێزی عەسکەرتاری چارەسەر نییە، ناتوانێ کێشەی تینویەتی چارەسەربکات، ناکرێ تینویەتی بە ئاوەوە لە یەك مانادا بکوژێن، دەکرێ لە هەندێ شتی دیکەشدا زیندووی بکەینەوە، لە لێکدانەوەیەکی سیمائیدا پشت بەستن بە فراوانکردنی مانای ئاو لە ئاست دەلالەدا، دژەوابووونەکەی لە تینویەتیدا ئاشکرادەکات، ئەفەندییەکی قەڵەوەکەی لای چەپی شوێنەکەی تەسککردووە، شوێنی زەلام و نیوێکی بردووە، زمانی تێکست لە دیاریکردنی شێوەو ڕووخسار ئاماژەیەکی دیاری چینی برجوازو بیرۆکراتە، شوێنی زەلام ونیوێکی بردووە، لای وەرگرو تەماشەکەر، لە شوێندا خۆی نمایشدەکات، لەم لاشەوە کابرای ئەفەندی وا پاڵی دابووەوە، ئێسقانی هەردوو چۆکی پێکەوە نووساندبوو، کاریگەری وێناکردنی شوێن، ناسنامەیەکە، جۆری دانیشتن، تەواوکاری جۆری گوتارە، ڕەهەندێکە لە ئاریشەی دەقەوە داکەوتێ بۆ وەرگر دەنێرێت، لە دەرخستنی ناسنامەی کابرای ئەفەندیدا، گۆشەنیگای نووسەر ئاشکرادەکات، دەسەڵاتە، لە پێکەوە نووساندنی هەردوو چۆکیدا، لە ڕۆیشتندا



ئەگەری گۆڕانکاری وجــووڵەو کــرانەوە هەڵنــاگرێ، دەبیســتێ هیچناکــات، گوێــدەگرێ، تێناگات،جووتبوونی چۆك لە ناوەخندا ئامادەنەبوون وپێشوازی نەکردنی ڕازە، گوێنەدانە بە ڕازو گفتوگــۆ، لە ئاســت بە خەیــاڵکردن ولێکــدانەوەی دەق، بەبەشــداریکردنی وەرگــر، لە دیفاکتۆی شوێندا، دامەزراندنی سیمبۆڵ لە پێش گێڕانەوەدا هۆشیاری دانەر دەردەخات، گـێڕەرەوە ڕازێـك بەربیـنی گرتـووە دەیەوێـت بە جگەرێـك خەمەکانی واڵای شـوێن بکات، فەرمــووی لە کــابرای ئەفەنــدی کــرد، چــۆکی ناکــاتەوە، دەســت بەســنگییەوە دەنێ، لە پارادۆکســێکدا بە زەردەخەنەیەك تێیــدەگەیەنێ، نە خەمی هەیە، نە جــگەرە دەکێشیـ، کە خــۆی هۆکاری کێشــەو مەکــۆی مکــۆری نادیــاری ســیناریۆیی خەمی دارشــتبێ، بە دەمــامکی سیاسـەت لە نواندنـدا دەتوانێ زەردەخەنە بکاتە دەرهێنەری دیمەنێك، دڵی کارەکتەری پێ خۆشبکات، سەرنجی ڕاکێشێ، وا لە گێڕەرەوە بکات بڵێت" ئەمە یەکەم ئەفەندییە، یەکەم کەسـە بەم جـۆرە لە گەڵمَدا ڕووخـۆش بێ، هەرچی چارە ڕەشـییەکەم بەسـەر هـاتبوو، لەم چەند ساڵەی دواییدا هەمووی هێناوە بیرم، برینی کۆنی لێ تازە کردمەوە، بەڵێ ئەمەیە ئەو زەردەخەنەیەی کە مــن ئەمویســت" چ، لا ٢٢، دەســەڵات وەك دەرهێــنەرێ فیلمێــك سـازدەکات، گوزارشـت لە تراژیـدیای یـادکردنەوەی ئەزمـوونی بینەر دەکات، لە داچـۆڕانی زەردەخەنەی هەمـوو ئەو سـاڵانەی ڕابـردوودا یەقـدەداتەوە، بە کـردەی مونتـاجکردن، بە کۆمیــدیایەوە دەیلکێــنێ، لە شــوێندا بەلاڕێــبردنی گەیشــتنی چــاوەڕوانی گــۆدۆیە، زەردەخەنەیەکی تــاڵ دەیگرێــت، تــاڵ وەك تــامی نێــو قــوڕگی، کە لەپـاش جگەرەکێشــان دەیگیرێـتەوە بـۆ خەیاڵێـك، نـاتوانێ وەك ڕازێـك دەربڕێـت، گەر تراژیـدیا بکـرێتە ئـامرازێکی کۆمیدیا، ئیتر بۆ کێی دەربڕێت، بۆیە بە پاژێك لەقسەکردن خەمی دڵیدەداتەوە، بە کردەی خۆدواندن، بە پیادەکردنی زەمەن لە زەیندا، بە چیرۆکێکی ناوەکی، لەتەك ڕووداوەکانی نێو ئۆتــۆمبیلەکەدا، دابــڕانێ دەکــات، بــاس لە پێــنج شــەش ســاڵ لەمەوبەر دەکــات، کــاتێ دەگەڕایەوە بۆ ماڵ، منداڵەکانی بە زەردەخەنەیەکی گەشـەوە نانیان بـۆ دائەنـا، دەرخسـتنی جـۆری نـانەکە دەرخەی ئاسـتی چینـەکەی ئاشـکرا دەکـات، سـادەیی ژیـان و دڵپـاکی وا لە تێڕوانینی چینی چەوساوەی بندەستدەکات، هەمیشە زەردەخەنە بکەنە پێشوازی سەرجەم ئەو لێکەوتانەی کە بەرەو ڕوویان دەبێت، هەڵبەت ئەمەش جۆرێکە لە بێئاگایی ونەزانیـنی ئەوەی هەر دیاردەیەك بە پێی لێکدانەوەی دیالیکتی وچەمکی سـیمینتیك، هەمیشـە دیوە هــاودژەکەی هەڵــدەگرێ، دەرخســتنی لایەکیــان، داپۆشــینی لایەکەی دیــکەیە، چــۆن دەرکەوتــنی زەردەخەنە خەم و گریــان دادەپــۆشێ، بەهەمــان شــێوە دەکــرێ ســکاڵا، ڕاز داپـۆشێ، ناماقوڵ لە ماقوڵـدا هەڵهەنجێنێ، ناماقوڵە بە زەردەخەنەوە پێشـوازی لە گشـت کەسێ بکەیت، کارەساتە جیاوازی لەنێوان بندەست و سەردەست، ڕازو سکاڵا نەکەی، بــۆیە وانەی ڕۆژگــار ئەو هەڵەیە بــۆ گــێڕەرەوە ئاشــکرا دەکــات، لەنێــو وەبیرهێنــانەوەی ڕووداوەکانی سووتاندن وتاڵانکردنی گوندەکەیان، دەکاتە بنەمایەك، ماقوڵ لەناماقوڵدا، ڕاز لە ســکاڵادا دەســووتێنێ، ئەوەی لەم مۆنۆلــۆجەدا هەیە، زیــاتر بەرزکــردنەوەی ســکاڵاو نارەزاییە، ڕاز نییە، ڕێکخەری تەنگژە ئەنتۆلۆجیەکانی دڵە، لە ماقوڵدا کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراوە، لە ناماقوڵدا ڕوویدا، بە ناچاری خۆی وقالەی کوری وەك ئەوانی تر، توانای چەك هەڵگرتنیـان نییە بـڕۆن بەرەو ژوور، بـۆیە گونـدەکەیان چـۆڵکرد، هـاتن بـۆ شـار، بـوون بە کرێکار، گواسـتنەوەی شـۆین، لە گونـدەوە بـۆ شـار، لە دیالێکتـدا، لە بونیادی کەسێتیدا،

لێکەوتەی گۆڕانکارییەکی ئەرێنی فەراهەمدەکات، لە ئاست دەروون، بیرۆکەو تێڕوانیندا، دەتوانێ لە قۆناغی سادەی چینی جوتیارییەوە بۆ قۆناغی وەڵامدانەوەی چینی کرێکاری، پرسیاری شوناس وناسنامە بگۆڕێ، کە درککردن بە ستەمی جیاوازی چینایەتی وجیاوازی ڕەچەڵەك و ڕەگەز، ببنە فاکتەرێ، ئیتر چۆن زەردەخەنە لە ڕووی کەس ببینێ، لەنەبوونی متمانە وترسی گەمەکانی دووڕووی سیاسەت، هەڵڕشتنی ڕازی دڵ، دروستکردنی پەیوەندی نییە، چەپکردنی پتر لەبیرکردنەوە نزیکترە تا لە قسەکردن، ڕاز ئاڕاستەی دیالۆگی خودە لەتەك خۆیدا، هەڵبەت کە دەیەوێت لەتەك کەسێکی شارنشیندا باسیبکات، چارەی خۆیان لێ ترشدەکرد، خەڵکی شار وەك بەرهەمهێنی چینی کرێکار، لە کپکردنی ڕازدا دەتوانن جیاوازییەکان ببینن، درکاندنی ڕاز لە گووتن و دەنگدا، ناتوانێ جیاوازی دەربخات، سەدرەدین عارف لەم چیرۆکەدا، پەردە لەسەر بێدەنگی لادەبات، نهێنی قۆناغێکی مێژوویی کۆمەڵگای کوردی ئاشکرادەکات، لە شاردنەوەی ڕازو سکاڵا لەنێو مۆنۆلۆجدا، بە بێدەنگی دەتوانێ بە ئاراستەی جیاواز، چەندین گومان، بیرۆکە وئەگەر ئاشکرابکات، ئەوەتانێ لە گرتەیەکدا، لە زاری گێڕەرەوە پێی لێدەنێت، دەڵێت " خەڵکی شار زۆر جیاوازە لە هی ئێمەی لادێ، زانیم خەڵکی شار خەم وپەژارەی خۆیان، لە دڵی خۆیاندا دەشارنەوە ونهێنی دڵی خۆیان بۆ کەس ناگێڕنەوە"چ، لا ٢٢، کار بەوەندەوە ناوەستێ، تەنانەت زەدەخەنە وەك بەشێك لە بێدەنگی هەڵگری چەندین خەسڵەتی نهێنی هەڵدەگرێت، زەردەخەنە دەتوانێ پارادۆکس لەتەك سیمبۆڵەکانی شۆخی، خەم، ئاماژە وڕەتکردنەوەشدا، دامەزرێنێ، زەردەخەنە لە بێدەنگیدا هەڵگری چەندەها دەنگی جیاوازە، لە دەقدا بێدەنگی ڕاز لە مۆنۆلۆجی ناوەکیدا، خۆی تێدا شاردۆتەوە، ئەمە بێدەنگی ڕازی ئەو مۆنۆلۆجەیە، لەپێش ئەوەی سواری ئۆتۆمبێلەکە بێ، لە دڵیدا جێگیربوو، لەگەڵ جوڵەی ئۆتۆمبێلەکەدا، کەوتە جوڵە، چۆن دەنگی دیالۆگی دەرکی بێدەنگی مۆنۆلوجی ناوەکی دەشارێتەوە، دەبینین گێڕەرەوە بە هەمان ڕێسا دیقەت دەدات، خەڵکی شار چۆن پێکەنینی خۆیان دەشارنەوە، بەڵام دەرکەوتنی زەردەخەنەی کابرای تەنیشتی، لە دامەزراندنی دیالۆگێکدا دەبێتە هاندەرێکی ئەرێنی، لە مۆنۆلۆجدا کۆتایی بە چاوەڕوانی ڕازی خەمەکانی گۆدۆی خود بێنێ، کە کازیوەی زەردەخەنە هەڵدێت ئاسۆی دیالۆگ لە دەروندا، ڕووندەبێتەوە، بۆیە ئاوڕێك لە کابرا دەداتەوە، بۆ کرانەوەی دیالۆگ، داوای لاگیریدەکات دەڵێت " بە خوا دنیا گەرمە"، کابرا سەرێك بادەدات، بە هەمان ڕەنگی زەردەخەنە، وێنەی بێدەنگی ڕەتووشدەکات، سەر دەلقێنێ، سەرلقاندنی کابرا پتر هانیدەدات گفتوگۆیی لەتەکدا بکات " خودا ئەیزانی بەغدا چەند گەرمە ئێستا"چ، لا٢٣، هەمان زەردەخەنە دووبارە دەبێتەوە، لە ناوکۆی دەقدا نیشاندانی بێدەنگی وزەردەخەنەی بەردەوامی کابرا، لە ماقوڵدا چەندین پرسیارو گومان لە ناماقوڵدا فەراهەمدەکات، وا لە خوێنەری دەق دەکات، لە ناماقوڵدا بە دوای چێژی ماقوڵدا بگەڕێت، بزانێ بۆ کابرا بێ وەڵامە، پێشتر گوتمان زەردەخەنە وەك بەشێکی بێدەنگی، ئەگەری چەندین ئەگەرو گومان هەڵدەگرێت، بەمەش ئاسۆی چاوەڕوانی دەخاتە گومانێك، لە کۆتایی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا، بەدیاردەکەویت، ئەم گومانە لای گێڕەرەوەش شاراوە نییە، سەیرێکی کابرا دەکات، گێڕانەوەی ژیانی خۆی دەکاتە نووزەی پاڵپشتیەك، پرسیار بە دوای وەڵامی کابرا بێنێ " ئەگەر نەگبەتی وچارە ڕەشی نەبێ، کابرایەکی پیری ڕیشسپی وەکو من، چی ئەکا لە بەغدا، بە خودا لەبەر قالەی کوڕم نەبوایە، بەم

گەرمایە ملم نەئەنا بۆ بەغدا، ئەمە دوو ساڵە لە بەندیخانەی بەغدایە، بێ ئەوەی سەرو سۆراخی هەبێ، زالم قەد دڵت بەم باوکە ڕیشسپییە نەسووتا"چ، لا ٢٣، گەر لە دیالۆگدا، کرانەوەی دەنگ وەڵامی سادەیی بورووژێنێ، ئەوا بێدەنگی کابرای گوێگر، دەتوانێت بە زەردەخەنە، خۆی لە ئاڵۆزی ئەوی بەرامبەر بپارێزێت، بۆ شکاندنی لەمپەری ئەو ئاڵۆزییە گێڕەرەوە زۆر بە سادەیی ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە قالەی کوڕی دوو ساڵە لە بەندیخانەیەکی بەغدایە، سۆراخی نییە، ئەو زاڵمە بیری لە باوکی نەکردووە، ئەم باوکە بە دوو دیو چەوساوەتەوە، یەکەم سۆراخی کوڕەکەی وەك کابرایە، پرسیارێکە دەنگ لە گوێزانەوەی شوێندا، سەروسۆراخی تێدا وندەکات، وەڵامی دەستناکەوێت، بەدیوێکی تر، لە چەمکی شوێندا کابراو کوڕەکەی، لە دەستبژێریدا هەردووکیان زالمَن، هیچیان بیرلە شوێن و پێگەی ئەم باوکە ناکەنەوە، لە ئاست زەمەنی پیری تەمەن وئەزموونـدا، ڕێزی ڕیشسپییەکەی ناگرن، لە نەخوێندنەوەی ڕووخساردا هەردووکیان هاوبەشن، یەکیان بە زۆرەملێ لە بەندیخانەیە، ئەوی تر بە سیستەمی زەردەخەنە، ناتوانێ جیاوازی سەرەتای ڕازو کۆتایی خەم لە بەندیخانەی دەرووندا ڕزگاربکات، وەڵامی بداتەوە، دنیا لە دەرچەی ڕووداودا زیاتر گەرم دەبێت، لە دەرووی گێڕانەوەدا پەنگی خواردووەتەوە، تەنیا پێویستی بە بیسەرێك هەبوو، تا حەکایەتەکەی بۆ تەواوکات، باسی چەوساندنەوەی خۆی بۆ دەکات، گلەیی لە قالەی کوڕی دەکات، بەوەی دوو ساڵە ڕەنجەدەدات، نان بۆ منداڵی خۆی و ئەو پەیدا دەکات، باسکردنی ژووری تاریك، ئاماژە بە ناخۆشی ژیانیان دەکات، چۆن ڕۆژ، شەو بە تەنیا جێدەهێڵێت، قالەش ئەمی لەشەوی نەهامەتیدا بەجێهێشتووە، تازە کاغەزی ناردووە، دەڵی لە بەندیخانەی بەغدام، داوای کەلوپەلو پارەدەکات، نامە، زمانی پەیوەندییە، لە ڕیچکەی ئەدرێسەوە ناسنامەی شوێن دەستنیشاندەکات، لە هەمانکاتدا ئاستی پێگەی کارەکتەر دیاریدەکات، گۆشەنیگای بوونێکە، گۆڕانکاری لە ئەزموونێك دەکات، ئاراستەی بیرکردنەوە دەگۆڕێت، لە غیابی ئەوی نێرەردا، ڕەهەندی هەواڵەکان، زاخاوی خەمێکی ڕەها بە پڕکردنەوەی شوێن دەبەخشێت، لە پێش نەهاتنی نامەکە، شوێنی نادیار لە خەیاڵگەی باوکی قالە، ئاسۆیەك بوو لەنێو ململانی دۆزینەوە، لە بوونایەتییدا ڕوو لە داچەمانەوەو ڕادەستبوونبوو، بە نەزانراو تەژیبوو، شکستی کەسایەتی لە بەدکەوتنی سیاسیدا، درزێکبوو، لە تێڕوانیندا، ماقوڵی لە ناماقوڵدا تێکدەشکاند، هاتنی نامەکە مژدەیەك بوو، داکەوتێ نوێ بە زمانی وەڵامدانەوە دەسپێرێ، بێدەنگی نەزانراو تێدەپەڕێنێ، دەیەوێت لە ڕێگای نامەوە دەنگی خۆی پێبگەیەنێ، بێدەنگی بشکێنێ، بۆیە دەڵێت نابێ منیش نامەیەکی بۆ بنووسم، دەینووسێ یان ناینووسێ، هیچ لە ترازاندنی پەیوەندی شوێن بە کەسەکانەوە ناگۆڕێت، چیتر شوێن لە شاردا، ڕۆڵی ئەو پەیوەندییە ناگێڕێت کە بە خەمی یەکتریەوە بسووتێن، هەر کەس بۆ خۆیەتی، کێ بەکێیە، نزیکی شوێن وناسینی ماڵەکان، ئەو مافە مرۆییەی نادەنێ کە یارمەتی بدەن، لە کۆگای ڕازدا پرسیاری دەنگی هەست، لە سەدای بێدەنگی شوێندا، هیچ وەڵامێك نابیستێ تا خەمی یەکتر تەواوبکەن، لە نارەحەتی شوێندا، لە نەهامەتی ژیانی هەژاریدا، بووکەکەی واتا ژنەکەی قالە ژیانی لێ تاڵ کردوە، وا دەزانێ بەڕاستی بۆ مێردەکەی هەوڵنادات، وەك ڕیزبەندی شوێنی خێزانی دوورکەوتنەوەی کوڕ لە باوك، نزیکبوونەی لە ژن، شوێنێ چۆڵدەکات، شوێنێ دیکە پڕدەکاتەوە، ئەمەش وا دەکات تێڕوانینی ژن بۆ مێردەکەی خۆی لە خەزوور بەنزیکتر بزانێ، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی

باوکی قالە، لەسەر هەڵڕژانی جۆری ئەو پەیوەندییە هاودژە زانستییەکی ئەوتۆی نییە، کە لە ئەنجامی دابڕان و پێکەوەلکاندن، پێگەی ڕەهەندێکی نوێ بەشوێنی خۆی دەبەخشێت، بۆیە پێی سەیرە ژن تێناگات، لەوە سەیرتر، دەیەوێت لە ڕێگەی ئەفەندییەکەوە، پاڵپشتی ولاگیری پەیدابکات، باسی قالەی کوڕی دەکات، کە هەژارە هەردووکیان، پاش هاتنیان بۆ شار ئیشیان دەکرد، لە ژیانێکی کولەمەرگیدا، نانیان بۆ ژن و چوار منداڵ پەیدادەکرد، تا ڕۆژێك قالە لەگەڵ چەند کەسێکدا گیرا، لە دوای تێهەڵدان ڕەوانەی بەغدا دەکرێت، دوای دوو ساڵی بێ سۆراخی، ئەم نامەیەی بۆ دێ، قسەکانی بڕی سەیرێکی کابرا دەکات، ئایا ئەمیش وەك بووکەکەی لێی تێناگات، وەك شوێن، گەڕانەوە بە ڕێگای ناخۆش، لە تەنیاباڵی ڕازدا، لـێکەوتی دەنـگی خەمـێکی تـر دەبـزوێنێ، لە بـێکەڵکی دەربڕینـدا، بێـدەنگی لە دەرووشـاندنەوەیەکدا، سـووتاندنی گەورەتـرین خەم لەنێـو هـاتنە خـوارەوەی فرمێسـکدا دەکوژێنێتەوە، سارد دەبێتەوە، ڕۆحی خەم وەك مەرگ لەنێو ژیاندا، ساردەبێتەوە، گریانی پیاو وەك فەرزەنـدیەکی ئاسـمانی، قورسـە، ڕۆحـێکە لەنیـو ژنـایەتی زەویـدا، داکەوتـێکە، لە شوێنی ناحاڵیبووندا، نغرۆی فرمێسکێ دەبێ، بەوەی نە ژنەکەو نە کابرا، لێی تێناگەن، سەر لەقانـدنی کـابرا، نـاڕەزایی بـووکەکەی، نـاتوانن پـێگەو شـوێنی خەمی ئەو لە بەنـدیخانەی ڕازەکانیدا ببینن، خەم دەکەوێتە کوێی ڕازەکانی، لە کابرا دەپرسێت، بەندیخانە دەکەوێتە کوێی بەغدا، بێدەنگی، وتم" قوربان من ئەمە یەکەمجارە بێم بۆ بەغدا و شارەزای شارەکە نیم، نازانی بەندیخانەی بەغدا لە کوێوەیە"چ، لا ٢٥، کابرا سەیرێکی دەکات، زەردەخەنەی بـۆ دەکات، بێدەنگ وەڵام نیـیە، بە دەنگێکی بەرز، پرسـیارەکە دووبـارە دەکاتەوە، کابرای سـەربازی لە خەو ڕاچەڵەکاند، کابرا بە دوو دڵـیەکەوە وتی" کـوردی.. مـااعرف"چ، لا ٢٥، سەرنجی یەکەم وەڵام ودوا وەڵامی کابرا بکە، پاژێکە لە کوێی داکەوت ودەقدا، بە ڕیزبەندی خاڵەکانی نێـوان وشـەی کـوردی و مـااعرف، بۆشـایی نیـوان خاڵەکـان نـاوبڕی زەمەنـیـە، دەرخەی شتی نەگوتراون، لە جیاوازییدا، ئاوێتەبوون و یەکسانی ڕەتدەکاتەوە، سەدرەدین عـارف بە مەبەسـتەوە ڕەهەنـدەکانی پێوەنووسـانی دەق وەك خشـت، لە دەسـەڵاتێکی شۆڤینیدا، لە نەبوونی زمانی تێگەیشتن و چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدا، دۆگمای ناسنامەو شـووناسی نەتەوایەتی خسـتووەتە پـێش کـرداروە، نـاتوانێ خشـتەکان لە شـوێنێکی وا دا ڕیزبکات، ئەو جیاوازییە هەڵوەشێنێ، نەخشەی ئازادی مەرجێکی بنەرەتی بونیادنانی دەق و پێکەوە لکاندنی خشتەکانی گەیاندن و حاڵیبوونی ڕازە، سەنگی ئەم گوزارشتە جگە لەوەی ڕۆحی مانـا لە نامـاقوڵی شـۆڤینیدا دەردەخـات، لە ئاسـت زمانەوانیشـدا، بە ڕووە هـاودژەکەی، ڕێسـاکانی ڕێزمـان تێکدەشکێنێ، دەبـوایە بڵێت "مـااعرف عـربی" شـکاندنی شـوێنی ڕێزمـانی عەرەبی بـۆ شـوێنی تێگەیشـتنی ئەوی بەرامبەر، شـکاندنی ئەوی بەرامبەرە، بەکەم سـەیرکردنییەتی، ئـا لەو کـاتەدا، مانـا کـزردەبێتەوە، پـێچەوانەی ڕاز لە دەربڕینـدا، ناوەخنی پیس دیاردە سواخدەکات، بە ڕەگەزی لەناکاو، بە کڵۆمکردنی دەق، چاوی وەرگر دەکاتەوە، ئاسۆی چاوەڕوانی دەگۆڕێت، لە گەمەکانی دەقدا، زمان لە شوێندا تەنیا ڕۆڵی گەیاندن ناگێڕێت، بەڵکو زیادەڕۆیی نەبێت، زۆرداری چەند لایەك، هەبوونیان لە شوێندا وەك نەبوون وابوو، تێنەگەیشتنی ئەوان لە دەردە دڵی گێڕەرەوە، وەك مردنی قسەبۆکراوە، دەکـرێ ئامادەبوونیـان لە دەق نائامـادە هەژمـاربکەین، هەر یەك لەو کەسـانەی لە نـاو ئۆتـۆمبێلەکە دیـارن، سـامپڵێکن لە پێکهـاتەی ئەو کۆمەڵگایەی تـاکی کـورد تێیـدا دەژی،

ئەوەی نادیـارە، بەنـدکراوەکانی بەنـدیخانەیە، چیـنی چەوسـاوەو ئـاوارەیە، لە کۆتاییـدا ئۆتـۆمبێلەکە دەرچەی کـردارێکە، لە شـوێندا ڕایەڵەکانی گـۆڕینی شـوێنمان لەنێـوان مـاڵ و بەندیخانە پەرگەو پایتەخت، بندەست وچەقگەڕایی دەسەڵات نیشاندەدات، تێوەگلان بە بەندیخانەی ئۆتۆمبێلەکەوە، پەیوەندی بە فاکتەری ناردنی نامەیەکەوە هەیە، کە پێش لە نووسینی دەقی گێڕانەوە گەیشتووەتە دەستی وەگێڕ، تا لە بەندیخانەیەکی جوڵاوەوە بگاتە بەنـدیخانەیەکی گەورەتـر لە پایتەخـت کـوڕەکەی بـدۆزێتەوە، دوالیزمەی بەنـدیخانە، وەك دالەیەك بە دیوێـك کۆیانـدەکاتەوە، بەدیـوێکی تـر دەرخەی مەدلـولی جیابوونەوەیە، کە لە نەبـوونی کلیلـدا مەحـاڵە بتـوانرێ قفـڵەکەی بکـرێتەوە، دیـمەنی کـۆی گشـتی چـیرۆکەکە، وێـنەیەکی ڕیشـەییە، لە پێـداچوونەوەیەکی خـێرا، دەبینـین جـوڵەی سـەرجەم کـردارو لێکەوتەکانی کڵۆمدراون، قفڵی یەکەم ئۆتۆمبێلەکەیە، تەنگی شوێنە، لە جوڵەدا بەربەستە، قفڵی دووەم کاریگەری ئاوەرەبوونە، لەسەر زێدی باوباپیران، لە شـوێندا تێزی هەڵکەندنە، قفڵی سـێیەم بێدەنگی و وەڵامـنەدانەوەی گێڕەرەوەیە، نووسـاندی هەردوو ئێسـقانی چـۆکی کـابرایە، کـۆدی هـیچ وەرنەگـرتنە، قفـڵی چـوارەم زەردەخەنەیە، دوانزەجـار بەشـێوازو لــێکەوتەی ئامــاژەی جیــاواز دووبــارە بــووەتەوە، قفــڵی پێــنجەم جیــاوازی زمــان و لێکتێنەگەیشـتنە، هەرچەنـدە گێڕەرەوە، بەدیوێـك ویسـتی بە کـلیلی گەشـتێك قفـڵی ڕازێـك بکاتەوە، بگات بە کوڕەکەی، بە دیوێکی تر لە دێمانەی یەك، بەرانبەر بە کۆی سەرنشـینی ئۆتـۆمبێلەکە ویسـتی پەیامی ڕازێك بکاتەوە، بەڵام کلیلی نەبوونی کرانەوەی زمان نەیتـوانی قفڵی جیاوازی زمانەکان بکاتەوە، گوتن بووە دژ بە بێدەنگی، بۆیە لە دواجاردا دەنگ بەرز دەکاتەوە، ڕسـتەکەی دووبـارەکردەوە، بەدیـوێکی تـر ئەم چـیرۆکە گوزارشـت لە واتەواتەی نـاوەکی دەکات، کلیلی کـرانەوەی قفـڵی دەنگی پێنییە بیگەیەنێتە مەبەسـت، ئۆتـۆمبێلەکە وەك ڕازی دڵ، شــوێنێکی نـاوەکی داخــراوە، لە دەقــدا کلــیلی دیمەنەکــانی ڕێگــای پێنیــیە، نەهاوڕێی هەیە، نە وەك شـوێن مژۆڵی دیمەنی دەرکی دەبێت، بێدەنگێکی قـووڵە دیباتەوە، تەنیـا بە کلیلی مۆنۆلـۆج دەتـوانێ بە دوای قفڵەکانی دایەلۆگـدا بگەڕێـت، بیکات بە کـردار، پێشـتر گوتمـان سـەرجەم کردارەکـان قفڵکـراون، بـۆیە دەبینـین ئەدرێسیـ بەنـدیخانە، بە نەکراوی ماوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە مەحاڵە باوك و کوڕ، مۆنۆلۆج و دیالۆگ, ڕازو سـﮑاڵا، بە دیمــانەی یەکــتر بــگەن، هەر وەك نەیتــوانی بگــات بە کەســانی نێــو ئۆتـۆمبێلەکە، لە کارخستنی گشت کردارەکان، سیمبۆڵێکە کە چیرۆك لە کۆتا هاوکێشـەدا لەگەڵ جـوڵەی کردارەکانیشـدا، دەرگاکـان لەنێـوان جـوڵەی شـوێنی دەرچـوون و شـوێنی گەیشتن دا، لە دوالیزمەدا هەر قفڵە.

کەرکووك بەفرانباری ٢٠٢٥

**ژێدەرەکان:**


١- سـابیر ڕەشـید. سـەدرەدین عـارف نوێکاری چـیرۆکی کـوردی. چاپخـانەی سـەردەم. سلێمانی. ساڵی ٢٠١٨. ل ٣١.

٢- هەمان سەرچاوە ل ٥٧.

# | کورتە چیرۆك چییە؟



نووسینی: ویلفر هیلی استون
کورداندنی: مەحموود هۆمەر باوزی

کورتە چیرۆك گێڕانەوەیەکی کورت و کەمترە لە ڕۆمان؟ یان ژانرێکی سەربەخۆیە، واتا ڕێبازێکی ئەدەبیی سەربەخۆیە لە چوارچێوە و شێواز و تایبەتمەندی خۆیدا؟ ئەو پرسیارانە و چەندان پرسیاری هاوشێوە بووە بە کەڵکەڵەی مێشکی بەشێکی زۆری بیریاران و نووسەرانی کورتە چیرۆك، کە (فرانك ئۆکانر و شون ئوفیلۆن و هێربارت ئارنس بیتس) لە دیارترینیانن. ئەو نووسەر و ڕەخنەگرانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی کورتە چیرۆك بە بوارێکی بە ڕێکەوت کورت نازانن؛ بەڵکوو بە ژانرێکی ئەدەبیی دەگمەن و تایبەتیی دەزانن، بە تەکنیکگەلێك و کاریگەر کە لەبواری دیکەدا بەرجەستە ناکرێ. لێ ئەو تەکنیك و کاریگەریانە کامانەن؟

لە ساڵی١٨٤٢ ئەو کاتەی کە هێشتا کورتە چیرۆك لە گرۆگاڵ و وەسەرپێکەوتن دا بوو (ئادگار ئالن پۆ) یەکێك لە جوانترین وەڵامەکانی داوەتەوە. ئەو لەو باوەڕەدا بوو چیرۆکە پەخشان لە زنجیرەی ڕیزبەندی جۆرەکانی ئەدەبیی ڕێك لە خوار شیعری لیریکی(گۆرانی) خۆی دەبینێتەوە. بەلای ئالن پۆ"وە یەکانگیری کاریگەریی یان دەرەنجام" زۆرترین کاریگەری هەبوو، بەڵام گومانی دەکرد ئەو یەکانگیرییە تەنیا لەنێو بەرهەمێکدا خۆی ببینێتەوە کە بتوانێ ئەوان"لە دانیشتنێك"دا بخوێنێتەوە. بە باوەڕی(پۆ) ڕۆمان لەو ڕێسایە بەدەرە. ناتوانێ بەهێزی پەرش و بڵاوی گشتی لە نێو هەموویدا" بەدەستی بێنێ. (پۆ) کورتە چیرۆکی جیاواز لە ڕۆمان و لە ڕۆمان بە بەهاتر دەزانی، بەڵام بە بەهاتر بۆ ئەو نووسەرە ڕۆمانتیکە نەك کورتی چیرۆك، بەڵکو تەوژمی کاریگەرییەکەی بوو.

ئەگەرچی وابەستەیی(پۆ) بە کاریگەریی، بەتایبەتیش ئەو کاریگەریانەی بە شوێنیانەوە بوو. ترس و تۆقاندن و کەسەر. کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر نووسەرانی گەورەی کورتەچیرۆك نەبووە، بەڵام ئەو بە تەواوی پەسەند کراو و گوێ لێ گیراو بووە. ئەلیزابێس بوین لە(کۆمەڵە دەرەنجامەکان) دا دەنووسێ: چیرۆك دەبێ لە هەستێکی ناوەکی بەهێز و جۆشاندنی دەروونی غەزەل بەهرەمەند بێ. دەبێ تەوژم و ڕوونی تێدابێ... تەوژمی ڕوونی شیعر بۆ ئەوانە پێویستن کە دەتوانین بڵێین پێگەیان لە چوارچێوەی پەخشاندایە.

ئەو بەراوردە لەگەڵ شیعری لیریکی لە هەمان کاتدا کە تەردەستانە و ڕۆشنگەرانەشە، نووسەرانی زۆر پیادەیان کردووە. ولیام فاکنەر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بڵاوکراوەی پاریس ڕیڤیو (١٩٥٦) بە ئاماڵ شۆخی یەوە دەڵێ:

**پێمـوایە هەر ڕۆماننووسێك لە سەرەتادا ویستوویەتی شیعر بنووسێ، بەڵام بۆی دەردەکەوێ دەرۆستی شیعر نایەت. ئەوکات دەچێتە پەیسەری کورتە چیرۆك، کە لە دوای شیعر لە هەموو چوارچێوەکانی دیکە قورسترە. کاتێ لەوەشیاندا سەرکەوتوو نابێ بڕیار دەدا ڕۆمان بنووسێ.**

وەك غەزەلێکی باش کورتە چیرۆك پێویستی زۆری بەسەرنجی خوێنەرە، تەکزیکردنی زەین لەسەر یەك بەیەکی وردەکارییەکان بۆ گەیشتن بە کۆتایی کاریگەر. کورتە چیرۆك بە تایبەتی دیاریکراوی پابەندە بە دەرەنجامە هەستییەکان کە بەبێ بەهەدەردان مانایان بگەیەنێ. وەك غەزەل چوارچێوەیەکی کورت و پوختە. ئەوەندە بەملاولادا ناچێ و لەسەر هێڵی دیاریکراوی خۆی دەڕوات و لە دونیای ئافراندنی خۆیدا دەمێنێتەوە. ڕووداوەکانی کورتەچیرۆك دیاریکراو لەنێو چوارچێوەی کاتی و شوێنی بچووك و بەرتەسك تا ئەندازەیەك پەیوەستدا لە قاڵبدراوە. کەسایەتییەکان، ژمارەیان کەمە ئاشکرا دەکرێن، پەرتەوازە نابن. زەمینە و بارودۆخ دەرەخسێنێ، پێی نادرێ. هەر وەك لە زۆربەی شانۆگەرییەکاندا ڕووداوەکانی کورتەچیرۆك لە شوێنی شیاو و گونجاوەوە دەستپێدەکات. چیرۆك بە تەوژمێکی زۆرەوە ڕێدەکا"ڕۆژێك بوو، ڕۆژگارێك بوو لە وەڵاتێکی دوور شازادەیەك دەژیا..." ئیتر چیرۆکەکە وەك هەویر ئاوی زۆر دەکێشێ. چیخۆف دەڵێ: "تازەکارەکان دەبێ بەشی زۆری پەڕەکە... پەڕەکە بنووشتێننەوە و بیدڕێنن. نیوەی سەرەتای زیادەیە." کاریگەرییەکان، وەك ئەوەی کە(پۆ) دەڵێ توند و تۆڵ و کامڵن.

(نینۆنچکا)ی شاکاری چیخۆف بێنە بەرچاوت، بە کەمتر لە(٢٠٠٠) وشە شانۆنامەیەکی تەنز ئامێزی خستۆتە ڕوو: سێگۆشەیەکی ئاشقەتی کە لەوێدا مێردی ژنێکی بەدکار، سکاڵای خۆی لە بێ ئابڕوویی ژنەکەی لەگەڵ یەکێك لە باشترینی هاوڕێکانی دەکات. بەسەرلێشێواوی بە پەیسەری هەمان هاوڕێدا دەڕوات.."تۆ بڵێی ئێستا دەبێ نینۆنچکای چی بکا؟ لەگەڵم درێژە بە ژیان بدات، یان پێتوایە باشترە بێتە لای تۆ؟" ڕێگەچارە بە بێ هیچ هەستێکی هەڵچوون تاوتوێ دەکرێ و نووسەر بە سەرنجەوە دڵسۆزی خۆی دەشارێتەوە تا خوێنەر بتوانێ خۆی ئەمە بۆخۆی فەراهەم بکات.

دوای کەمێك ڕامان گەیشتینە ئەو دەرەنجامە: نینۆنچکا هەروا لەگەڵ ڤیخلیینۆڤ بژی و هەرکاتێك منیش ویستم ببینم بچمە ئەوێ ڤیخلیینۆڤ بچێتە ژوورەکەی تەنیشت کە پێشتر کۆگای ماڵەکە بووە. ئەوێ ژوورێکی تاریك و شێدار بوو دەرگایەکی بەسەر ژووری چێشتخانەدا دەکرایەوە، بەڵام ئەو باشییەی هەبوو کە ئەو دەیتوانی بە ئاسوودەیی لەوێدا بژی و نەبێتە ملۆزمی ژیانی هیچ کەسێك.

ئەگەر نووسەر پڕایی و کەڵەکە بوونی تینی کورتە چیرۆکی بۆ نموونە لە ٣٠٠ لاپەڕەدا بخستبایە ڕوو، بێگومان خوێنەری ماندوو دەکرد و بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی گێرە و کێشەی سۆزداری بپارێزێ. ڕۆمان دەتوانێ بە ئاسانی و بێ کێشە بای باڵی بدات و بۆ هەر

لایەك بیەوێ بجووڵێتەوە. ژینگەی جۆراو جۆر و کەسایەتیگەلی جیاواز و ڕووداوەکان بە ئەسپایی بخاتە ڕوو تا بە تەواوی ڕام ببن... ڕۆماننووس. لانیکەم ڕۆماننووسی دەسترۆیشتوو. لەژێر کاریگەریی کاردانەوە و لە هێڵی سەرەکی لادان بەرگە بگرێ و تەنانەت بۆی هەیە بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە ئاواز و تەوژم ئۆگربوونی بۆیان هەبێ؛ بەڵام ئەوجۆرە ڕەوت و ئاوازە بۆ کورتەچیرۆك گونجاو نییە و پێویستە بزانین ڕۆماننووسانی گەورەی وەك(هێنری جیمس و جوزیف کنراد و توماس مان) چوارچێوەی کورتەچیرۆکیان بە ئاڵۆزتر دەزانی. ئەوان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی خستنەڕووی تەواو و بەرەبەرە. چیرۆکەکانی(جیمز) بە باشی نیشانی دەدەن کە لە قاڵبدان لە چوارچێوەی کورتەچیرۆکدا ڕاشکاوییان دەکەنە قوربانی لە قاڵبدان. بێگومان ئەمەش بۆ نووسەران قورس و گران بووە.

بەشێوەی گشتی سێ تایبەتمەندیی هەیە کە کورتەچیرۆك بە تەواوی جیاوازی لە جۆرەکانی دیکەی چیرۆکی بە پەخشانکراو پۆلێن دەکەن و ئەو وەك ژانرێکی سەربەخۆ دەبینن. هەڵبەت یەکەمین تایبەتمەندیش کورت بوونیەتی.

دووەمین تایبەتمەندیی لێوەشاوەیی قەرەبووی کورتیەکەیە. سێیەمیان کاریگەری و کارتێکردنی یەکەم و دوەمیانە لەسەر یەکتر.

چیرۆك چۆن دەتوانێ هەموو قسەی خۆی لەو ژینگە بەرتەسکەدا بکات؟ چیرۆکی شێوە جوانیی وەك چیرۆکی(کۆڵوانە) ی گۆگول لە ئێستادا کۆن و بەسەرچوو دەبینێ: شەرحی حاڵی دوور و درێژی کەسایەتی سەرەکی، بەربڵاوی و لێك کێشانەوەی بابەتەکە، ئاهەنگی ناشازی ڕووداوەکان. تەنانەت چیخۆفی داهێنەر و وەستای ئەو جۆرە ئەدەبیاتە هەندێك جاران ڕەتی دەکردەوە پەڕوباڵ لێنان بکاتە قوربانی کاریگەریی بەرهەمەکە؛ بەڵام ڕەوتی گەشەسەندنی کورتەچیرۆك هەروا ڕووە و پەستاندنی زیاتر بووە. بۆ نموونە بەڕێکەوت نییە کە(هاوسەرینیی بەپێی نەریتی سەردەم)ی کاترین مەنسفێلد لێکچوونی بابەتی و نێوەرۆکیی لەگەڵ چیرۆکی سیگال(زنجیرە)ی چیخۆف هەیە. سیگال سەبارەت بە ژنێکی کاڵفامی هەوەسبازە کە لە دوای مردنی مێردە پزیشکەکەی تێدەگات کە ئەو هەمان پیاوی مەزن و شازادەی ڕاستەقینەی خەونەکانی بووە. چیرۆکەکە لە هەشت بەشدا دەخرێتە ڕوو. لەکاتی هاوسەرینییەوە تا کاتی خەیانەتکردن بە مێردەکەی و دواتر دەرك کردنی درەنگ وەختەی بەوەی کە بۆچی ڕێگەی داوە بەرە بەرە ئەو پیاوە مەزنەی لەدەست دەربچێ. بەڵام **هاوسەرینی بەپێی نەریتی سەردەم** ڕووداوێکی بەردەوامە کە تەنیا یەك هەفتە لەخۆی دەگرێ. چیرۆکەکە لە شوێنێك دەست پێدەکات کە مێرد، ولیام، بەرەو ماڵەکەی هاوینەهەواریان بۆ گوزەراندنی پشووی کۆتایی هەفتە وەڕێدەکەوێ. کاتێك دەگاتە ئەوێ دەبینێ ئیزابێلی خێزانی لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی گەرمیان داهێناوە و بە ڕاوێژ و قسەی ناشیرین و ناپەسەند باسی ئەو دەکەن. ڕۆژی دواتر دەگەڕێتەوە شار و نامەیەك بۆ خێزانی دەنێرێ و تێیدا دەنووسێ تاکە ئاواتی بەختەوەری و خۆشی ئەوە. ئیزابێل دوای خوێندنەوەی، نامەکە نیشانی هاوڕێکانی دەدات و قاقا پێی پێدەکەنن، بەڵام لە هەمان کاتدا هۆشی دێتەوە سەر و بیر لەوە دەکاتەوە کە چ کارێکی ناشیرین و ناڕەوای کردووە. دواتر نامەکە پشتگوێ دەخات و لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ مەلەکردن دەچێتە سەر ئاوەکە.

مەنسفێڵد پەیڕەوی لەو ڕاسپاردەی مامۆستا کردووە کە" دەبێ... بینوشتێنێتەوە و نیوەی یەکەم بدڕێنێ؟" چیرۆکەکەی ئەو یەکپارچەییەی تێدا ڕەچاوکراوە. ئیتر ڕووداوەکان تا کۆتایی چیرۆکەکە، یەك بەدوای یەکدا دێن؛ لە حاڵێکدا چیرۆکەکەی چیخۆف درێژە و پڕیەتی لە پسان و گرێدانەوە، بەڵام شتێك کراوەتە قوربانی. پەستاندن بەهایەکی دەوێ و مەنسفێڵد ئەو بەهایەی پێداوە. لە چیرۆکەکەی مەنسفێڵدا ئەو هونەرمەندەی ناوی(بێڵ)ە کاریکاتێرێکی تەواوە. کاتێك کە ئیزابێل پێشنیازی بۆ دەکا تابلۆی گرووپەکەیان بکێشێ، ئەو تەنیا دەتوانێ بەبێ پەردە بڵێ: "ڕووناکییەکە تەواو نییە. ڕەنگی زەرد زاڵە." و چونکە ئەو ڕستەیەش قسە بۆ ئیزابێل ناهێڵێتەوە، ئەویش وەك کاریکاتێرێك دەردەکەوێ.

ئەلیزابێس بۆین کەموکورتی کورتەچیرۆك بە(سنووردارێی سۆزداری) یەکەی دەزانێ، کە نموونەی لێرەدا دەبینین. ڕیا بۆفسکی پیاوی هونەرمەند لە سیگاڵی چیخۆفدا بە پێچەوانەوە ئەوەندە بە قووڵی دەخرێتە ڕوو کە باوەڕ دەکەم هونەرمەندێکی گەورەیە و لەو کاتەدا کە ڕەخنە لە تابلۆکەی ئیلگا دەگرێ، دەبەریەکڕاچوونی ڕاستەقینەی نێوان ڕاستگۆیی هونەری و پەیوەندی و خۆشەویستی بۆ ئیلگا هەست پێدەکەین.

(هێربێرت ئالزورس کوری) لە ساڵی ١٩١٧ دا نووسیویەتی: "تەکنیکی کورتە چیرۆك تەکنیکێکی خەسارناسی (پاتۆلۆژی)یە و لە کاتی خەساربینیماندا زەینمان ختووکە دەدا. چیرۆکی کورتی خزمایەتی خوێنی ساندەویچ و ڤیودڤیل[٣١]و شۆفێرییە."

گومانی تێدا نییە کورتەچیرۆك ڕەنگوڕووی پێویستی خێرایی ئەو سەردەمەیە، بەڵام وێنەی تا ئەندازەیەك چەندایەتی کە کافکا لە دونیای پڕ لە"کاتی خەساربینی" بەدەستەوە دەدا وێنەیە تەنانەت خودی کافکاش بۆی هەبوو ڕەتی بکاتەوە. بەهەرحاڵ ئەو پەنجە دەخاتە سەرکێشەی سەرەکی ڕووناکیی کورتەچیرۆك: چۆن بتوانێ کورتکردنەوەیەك بکات کە بابەتەکەی سەرچیخ نەبێ، چۆن کاریگەرییەکی یەکانگیر بەدی بێنێ کە باڵاتر نەبێ.

## کورتەچیرۆك چلۆن دەست بۆ قووڵایی یان هەستی قووڵ دەبات؟

گوتمان کە نووسەری کورتە چیرۆك وەك هەندێك لە ڕۆماننووسان ناتوانێ چیرۆکەکە ڕابگرێ تا ڕۆحیات و هەستی ناوەکی کەسایەتییەکان کەندوکۆڵ بکات، یان وێنەیان بکێشێ. ئەو ناتوانێ"تایم ئاوت" وەربگرێ تا زەمینەکە وەسف بکات. چیرۆکنووس دەبێ هەلومەرج بخاتە ڕوو، گرێیەکە نیشان بدات، کەسایەتی بگەیەنێ، تا خودی خوێنەر باقییەکەی دیکەی هەڵێنجێ.

کاتێك چیرۆکنووس سەرپێچی لەو بابەتە دەکا و مل نادات. چونکە لەوێدا کە ملویل لە بارتلبی دانەر چیرۆکەی هەڵدەگرێ تا پشت زەمینەی چیرۆکەکە ڕوون بکاتەوە. سەرەنجام کرچ و کاڵ و ناسازگار لەگەڵ ڕۆحی کورتەچیرۆکدا دەردەچێ (با لەگەڵ ئەو نۆڤلێتە

---

[٣١] . (Vaudville) بەرنامەی شەوانەی تەلەفزیۆنی کە لەدەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم دا، کە هونەری نوێی جۆراو جۆری وەك گۆرانی و هەڵپەڕکێ و شانۆگەری و کێبەرکێی تێدا نمایش دەکرا.

سازگاریش بێ.) ڕێگە گەلێك بۆ خۆبواردن لەو جۆرە ڕوونكردنەوانە هەن، كە دەكرێ هەمووی لەیەك وشەدا كورت بكرێتەوە: گەیاندن و خستنەڕوو(ئیلقا) بەگوتەی هەمەنگوای "چیرۆك تەنیا سەری نووكی كێوێكی بەستەڵەكە." باقی كێوەكە دەخرێتە ڕوو. پەردەیەك لە چیرۆكی(ژیانی شاراوەی ڤۆلتر میتی) بەرهەمی(تروبر) بێنە بەرچاوت كە مێردی ژنەكە بەپرتە و بۆڵە و مۆنی لە نێو ترۆمبێلەكەدا دانیشتووە، كاتێك ژنەكەی پێی دەڵێ پاتەكانی بكاتە پێی و پسكیتی سەگەكەشی لەبیر نەچێ. پیاوەكە نیگەران و چەمووش و لەسەر هەستە بۆ تۆڵە كردنەوە. ئەوانە بەكوێدا تێدەگەین؟ لەو كاتەدا تەنیا بە ڕستەیەك لە حاڵی ئەو ئاگادار دەبین:

"... زیاتر پێی لەسەر پایدەری بەنزین توند كرد. "یان ئەوە لەبەرچاو بگرە، ئەو گفتوگۆ سەرنج ڕاكێشەی نێوان پیرەپیاو و كوڕێژگەیەك لە چیرۆكی (درەختێك. بەردێك. هەورێك) ی نووسەری مەزن میكا لیرز. پیرەپیاوێكی شەكەت و پەككەوتە لە بارەی عەشقەوە قسە بۆ كوڕەكە دەكات و لە بارەی"زانستی عەشق"ەوە كە بۆی دەركەوتووە دەتوانێ زامی هەڵاتنی ژنەكەی كە لە هەموو تەمەنیدا خۆشی ویستووە و سارێژ بێ. هەموو ژیانی ئەو لە چەند لاپەڕەیەكدا كورت دەكرێتەوە، بەڵام ئێمە تەنیا پەی بە چەند خاڵێك دەبەین. لەوێدا كە دەڵێ لە هەوڵی بەخشینی خۆشەویستی بەژنێك، عەشقی"لە ڕووی هەڵەوە... لە لووتكەوە" دەست پێكردووە ئەوەی كە دەبوو "لەگەڵ درەختێك. بەردێك. هەورێك"دەستی پێكردبا، ئێمە بەهەمان چەند وشە لە نێوەرۆكی ژیانی ئەو و ئەو خەموكەسەرانەی كە یەخەیان گرتووە تێدەگەین: "بە ناو" ئەو بۆتە تاكە پەناگەی پیاوێكی غەوارە.

كوڕم دەتوانم عاشقی هەر شتێك ببم... شەقامێكی پڕ حەشیمەت دەبینم و تیشكێك جوان لە ناخمدا هەڵدێ. باڵندەیەك بە ئاسمانەوە دەبینم. لە سەرشەقام لەگەڵ پیادەڕەوێك تێكهەڵدەنگووین. هەرشتێك، كوڕم. هەركەسێك. هەموو غەوارە و هەموو دۆستایەتییەك! ئایا تۆش وەك من مانا زانستییەكەی دەزانی؟

ئەو مەست بوو؟ خومار بوو؟ كوڕە دەیەوێ بزانێ. شێت بوو؟ (لیۆ) خاوەنی چەتوونی كافێیەكە دوو پرسیاری سەرەتای وەڵامی نەرێنی دەداتەوە، بەڵام سێیەمیان بە بێدەنگی دەسپێرێ، سەرەڕای ئەوەی كە خۆی بە كارناسی شێتیی دەزانی. بەڵام خوێنەر دەبێ وەڵامەكە بدۆزێتەوە، كەواتە چیرۆك بە خستنەڕووەكانی زیندووییە و لەسەر كاغەز كامڵ و تەواو نییە. لە خەیاڵی خوێنەردا تەواو دەبێ.

هەندێكجاران بەشێك بە تەنیا نیشانە و مانای زۆر هەڵدەگرێ .چینێكی كۆمەڵایەتی تەواو یان پێشینە یان كەسایەتی. ئەو جۆرە نیشانە .كە لە ڕوخساری كەمتر، بەڵام لە شتێك زیاترە. وەسیلەیەكی بەركاری خستنەڕووی مانایە. خواردنەوەی مەی"پەسەندی دڵی تۆ" لە بەرهەمی هەمەنگوایدا گردۆلكەكانی وەك فیلی سپی نیشان دەدا، كە ئەوان كەسانێكی دونیایی و چاو و گوێ كراوەن. لە هەمان چیرۆكدا دووبارەبوونەوەی وشەی "بە ڕاستی" . بەڕاستی سادە، بە ڕاستی سروشتی . بێژەرەكەی بێ مبالات و كەڵكی خراپ وەرگر و مایەی پشت پێ نەبەستن نیشان دەدات. لە بەندی یەكەمی چیرۆكی (ڤی یروچكا)ی چیخۆفدا

دەبینین کە کوڵاوی قارەمان "لەژێر تەختە خەوەکەیدا تۆزی لەسەر نیشتووە." بەوە شتگەلێکی زۆرمان لەمەڕ ژیانی ئەوەوە بۆ دەردەکەوێ. ئەوەی کە بە ئەگەری زۆرەوە تەنیایە و بە دڵنیایی هاوخەمێکی نییە پێی ڕابگات.

چیخۆف لە نامەیەکیدا بۆ براکەی کە حەزی دەکرد ببێتە نووسەر، نووسی:

بە باوەڕی من وەسفی سروشت ئەوەندەی دەکرێ کورت و پوخت بێ، باشتر وایە تەنیا سەرەداوێکی لێ بکرێتەوە. بۆ گەیاندن و نیشاندانی شەوێکی مانگەشەو دەتوانی بنووسی: لە سەددی ئاسا وردە شووشەی بتڵە شکاوەکان وەك ئەستێرەی بچووك و گەش تیشکیان دەدایەوە و سێبەری ڕەشی سەگێك یان گورگێك وەك تۆپێك گلۆر دەبووەوە و لەو جۆرە.

بۆ مەکسیم گۆرکیش دەنووسێ:

ڕوونە ئەگەر بنووسم"پیاوێك لە سەر پووش و پەڵاشەکە دانیشت." ڕوونە چونکە دیارە و هەستی خوێنەر بەئاقاری دیکەدا نابا. بە پێچەوانەوە لەسەر زەین ناڕوون و قورسە ئەگەر بنووسم: "پیاوە باڵابەرزە بەژن باریکە، یان دەستە پیاوەکە، کە ڕیشێکی سووری کورتی هەبوو لەسەر گژو گیا سەوزەکەی کە ڕێبواران پێخوستیان کردبوو، دانیشت و بەترس و دڵەڕاوکێ لە دەوروبەری خۆی ڕاما." مێشك ناتوانێ وا بەخێرایی و هاوکات ئەو هەموو وەسفە جیاوازانە بەرجەستە بکات. لە کاتێکدا چیرۆك دەبێ هەمان کات دەرك بکرێ.

هەندێکجار ژینگە تەنیا نیشانەیەکە.(هێمای ئەستێرە لەسەر گەردنی بتڵێکی شووشەی شکاو.) و هەندێك جاریش نەخێر؛ بەڵام لە کورتەچیرۆکدا وەك هەموو شتەکانی دیکە هەمیشە کورتکراوەتەوە و ئەوەی بەڕێوە دەئافرێنرێ و بە گۆشەی چاو دەبینرێ.

پەستاوتن و خستنە ڕوو بە هاوکاری یەکتر شتێك دەئافرێنن کە(شون ئۆفیلون) ئەو بە"خاڵی ڕۆشنگەریی" دەناسێنن. لە وتەیەکدا کە بناغە و بنەمای کورتەچیرۆکە، دەنووسێ: "هەر کورتە چیرۆکێك مەبەستێکی ڕوونی لە پشتەوەیە... هەر هەنگاوێك لە چیرۆکدا دەبێ بە شێوەیەکی هەست پێنەکراو بەرەو خاڵی ڕۆشنگەری هەڵێنرێ." ئەو لە درێژەدا دەڵێ:

بە باوەڕی من بە گشتی تەواوی کورتەچیرۆك لەو چەند وشەی کۆتاییدا کورت دەبێتەوە:

. "ئەوەی کە بەشێوەی هەست پێنەکراو بەرەو خاڵی ڕۆشنگەری ئاراستە بکرێ" بە ئەندازەی زیاتری تەکزیکردن لەسەر دەستەواژەکان" بەشێوەی هەست پێنەکراو" زۆرترین چێژی نووسینی کورتەچیرۆك و بەشێکی لە بەچێژی خوێندنەوەیدا کورت دەکرێتەوە. لە بەرەوپێشەوە بردن و ڕێنماییکردنی خوێنەر بەرەو ئەو ساتەی چێژی خافڵگیرکەرانە کە چیرۆك بە دوای چیرۆکدا وەردەگرێ، مانا لە پشت گێڕانەوە، دەلالەتی ناوەکیی ڕووداو، هەناسەیەکمان بە بەردا دێنێتەوە. وەك ئەوکاتەی کە شەمەندەفەر لەسەر لووتکەیەك دەسووڕێتەوە و یەکسەر لە بەرانبەری خۆی شوێنێك دەدۆزینەوە کە لەسەفەر بۆ"تۆڕە سەرسوڕهێنەرەکان" مەبەستی تا هەمان کات نەدەزانی بەرەو ڕووی وەرێ کەوتبووین.


"خاڵی ڕۆشنگەریی" ڕەگەزی یەکانگیری بەشی سەرەکیی چیرۆکە. ڕۆشنایی نێو تونێڵە، ئامانجێکە هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆك بۆگەیشتن پێی خۆیان تەیار دەکەن. لەو خاڵەدا، بنەما گەیشتۆتە لووتکە، کەسایەتییەکان دەرکەوتوون و پەیوەندیی کەسایەتی ژینگە بە هاوسەنگی لانیکەمی کاتیی گەیشتوون. ڕوانگەی مرۆیی چیرۆك ڕوونە. لێرە بەدوا هەم هەست یەکانگیرە و هەمیش دەرککردن.. ئەو"بەرزکردنەوەی ڕۆح"ە وەك ئەوەی کە (پۆ) لەبارەی شیعرەوە دەڵێ، ناتوانرێ" تا درەنگانێك ئەزبەر بکرێ" بەڵام دەبێ چ ئەزموونێکی سەرنج ڕاکێش بێ!

ڤیکتۆر سودان پریچت دەنووسێ: "هەر کورتە چیرۆکێك درامایەکە، بەڵام هەر کورتە چیرۆکنووسێك لەبارەی ئەوەوە کە دراماتیك چییە سەرنجی تایبەتی خۆی هەیە. چیرۆك بەرەو یەك(دەرخستن) خستنەڕوو دەڕواتە پێش و ئەمەش بۆی هەیە ڕووداوێك بێت، پەردە هەڵماڵین لەسەر کەسایەتییەك، دەرەنجامی ڕۆحییەیەك، گۆڕانکاری هەستێك، جێگیرکردنی ئایدیایەك، ڕاگەیاندنی دۆخی تازە سەرهەڵدراو." جوانی کورتەچیرۆك لەوەدایە کە تەواوی ساتەکانی ڕابردووی چیرۆك دەکەونە بەرتیشکی ڕووناکی و لە کۆتاییدا وەك گورزەیەکی ڕووناکی دەکەوێتە بەرچاوان.

ئەو ئەزموونەیان لە جیمز جویز قەرزکردووە و دەستەواژەیەکی لە ئەندێشەی مەسیحی کە دەلالەت لە دەرکەوتنی خواوەند لە جیهاندا دەکات، پێی دەڵێن (تەجەللی) جویز لە ئاستیون هیرودا دەنووسێ: سەرەتا وا تێدەگەین کە بابەتەکە شتێکی یەکپارچەیە. دواتر بۆمان دەردەکەوێ کە پێکهاتەیەکی تێکەڵی ڕێکوپێك یان لەڕاستییدا شتێکە. سەرەنجام کاتێك کە پەیوەندیی بەشەکان پێگەیشتوویە، کاتێك پارچەکان لەگەڵ تایبەت هاوسەنگن، تێدەگەین کە ئەمە هەمان شتەکەیە. ڕۆحی ئەو، چڵۆنایەتی ئەو، ڕووکارەکەی لەنێو توێکڵەکەی دێتە دەرەوە و خۆی بە باوەشماندا دەکات.

لە چیرۆکی (عەرەبی جویس) چەند دەرکەوتنێکی بچووك دیارن کە بەیەکەوە بەرەو دەرکەوتنێکی کۆتایی خافڵگیرکەر بەرەو پێش دەچن. چیرۆکبێژی ئاشق پیشە، پابەندی"عیشق" تامەزرۆیی خۆی بۆ خوشکی مەنگن، بە شوێن جێگەیەکی چۆڵ و تاریکدا دەگەڕێ، تا لە خەیاڵی خۆیدا شکۆی ئەوەی باشتر بۆ ڕوون بێتەوە."دەتگوت هەموو هەستەکانم حەز دەکەن خۆیان بشارنەوە کە من بەو هەستەوە نەبادا لە دەستیان بدەم بەری دەستانم ڕێك دەخستن تا کەوتنە لەرزین و چەند جارێك لەدڵی خۆمدا گوتم: ئاااى عەشق! ئای عەشق!" عەشقی ئەو لە تاریکیدا جوانتر شەوقی دەداتەوە." ژوورە خەمۆك و بەتاڵەکانی سەرەوەی خانووەکە ئازادیان کردم" لەوێوە" لەو خانووە تاریکەی" کە کچەکەی لەناودا دەژیا ڕادەمێنێ، بەڵام "شتێکی نەدی مەگەر بەژنی قاوەییپۆشی هەڵقولاوی خەیاڵم" ئەو دەرکەوتنانە پێش ڕۆیشتنی ئەو بۆ بازاڕی عەرەبییە، کە مەبەستی ئەو کڕینی دیارییەکە، چیرۆك بە ساتێکی کەشفکردندا(کە وەك هەموان بەردەوام بەرووداوێك و نیشانەیەکەوە بەندە) دەگاتە ئەنجام. "لە تاریکایی ژوورسەرم هەڵڕوانی و وەك گاڵتەجاڕی پێکەنیناوی غرووری خۆم بینی. چاوم لە ڕقان و ئازاران دەبرژانەوە." ئەو لەو کاتەدا "تەوژمی ڕووناکی" یان دەرکەوتن (تەجەللیە .کە بەراوێژێکی ئاماڵ ئاینییەوە دەری دەبڕێ، چونکە ئەو لە کۆشکی بازاڕدا تووشی بەتووشی بێدەنگییەوە دەبێ کە "بەلای

منەوە وەك بێدەنگی کلێسا بوو، لە دوای کۆتایی ڕێوڕەسمێك" بەڵام بێدەنگییەکەی بۆش بوو. "نوێژ" تەواو بوو و نهێنی. بەهۆکاری دەروونناسی ناسك کە چیرۆك بە مالۆی دەبەخشێ .خۆی تەیار کردووە.



**ویلفر هیلی استون**

بۆ خوێنەرێك کە لەو درەوشانەوە و دەرکەوتنە بەهرە وەردەگرێ، ئەوە ئەو ساتەیە کە ڕەگەزەکانی چیرۆك لە مانایەکدا یەکانگیر دەبنەوە. بەهەمان شێوە لە یەکەمین قازی من شاکاری ئیساك بابیل. لە یەکەمین نیگاوە هەراسان و ستایش ئامێزی چیرۆکبێژ بە فەرماندە:".... من لە جوانی پەیکەرە زل و قەبەکەی سەرسام ببووم.... قاچە درێژەکانی لە قاچەکانی کچانێك دەچوو کە پێڵاوی سواری بریقەداریان تا بنهەنگڵیان هەڵدەکێشا. دەستی ڕەتکردنەوەی قەزاقەکان بە سینگیەوە (سۆبای پاتیل" لە دووکەڵی خانووی گوندەکەمان بە دوور بوو) تا کوشتنی قاز، کارێکی دڵ ڕەقانە کە بۆ ئەو ببووە خوویەك."مانگ وەك گوارەیەکی هەرزانی.... هەڵواسرابوو" ڕەوتی ڕووداوەکان سەرسامان

دەکات؛ ئەمانە هۆکاری و زنجیرەیین و وا دەردەکەون کە هیچ مانایەکی تایبەتییان نییە؛ تا دوو دێڕی کۆتایی کە ئوستاد خاڵی ڕۆشنگەریی بەدەستەوە دەدات: "من خەونێکم بینی، خەونم بە ژنێکەوە بینی، بەڵام دڵی بە خوێن پەڵە پەڵە بووم، دەکوڵێت و سەری خۆی هەڵدەگرێ."

ئەوە چیرۆکی خزمایەتی خوێنی ساندەویچە؟ تەنیا بەشێکی ڕۆمانێکە یان کەمۆکەیەکی چیرۆکێک کە ئەگەر لق و پۆپی زیاتر بوایە باشتر دەبوو؟ ئایا پەستاندن لەو بارەوە لە دەستەبەریی قووڵایی مانای کەمکردۆتەوە؟ ئێمە پێمان وانییە. ئێمە پێمانوایە کورتەچیرۆك لە باشترین دۆخی خۆیدا چوارچێوەیەك لەمەودای بەرزتری تێفکرین و وردبوونەوەی مرۆڤە. بەڵام دەرکەوتن و دروەشانەوە دەستەواژەیەکە بە زایەڵە و دەنگدانەوەی سەردەمی باوەڕ، ئێستا کە زۆر لە نووسەرانی سەدە، سەردەمەکە بە سەردەمی دوودڵی و نائومێدی دەزانن. فیلیپ ئاستیویك لە کتێبەکەیدا (دژە چیرۆك) لەبارەی هەندێك لە نووسەرانی پێشڕەو دەڵێت:

کەسایەتییەکان... فێرنابن. بابەتەکە هیچ مەعریفەیەکی تێدا نییە. پەیوەندییەکان لە ئێستادا دەرناکەون. لە ڕووی پێکهاتەوە چیرۆکەکان تەختن. یان شێوە بازنەیی یان هەڵسووڕاو، یان موزائیکی یان سەرەنجام شکڵ و شێوەیەکی ناجێگیر و نادیاریان هەیە. خاڵی لووتکەیان نییە. تا ئەندازەیەك هەر ئەوەی لە سەرەتادا هەمانبوو، لە کۆتاییشدا هەمانە و دەرکەوتن و دروەشانەوە لەگۆڕێ نییە.

ڕۆشنگەری ئەو ڕۆژانە "مۆد" نییە. ڕێ نیشاندان، تیشك خستنە سەر، نیشانەی ئەوەیە کە بنیادەم. لانیکەم تا ئەندازەیەك. دەزانێ بەرەو کوێ هەنگاو دەنێ. ئەو چەمکی ئاراستە بەرەو کام لا بوون پێشتر پێیان دەگوت ڕەنگڕشتن (ڕەنگرێژی)، یان بنەما. دەستەواژەی "مەبەستی مرۆڤ چییە" پێیان دەگوت نێوەرۆك، یان ناواخن. بە دەستەواژەی "کەس کێیە" دەیانگوت کەسایەتی. زۆر لە چیرۆکنووسانی ئەمڕۆ نکۆڵی لەو دەستەواژانە دەکەن، لێیان بێزارن و "کتێبە پیرۆز"ە کەیان زیاتر بەرەو پووچی دەیانبات، نەك هەڵکشان و بەرزبوونەوە، بەرەو قاقڕ و دێمەکارێکیان دەبات نەك شوێنێکی بە مێرگ و مێرغوزار.. بۆیە دەبێ چاوەڕوانی کات بین، تا تێبگەین ئەوان پێشڕەوایەتی ڕێگەو ڕێبازێکی تازە دەکەن یان بەرەو هەڵەت و هەڵدێران ملدەنێن.

**سەرچاوە:**


- بەشێك لە پێشەکی کتێبی (دارێك، بەردێك، هەورێك) دیارترینی کورتە چیرۆکەکانی دوو سەدەی کۆتایی
- نشر مرکز. چاپی شەشەم/ ٢٠١٠

# | ڕۆڵی زمان
# لە تەکنیکی نووسینی ڕۆماندا

بەهادین جەلال مستەفا



زمان وەکوو ماددەی خاو وایە کە ڕۆماننووس جیهانی ڕۆمانی خۆی لێ دروست دەکات، تەنیا ئامرازێک نییە بۆ دەربڕینی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان، بەڵکوو پاڵنەری سەرەکییە کە چیرۆکەکە بەرەو پێش دەبات، خوێنەر دەباتە ناو جیهانێکی تر، هەست و سۆزی جیاوازی بۆ دروست دەکات. بێ زمانێکی بەهێز و کاریگەر، ڕۆمان تەنیا کۆمەڵێک بیرۆکەی پەرت و بڵاو دەمێنێتەوە و ناگاتە ئاستی کارێکی هونەری تەواو.

زمان ئەو دەمارەیە کە کارەکتەرەکانی زیندوو دەکاتەوە و، ئەو ئامرازەیە کە هەست و بیرۆکەکانی خۆی بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. مامەڵەکردن لەگەڵ زمان تەنیا بەکارهێنانی نییە بە شێوەیەکی دروست، بەڵکو هونەرێکە کە هەستێکی قووڵی دەوێت بە جوانییەکانی و تێگەیشتنێکی ورد بۆ توانای کاریگەرییەکەی و شارەزایی لە گونجاندنی بۆ خزمەتکردنی بینینی نووسەر.

## (١)

زمان بەشداری لە دروستکردنی جیهانی ڕۆماندا دەکات، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، لە ڕێگەی:

**وێنەکردنی شوێن و کات:** ڕۆماننووس زمان بەکاردەهێنێت بۆ وەسفکردنی شوێن و شەقام و دیمەنە سروشتییەکان و، خوێنەر دەباتە ئەو سەردەمەی کە ڕووداوەکان تێیدا

ڕوودەدەن، ئەمەش لە ڕێگەی وەسفی ورد و پڕ لە زانیاری، ڕۆماننووس وێنەیەکی زیندوو لە مێشکی خوێنەردا دروست دەکات، وا دەکات هەست بکات لە ناو دڵی ڕووداوەکاندایە.

**کێشانی کارەکتەرەکان:** زمان ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی قسەکەرەکەیە، چ گێڕەرەوە بێت یان یەکێک لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، ئەو شێوازەی کە کارەکتەر قسەی پێدەکات، ئەو وشەگەلەی بەکاریاندەهێنێت، ئەو شێوازەی کە لە دەربڕینی بیر و هەستەکانی بەکاری دەهێنێت، هەموو ئەمانە بەشداری دەکەن لە دروستکردنی وێنەیەکی تەواو لە کارەکتەرەکە لە مێشکی خوێنەردا.

**دروستکردنی کەشوهەوای گشتی:** زمان بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی کەشوهەوای گشتیی ڕۆمانەکە، چ کەشوهەوایەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و ورووژان بێت، یان کەشوهەوایەکی پڕ لە خەم و پەژارە، یان کەشوهەوایەکی پڕ لە شادی و خۆشی، ئەو وشانە و دەستەواژانەی کە ڕۆماننووس بەکاریان دەهێنێت، ئەو ڕیتمەی کە لە نووسیندا شوێنی دەکەوێت، هەموو ئەمانە بەشداری دەکەن لە دروستکردنی کەشوهەوای گشتی کە دەسەڵات بەسەر ڕۆمانەکەدا دەسەپێنێت.

## زمان وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی بیرۆکە و هەستەکان

زمان یارمەتیی ڕۆماننووس دەدات بۆ دەربڕینی بیرۆکە و هەستەکان کە دەیەوێت بیگوازێتەوە بۆ خوێنەر، لە ڕێگەی:

**گواستنەوەی بیرۆکە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان:** ڕۆماننووس زمان بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی بیرۆکە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی، هەروەها وروژاندنی ئەو پرسانەی کە گرنگی بە کۆمەڵگە دەدەن، ڕۆمان تەنیا چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش نییە، بەڵکوو هەروەها ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ئەو بیرۆکانە و بەهاکانەی کە ڕۆماننووس باوەڕی پێیانە.

**بەرجەستەکردنی هەست و سۆز:** زمان بۆ بەرجەستەکردنی هەست و سۆز بەکاردەهێنرێت کە کارەکتەرە ڕۆمانییەکان تووشی دەبن، چ هەستی خۆشەویستی بێت یان ڕق، یان هەستی ترس یان ئومێد، یان هەستی خەم یان شادی، ڕۆماننووسی شارەزا ئەوەیە کە بتوانێت ئەو هەستانە بگوازێتەوە بۆ خوێنەر و، وای لێبکات هەستی پێبکات وەک ئەوەی هەست و سۆزی خۆی بێت.

**وروووژاندنی خەیاڵ:** زمان بۆ وروووژاندنی خەیاڵی خوێنەر بەکاردەهێنرێت و، وای لێدەکات ڕووداو و کارەکتەرەکان و ئەو شوێنانەی کە چیرۆکەکە تێیدا ڕوودەدات، خەیاڵ بکات. ڕۆماننووسی داهێنەر ئەوەیە کە بتوانێت زمان بە شێوازێک بەکاربهێنێت کە وا بکات خوێنەر جیهانی ڕۆمانی بە چاوی خۆی ببینێت، و بە هەموو هەستەکانییەوە تێیدا بژی.

## زمان وەکوو ئامرازێکی هونەری

زمان وەکوو ئامرازێکی هونەری لە دەستی ڕۆماننووسدایە، کە دەتوانێت بەکاریبهێنێت بۆ دروستکردنی کاریگەریی جوانیی جیاواز، لە ڕێگەی:

**بەکارهێنانی وێنە هونەرییەکان:** ڕۆماننووس وێنە هونەرییەکان بەکاردەهێنێت، وەک لێکچواندن و خواستن و مەجاز، بۆ ئەوەی جوانی بە دەق ڕۆمان ببەخشێت و، زیاتر کاریگەر بێت لەسەر خوێنەر.

**بەکارهێنانی ڕیتم و ئاواز:** ڕۆماننووس ڕیتم و ئاواز لە نووسیندا بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی کاریگەرییەکی میوزیکی کە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، وای لێ بکات چێژ لە خوێندنەوەی دەقەکە وەربگرێت.

**یاریکردن بە زمان:** ڕۆماننووس یاری بە زمان دەکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکان بە شێوازێکی نارەسەن، بۆ دروستکردنی کاریگەریی هونەری نوێ، وا دەکات دەق ڕۆمانی زیاتر جیاواز بێت.

زمان پایەی سەرەکییە لە بیناکردنی ڕۆماندا، تەنیا ئامرازێک نییە بۆ دەربڕینی بیرۆکە و هەستەکان، بەڵکوو پاڵنەری سەرەکییە کە چیرۆکەکە بەرەو پێش دەبات، و خوێنەر دەباتە ناو جیهانێکی دیکە، هەست و سۆزی جیاوازی بۆ دروست دەکات، ڕۆماننووسی شارەزا ئەوەیە کە دەزانێت چۆن زمان بە شێوازێکی داهێنەرانە بەکاربهێنێت، بۆ دروستکردنی کارێکی هونەری تەواو، کە کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر دەروونی خوێنەر بەجێبهێڵێت.

## (٢)
## هەندێک لە لایەنە گرنگەکانی چۆنیەتیی مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ زمانی نووسیندا:

١- **شارەزایی زمانی وەک بنەما ورێساکان و ڕێزمان:** نووسەر ناتوانێت لە زماندا داهێنان بکات بەبێ ئەوەی بنەمایەکی پتەوی لە ڕێساکان و ڕێزمانەکەیدا هەبێت، زانیاریی ورد دەربارەی پێکهاتەی زمان ڕێگە بە نووسەر دەدات بە شارەزایی و متمانەوە یاری بە وشەکان بکات و خۆی بەدوور بگرێت لە هەڵەکان کە ڕەنگە جوانیی دەقەکە تێک بدەن و سەرنجی خوێنەر پەرش بکەن.

٢- **وشەکان و سامانی زمانی:** نووسەری ڕاستەقینە گەنجینەیەکی زۆری وشەی هەیە، مانای ورد و سێبەرە جیاوازەکانیان دەزانێت، بە ئاگا وشیارانە بەکاریان دەهێنێت بۆ دروستکردنی کاریگەریی داواکراو، وشەکان بە وریاییەوە هەڵدەبژێرێت، وەک ئەوەی زێڕینگەرێکی لێهاتوو بێت کە بەردە بەنرخەکان ڕێک دەخات بۆ دروستکردنی پارچەیەکی هونەریی ناوازە.

**٣- ڕێنووس و نیشانەکانی پیت بڕین:** پابەندبوون بە ڕێساکانی ڕێنووس و بەکارهێنانی نیشانەکانی پیت بڕین بە شێوەیەکی دروست زۆر پێویستە بۆ دڵنیابوون لە ڕوونیی دەقەکە و ئاسانی خوێندنەوەی، لەوانەیە نیشانەیەک مانای تەواوی ڕستەکە بگۆڕێت، و هەڵەی ڕێنووس ڕەنگە سەرنجی خوێنەر پەرش بکات و چێژی خوێندنەوەی لێ ببات.

## (٣)

## بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ دەربڕین

**شێواز و زمانی تایبەتمەند:** ڕۆماننووس هەوڵ دەدات شێوازێکی تایبەتی زمان بۆ خۆی دروست بکات، کە لە نووسەرانی دیکە جیای بکاتەوە و، ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی داهێنەرانە و بینینی بۆ جیهان بێت. ئەم شێوازە ڕەنگە سادە و ئاسان بێت، یان ئاڵۆز و شیعری بێت، یان تێکەڵەیەک بێت لە هەردووکیان، بەپێی سروشتی کارە ئەدەبییەکە و پێداویستییەکانی.

**جۆراوجۆری زمانی:** ڕۆماننووس گرنگی دەدات بە جۆراوجۆری زمانەکەی، بەکارهێنانی لێچوواندن و درکە و خوازە و ئامرازە ڕەوانبێژییەکانی دیکە بۆ بەخشینی جوانی بە دەقەکە و زیادکردنی کاریگەرییەکەی. هەروەها ڕەنگە زمانی کووچە و بازاڕ یان زاراوە ناوچەییەکان بەکاربهێنێت بۆ بەخشینی ڕاستگۆیی بە دیالۆگ و کەسایەتییەکان.

**توانای وێنەکردن:** ڕۆماننووس بە توانا لە بەکارهێنانی زمان بۆ وێنەکردنی دیمەنەکان و ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان بە شێوەیەکی زیندوو و بەرچاو. ئەو بە وشەکان تابلۆی هونەری خەیاڵی دەکێشێت، خوێنەر دەبات بۆ جیهانی چیرۆکەکە و وای لێدەکات بە هەموو هەستەکانیەوە لەگەڵ تەواوی وردەکارییەکانی بژی.

زمان وەک ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی کارەکتەرەکان:
**زمانی کارەکتەرەکان:** ڕۆماننووس گرنگی دەدات بە پەرەپێدانی زمانێکی تایبەت بە هەر کارەکتەرێک لە کارەکتەرەکانی، کە ڕەنگدانەوەی بنەما کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەی و ئاستی خوێندەواری و سروشتی دەروونی بێت، ئەو زمانەی جووتیارێکی سادە قسەی پێ دەکات جیاوازە لەو زمانەی کە ڕۆشنبیرێکی خوێندەوار قسەی پێ دەکات، ئەو زمانەی گەنجێکی بێ باک قسەی پێ دەکات جیاوازە لەو زمانەی کە پیرەمێردێکی دانا قسەی پێ دەکات.

**دیالۆگ (گفتوگۆ):** ڕۆماننووس گرنگییەکی تایبەت دەدات بە دیالۆگ، چونکە یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکان بۆ پەرەپێدانی کارەکتەرەکان و ئاشکراکردنی بیرۆکە و هەست و پەیوەندییەکانیان بە یەکەوە. دیالۆگی باش دەبێت ڕاستەقینە و باوەڕپێکەر بێت و،

ڕەنگدانەوەی سروشتی کارەکتەرە قسەکەرەکان بێت، و خزمەت بە پلۆتی درامی ڕۆمانەکە بکات.

**دەنگی ناوەکی:** ڕۆماننووس زمان بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی بیرۆکە و هەستە ناوەکییەکانی کارەکتەرەکان، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی وەکوو ڕەوتی هۆشیاری و مونۆلۆگی ناوەکی. ئەم تەکنیکانە ڕێگە بە خوێنەر دەدەن بچێتە ناو مێشکی کارەکتەرەکەوە و پاڵنەرەکان و هەستەکانی بە شێوەیەکی قووڵتر تێبگات.

## (٤)

## ڕۆڵی زمان وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی کەشوهەوای گشتی بەم شێوەیەیە:

**ڕیتم و ئاواز:** ڕۆماننووس هەوڵدەدات ڕیتم و ئاوازێکی گونجاو بۆ ڕۆمانەکە دروست بکات، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشەکان و ڕیزکردنیان بە شێوازێکی دیاریکراو، ڕیتمەکە ڕەنگە خێرا و وروووژێنەر بێت لە دیمەنەکانی جووڵە و وروووژاندن، و ڕەنگە هێواش و ئارام بێت لە دیمەنەکانی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ناوەکی.

**مۆسیقای زمان:** ڕۆماننووس هەوڵدەدات مۆسیقایەکی زمانی لە دەقەکەدا دروست بکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەگەزدۆزی و جوانی بایس و دووبارەکردنەوە و ئامرازە دەنگییەکانی دیکە، ئەم مۆسیقایە جوانیی دەقەکە و کاریگەرییە سۆزدارییەکەی لەسەر خوێنەر زیاد دەکات.

**وێنە هەستییەکان:** ڕۆماننووس زمان بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی وێنەی هەستی کە خوێنەر دەباتە ناو جیهانی چیرۆکەکەوە، لە ڕێگەی وەسفکردنی ڕەنگ و دەنگ و بۆنە و تام و چێژەکان، ئەم وێنانە چیرۆکەکە زیاتر ڕاستەقینە و زیندوو و کاریگەر دەکەن.

پێویستە ڕۆماننووس ئاگاداری بینەرانی ئامانجی ڕۆمانەکەی بێت، و زمان و شێوازی گونجاو بۆ ئەم بینەرانە هەڵبژێرێت. ڕۆمانێک کە ئاراستەی منداڵان کراوە لە زمان و شێوازدا جیاوازە لە ڕۆمانێک کە ئاراستەی بەتەمەنان کراوە، ڕۆمانێک کە ئاراستەی بینەرانی گشتی کراوە جیاوازە لە ڕۆمانێک کە ئاراستەی نخبەی ڕۆشنبیر کراوە.

سەرەڕای گرنگیی جوانی و داهێنان لە زماندا، پێویستە ڕۆماننووس گرنگی بە ڕوونی و ئاسانی لە دەربڕیندا بدات، تا خوێنەر بتوانێت لە چیرۆکەکە تێبگات و چێژی لێ وەربگرێت بەبێ ئەوەی سەختی ببینێت. زمان دەبێت لە خزمەتی چیرۆکەکەدا بێت، نەک ببێتە کۆسپ لەبەردەم تێگەیشتنی.

لە کۆتاییدا، مامەڵەکردن لەگەڵ زمان چەقی کاری ڕۆماننووسە، ئەوەیە کە ئەو لە نووسەرانی دیکە جیا دەکاتەوە، ڕۆماننووسی لێهاتوو ئەوەیە کە دەتوانێت کۆنترۆڵی زمان

بکات و، بیگونجێنێت بۆ خزمەتکردنی بینینی داهێنەرانەی خۆی و، لە ڕێگەیەوە جیهان و کارەکتەری زیندوو دروست بکات.

**سەرچاوە و ژێدەر:**

* أسلوبية الرواية: دراسة في اللغة والفن الروائي: محمد عبد المطلب
* تەکنیکییەکانی نووسینی ڕۆمان: نووسەری ئەمریکی نانسی کریس
* هونەری ڕۆمان: میلان کوندیرا
* اللغة وخصوصيتها في الرواية: سي احمد محمود

**> ڕوونکردنەدوە:**


بەهۆی سەرقاڵبوونم بەسەر نووسەریی گۆڤاری دنیای چیرۆک، خۆم بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (گێڕانەوە) نازانم... هەرچەندە لە ژمارە دووی گۆڤارەکەوە دەست لەکار کێشانەوەم داوەتە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤار، بەڵام هێشتا ناوی من لە ستافی گۆڤارەکە لانەدراوە، بۆ ئاگاداری خوێنەران.

لەگەڵ ڕێزمدا..

**سابیر ڕەشید**

# | وتار

# | زمانی نووسین/ زمانی حیکایەتکردن



عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا

هەر مێژوویەک خۆی دووپاتبکاتەوە دەبێتە کۆمیدیا، هەر کۆمیدیایەکیش خۆی دووپاتبکاتەوە دەبێتە مێژوو. بۆدریار:

رابردوو ماڵی ونبوونەکان و ئەفسانەکانمانە، ماڵی بەیەکداچوونی مردن و ژیان.. ڕابردوو، تەواوی سەرکەوتنە مەزنەکانی خۆی لە تاقیچگەی توندوتیژی و سۆزداریدا هەڵگرتووە، هەموو ئەو حیکایەتانەش لە کتێبێکی غەمگین تۆمار کراون.. پرسیار ئەوەیە: گەڕانەوە بۆ ئەو ماڵە، ئاگایی تۆخ دەکاتەوە؟ گێڕانەوەی ڕابردوو، واقیع دەوڵەمەند دەکات؟

### شەڕی یادەوەری و فەرامۆشی

مێژوو کۆتایی هات. ئەو ڕستەیە پڕ لە ئیشکالییەتە بەدوای خۆیدا تەپوتۆزی زۆری جێهێشت، بەرزی و نزمی زۆری تێکەوێت. مێژوو کۆتایی هات. لەو ڕستەیەوە مرۆڤ بە هیچ پێوانە ناکرێت، مرۆڤ بەو داهێنان و کارە تەکنیکییانە پێوانە دەکرێت، کە خۆی بەرهەمی هێناون، بەو مانایەش سەردەمی داهێنان و داهێنانی دیجیتاڵی دەبێتە بەشێکی گەورەی ژیانمان.. سەردەمی پاراستنی جۆری مرۆڤ و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئەستێرەی زەوی.. بیرکردنەوە لە داهاتووی مرۆڤایەتی کە ئاخۆ ڕادەی ژیریی مرۆڤی بۆ مانەوەی مرۆڤ دەستدەدات. یان ئیتر بۆ (مانەوە) پێویستمان بە جۆرێک لە مرۆڤی باڵایە، کە جێگا بەو مرۆڤەی ئێستا لێژ بکات؟!

لە ئێستای (ژیریی/ زیرەکیی) دەستکرد و داهێنانە زانستییەکاندا، گەڕانەوە بۆ مێژوو (مێژووخوازی) کۆنەپەرستانەیە و هەرگیز نەک ئاگایی نییە.. بەڵکو سۆزی گەڕانەوە بۆ

ڕابـردوو، لە نـزیکترین مانـادا گەڕانەوەیە بـۆ سـەرچاوەیەکی ونبـوو، لەدەسـتچوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە سەردەمی دیجیتاڵی، ماڵی ڕابردووی لە وزەکانی بەتاڵ کردۆتەوە.. ڕستەی (دوێنێ لە سینەمادا مێژوو، سەرچاوەی ونبووەکانمان و ئەفسانەکانمان بوو) لای (بۆدریار) بەو مانایە نییە، کە مێژوو وەک هەڵچوون و سەیرورە و ڕاپەڕین، چیتر لەسەر شاشـەکانەوە دەرنـاکەوێتەوە. چـونکە لەنێـوان مـێژووی واقیـع و واقـیعی مـێژوویی، مێژوو ئامادەیی لە واقیعدا هەیە، وەک لە سینەمادا دەیبینین! بەڵام وەک پەیوەنـدی بە واقـیعی مێژوویـیەوە ئامـادەیی نیـیە.. (ژان بۆدریـار) لە ڕێگـای تێگەیشـتنی نێـوان مـێژووی واقیـع و واقیعی مێژوویی، باسی سینەمای کۆنەخـواز و نوێخواز دەکات. بڕوانە: جان بودریار کتێبی المصگنع والاصگناع، ت/ د. جوزیف عبدالله، ص ٩٩، ٢٠٠٨.

لەلایەکی دیـکە ڕسـتەیەکی (مـیلان کۆنـدێرا) لە ڕۆمـانی "پێکەنـین و فەرامـۆشی"دا هەیە، دەڵێ."ژیان شەڕێکی بەردەوامە لە دژی فەرامۆشی" ئەم ڕستەیە دەتوانێت لە ماڵی ڕابردوودا دوو تەماشـاکردنی تەواو جیـاواز بنـوێنێ: یەکەم، فەرامۆشـکردن. دووەم: بەیادهێنانـانەوە. چەمکی (فەرامۆشکردن) بۆ ئەوەیە، لە ژیاندا بەردەوام بین و تووشی نسکۆ نەبین. چەمکی (بەیادهێنانەوە) بۆ ئەوەیە، ماناکانی ژیان نەدۆڕێنین.. بەڵام پێکەنین و فەرامۆشی لە ماڵە پڕ نـیگەرانەکەی پۆسـت دیجیتـاڵی، هێمـنی و گەرمی و سـۆزداری ناپارێزێـت، بەڵکـو خـودی نیگەرانی دەبێتە بڕبڕەی پشتی ژیان. ڕاستە لە (ماڵ) بە مانا تەقلیدییەکەی دێینە دەرەوە و ئینتەرنێت دەبێتە ماڵێکی تازە، ئینتەرنێت دەبێتە بەشێکی جیانەبووەوەی ژیان.. ماڵەکانمان هەمووی دەبێتە ماڵی زیرەکی جولاو.. قسەکەی کۆندێرا دەشێ لەو پرسیارەدا کۆ بکەینەوە و بڵێین: ئایا مرۆڤ قەرزاری ماڵی هێمنی مانایە، یان دالی جوڵاو؟ مرۆڤ دەکەوێتە کوێی سیسـتم و جیـاوازی، ڕابـردوو و داهـاتوو، ڕووتی و پۆشـین، دڵنیـایی و نـیگەرانی، زمـانی حیکایەتکردن و زمانی نووسین...

زمـان مـاڵی بـوونە، یـان مـاڵی نیگەرانییەکانی بـوون.. لە مـاڵی هـێمن و گەرم و پـڕ لە سـۆزی دوێنێ سیستمی زمان شێوەیەکی ڕێکوپێک و گونجاوی (سوسێر)ی فەراهەم دەکرد، بەڵام لە ماڵی جوڵاو و پڕ لە نیگەرانییەکانی ئەمڕۆدا زمان بەردەوام لە وێرانەیی و گۆڕاندایە. زمانی وێـرانەیی وەک (واڵـتەر بنیـامین) دەڵێ زمـانێکە تەواوی بـوون و بیرکردنەوەکـانی لەخـۆدا هەڵگرتووە. ئەگەرچی لەبەرانبەر زمانی وێرانەیی و جیاوازدا، زمانی حیکایەتکردن شێوەیەکی زیـاد لەخـۆوە و نـالۆژیکییە، بەڵام لە نـاوەوە هەڵگـری پـیرۆزی ڕابـردووە، پـیرۆزی ڕابـردوو جێگیرە، بەڵام زمانی وێرانەیی و جیاوازی لە هیچ ماڵێک جێگیر نابێت..

لەو لێکـۆڵینەوەیەدا گـۆڕان و نیگەرانییەکـانی زمـانی نووسـین وەک داهێنـان و داهێنـانی بەردەوام، زمـانی حیکـایەتکردن و بیرهێنـانەوە وەک ڕابـردووی دوور و لەمێژینـەی نەگـۆڕ دەخـوێنینەوە... ڕەنگە پرسـیار ئەوە بێ ئایـا زمـان لە هەردوو بـاردا هەر زمـان نیـیە؟ زمـانی نووسـین پەیوەنـدی بە داهێنـان و خەیاڵکردنی داهێـنەرانەوە دەکات، زمـانی حیکـایەتکردن

پەیوەنـدی بە بیرهێنـانەوەی لەخـۆوە هەیە. زمـانی نووسـین و داهێنـان دەکەوێـتە نێـو گۆڕانکارییە جیاوازییەکانی خەیاڵی سـەردەمەوە، حیکایەتکردن دەکەوێتە نێـو بیرهێنـانەوە جێگیرەکـانی مـاڵی مـێژووەوە. یەکەمیـان پەیوەنـدی بە گۆڕانکـاری و سـەیرورەوە هەیە، دووەمیان بە لەخۆوەیی و پیرۆزیی. جیاوازی نێوان سەیرورە و پیرۆزی، هەر جیاوازی نێوان گۆڕانی بەردەوام و جێگیری نییە. بەڵکو جیاوازی نێوان ئێستا و ڕابردووە.. جیاوازی نێوان هەڵوەشـانەوە و یەکپـارچەییە.. زمـانی داهێنـان لە نووسـیندا سیسـتمی دال و مەدلـول هەڵدەوەشـێنێتەوە و بەرەو خەیـاڵی نادیـار هەنگـاو دەنێـت، ئەوەی لە داهێنـانی بەردەوام دەمێنێـتەوە نیشـانەکانن. بەڵام زمـانی حیکـایەتکردن بـۆی نیـیە، لە چوارچێـوەی سـۆزی مەدلوولە پیرۆزەکانییەوە دەربچێت، لە بەرزترین پلەی بەرەوپێشچوونی بیرکردنەوەدا بیر لە هاوگونجانی مەدلوولەکانی دوێنێ لەمڕۆدا دەکاتەوە، بەڵام هەرگیز بۆی نییە، پیرۆزی دالە جێگیرەکان تێپەڕێنێ.

داهێنـان فەزای گریمـانەیی نـوێنەرایەتی دەکـات، بەڵام مـرۆڤ لە سیسـتمی هەڵـبژاردن دانەبڕاوە، بەو مانایەش داهێنانی ئەدەبی و هونەری لە سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکیی دەسـتکرد لە ڕێگـای پـۆلینکردنەوە، دەتـوانێ خـۆی لەگەڵ واقـیعی گریمـانەیی ئاماژەکـان بگـونجێنێ. هـونەری نووسـین هـونەری وێنـاکردن و بەرهەمهێنـانەوەی دالی بەردەوام و نادیـــارە، وەک ڕووە جیاوازەکـــانی حەقـــیقەتە. هـــونەری حیکـــایەتکردن، هـــونەری بەبیرهێنانەوەی مەدلوولە پیرۆز و جێگیرەکانی ڕابردووە، وەک حەقیقەتی چەسپاوە. کەواتە نووسـین بەرهەمهێنـانەوەی خەیـاڵی نـا-نوانـدنەوەیە. حیکـایەتکردن بەرهەمهێنـانەوەی پـیرۆزی جێگـیرە. لەنێـوان پـیرۆزیی و نانوانـدنەوەدا.. خەیـاڵی نانوانـدنەوە فـرە ڕەهەنـدترە لەوەی پـیرۆزی حەقـیقەتی چەسـپاو بەرگەی بگرێـت. ئەسـڵی حەقـیقەتی حیکایەتەکـانی ڕابردوو، لەنێو بەرەو پێشچوون و فرە ڕەهەندی خەیاڵی داهێنەرانەی نووسیندا وندەبێ. یان بە مانایەکی دیکە مەدلوولە چەسپاوەکان، لەنێو دالە گۆڕاوەکاندا بەردەوام کاڵتر دەبنەوە.

لە حیکایەتدا هـیچ ڕووتییەک بـوونی نییە، زمـان و جیهـان هـیچ درزێکیـان لەنێوانـدا نییە، زمان و پیرۆزیی یەکپاچەن! حیکایەتکردن گوزارشت لە تەواوی زمان وەک پیرۆزیی دەکات، پیرۆزی تەواو یەکپارچە خۆی داپۆشیووە. بەڵام لە نووسیندا زمان ڕووتە، بەو مانایەی کە گـرژییەکی گەورە لەنێـوان مەدلـوول و دالەکانـدا هەیە. لە نووسـیندا ڕووتی نـۆرمی بـاڵایە، باڵابوونی ڕووتی لە خەیاڵی زمانی داهێناندا بەردەوام خـۆی دەگۆڕێت. بەتەعبیری (واڵتەر بنیامین) دوای ڕووداوی بـورجی بابل، مرۆڤ و زمانی مرۆڤ بـۆ هەمیشـە کەوتۆتە بەردەم پەرتەوازەیی و ئـاڵۆزی... بـۆ زێـتر شـارەزایی بـڕوانە کتێـبی یەکەم، کێشــەی ســوبێکت، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٤، سلێمانی، ل٣٣، پێشڕەو محەمەد.

حیکـایەت ئەسـڵی نـیعمەتە، ئەسـڵی نـیعمەتی حیکـایەت مەدلـوولە پیرۆزەکـانی ڕابـردووە. نووسـین ئەسـڵی سرووشـتە، ئەسـڵی سرووشـتی نووسـین دەلالەتە گۆڕاوەکان و سـەیرورەی

خەیاڵی داهێنانە. لەنێوان زمانی نووسین و زمانی حیکایەتکردندا ڕوونی و ئاڵۆزی وەستاوە، ڕوونی گـرەنتی پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و جیهـان دەکـات و هەر لـێرەوە وەهـمی پـیرۆزیی هەناسە دەدات، پیرۆزییەکان خۆیان ڕادەگەیەنن و خۆیان وەک بونیاد دەسەپێنن. بەشێکی گەورەی خۆسـەپاندنی پـیرۆزیی لەوەدایە کە پـیرۆزیی نە بۆمـان دەگیرێـت و نە بۆمـان پـڕ دەکرێتەوە. لە دووەمیاندا زمان بەشێکی نەگوتراوی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەردەوام بەرانبەر بە جڵەوکـردن بەرهەڵسـتی دەکات. لـێرەدا نەگـوتراوی زمـان نادیـاری دەخـاتەوە، نادیـاری ئـاڵۆزی لێـدەکەوێتەوە.. بەشـێکی گەورەی ئـاڵۆزی داهێنـان لەوەدایە، کە زمـانی داهێنـان ڕابەرێکی دیاریکراو پێشەوایەتی ناکات، چونکە هیچ جۆرە قسەکەرێکی نییە.. بوونی زمانی نەگوتراوەکان لەگەڵ زمانی قسەکەر یەکە! بە مانایەکی دیکە ئەوە زمانە قسە بە قسەکەر دەکات. واتە زمان ئامڕازی گەیاندن نییە، زمان خۆی لە ڕێگای خۆیەوە دەردەبڕێت. بۆیە لەو حاڵەتەدا زمانی نووسین قەیرانێکی قووڵ ڕووبەڕووی زمانی حیکایەتکردن دەکاتەوە، کە تـا ئەو کاتە جگە لە مانـا شـتێکی دیکەی بەرهەم نەهێنـاوە. هەمیشـە زمـانی حیکایەتکردن هەوڵـدەدات ماناکـان و دەلالەتەکـان بەسـەر وشـە و چەمکەکانـدا بسـەپێنێ، دەیەوێـت چەمکەکان بەردەوام لۆکاڵی بکاتەوە و بەرگی زمـانی پەتی-ناوچەییان بەبەردا بکات. بـۆ زێتر شـارەزایی بـڕوانە: خولیـای شـیکردنەوە، عەبـدولموتەلیب عەبـدوڵڵا، چـاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٢٢، چەمکی زمان ل٩.

سەرەڕای ئەوەی زمانی حیکایەتکردن، هەوڵدەدات هیچ جۆرە گرژییەک لەگەڵ سیستمی بەمـیرات بۆمـاوە ڕوونەدات و ڕەوتی ڕووداوەکـان بـۆ هەمیشـە بە نـرخی دۆخی باڵادەسـت بپـارێزێ.. بەڵام زمـانی نووسـین وەک جیـاوازی، بەردەوام لەو دەسـەڵات و پیرۆزیـیەی حیکـایەتخوان دووردەکەوێـتەوە، نمـوونەی زینـدووش دوورکەوتنەوەکـانی ئەمـڕۆ لە چەمکەکانی ڕۆشنبیر، جەماوەر، شۆڕشگێر، شێخ، ئاغا.. ناپەیوەندی بە مەدلوولە داپۆشراو و پیرۆزەکانی ڕابردوو. لـێرەوە بە ڕووتی نـووسراوە لە سـەردەمی پاش حەقـیقەت و زیـرەکیی دەسـتکرد، لە فەزای ئەتـۆمگەرایی و گریمـانەیی سـیمیۆلۆژیا.. فـۆرم، جـێگەی جەوهەری گرتۆتەوە.

**یادەوەری**

**گەڕان بە دوای باوکدا**

ئەفلاتـوون بیرچـوونەوە بە نەزانی دادەنێت.. بەڵام لای (پۆل ڕیکـۆر) لەبیرچـوونەوە نەزانی نییە و دوژمنی مەعریفە و بەبیرهێنانەوەش نییە، بەڵکو گوزارشت لە حاڵەتێکی درووست دەکات، کە بە شـێوەیەکی گشـتی مرۆڤەکان تـووشی دەبـن. ڕیکـۆر لە تێزەکەیـدا و لە کتێبی (یـادەوەری، مـێژوو، بیرچـوونەوە) پێیـوایە ئەوە مـێژووە یـادەوەری لە فەرامۆشـکردن دەپارێزێـت، مـێژووش ململانـێی نێـوان مـرۆڤ و بەبیرهێنـانەوەیە. لەبیرچـوونەوە هـێزە و یادەوەری ئەرکە، هەردووکیان بەشداری لە پێکهاتنی مێژوودا دەکەن.

کەواتە ویستی بیرچوونەوە، توانایەکە بۆ بیرهێنانەوە، یان لەبیرچوونەوە لە ڕێگای زمانەوە نوێنەرایەتی ڕابردوو دەکات، زمانیش چالاکییەکی لەخۆوەی نێوان بیرهێنانەوە بیرچوونەوەیە. ئەو گوتەیەی ڕیکۆر بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبێتە پشتگیری بۆ کۆدە بەناوبانگەکەی (مرۆڤ فڕێدراوەتە نێو زمانەوە)ی ژاک لاکان.. چونکە وەک چۆن ناتوانین حوکم بەسەر زماندا بدەین، بە هەمان شێوەش ناتوانین حوکم بەسەر لەبیرچوونەوەدا بدەین. مرۆڤ لای لاکان وەک بەندەی ویستی زمان و لای ڕیکۆ وەک بەندەی ویستی بیرهێنانەوە دەمێنێتەوە.. بۆیە مرۆڤ پێویستە ڕێگا بۆ ویستی زمان و بیرچوونەوە والا بکات.. چونکە داهاتوو ملکەچی زمان و بەبیرهێنانەوە و لەبیرچوونەوەیە.. لەسەر ئەو بنەمایە ڕیکۆر لە کۆجیتۆکەیدا دەڵێت: من بیرم دێتەوە کەواتە من هەم، من بیرم دەچێ کەواتە من هەم. لەو کۆجیتۆیەوە جەخت لە پەیوەندی بەبیرهێنانەوە بە بوون و لەبیرچوونەوە بە بوون دەکات.. مۆرکێکی بوونگەرایی بە بیرهێنانەوە و بیرچوونەوە دەبەخشێت.

لە تێزەکەی ڕیکۆردا زمانی گێڕانەوە، گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووە، بەڵام ڕابردوو وەک خۆی نا، بەڵکو گێڕانەوە دووبارە بەپێی کات و شوێنی جۆراوجۆر، بە دارشینەوەیەکی دیکە هەڵدەسێتەوە.. بێ ئەوەی یادەوەری و خەیاڵ لێکجیا بکاتەوە.. دەشێ خودی خەیاڵیش ڕابردوو بونیاد بنێت.. کەواتە ئەوە ویستی لەبیرچوونەوەیە، یادەوەری وەک پرۆژەیەک بۆ داهاتوو تەماشا دەکات.

لێرەوە پرسیارێکی وردی (سانت ئۆگستین) هەیە، ئەویش: چۆن دەشێ قسە لە بارەی لەبیرچوونەوە بکەیت، ئەگەر لەژێر سایەی بەیادهێنانەوەی لەبیرچوونەوە نەبێ، بەو مانایەش بیرچوونەوە ملکەچی ئاگایی تاکە، ئەگینا چۆن دەزانێ لەبیری چۆتەوە؟ هەڵبەتە میکانیزمی کاری مرۆڤەکان لە بەرانبەر ترسی لەبیرچوونەوەدا هەمیشە بە دوو شێوە تەماشا کراوە، یان ترسەکە بۆتە هۆی خولقاندنی بەرهەمێکی مەزن و گەورەی ئەدەبی و هونەری یان زانستی.. یان زۆر جار بە پێچەوانەوە بۆتە هۆی وێرانکاری و شەڕ و کوشتن..

بەڵام ئەمڕۆ لە سەردەمی دیجیتاڵیدا تەواوی وێنەکان، تەواوی دال و مەدلولەکان هەڵدەوەشێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە ویستی بیرهێنانەوە نییە، بەڵکو تەنها نیشانەکان، دەلالەتەکانن.. لێرەدا دەلالەتەکان دەلالەتی بیرهێنانەوە نیین، بەڵکو نیشانەی زێدە واقیعین.. (ژان بۆدریار) دەڵێ زێدە واقیعی دۆخێکی نوێی کۆمەڵگایە کە ئاگایی بە بوونی خۆی بووە بە هەستکردنێکی نمایشکارانە، واقیع، واقیعی گۆڕیووە بۆ نمایش، هیچ کەلێنێکی بۆ ڕەخنە نەهێشتۆتەوە، واتە نیشانەکان نە هیچ شتێ دووبارە دەکەنەوە و نە بەرهەمی دەهێننەوە، جگە لەوەش هەر شتێ نەیەتە نێو نمایش وەک نەبوو وایە.

کەواتە سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکیی دەستکرد، هەر تەنها ڕاڤەکردنێکی نوێ نییە، بۆ یادەوەری و لەبیرچوونەوە.. بەڵکو زمانی یادەوەری لە سۆزی گەڕانەوە بۆ (دایوباب)

شـیدەکاتەوە.. لە سـۆزی گەڕانەوە بـۆ ئـارەزووکردنی دەسـەڵاتدا دەیبینێـت. بەو مانـایەش ئامانجی یادەوەری بەدەستهێنانی ئارەزووی دەسەڵاتی (دایوباب)ە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە وەک بـابەتی ئـارەزوو لەگەڵ (دایوبـاب) یەکبگـرێتەوە (وەک لە قۆنـاغە یەکەمەکـانی منداڵی..). لێرەوە سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکیی دەستکرد تەنها فیکری نوێی بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو بونیادی خودی بیرکردنەوەی گۆڕیووە.. لەبری سرووشـتی نیشانەکان و چۆنیەتی ڕاڤەکردن، خودی نیشانەکانی گۆڕیووە. کەواتە لەنێوان زمانی نووسین و زمانی بەبیرهێنانەوە و لەبیرچوونەوە گومانی هاوڕابوون هەیە! دەبێ زۆر لێی نەچینە پێشەوە، بەڵکو دەبێ ڕاستی ئەو مەسافەیە بپارێزین. وەک ئەوەیە بڵێین: لە سۆزە گەرمەکانت دەترسێم، زۆر لێم نزیک نەبیتەوە!. ئەوەی پەیوەندی نێوان زمانی نووسین و زمانی یادەوەری، زمانی نووسین و زمانی حیکایەتکردن، یان تەکنۆلۆژیا و زمان بەگشتی بەڕێوە دەبات، گومانی هاوڕابوونی شیعری بێ شیعرییەت، یادەوەری بێ لەبیرچوونەوە، گێڕانەوەی بێ خەیاڵ...

(ژیل دۆلۆز) نائاگایی بە شانۆی نمایشکردنی دراما ئۆدیبییەکان دادەنێت و بە توونـدی قسان لەبارەی نووسین وەک گەڕانەوە بۆ یادەوەرییە کەسییەکان دەکات، پێیوایە نووسین ئەوە نییە، کە باسی یادەوەری و سەفەر و سەرگەرمی و نەخۆشی و خەم و خەون و خەیاڵەکان دەکات. زمانی نووسینی داهێنەرانە ئەوە نییە، کە بۆ ژێر هەژموونی دەسەڵات، دەسەڵاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، یان بە خەیاڵداهاتنی نیازخوازانە و سەپێنەرانەی ڕابردوو نییە، وەک چۆن زمانی نووسینی داهێنەرانە ئەوە نییە، کە بە واقیعدا هەڵدەڵێت.. لێرە ئەوەی لە هەردوو باردا بە تۆخی ئامادەیە، دەسەڵاتی چیرۆکی دایە و بابەیە! بەو مانایە دەشێ بڵێین بیرهێنانەوە و بیرچوونەوە بونیادێکی ئۆدیپی (واتە مەیلی گەڕانەوەی کچ بۆ باوک و کوڕ بۆ دایک) هەیە، کە بۆ نووسینی حیکایەتکردنی یادەوەری، نووسەر بە واقیعی پێیهەڵدەسێت، یان لە خەیاڵی کۆنەخوازانەدا دەیچێنیت. لە کۆتاییدا ئەو شێوەیە لە بیرکردنەوە بەرەوە گەڕان بە دوای باوک و دایکدا دەتبات، وەک چۆن لە خەونە (ئۆدیبیەکانت) دەیبینیت، ئەوەش پەیوەندی بەوە هەیە، کە لە ڕێگای دایک و باوکەوە دەتەوێت منداڵی خۆت بدۆزیتەوە، بۆیە لە پێناو دایە و بابە دەنووسیت. بۆزێتر شارەزایی بڕوانە: المجله -العدد ١٩٦٤ دیسمبر/ کانون الاول ٢٠٢٤، الکتابه والنسیان، عبد السلام بنعبد العالی.


پرسیار ئەوەیە ئایا زمانی نووسینی داهێنەرانە دەتوانێت بەسەر زمانی حیکایەتکردندا زاڵ بێت و هۆشیاریی مرۆڤەکان لە گرێی ئۆدیبەوە بگۆڕێت بۆ سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکیی دەستکرد؟ نووسین هۆشیاریی خەڵک دەگۆڕێت! پاشان ئەو خەڵکانەی گۆڕاون، ئەو جیهانە دەگۆڕن کە تێیدا دەژین.. چۆن گرێی ئۆدیب ژیانی تایبەتی خۆی هەبوو. ئایا ژیانی سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکیی دەستکرد، بڕوای بە تێگەیشتنی ژیانی تایبەت هەیە.. زمانی نووسین ڕووبەڕووی ژیان و کەسەکان دەبێتەوە، بۆ ئەوەی خەیاڵی

داهێنەرانەی خۆی بسەلمێنێ و نکۆڵی لە هەموو شتە کەسییەکان بکات.. ئایا بۆ ئەوەی ڕووبەرووی ژیانی تایبەتی بێتەوە، دەچێتە خەیاڵی داهێنەرانەی خۆیەوە؟.

زمان بۆیە دەژی تا شتێ لە خەیاڵ بە ناویدا تێپەڕێت. بەڵام هەرگیز زمان، ژیان ئەرشیف ناکات، بەڵگەنامەی ژیان بۆ خۆی ژیانە، بەڵگەنامەی زمانیش خەیاڵی زمانە. ئەرکی ژیان نییە لە خۆی بکۆڵێتەوە، ئەرکی زمان نییە، لە بەڵگەنامەکانی خۆی بکۆڵێتەوە. نووسین بەڵگەنامەی خەیاڵی ژیانە و ژیان لە پێناو ژیاندایە، ژیان لە پێناو پێشکەوتنەکانی ژیاندایە. نووسین تەقاندنەوەی خەیاڵی زمان و ڕەتکردنەوەی ئەو سیستەمەیە، کە دەستی بەسەر ئازادی خەیاڵدا گرتووە. وەک چۆن پێویستە ژیان وەک دەستبەسەرداگرتن فەرامۆش بکەین! پێویستە زمانیش وەک تەقاندنەوەی خەیاڵ خۆی درێژ بکاتەوە!

ژیان و نووسین بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان گرەو لەسەر فەرامۆشی و بیرهێنانەوە دەکەن. بەڵام بۆ ئەوەی ژیان پەیامەکەی بگەیەنێت، دەبێ یارمەتی لە زمان وەرگرێت، نەک بیرهێنانەوە و بیرچوونەوە، نەک مێژوو و ڕابردوو.. چونکە زمانی نووسین بەرجەستەکەرێکی سەیری خەیاڵی خۆیەتی، بەرجەستەکەری خودی ژیان نییە. بەرجەستەکردنی خەیاڵی خودی زمان وەک خەیاڵی جوڵاو و سەیرورەی بەردەوام ڕێز لێگیراوە.. ژیان لەبەردەم داهێنانی خەیاڵی زمان بەردەوام چەماوەتەوە.. زمانی داهێنان چاوەڕێی یارمەتی لە ژیان ناکات، لە سەربەخۆیی و ئازادیدا ڕەگ و ڕیشەی درێژ دەبێتەوە. ژیانیش ئەوەندەی توانای دوورکەوتنەوەی لە ڕابردوو هەیە، توانای ئامادەبوون و زیندووکردنەوەی ڕابردووی نییە، چونکە حەقیقەتی ژیان حەقیقەتی پاش سەردەمی حەقیقەتە. وەک چۆن خەیاڵی زمانی نووسینی داهێنەرانە ڕەنگدانەوەی بەخەیاڵداهاتنی ڕابردووی نییە، ئامادەیی خەیاڵی زمانی داهێنان لە تەقینەوەی بەردەوامدایە. تەقینەوەی خەیاڵی زمانی داهێنان لە دوو ڕوودا دەردەکەوێت، وەک ئەوەی بەردەوام بۆشایی بخاتە زمانی ڕابردووەوە، وەک ئەوەی بەردەوام زمانێ لەنێو زماندا دابهێنێ.


هەولێر ٢٠٢٤/١٢/١٧



# | دەق و ڕەخنە

# | پڵنگەکان لە ڕۆژی دەیەم دا (وەرگێڕان و شیکاریی)

نووسینی: نووسەری سووری زەکەریا تامر
وەرگێڕان و شیکاریی: دکتۆر کەمال سەعدی



**یەکەم: دەقی چیرۆکەکە**


دارستانەکان دوور بوون لەو شوێنەی کە پڵنگەکەی لێ زیندانیکرابوو، وێڕای ئەم دوورییەش پڵنگەکە نەیتوانی لەبیریان بکات، بە تووڕەییەوە سەیری ئەو پیاوانەی دەکرد کە بە دەوری قەفەسەکەیدا دەسووڕانەوە، چاوەکانیان بە فزولی و بێ ترس هیوایان پێ دەبەخشی، یەکێکیان بە دەنگێکی لە سەرخۆ فەرمانی دەکرد:

- ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت فێری پیشەی من بیت - پیشەی ڕاهێنەری (مهنە الترویج) – نابێت لە هەر ساتێکدا، لەبیرتان بچێت، کە گەدەی بەرامبەرەکەت ئامانجی یەکەمتانە و بۆتان دەردەکەوێت کە لە هەمان کاتدا کارێکی قورس و ئاسانە.

ئێستا تەماشای ئەم پڵنگە بکەن: پڵنگێکی توندوتۆڵ و لووتبەرزە، زۆر شانازی بە ئازادی و هێز و درندەیی خۆیەوە دەکات، بەڵام دەگۆڕێت و وەك منداڵێکی بچووك نەرم و نیان و گوێڕایەڵ دەبێت، سەیرکەن چی ڕوودەدات لەنێوان ئەوانەی خواردنیان هەیە و ئەوانەی کەنیانە، فێربن.... بۆیە پیاوەکان بە خێرایی گوتیان کە دەبنە خوێندکارێکی دڵسۆزی پیشەی ڕاوکردن، ڕاهێنەرەکە بە دڵخۆشیەوە زەردەخەنەی کرد، پاشان قسەی بۆ پڵنگەکە کرد، بە تۆنێکی گاڵتەجاڕانە پرسی: میوانە ئازیزەکەمان چۆنە؟

پڵنگەکە وتی: شتێکم بۆ بێنە بیخۆم، کاتی ژەمەکەم هاتووە.

ڕاهێنەرەکە بە سەرسوڕمانی خۆنمایشەوە وتی: ئایا فەرمانم پێدەدەیت لەکاتێکدا تۆ دیلی منیت؟ چ پڵنگێکی گاڵتەجاڕیت، دەبێت درك بەوە بکەیت کە من تاکە کەسم کە مافی ئەوەم هەیە لێرە فەرمان بدەم.




پڵنگەکە وتی: کەس فەرمان بە پڵنگ ناکات.

ڕاهێنەرەکە وتی: بەڵام ئێستا تۆ پڵنگ نیت...لە دارستاندا تۆ پڵنگیت، ئێستا تۆ لە قەفەسدایت، تەنها کۆیلەیەکیت کە گوێڕایەڵی فەرمانەکان دەبیت و هەرچیم بوێت دەیکەم.

پڵنگەکە بە کابرای وت: من نابمە کۆیلەی کەس.

ڕاهێنەرەکە وتی: تۆ ناچاری گوێڕایەڵی من بیت چونکە من ئەو کەسەم کە خواردنەکەم لایە.

پڵنگەکە وتی: من خواردنی تۆم ناوێت.

ڕاهێنەرەکە وتی: بە ئارەزووی خۆت بخۆ، چونکە من ناچارت ناکەم ئەو کارە بکەیت کە ناتەوێت بیکەیت.

قسەی بۆ شاگردەکانی کرد، وتی: دەبینن چۆن دەگۆڕێت، سەری بڵند گەدەی برسی تێر ناکات.

پڵنگەکە برسی بوو، بە خەمەوە، ئەو ڕۆژانەی بیرکەوتەوە کە وەك با بەبێ خۆگرتن ڕایدەکرد و بەدوای نێچیرەکەیدا دەگەڕا.

لە ڕۆژی دووەمدا ڕاهێنەرەکە و خوێندکارەکانی قەفەزی پڵنگەکەیان گەمارۆدا. ڕاهێنەرەکە وتی: ئایا تۆ برسی نیت؟.....بەدڵنیاییەوە تۆ برسیت، برسییەتیەك کە ئەشکەنجە و ئازارت دەدات..... بڵێ برسیمە و ئەو گۆشتە بەدەست دەهێنیت کە دەتەوێت.

پڵنگەکە بێدەنگ بوو. ڕاهێنەرەکە پێی وت: ئەوەی من دەیڵێم بیکە، گەمژە مەبە. دان بەوەدا بنێ کە برسیتە، یەکسەر تێر دەبیت.

پڵنگەکە بێدەنگ مایەوە. ڕاهێنەرەکە پێی وت: ئەوە بکە کە پێتی دەڵێم، ئەحمەق مەبە، دان بەوەدا بنێ کە برسیتە، دەمودەست تێر دەبیت.

پڵنگەکە وتی: من برسیمە.

ڕاهێنەرەکە پێکەنی و بە قوتابیەکانی وت: دەبینن چۆن کەوتۆتە تەڵەیەکەوە کە لێی دەرباز نابێت..... فەرمانی دا، پڵنگەکە گۆشتێکی زۆری دەستکەوت.

لە ڕۆژی سێیەمدا ڕاهێنەرەکە بە پڵنگەکەی وت: ئەگەر دەتەوێت ئەمڕۆ بخۆیت، ئەوەی لێت دەخوازم بیکە.

پڵنگەکە وتی: من گوێڕایەڵی تۆ نابم.

ڕاهێنەرەکە وتی: پەلە مەکە، داواکارییەکەم زۆر سادەیە. ئێستا لە قەفەزەکەتدا دەسوڕێیتەوە. کاتێك پێت دەڵێم بوەستە، دەبێت بوەستیت.

پڵنگەکە لە دڵی خۆیدا وتی: بەڕاستی داواکارییەکی بێ بایەخە، شایانی ئەوە نییە کە من سەرسەخت بم و برسی بم.

ڕاهێنەرەکە بە تۆنێکی توند و فەرماندەیی هاواری کرد پێی وت "بوەستە".

پڵنگەکە یەکسەر جووڵەی لە خۆی بڕی، ڕاهێنەرەکەش بە دڵخۆشیەوە وتی: چاکتکرد.

پڵنگەکە دڵخۆش بوو و بە تەماحەوە خواردنی خوارد...... لە کاتێکدا ڕاهێنەرەکە بە خوێندکارەکانی دەگوت: دوای چەند ڕۆژێکی تر دەبێتە پڵنگی کاغەز.

لە ڕۆژی چوارەمدا، پڵنگەکە بە ڕاهێنەرەکەی وت: من برسیمە، بۆیە داوام لێ بکە بووەستم.

ڕاهێنەرەکە بە خوێندکارەکانی وت: دەبینن چۆن حەزی لە فەرمانەکانم کردووە!

پاشان بەردەوام بوو و قسەی بۆ پڵنگەکە کرد: ئەمڕۆ ناخۆیت مەگەر لاسایی میاوە میاوی پشیلە نەکەیتەوە.

لاسایی میاوە میاوی پشیلەکانی کردەوە..... ڕاهێنەرەکە تورەبوو، بە نارەزایی وتی: لاساییکردنەوەکەت شکستخواردووە. ئایا نەڕاندن بە دەنگی زبر میاوە؟

پڵنگەکە دیسانەوە لاسایی میاوکردنی پشیلەی کردەوە، بەڵام ڕاهێنەرەکە بە دەموچاو گرژی مایەوە و بە سووکایەتییەوە وتی: بێدەنگ بە، بێدەنگ بە... لاساییکردنەوەکەت تا ئێستاش شکستی هێناوە، ئەمڕۆ ڕێگەت پێدەدەم مەشقی میاوی پشیلە بکەیت، سبەی تاقیت دەکەمەوە، ئەگەر سەرکەوتوو بوویت دەخۆیت، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوویت ناخۆیت.

ڕاهێنەرەکە لە قەفەزی پڵنگەکە دوورکەوتەوە و بە هێواشی ڕۆیشت و قوتابییەکانی بە چرپە و پێکەنین بەدوایدا ڕۆیشتن.

پڵنگەکە بە پاڕانەوە بانگی دارستانەکان دەکات، بەڵام دوور بوون.

لە ڕۆژی پێنجەمدا، ڕاهێنەرەکە بە پڵنگەکەی گوت: ئەگەر سەرکەوتووانە لاسایی میاوی پشیلە بکەیتەوە، پارچەیەکی گەورەی گۆشتی تازەت دەستدەکەوێت.

پڵـنگەکە لاسـایی میـاوی پشـیلەکانی کـردەوە، بـۆیە ڕاهێـنەرەکە چەپـڵەی لێـدا و بە خۆشحاڵییەوە وتی: تۆ گەورەیت.. وەك پشیلە لە مانگی شوباتدا دەمیاوێنی..

ئەمەی گوت و پارچە گۆشتێکی گەورەی بۆ فڕێدا.

لە ڕۆژی شەشـەمدا، هەر کە ڕاهێنەرەکە لە پڵنگەکە نزیکبۆوە، پڵنگەکە بە خێرایی لاسایی میـاوەی پشـیلەکانی کـردەوە، بەڵام ڕاهێـنەرەکە بە تـوڕەیی و بێـدەنگی و مڕومـووچ مـایەوە، پڵنگەکە وتی: من لاسایی میاوی پشیلەکانم کرد.

ڕاهێنەرەکە وتی: لاسایی زەڕینی کەر بکەرەوە.

پڵنگەکە بە نارەزاییەوە وتی: من ئەو پڵنگەم کە ئاژەڵە کێوییەکان لێی دەترسن، بۆیە لاسایی کەر دەکەمەوە؟

ڕاهێنەرەکە بەبێ ئەوەی قسەیەك بڵێت لە قەفەزی پڵنگەکە دوورکەوتەوە.

لە ڕۆژی حەوتەمـدا ڕاهێـنەرەکە بە ڕووخسـارێکی پێکەنینـاوی و دەربـڕینێکی نەرمەوە هـاتە لای قەفەزی پڵنگەکە.

پڵنگەکە وتی: دەمەوێت بخۆم.

ڕاهێـنەرەکە وتی: ئەو گۆشــتەی دەیخۆیـت نــرخێکی هەیە، وەك کەر بـزەڕە و خواردنـت دەستدەکەوێت.

پڵـنگەکە هەوڵیـدا دارسـتانەکان لەبیر بکات، بەڵام شکسـتی هێنـا، و بە چـاوی داخـراوەوە دەسـتیکرد بە زەڕین، ڕاهێنەرەکە وتی: زەڕینەکەت سـەرکەوتوو نییە، بەڵام لە بەزەییـتەوە پارچە گۆشتێکت پێدەدەم.

لە ڕۆژی هەشـتەمدا ڕاهێـنەرەکە بە پڵـنگەکەی وت: سـەرەتای وتارێـك دەدەم و کە تەواو بووم لە سەرسامیدا چەپڵە لێبدە.

پڵنگەکە وتی: چەپڵە لێدەدەم.

پاشـان ڕاهێـنەرەکە دەسـتی بە وتـارەکەی کـرد و وتی: هاوڵاتییـان، پێشـتر لە زۆر بـۆنەدا هەڵوێسـتی خۆمـان لەسـەر هەمـوو پرسـە چارەنووسـازەکان ڕوون کـردۆتەوە و ئەم هەڵوێسـتە پـتەو و ڕوونە هەرچەنـد هـێزە دوژمنکارەکـان پیلانگـێڕی بـکەن، ناگۆڕێـت و بە باوەڕیشەوە دەگۆڕێین سەرکەوتوو بن.

پڵنگەکە وتی: من تێنەگەیشتم چیت وت.

ڕاهێنەرەکە وتی: دەبێت سەرسام بیت بە هەموو قسەکانم و بە سەرسامیەوە چەپڵەی بۆ لێبدەیت.

پڵنگەکە وتی: لێم ببورە. من کەسێکی نەزان و نەخوێندەوارم، قسەکانت نایاب و چەندە چەپڵە لێدەدەم کە تۆ بتەوێت.

پڵنگ چەپڵەی لێدا، ڕاهێنەرەکە وتی: من حەزم لە دووڕوویی و دووڕووەکان نییە، ئەمڕۆ تۆ وەك سزا لە خواردن بێبەش دەبیت.

لە ڕۆژی نۆیەمدا ڕاهێنەرەکە بە کۆتەڵێك گیاوە هات و فڕێیدایە سەر پڵنگەکە و وتی: بخۆ.

پڵنگ وتی: ئەمە چییە من گۆشتخۆرم.

ڕاهێنەرەکە وتی: لەمڕۆوە جگە لە گیا هیچی تر ناخۆیت.

کاتێك پڵنگەکە زۆر برسی بوو، هەوڵیدا گیایەکە بخوات، بەڵام بە هۆی تامەکەی تووشی شۆك بوو و بە بێزارییەوە لێی دوور کەوتەوە، بەڵام دیسانەوە گەڕایەوە بۆی و وردە وردە دەستیکرد بە چێژوەرگرتن لە تامەکەی.

لە ڕۆژی دەیەمدا ڕاهێنەر و قوتابییەکانی و پڵنگ و قەفەزەکە ون بوون، پڵنگەکەش بوو بە هاوڵاتی و قەفەسەکەش بۆی بوو بە شار.

دووەم: خوێندنەوە و شیکاریی بۆ چیرۆکی "پڵنگەکان لە ڕۆژی دەیەمدا"

چیرۆکی "پڵنگەکان لە ڕۆژی دەیەمدا" چیرۆکێکی ڕەمزییە کە تیشك دەخاتە سەر تەوەری ستەمکاری و ڕێگریکردن، هەروەها ئاشکرای دەکات کە مرۆڤ چۆن دەتوانێت خۆی لەگەڵ نادادپەروەریدا بگونجێنێت تا دەبێتە بەشێك لە سروشتی خۆی.

## | پوختەی چیرۆك

چیرۆکەکە باس لە پڵنگێکی بەهێز دەکات کە لە جەنگەڵدا دەژی، بەڵام دەگیرێت و لە قەفەزێکدا زیندانی دەکرێت. سەرەتا پڵنگەکە خۆی ڕادەست دەکات و هەوڵی هەڵهاتن دەدات، بەڵام برسی دەکرێت و لێی دەدرێت و وردە وردە لەلایەن ڕاهێنەرەکەیەوە لێیرادێت. ڕاهێنەر پلانی دە ڕۆژە بەکاردەهێنێت، وردە وردە بەرخۆدانی پڵنگ کەمدەکاتەوە، تا ڕۆحی یاخیبوونی خۆی لەدەست دەدات و بەتەواوی ملکەچ دەبێت و تەسلیم دەبێت.

لە ڕۆژی دەیەمدا پڵنگەکە دەگاتە قۆناغێك کە چیتر پێویستی بە پاسەوان نییە بۆ ئەوەی زیندانی بکرێت، چونکە گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە تەنها ئاژەڵێکی ماڵییە و ناتوانێت لە دەرەوەی قەفەزێك بژی. بەم شێوەیە پڵنگ لە هێمای هێز و ئازادییەوە دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی گوێڕایەڵ کە بەبێ بەرەنگاربوونەوە پێگەی نوێی خۆی قبوڵ دەکات.

## | دەلالەتی ڕەمزیی

چیرۆکەکە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە چۆن ستەمکاری بەردەوام و دەستەمۆکردنی سیستماتیکی دەتوانێت ڕۆحی یاخیبوون لە مرۆڤدا بکوژێت، و وای لێبکات کۆیلایەتی وەك چارەنووسێکی حەتمی قبوڵ بکات. ڕەخنەیەکی بەهێزە لە ستەمکاری و دیکتاتۆریەت، وەك زەکەریا تامر نیشان دەدات کە تاکەکان چۆن لە بوونەوەری ئازادەوە دەگۆڕدرێن بۆ ملکەچ، نەك تەنها بە زەبری هێز، بەڵکو بە قەناعەت پێکردنی تەدریجی، کە ئەمە "دۆخێکی ئاسایی"یە.

## | شیکاریی چیرۆکی "پڵنگەکان لە ڕۆژی دەیەمدا"

### ١. تەکنیکەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکدا بەکارهێنراون

**أ. هێماسازی**

چیرۆکەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر هێماسازی دامەزراوە، بەو پێیەی پڵنگ نوێنەرایەتی مرۆڤی ئازاد دەکات کە سەرکوت دەکرێت و دەستەمۆ دەکرێت تا ئارەزووی ئازادی لەدەستدەدات و ڕاهێنەر نوێنەرایەتی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارە دەکات کە میتۆدی دەروونی و جەستەیی بەکاردەهێنێت بۆ دەستەمۆکردنی تاکەکان. قەفەز تەنها شوێنێکی فیزیکی نییە، بەڵکو هێمای ستەمکاری و ئەو سنووردارکردنە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەیە کە مرۆڤ بە کۆت و بەندەوە دەبەستێتەوە.

**ب. دەوڵەمەندیی زمانەوانی و چڕبوونەوە**

ستایلی زەکەریا تامر بە چڕبوونەوە و دەوڵەمەندیی زمانەوانی تایبەتمەندە، بەو پێیەی پشت بە ڕستەی کورت و ڕاستەوخۆ دەبەستێت کە بە ڕوونی و بەبێ درێژکردنەوە مانا دەگەیەنن. ئەمەش وا دەکات چیرۆکەکە هەست بە پەنجەیەکی بەهێز بکات بۆ خوێنەر، پەیامەکە بە خێرایی و بە قووڵی دەگەیەندرێت.

**ج. گاڵتەجاڕی ڕەش**

نووسەر بۆ ئاشکراکردنی ستەم، گاڵتە ڕەشەکان بەکاردەهێنێت، بەو پێیەی ڕاهێنەر وا دەردەکەوێت کە کاری لۆژیکی و ڕەوا دەکات لە دەستەمۆکردنی پڵنگەکە، لە کاتێکدا لە واقیعدا ئەوەی دەیکات لەناوبردنی ڕۆح و ئیرادەیەتی. ئەم پارادۆکسە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەڵام کاریگەرانە تیشك دەخاتە سەر کارەساتەکە.

**د. گێڕانەوەی سادە بە قووڵایی فەلسەفی**

هەرچەندە چیرۆکەکە لە ڕووکەشدا سادە دەردەکەوێت، بەڵام هەڵگری ڕەهەندی فەلسەفی قووڵە سەبارەت بە ئازادی و چەوساندنەوە و چۆنیەتی پێکهێنانی ملکەچبوون لە تاك و کۆمەڵگادا.

## ٢. وانەی فێربوون لە چیرۆکەکە

**أ. ستەمکاری پێش جەستە ڕۆح دەکوژێت**

چیرۆکەکە ئەوە نیشاندەدات کە سەرکوتکردن هەمیشە پێویستی بە هێزی جەستەیی نییە، بەڵکو دەتوانرێت لە ڕێگەی دەستەمۆکردنی دەروونی و ماڵیکردنی وردە وردە بەدەستبهێنرێت، تا تاکەکەس نەتوانێت لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بیربکاتەوە.

**ب. مەترسی ڕاهاتن لەگەڵ نادادپەروەری**

لە ڕۆژی دەیەمدا پڵنگەکە پێویستی بە پاسەوانەکان نەما تا هەست بە زیندانی بکات، بەڵکو لە ناخی خۆیدا زیندان بوو. ئەمەش ئاماژەیە بۆ مەترسی وردە وردە تەسلیمبوون بە نادادپەروەری، کە ستەمکردن دەبێتە بەشێك لە خۆڕاگری مرۆڤ.

**ج. ئازادی پێویستی بە بەرخۆدانی بەردەوام هەیە**

چیرۆکەکە داوای ئاگاداری بەردەوام لە مەترسییەکانی ستەمکاری دەکات، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئازادی بە ئاسانی نابەخشرێت، بەڵکو پێویستی بە بەرخۆدانی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ نەکەوێتە داوی وردە وردە قبوڵکردنی کۆیلایەتی.

**د. سەرکوتکردن تەنها کردارێکی ڕاستەوخۆ نییە بەڵکو پرۆسەیەکی سیستماتیکە**

سەرکوتکردن لەناکاو نییە، بەڵکو وردە وردە تا ئەو کاتەی کەسەکە لەگەڵ دەوڵەتە نوێیەکەیدا ڕادێت، بیرۆکەیەك کە بۆ دەسەڵاتە پاوانخوازەکان دەگونجێت کە لە ڕێگەی هەنگاوی حیسابکراوەوە کۆنترۆڵی دەسەپێنن کە ستەمکردن بە "سروشتی" دەردەخەن.

## | ئەنجام

چیرۆکی پڵنگەکان لە ڕۆژی دەیەمدا نموونەیەکی نایابی ئەدەبیاتی ڕەمزییە کە بە شێوازی هونەری بەهێز ستەمکاری ئاشکرا دەکات. زەکەریا تامر بە کەڵك وەرگرتن لە دەوڵەمەنیی

زمانەوانی و هێماگەرایی قووڵ و نوکتەی ڕەش ڕەخنەیەکی توند لە ڕژێمە ستەمکارەکان دەگرێت و وا لە خوێنەر دەکات بیر لە مانای ئازادی و چۆنیەتی پاراستنی ئازادی بکاتەوە.

**|سەرچاوە:** زكريا تامر، النمور في الوم العاشر، دار نشر الآداب، گ٢، ١٩٨١

--------------------

**|تێبینی**: ئەو کتێبەی کە چیرۆکی "پڵنگەکان لە ڕۆژی دەیەمدا" لەخۆدەگرێت، کۆمەڵێك کورتە چیرۆکە بە هەمان ناوی نووسەری سووری زەکەریا تامر. ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٧٨ لە لایەن دار ئەلئەدەب لە بەیروت چاپ کراوە. کۆمەڵەکە ٧٠ لاپەڕە لەخۆدەگرێت.



**زەکەریا تامر** لە ساڵی ١٩٣١ لە دیمەشق لەدایکبووە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ بەشداری کردووە لە دامەزراندنی یەکێتی نووسەران لە سووریا، بەرهەمەکانی بریتین لە "پڵنگەکان لە ڕۆژی دەیەمدا"، "ڕەشەبا"، و "دیمەشقی ئاگرەکان". کتێبەکانی وەرگێڕدراون بۆ چەندین زمان. لە زمانەکان.

لە ساڵی ٢٠٠٢خەڵاتی مەحمود دەروێشی بۆ داهێنەری عەرەبی، وخەڵاتی سوڵتان ئەلعوەیسی. بۆ کورتە چیرۆك و خەڵاتی یەکەمین مەکۆی قاهیرە بۆ کورتە چیرۆکی لە ساڵی ٢٠٠٩وەرگرتووە.

# | باش کاتب (دەق و شیکاریی)

**نووسینی: دکتۆر کەمال سەعدی**
**شیکاریی: سوزان ئەلخەتیب**



**دەقی چیرۆکەکە:**

وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەرلەمان، یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست بۆ پێداچوونەوە و پەرەپێدان بە سیستەمی پەروەردەو خوێندن لە وڵات. کەسانێکی زۆریان بانگێشت کرد، منیش میوانی کۆنگرەکە بووم.

کۆنگرەکە بە وتەی سەرۆکی پەرلەمان دەستی پێکرد. کەسێکم لە تەنیشت دانیشتبوو، هەرچەند بڕوانامەیەکی بەرزی نەبوو، بەڵام نووسەرێکی باش بوو، لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان وتاری بڵاو دەکردەوە. بەر لەوەی سەرۆکی پەرلەمان وتەکەی پێشکەش بکات، ئەو کەسەی تەنیشتم، گوتی: سەرۆکی پەرلەمان ئێستا وا دەڵێت و وا دەڵێت.

کاتێك سەرۆکی پەرلەمان وتەکەی خوێندەوە، هەمان ئەو قسانەی کرد کە ئەو کەسە پێی گوتم.

دوای ئەویش وەزیری پەروەردە، بانگێشتی سەر ستێج کرا بۆ پێشکەشکردنی وتەکەی. بەر لەوەی وتەکەی پێشکەش بکات، دیسان هەمان کەس گوتی: وەزیری پەروەردە وا دەڵێت و وا دەڵێ.

کاتێك وەزیری پەروەردە وتەکەی خوێندەوە، هەمان ئەو قسانەی کرد کە ئەو پێی گوتم.

سەرم سوڕما، لە دڵی خۆمدا گوتم: (ئەو پیاوە خدری زیندەیە یان حەزرەتی مەسیح، چۆن زانی ئەوانە لە وتەکانیان باسی چی و چی دەکەن، مەگەر فاڵچی یان پێشبین بێت، ئەگینا کێ دەزانێت ناخی مرۆڤەکان بخوێنێتەوە!).

لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، بانگی وەزیری خوێندنی باڵایان کرد وتەکەی پێشکەش بکات. هەمدیس بەرلەوەی وەزیری خوێندنی باڵا وتەکەی بخوێنێتەوە، پێی گوتم: وەزیری خوێندنی باڵا وا دەڵێت و وا دەڵێ.

قسەکەی ڕاست دەرچوو، وەزیری خوێندنی باڵا بێ کەم و زیاد ئەو قسانەی کرد کە ئەو پێی گوتم.

خۆم پێ نەگیرا بە تەوسەوە پێم گوت: پێم ناڵێی تۆ چیت، دیارە فاڵچی یان پێشبینیت، یانیش (عیلمی غەیب)ت هەیە؟!

بە پێکەنینەوە گوتی: نە فاڵچیم و نەپێشبینم، تەنیا خودا عیلمی غەیبی هەیە.

منیش گوتم: ئەدی چۆن زانیت ئەوان چی دەڵێن و چی ناڵێن؟!

گوتی: بێ ئەوەی ئاگایان لە یەکدی بێت، هەرسێکیان بە جیا داوایان لێکردم کە وتەیان بۆ بنووسم، منیش بۆم نووسین.

## خوێندنەوە و شیکاریی دەقی چیرۆکەکە:

لەم کورتە چیرۆکەدا ڕەخنەیەکی ناڕاستەوخۆ لە دیاردەی پێشوەختە ئامادەکردنی وتاری فەرمی لە نێوەندە سیاسی و ئیدارییەکاندا دەبینینەوە، هەروەها ڕۆشنایی دەخاتە سەر ڕۆڵی ئەو نووسەرە یان "نووسەرە شاراوەکە" کە وتار بۆ وتەبێژە فەرمییەکان ئامادە دەکات، جا ئەوان سەرۆکی ئەنجومەن بن یان وەزیر.

## گرنگترین خاڵ و شیکارییەکان:

### دووبارەکردنەوە و میکانیزم لە پێشکەشکردنی وتارەکاندا:

چیرۆکەکە ئەوە دەردەخات کە سەرجەم وتاربێژان (سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، وەزیری پەروەردە، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) وتاریان پێشکەش کرد کە هەمان دەق یان بیرۆکەی تێدابوو، ئەمەش بەهۆی دەستێوەردانی ئەو کەسەی لە تەنیشت گێڕەرەوە دانیشتبوو.

ئەم دووبارەبوونەوەیە ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی تاکایەتیی قسەکەران و پشتبەستن بە تەواوی بە دەقێکی پێشوەختە ئامادەکراو، کە ڕەنگدانەوەی جۆرێك لە ڕۆتین و میکانیزمە لە گوتاری فەرمیدا.

**ڕۆڵی نووسەر وەك فاكتەرێكی شاراوە:**

لە دیالۆگەوە ڕوونە کە ئەو کەسەی وا دەردەکەوێت کە "هەموو شتێك دەزانێت" یان پێشبینی ئەوە دەکات چی دەگوترێ، لە ڕاستیدا وتارنووسەکەیە. تەنیا لەسەر داوای تایبەتی سیاسەتمەداران دەقەکانی ئامادە کردووە.

ئەم ڕاستییە ئەوە ئاشکرا دەکات، ئەوەی پێدەچێت داهێنەری بێت یان "سیحر" لە پێشبینیکردندا، تەنیا دەرئەنجامی کاری نهێنی پشت پەردەیە، ئەمەش نیشاندەدات کە چۆن نووسەر دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت لە دارشتنی گوتاری فەرمیدا، بەبێ ئەوەی بە ئاشکرا ئیعتباری بۆ بکرێت.

**دەرکەوتن بەرامبەر واقیع:**

ئەم ڕووداوە سەرسوڕمانی گێڕەرەوە دەوروژێنێت لە وەسفکردنی نووسەر وەك "قەشەیەکی زیندوو یان مەسیح"، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕادەی کاریگەریی وشە ئامادەکراوەکان لەسەر بینەر.

ئەم ناتەباییە لە نێوان ڕواڵەت (پێشبینی وردی وشەکان) و واقیع (ئامادەکردنی نووسەرێك کە وتارەکان ئامادە دەکات) پرسیار لەسەر باوەڕپێکراوی و ڕەسەنایەتی گوتاری سیاسی دەوروژێنێت، چونکە ئەو گوتارەی کە بە هۆشیارانە و داهێنەرانە دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا بەرهەمی کاری ئامادەکارییە کە پێشوەختە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

**پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانە:**

چیرۆکەکە ڕەخنەیەکی ناڕاستەوخۆ لە دەسەڵاتی سیاسی لەخۆدەگرێت کە وشەی ئامادەکراوی پێ باشترە، ڕەنگە بۆ ئەوەی وێنەیەکی یەکگرتوو و بێ سەرسوڕمان بپارێزێت.

هەروەها دەکرێت ئەمە وەك ڕەخنەیەك لەو دیاردەیە لێکبدرێتەوە کە گوتاری کەسی و خۆبەخۆ بێبەها دەکات و دەقەکانی نووسراوی پسپۆڕان بە باشتر دەزانێت بەسەر ئەو وشانەی کە لە بیرکردنەوە و واقیعی سیاسی خودی قسەکەرەوە سەرچاوە دەگرن.

**ڕۆڵی نووسەر و داهێنان لە گوتاری سیاسیدا:**

لە چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت کە نووسەر لێهاتووییەکی زۆری لە نووسین و دەربڕیندا هەیە، بەو پێیەی توانیویەتی وشەکان دابڕێژێت کە لەگەڵ هەڵوێستە سیاسییەکاندا بگونجێت و پێشبینی کاردانەوەی بینەر بکات.

بەڵام ئەم تایبەتمەندییە زیادەڕۆییەوە ڕەنگە پرسیار لە سەر سەربەخۆیی گوتاری سیاسی دروستبکات، ئاخۆ دەربڕینی بیروڕای وتاربێژانە یان تەنها گواستنەوەی دیدگای لایەنە دەرەکییەکانە.

خاڵە ئەرێنییەکانی گێڕەرەوە لەم چیرۆکەدا دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

**لێهاتوویی نووسین و توانای فۆرموڵەکردن:**

نووسەر توانایەکی بەرز لە داڕشتنی وشە و وتارەکان بە شێوەیەکی لێهاتووانە نیشاندەدات، ئەمەش پیشەیی بوونی خۆی لە بواری نووسیندا نیشاندەدات. ئەو دەقەی کە ئامادەی دەکات، بە سەلاسەت و ڕوونی تایبەتمەندە، ئەمەش وایکردووە کە لەلایەن بەرپرسان و خەڵکەوە بە هەمانشێوە قبوڵ بکرێت.

**تێگەیشتنێکی قووڵ لە چوارچێوەی سیاسی و میدیایی:**

چیرۆکنووس دەتوانێت لە سروشتی گوتاری سیاسی و مەرجەکانی دەسەڵات تێبگات، دەقەکان بە شێوەیەك دەنووسێت کە لەگەڵ هەڵوێست و پێداویستییە فەرمییەکان بگونجێت، بەبێ ئەوەی لەگەڵ وێنەی خوازراوی بەرپرسان ناکۆکی هەبێت.

**توانای خۆگونجاندن لەگەڵ کەسایەتی و پێگەی جیاواز:**

سەرەڕای جیاوازی نێوان لایەنەکان (سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، وەزیری پەروەردە، وەزیری خوێندنی باڵا)، نووسەر توانای ئامادەکردنی وتارەکانی هەیە کە لەگەڵ هەر کەسایەتییەك و پێداویستییەکانیدا بگونجێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەرمی و ئاشنابوونی بە شێوازە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن.

**ڕۆڵی ئەرێنی وەك حەلقەیەکی وەسڵی ڕانەگەیەندراو:**

چیرۆکنووس لە ڕێگەی ڕۆڵی "شاراوە"ی خۆی لە ئامادەکردنی وتارەکاندا، بەشداری دەکات لە پاراستنی یەکگرتوویی پەیامە فەرمییەکان، ئەمەش بەشدارە لە یەکخستنی گوتاری سیاسی و بەرزکردنەوەی وێنەی جەستەی فەرمی لەبەردەم خەڵکدا، تەنانەت ئەگەر ئەمە دوور بێت لە ڕووناکی چاو.

**نیشاندانی بەهای داهێنان لە پشت پەردەوە:**

چیرۆکەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن نووسەر دەتوانێت توخمێکی سەرەکی بێت لە سەرکەوتنی وتارێکی فەرمیدا، ڕەهەندێکی ئەرێنی پێدەبەخشێت وەك هونەرمەندێك لە پشت پەردەوە، کە تیشك دەخاتە سەر داهێنان و ئەفراندن لە داڕشتنی بیرۆکەیەکدا کە پێدەچێت لە دڵی قسەکەرانەوە سەریانهەڵدابێت.

بە کورتی چیرۆکنووس پیشەییبوون و لێهاتوویی بەرز لە نووسین و ئامادەکاریدا نیشاندەدات، لەگەڵ تێگەیشتنێکی قووڵ لە چوارچێوەی سیاسی و میدیایی، ئەمەش وایلێدەکات سەرباری نەبوونی لە ڕووناکی گشتیدا ببێتە توخمێکی ئەرێنی و گرنگ.

**پوختە:**

چیرۆکەکە تیشك دەخاتە سەر دژایەتی نێوان ڕواڵەتی دەرەوەی سیاسەتمەداران و توانای پێشکەشکردنی وتار و واقیعی پشتبەستنیان بە دەقی ئامادەکراو کە لەلایەن یەکێکیانەوە نووسراوە. ئەم پشتبەستنە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕەسەنایەتی و کەسایەتی لە گوتاردا، هەروەها پرسیار لەسەر ڕادەی ئازادیی ڕادەربڕین و داهێنان لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەوروژێنێت. ڕەنگە دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا لەم چیرۆکەدا بانگهێشتنامەیەك بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە دیمەنەکانی پشت وتارە فەرمییەکان ببینێت، و چۆن ئەو دیمەنانە کاریگەرییان لەسەر ئاڕاستەی ڕای گشتی و داڕشتنی سیاسەتەکان هەیە، ئەمەش داوای شەفافیەت و متمانەی زیاتر دەکات لە پرۆسەی پەیوەندی سیاسیدا.

**سەرچاوە:**

ژیانی دوای مردن (سەد کورتە چیرۆك): نووسینی دکتۆر کەمال سەعدی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر،٢٠٢٤.

# | دیمانە

# | ئازاد خەمە: من بۆ خۆم دەنووسم، لای من گرنگ نییە خوێنەر دەیخوێنێتەوە، یان نا



**دیمانە: گۆڤاری دنیای چیرۆک**

لە دنیای گێڕانەوە و سینەمادا کە فەلسەفە لەگەڵ هونەردا یەکتر دەبڕێت، ناوی ئازاد خەمە وەك یەکێك لە دەنگە یاخی و بوێرەکانی ناو دیمەنی کوردی دیارە. چیرۆکنووس و سیناریۆنووسێك کە سنوورە نەریتییەکان ناناسێتەوە، بە ڕۆحێکی گێرەشێوێن لە نێوان وشە و دیمەنە بینراوەکاندا دەجوڵێت، دوور لە سنووردارکردنی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقی، پشت بە دیدێکی هیچگەرایی دەبەستێت کە بە چاوێکی گاڵتەجارانە سەیری جیهان دەکات، گومانی لە سوودی مانا گەورەکان هەیە.

هەر لە سەرەتاوە دیار بوو ئازاد خەمە نووسەرێك نییە کە هەوڵی ڕازیکردنی جەماوەر بدات یان لەگەڵ شتە باوەکانی سەردەمدا بگونجێت. چیرۆك و سیناریۆکانی تەحەددایین، بێمانایی و نارەزایەتی تێکەڵ دەکەن و قووڵ دەبنەوە لە جیهانی کارەکتەرەکانی کە لە پەراوێزی ژیاندا دەژین، جگە لە مەیلە پشێویەکانیان بە هیچ شتێکەوە نەلکێن.

ئەزموونەکەی کەیسێکی تایبەت پێکدەهێنێت کە شایەنی ڕەچاوکردنە، چ لە ڕووی شێواز و چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، تەنیا ڕەنگدانەوەی دیدێکی هیچگەرایی نییە، بەڵکو هاوارێکی بەردەوامی یاخیبوونە لە بەرامبەر هەموو گریمانەکاندا.

لەم چاوپێکەوتنەدا هەوڵدەدەین بیدوێنین و جیهانی گێڕانەوە و سینەمایی ئازاد خەمە لە پەڕە بدەین، لێکۆڵینەوە لەوە دەکەین کە چۆن ئازاد خەمە فەوزا لە قاڵب دەداتەوە و هیچبوون دەگۆڕێت بۆ دیدێکی جوانیناسی جیاواز.

**- دنیای چیرۆک: خەمە تۆ خۆت پێ چیرۆکنووسە یان سیناریۆنووس؟**

+ خەمە: چ چیرۆکنووس بم یان سیناریۆ نووس لای من هەمان شتە، هەردووکیان گێڕانەوەیە.

**- دنیای چیرۆک: لە کامە جۆر لەم دووانە زیاتر خۆت دەبینیتەوە؟**

+ خەمە: لای هەردووکیان یەکن، چونکە خۆمیان تێدا دەبینمەوە. گرنگ خوێنەرە، من لە کامەیان دەبینێتەوە.

**- دنیای چیرۆک: تۆ بۆ خوێنەر دەنووسی، یان نا؟ واتە بڕوات بە خوێنەری چیرۆک هەیە؟**

+ خەمە: من بۆ خۆم دەنووسم، لای من گرنگ نییە خوێنەر دەیخوێنێتەوە، یان نا. پێی باشە یان خراپ.

**- دنیای چیرۆک: چیرۆکەکانت کات و شوێن و سەرەتاو کۆتاییان نییە بەڕای تۆ تەکنیك و شێواز گرنگن لە چیرۆکدا؟**

+ خەمە: شوێن لە چیرۆکەکانی مندا هەیە، بەڵام زەمەن دیار نییە دەبێ خوێنەر بەدوای زەمەندا بگەڕێ، نە من پیشانی بدەم. سەبارەت بە شێواز و تەکنیکیش، ئەم بابەتانە تەواوکەری یەکن، گرنگن، بەڵام چیرۆکنووس چۆن بەکاریان دەهێنێ و پەیامی چییە. بۆ نموونە خەیاڵ و فەنتازیا گرنگن لە چیرۆك، ئەگەر چیرۆك هەر گێڕانەوەیەکی ئاسایی بێت یەعنی هیچ.

**- دنیای چیرۆک: کەم دەردەکەوی، کەم بڵاودەکەیتەوە، بۆچی تا ئێستا کۆمەڵە چیرۆکی چاپکراوت نیە؟**

+ خەمە: گرنگ نییە چ دەنووسی و چ نانووسی، گرنگ ئەوەیە پەیامت هەبێ.

**- دنیای چیرۆک: بۆ کێ دەنووسی؟**

+ خەمە: بۆ خۆم دەنووسم، تووڕەیی خۆمە، هەڵیدەڕێژم.

**- دنیای چیرۆک: تۆ بە فەلسەفەی هیچگەراییەوە ناسراوی، بە تایبەتیش ناوەڕۆکی چیرۆکەکانت هەمووی تراژیدیاو مەرگە، ئایا توانیوتە ئەم هیچگەراییە بێنیتە ناو چیرۆک؟**

+ خەمە: هیچ گەرایی لای من گرنگترین خاڵە، چونکە هیچەکان لە هیچ بوونەوە دروست دەبن، کە بوون بە هیچ ئەوکات هیچ مانایەکیان نامێنێ.

**- دنیای چیرۆک: کام ڕێبازی ئەدەب لە چیرۆکدا پەسند دەکەی؟**

+ خەمە: هەر نووسەرێك ڕێبازێك هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی چیرۆکەکەی تێدا بگێڕێتەوە بەو شێوازەی کە خۆی دەیەوێ. لای من گرنگ ئەوەیە پەیامت چییە لە گێڕانەوەکە.

**- دنیای چیرۆك: ژمارەی زۆری چیرۆك، یان کەمی، لای تۆ پێوەرە بۆ چیرۆکنووسی سەرکەوتوو؟**

+ خەمە: بە کەمی و زۆری نییە، بۆ نموونە ڕۆماننووس هەیە دەیان ڕۆمانی هەیە، بەڵام ئەو خوێنەرەی نیە. چیرۆکنووسەکانیش بە هەمانشێوە.

**- دنیای چیرۆك: خۆت لەناو چیرۆکەکانتدا دەبینیتەوە؟**

+ خەمە: زۆربەی کارەکتەرەکان خۆمم ، پەیامی خۆم لە ڕێگای ئەو کارەکتەرانە بە وەرگر دەگەیەنم.

**- دنیای چیرۆك: کارەکتەرەکانت زۆربەیان: مردوو وقەبرستان و شێت و ونبووەکانن، ئەمە بۆچی؟**

+ خەمە: قەبرستان لای من ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، دنیایەکی بێ درۆیە، پاك بوونەوە دوورکەوتنەوە لە دووڕوویی.

**- دنیای چیرۆك: ڕۆمان لای تۆ چی دەگەیەنێ، حەزدەکەیت لە داهاتوودا ڕۆمان بنووسیت؟**

+ خەمە: ڕۆمان بۆ هەموو کۆمەڵگایەك پێویستە، حەزم لە ڕۆمانەو دەیخوێنمەوە، توانای نووسینی ڕۆمانیشم هەیە، بەڵام حەزدکەم ڕۆمانێك بنووسم، کە پێشتر کەس نەینووسیێ.


**- دنیای چیرۆك: لەگەڵ چیرۆکنووسانی تری کورد جیاوازی، ئایا توانیوتە ستایلێکی جیاواز بنووسیت و خۆت جیاواز بکەیتەوە؟**

+ خەمە: خۆم بە جیاواز دەزانم بە تایبەتی لەم چیرۆکەی دوواییمدا بەناونیشانی "من و کچە شێتەکە"یە.

# | "کاتێک باوباپیرانمان دەمرن، سەدان چیرۆک لەگەڵیان دەبنە ئەفسانە"



ئامادەکردنی: گوڵبەهار ئاڵتاس، نووسەر و ڕۆژنامەنووس
وەرگێڕانی لە کرمانجی سەروو بۆ کرمانجی ناوەڕاست:
سەرباز سیامەند



دامەزراوەی میزۆپۆتامیا کە لە ساڵی ٢٠١٣ لە دیاربەکر دامەزراوە، لەو ساوە کار بۆ بەڵگەنامەکردنی بەرهەمە فۆلکلۆرییە کوردییەکان دەکات.

مامۆستایانی دامەزراوەکە لە ساڵی ٢٠١٧ەوە دەستیان بە ڕاهێنانی قوتابیان کردووە، خوێندکارە ڕاهێنراوەکانیش ئێستا لە گوند و شارەکاندا پەیڕەوی زمانی کوردی دەکەن.

قسەمال لەگەڵ بەرپرسان و مامۆستایان و قوتابیان و ڕێکخەری دامەزراوەکە کرد سەبارەت بە گرنگی فۆلکلۆری کوردی و کۆکردنەوەی.

## میکایل بولبول: بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە




"فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی زارەکی سەرچاوەیەکی بەنرخن بۆ زمانەکانی وەک کوردی کە پێگەی فەرمییان نییە"، میکایل بولبول، ڕێکخەری دامەزراوەی میزۆپۆتامیا وا دەڵێت.

ئەو باس لەوەش دەکات کە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان ڕووبەڕووی لەناوچوون بوونەتەوە و هەر بۆیە گرنگییەکی تایبەت بەو بوارانە دەدەن.

## "پشتیوانی قوتابیان دەکەین بۆ کۆکردنەوە"



بە گوتەی ڕێکخەری بەشی فۆلکلۆری کوردی، مەم موکریانی، کۆکردنەوەی بەرهەم دەبێت ئەرکێکی سەرەتایی بێت بۆ هەموو لایەک.

موکریانی باس لەوە دەکات کە خەریکی پەرەپێدانی خولن بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی ئەم کارە دەکەن، هەروەها گرنگی دانێکی زۆر بە خولەکانیان هەیە.

دەشڵێت، ئەوان پاڵپشتی تەکنیکی و کەرەستەی تۆمارکردن بۆ ئەو کەسانە دابین دەکەن کە دەیانەوێت لە مەیدانەکەدا بەرهەمەکان کۆبکەنەوە.

## "ئەگەر ئەمڕۆ ئەم کارە نەکەین..."




زمانزان و سەرنووسەری دەزگای چاپ و پەخشی. واردۆز(Wardoz) باهۆز باران هەروەها سەبارەت بە بەڵگەنامەکردنی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان دەڵێت "ئەگەر ئەمڕۆ ئەم کارە نەکەین، ١٥-٢٠ ساڵی تر ئەم شتانە لە گوندەکاندا نابینین".

باهۆز باس لەوەش دەکات کە فۆلکلۆری کوردی دەوڵەمەندی ئەوانە و دەڵێت "چیرۆکەکان لە یادەوەری باوک و باپیرانماندا وەک جاران لەبیرناکرێن، کاتێک دەمرن ١٠٠ چیرۆکی خۆیان لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ سەر گۆڕەکان".

## سەعید: دەبێت کاری ڕێکوپێک بکرێت.




ڕێدی سەعید، کە ماوەی ١٥ ساڵە خەریکی ئەرشیفکردنی فۆلکلۆری کوردییە، یەکێکە لەو مامۆستایانەی لە دامەزراوەکەدا وانە دەڵێتەوە.

بە گوتەی سەعید، زۆر کەس ئاشنای بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان نین و پێویستە هەوڵی سیستماتیکی بۆ ئەو کارە بدرێت.

سەعید دەڵێت؛ "ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی ٦٠ ساڵەوەیە زیاتر دەربارەی فۆلکلۆری کوردی دەزانن، ئەگەر نەچینە دەرەوە بۆ گوندەکان و شوێنەکان سوودیان لێ وەرنەگرین، دوای چەند ساڵێکی تر ئەوانیش نامێنن".

## "منیش دەمەوێت ئەم کارە لە گوندەکەم دەستپێبکەم"




دامەزراوەی میزۆپۆتامیا ساڵانە دووجار خول بۆ خوێندکاران پێشکەش دەکات. ئەوانەی دەیانەوێت کار لەسەر فۆلکلۆر بکەن بەشداری ئەم خولانە دەکەن.

دیجلە یەکێکە لەو کەسانەی کە بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری خولەکەی کردووە.

ئەو دەڵێت "من خەڵکی شاری وان`م، دوای خوێندنەوەی چەند کتێبێکی بناغەیی، بیرم لەوە کردەوە، بۆچی نابێت چیرۆکی شەوانەی شەوانی گوندەکەمان بخرێتە ناو ئەو کتێبانەوە؟ من زۆر شێواز و تەکنیک فێربووم، و دەمەوێت ئەم کارە لە گوندەکەی خۆمەوە دەست پێ بکەم".

# | چیرۆکی خۆماڵی

## | پرسیار



**عەبدوڵلا سەڕاج**

چـۆلەکە نەوتینـەیەك، خـۆی خزانـدە ژێـر سـایەی کـــووپە ئـــاوەکە و دواجـــار چـــووە ســـەر لێــواری مەرکانەی بن سێ پایەی ئەو کووپە ئاوەوە. دەنووکە وردەکەی بـۆ چەنـد جارێك بەکارهێنا بـۆ تەڕکـردنی پەڕو باڵەکانی. خـۆی ڕاوەشـاند و بـڕێ دڵـۆپە ئـاوی وردیلەی پڕژانـدە سـەر زەوی. باڵ ڕاوەشـاندن. خـۆر .. تنـۆکی ئـاو .. سـێبەری کـووپە و مەرکـانە و سێ پایەکە. پشیلەیەك، بێچوو، ڕەش وەکو بنی مەنجەڵ، کلکی نەبێ، کە بە قەد ئەنگوستێك، دەتگـوت چلـوورەی شـیرە. نووخانەکانی بـردە ژوورەوە و لە سـەر نەرمە گۆشـتی پاشـەڵ و دەستەکانی هەنگاو و نیوێکی بە شێنەیی و ئاڕاستەکراو نا. بێدەنگی .. چۆلەکە چەتوونەکە، هەر زوو لە نیازی پشیلەکە گەیشت و بە دەم هەڵفڕینەوە، جریو .. جریو .. جیو .. جووو، هەر وەك ئەوەی گاڵتە و تەوسی پێ بکات. پەڵە هەورێکی توند و چڵکن. گۆشە نیگاکان بڵند بوونەوە: هەردوو چاوی پشیلەکە و جووتە چاوی کامەران. پشیلە تایین ئەوەی بۆ مایەوە، کە سـەری کەمتەرخەمی و گێلانە هەڵبڕێ بۆ ئاست ئەو دیوارەی، کە چۆلەکەکە، گۆشـە نیگای خـۆی شـۆڕ کردبوو بەرەو لای کامەران و پێچووە پشیلە کەم ئەزموونەکە. جگە لە پەڵە هەورەکە، ئاسمان بێگەرد بوو. هێلکەی پاك کراو .. دیوارەکەش لار و خێچ بوو.

چاوەکانی کامەران، زۆر بە گـورجی ئەو دیمەنەیـان قۆسـتەوە. میـاو .. میـاو .. میـو. گۆشـە نیگای کامەران گۆڕا. خۆی بە لاقی کامەراندا هەڵسوی وەك ئەوەی بیسەلمێنێ، کە هەرگیز دەربەسـتی چـۆلەکەکە نیـیە و بـڕای بـڕای، مـێملی پەلەوەران نەبـووە و نابێـت! ئەمجـا، کامەران چووە لای ئەو کورسییەی، کە قنج لای چەپی دەرگاکەوە دانیشتبوو. پشیلەش بە

دوایەوە. چەمـایەوە و بە هەردوو دەسـتی، بێچـووە دەسـتەمۆکەی لە سـەری دانیشـاند و خـۆی دانەویـیەوە و هەردووکیـان، گلێـنەی چاویـان لە یەکیـدی بـڕی. کامەران دەیویسـت وێنەی خۆی لە چاوی ئەودا بدینێ، وەلێ بۆی نەلوا؛ چونکە هەتا دەهات چاوەکانی تەنگتر دەکـردەوە، بە تەرحێـك، کە تەنیـا هێڵـێکی سـتوونی و دەزوولەیی بـۆ مـایەوە. میـاو، میـاو، میـووو. پشـیلەکەش ئاوهـا هەسـتی خـۆی دەربـڕی و ویسـتی بە لایەکـدا قەڵەمباز بکات؛ کەچی کامەران دەرفەتی لێبڕی و زەقتر، هەڵماتی چاوە زەردە باوەکانی، تێخیۆاند. جیو، جیو، جیـو، چـۆلەکەکەش بـوونی خـۆی سـەپاند. بە جـووتە نیگایان گـوازتەوە بۆ سـەر دیوارەکە. کامەران دەیـزانی بـۆ چ پشـیلەکە پەرۆشی جریوەکانە؛ بەڵام ئەی خـۆی بـۆ دەمەلاسـکەی پشـیلەکەی کـردو .. (بەراوردێـك لە نـاخی کامەرانـدا) بە پەلە ئـاوڕی لە بیچـووەکە دایەوە. دیـتی ئەویـش چـاو لەم دەبـڕێ! بە خـۆی گـوت: ((چ هـۆیەك یەکمـان خسـتبێت!! ئەو لە پێناوی سکی، ئەدی من لە سونگەی چی!؟)).

پاییزە بایەکی ناکاوی، کۆتایی بە ڕامانەکەی هێنا. گەسکی لە ناو حەوشەکەدا و چەند کوتە ڕۆژنامەی زەرد و نایلۆنە شڕی هەڵفڕاند. سێ هەنگاوی نـا. هەورە تونـدەکە خۆرەتاوەکەی شـاردەوە و ڕەنـگی نـاو حەوش و داڵانەکەی شـێواند. بێچـوو تـایین، وەك ئەوەی هەسـت بە ترسێکی زگماکی بکات، چڕنووکەکانی دەرپەڕاند و میاوێکی زیقنی لێوەهات. کامەران چووە ناو شـــیپانەی دەرکەی دەرەوە. مەلـــۆچکەی دیـــدەکانی هەڵفـــڕین بەرەو جـــووتە تـــانکییە زەبەلاحەکانی شـار، کە بە دوو کڵاوی سـەر گـردەکە دەچـوون. پـۆلێ باڵنـدە بە بەر بـازنەی بینینییەوە، تێپەڕین. ئەم هەسـتی بە نـامۆیییەك کـرد لە چەشـنی ئەوەی نەمامێك بێ و بە دەسـتی ئانقەسـت، لە بـێخەوە هەڵکێشـرا بێ. لە تەپـۆلکەکەی لای ڕاسـتیش، تـانکییەکی قوپـاوی بەدی کـرد. لە تەك ئەو تـانکییەدا، پەڵەیەکی ڕەشی دی، کە پـارەکە، بە دزیـیەوە ئاگری نەورۆزی باوەگوڕگوڕیان لێوە هەڵایساند و ئاسمانی گاورباغی و ڕەحیماوا و شـۆریجە و ئیمام قاسـمیان، بە دووکەڵ قانگ دا. ((دووکەڵی پـێچجەی ماشـین و گـڕی بـاوەگوڕگوڕ، باوەشـیان لە یەکـدی دەدا .. هەراش و بچـووك و نـێر و مـێی شـار هەناسـەی ئۆخەیمـان دایەوە. تەنـانەت دووانیشـــمان بمێـــنێ لەم کەرکـــووکەدا، ئەو ئـــاگرە، بڵێســـەی بە جەرگی ئاسماندا دەچێ)).

دەرکەی کڵـۆم دا و داچەمیـیەوە. فـوویەکی لە سـمێڵی پشـیلەکەی کـرد. ئەویـش کە زانـیی کامەرانە، نێو چاوی کردەوە و لە جێگای خۆی مت بۆوە.

- ئەرێ دایە...
- گیانی دایە.

خـونچەی دایکی، لە پەنایەکەوە ورووکا بوو بۆ نـان کـردن. خـۆی گونگەکانی بە تیرۆك پـان دەکردەوە و هەر خۆشی، لەسەر سێلەکەدا، ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد. ئاوڕێکی لە کامەرانی تاقانەی دایەوە.

- دایکە، چەند ساڵ دەبێ هاتووینەتە ئەم شارە؟ مەبەستم بۆ؟

کەمۆکەیەك داما، ئەوجا بە دەنگێکی سۆزناکەوە، وەڵامی دایەوە:

– چەند جارێکم گوتووە. ئەوسا تۆ منداڵ بووی.

بیری منداڵی، بۆ ماوەیەك، خەم و ئەندێشی کامەرانی ڕەواندەوە.

– کورڕم، ئەوسا وەکوو ئێستا نەبوو. دایکان، گوژاڵکی کوتراویان لە مەمکیان دەدا بۆ ئەوەی کۆرپەکانیان لە شیر ببڕنەوە.

کامەران بە پێکەنینەوە ڕووی دەمی لە دایکی نا.

– ئەوە بۆیە، ژیانم وا تاڵە!

سێڵە مووڕەوە بووەکە و ئاگری داری ژێرەوەی، لا ڕوومەتی گوڵڕەنك کردبوو، کامەرانیش ڕوخسارێکی گەش و گوڵگوونی لێنا.

– نا ..وامەڵێ .. بۆ خۆت خەفەتە خان دەکەیت! برۆ، بڕۆ بۆ سەر خوێندنەکەت.

خونچە، ئەوەی لەبەر کامەران گوت، دەنا خەم و پەژارەی لە ناخدا، کەڵەکە بوو، دەروونی پڕ لە پشکۆ بوو مەگەر پاش نووستنی کامەران، چەند فرمێسکێکی هەڵوەراندایە؛ چونکە نەیدەویست، بە هیچ کلۆجێك، نیگەرانی بکات، یان ڕۆژگاری تاڵ و شێلوو بکات. هەموو کۆششی بۆ ئەوە بوو کە بە ئاسوودەیی بیکاتە پیاوی ماڵەکەی و خوێندنی بۆ بسازێنێ.

– دایکە گیان، هێشتا وەڵامی پرسیارەکەمت نەداوەتەوە! لە پای چی هاتین بۆ ئێرە؟

دایکی، هەستی کرد کەوا بە تەڵەوە بووە. جاران پرسیاری وای سەرنگووم دەکرد و کێشەکەی بە بارێکی دیکەدا دەشکاندەوە؛ بەڵام ئەمڕۆ وا کامەران خەتی داوە و پێ دادەگرێ! هەمیشە بەر پرسیاری دەکات و چاکیش دەفامێ.

هەرچەندەش، کەموکورتێکی لەمەڕ ((گەورە دێ)) و بۆ گیرا بووەوە، دڵنیا بوو لەوەی، کە هەڵوێستی بێدەنگی و شاردنەوەی ڕاستییەکان، دادی نادەن و بگرە کامەران سوورتر دەکەن. کامەران ماتی و هەڵوەستەی دایکی بە ئاسایی زانی و سوودی لە کاتە مەییوەکەی نێوانیان وەرگرت.

– دەزانم خەڵکی ئەوێین و دە دوازدە ساڵە ملمان لەم شارە ناوە. چاکە ... بۆ؟ ئەمەم دەوێ.

بە خەندەوە وەڵامێکی کورتی ژنەفت. کامەران وای هەست کرد کە لەسەر سێڵەکە دانیشتووە. کاتە مێیوەکە کەوتە گەڕ و تیژڕەوتر بوو لەوەی لە کاتژمێراندا بەدی دەکرێن.

- من خەریکی نان کردنم. کفت و ماندوو. تۆش لە بری هاریکاریی، بە پرسیار قەرەبووم دەدەیتەوە! کامەران گیان، بە بڕنەوێکی لەسەر پێ دەکەیت!!
- هیچ پەلەم نییە. نانی خۆت بکە و لە پاڵەوەش کەم کەم لێو بجزوێنە.
- کوڕی خۆم، بۆ بە زۆرەملێ و لە ختو خۆڕایی، پێش وقار بۆ خۆت دەکڕی!! تۆ هەندەت لەسەرە دەرزەکانت ڕەوان بکەیت و ئەو دواکەوی بۆ منی هەژ بەسەر بهێڵەرەوە.
- ئەمە .. چ قسەیەکە! ئەی جگەرگۆشەی تۆ نیم!

خونچە هەستی کرد، کە سەری قورسە وەك ئەوەی سەنگێکی قورقوشمین، بە گرێی ملییەوە شۆڕ کرابێتەوە. بە خۆی گوت: ((دەوەرە لەم قوڕاوە دەربێ!!)) کامەرانیش، لەگەڵ تفەکەی دا، تۆپەڵی پەژارەی قووت دا.

- دڵ لە دڵ مەدە، ئەو بە شێنەیی، هەموویت بۆ ڕوون دەکەمەوە. دەتۆ ئێستا لا لە کتێبەکانت بکەرەوە.

بەرەو تاکە ژوورەکەیان هەنگاوی نا، چاویشی. بۆ پشیلەکەی گێڕا، نەیدی، کە سەری بڵند کردەوە، دیتی وا لە بان دیوارەکەدا، لە هەمان جێگای چۆلەکەکە، دەم و لەوسی دەسڕێتەوە! چووە ژوورەکە و ئاگای لە جێکات بڕا.

* * *

- هێلکەم بۆت کوڵاندووە.
- لەوە باشتر هەیە، بەڵام ... نایخۆم ئەگەر ...
- دەزانم، دەزانم، هەمووت بۆ یەکالا دەکەمەوە.
- جارێك گوتت لە گوندەکەدا ئاشێك هەبوو، لەو ئاشەوە بۆم باس بکە.

خونچە، چاوەکانی هەڵپڕواند و دەنگی گوتی:

- ئاشەکە، ڕووگای گشت ئاوایی ئەو هەرێمە بوو. گشت تەبا و گونجاو بووین، لەپڕ ئاشووبگێڕان کەتنێکیان گێڕا و برایان لەبڕا دابڕی، نەخێر بووە قرمەژن و دەسڕێژ، خەو و خەونی گوند و هاوسنووران زڕاو دوو بەرەکی باڵی ڕەشی هەڵدایە سەرمان. تاڵان و چەپاو هاتە کایەوە. درامەتمان کرایە ڕەزن و فیشەك و دووکەڵ. هەر لایەك چەقۆی بۆ لایەکی تر تیژ دەکرد. ناوبژیکەر، سەری تێدەچوو. خوێن کەوتە نێوانەوە. ئیتر مەگەر بە دەگمەن، دەنا دەبوایە تای لایەك بگری.

کامەران، داوی ئاخاوتنەکەی دایکی پساند.

- باشە، باوکم سەر بە کام بەرە بووە؟

- پێشەکی، لەو کەمانە بوو، کە دەیانویست ئاو بە ئاگرەکەدا بکەن؛ کەچی بەداخەوە ڕەنجیان بە بادی هەوا چوو!، چونکە ئاشتەوایی لە قازانجی هەندێکدا نەبوو.
- ئەوانە، وەکو کەری ناو جۆگان، لە هەر لایەك قەپ دەگرن. تەنیا زگیان مەبەستە و بەس.
- بە هەر حاڵ کامەران تۆ زامەکانم دەکولێنیتەوە.
- دیارە باوکی من نەبوو، کە بەر گوللەی وێڵ کەوت!!
- کەواتە تەواو، ئەو دواکەی دەزانی.

کامەران لە دایکی بیستبووی کە دێ بووە دۆزەخ و شەبەیخوونی کوللەی زەردی بیابانیشی هاتە سەر.

- دایکە، لەوێدا خزممان نەبوو؟
- ئەی چۆن، کوڕی شیرینم، گوندنشینان بە زۆری خزم و خۆیشن. مەگەر غەوارە و نامۆیەکی تێکەوتبێ. باوکت ڕەنجەبەریی ئەم و ئەوی دەکرد و سەرمان نابووە یەك؛ بەڵام ئەمڕۆ پارە بۆتە خزم!
- لانەت لێشێواو ناچار شۆڕ بوویتەوە بەرەو گەرمیان. دایکە گیان، مردوو بە قەد گەڵای پاییز بکەوێ و بریندار بە قەد بەرد و چەوی ئەم (خاسە)[٣٢]یە بن، کەسانی وا هەن لە گوێی گادا نوستوون و بە تەنگی هیچەوە نایەن.

خونچە، چاوە خەواڵووەکانی لە کامەران گرت و بە دەنگێکی باوێشکاوییەوە گوتی: هەویرێکە ئاوکێشە، چاکتر وایە کتێبەکانت هەڵدەیتەوە؛ بەڵکو دەبیتە .. ئەرێ دەتەوێ ببی بە چی؟!

کامەران، وەك ئەوەی لە خەوێکی قورس ڕاپچەنن، گشت هەستەکانی لە گوێی دا گرد کردەوە بۆ ئەو پرسیارە ناکاوییە، بۆیە...

- دایە، ئارەزووم ... ئەوەیە ببم .. بە .. بە مامۆستا.
- بۆ؟
- بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ (گەورەدێ) و...

دایکی واقی وڕماو بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگی قووت دا؛ وەلێ هەتاکو سەر نەیتوانی زمانی گرێ بدات، گوتیەوە:

- خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ. ئای خۆ گشت گەی لەشم دەزریکێنن..

---

٣٢ - خاسە: ئەو بەستۆرەڕەیە کە شاری کەرکووك دەکات بە دوو بەشەوە. بەهاران لافاوی هەڵدەستێ و تاوستانانیش وشك دەبێ.

- کامەرانی هەڵچوو، دەستی بۆ کتێبێك برد و بە دایکی گوت: دەنووی بنوو، من دوایی چراکە دەکوژێنمەوە، دایە، لەم کتێبانەدا نووسراوە، بنیادەم لە دەست و پێ و چاو و گوێ و جەرگ و دڵ و سی و مێشك و دەروون پێکهاتووە. جا ڕاست و چەپیانیش هەیە، بەڵام، کە ئازاری گەیشتە ئەندامێکی، سەرتاپای دەکەوێتە ئێش و لەرز و تاوە، ئەم خەڵکی کوردستانەش هەر وان .. حەیف و مخابن...

ویستی بەو ساکارییە، پتر بدوێ؛ کەچی پرخەی دایکی، ناچاری کرد چاوەکانی بدروێتە دێڕەکانی کتێبەکەی دەستی.

**١٩٨٥**

**تێبینی:** ئەم چیرۆکەی مامۆستا سەڕاج کاتی خۆی بۆ ژمارە ((٣))ی گۆڤاری ((مەم)) ناردرابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەکە دەرنەچوو، لە ئەرشیفی خۆم پاراستبووم، بە پێویستم زانی لە گۆڤاری ((دنیای چیرۆك))، بۆ یەکەمجار بڵاوی بکەمەوە.

**سابیر ڕەشید**

# | تەنزە چیرۆك
# ماستەکەی کێخوا



عەبدولڕەحمان فەرهادی

ماست، دیارییەکی زۆر خۆش و خۆشەویستی سروشتە بۆ مرۆڤ کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە بەردەوام خواردنێکی سەرەکی و سوودمەندی ژەمی بەیانییان و زۆرجاریش هی ئێوارانمان بووە، من خۆم بە دەگمەن وا بووە ڕۆژێك بێ ماست هەڵکەم! چونکە ئەگەر ماستەکەم بەتایبەت ئەگەر هیی مەڕ بێت و بێ غەلوغەشیش ئامیان کرابێت و شیلاوکی ئامیانەکەیشی. باش و پوخت بێت، قەت لێی تێر نابم!.. ماست جگە لە چێژەکەی، زانستیش سەلماندوویەتی سوودمەند و پڕ ڤیتامینیشە.. لەگەڵ حاجی مەحموودی برادەرم باسمان لەوە دەکرد کە ئەو زەمانەی ئێمەی تیاین، ماستی مەڕ بە دەگمەن دەستدەکەوێ، ئەو بە منی دەگوت: باشە جەنابت بەردەوام لە گەڕ و سووڕی ئەو گوندانەیت، نابێ گلەییت هەبێ کە ماستی چاکت دەسناکەوێ! منیش دەمگوت بۆ ماستی باش، تا تامی نەکەم باوەڕم بە کەس نییە! ماستی تۆز و هی ئەلبانیش هیچ نین و جاجیکیش تێکدەدەن.. حاجی مەحموود جگە لەوەی ماستناس بوو، دەیگوت من ماست بە ڕەنگی سەرتوێژەکەی و بۆنکردنییەوە دەناسمەوە کە ئاخۆ باشە یان نا! کەچی حاجی ماستی تەرك کردبوو و نەیدەخوارد! دەمگوتێ حاجی بۆچی خۆت لەو نیعمەتە بێبەش کردووە؟ توخوا بۆ نایخۆی؟ هەر دەیگوت ئەمە چیرۆکی خۆی هەس.. حاجی سەردەمانێك لە مەخموور فەرمانبەر و کاربەدەستێکی میری بوو، زۆربەی جوتیارانی ناوچەکە بۆ ڕاییکردنی ئیشوکاریان، زیاتر ڕێیان دەکەوتە لای وی، چونکی دەسەڵاتێکی

تەواوی لەو فەرمانگەیە هەبوو.. حاجی ڕووی کردمێ و لەبارەی ماست، سەرهاتە چیرۆکە تەنزامێزەکەی بۆ گێڕامەوە کە پێم خەرا نییە منیش لەسەر زاری وی، بۆتان بگێڕمەوە:

گوێ بگرە برا، لە سەرەتای نەوەتەکان کە لە مەخموور کارگێڕی فەرمانگەی زەویوزاری کشتوکاڵ و ئاودێری بووم، کێخوا جەمیل هەبوو، بە عەشیرەت لەك بوو و خوای لێ خۆشبێ، ئێستا نەماوە، هەر سێ ڕۆژ جارێك ئەو کێخوا جەمیلە، مەنجەڵە ماستێکی بۆسۆی مەڕی بۆ دەهێنامە ماڵەوە، ماست چی ماست! بۆی ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت! هەر لێی تێر نەدەبووی، بەو ئەستوورکە گەرمە بە ڕەشکەیەی تەندوور دەمخوارد هەر حەزت دەکرد بیخۆی و لێنەبییەوە .. هەی سندان لە ڕووندا، من پارووم کەوتبووە ناو ماست! نەك ڕوون. سێ ساڵ دەبوو کێخوا جەمیل نەیدەهێشت ئەو ماڵەم ماست لێ بڕاو بێ، باوەڕ بکە لەوساوە تا ئێستا کە تەرکم کردووە! بۆ یەك جاریش ماستی وا نایاب و زەریفم نەخواردووە. کێخوا جەمیل ماوەیەك بوو، هەر تەکلیفی دەکرد بۆ نیوەڕۆیەك دەعوەتم بکاتە ماڵەوە و منیش هەر خۆم دەپچڕییەوە و هەرجارەی بیانوویێکم بۆ نەچوون دەدۆزییەوە. ئەو هەر تەکلیفی دەکرد و منیش ناچار ڕۆژێکیان وەك عارەب دەڵێن دەفعولبەلا، گوتم کێخوا ئەمڕۆ نا، وەلێ سبەی بۆ نیوەڕۆ دێم، هەرچەندە پێویستیشی-نەدەکرد بەڵام بۆ خاتری دڵی جەنابت کە لام زۆر گەورە و خۆشەویستی، دێم و حەز دەکەم خوانەکەیش ئاسایی بێت و تکا دەکەم خواردنی زۆر و زیاد لێمەنێن، چونکە خۆت دەزانیی من لە خواردن پارێزم و ناتوانم هەموو شتێك بخۆم! کێخوا زۆر خۆشحاڵیی هاتێ و گوتی بێخەم بە!

ڕۆژی دواتر، دەوروبەری سەعات دوازدە، هەر بە پێ بەرەو ماڵی کێخوا ڕۆیشتم، کە لە ماڵی ئێمەوە دوور نەبوو، کە گەیشتم، کوڕەکانی لە حەوشە گەورەکەوە بەپێوە وەستابوون و کێخوایش لە سەرەوە وەستابوو، زۆر بە گەرمییش پێشوازییان کردم. دوای خێراتن و خێراندارِیی، خوانیان بە برنج و بریانی و دۆڵمە و سەروپێ و جۆرەها سەوزەوات ڕازاندەوە. بە کێخوام گوت برام خۆتان زۆر ئەزییەت داوە و ئەم هەموو خواردنەی نەدەویست، زۆر سوپاسیم کرد. بەدەم نانخواردنەوە، جۆرەها باسوخواس هاتنە گۆڕێ و کێخوایش بە قسە خۆشەکانی مەجریسەکەی گەرموگوڕ کردبوو، بەهەر حاڵ تا نزیك عەسر لەوێ مامەوە و پاشان عوزرخواییم خواست کە بەنیازی چوونەوە هەولێرم، بۆیە خواحافیزیم کرد و مەجریسەکەم بەجێ هێشت.. لە هاتنە دەرەوە، لە حەوشەکەدا بینیم ژنەکەی کێخوا کە ناوی بەسێ بوو، مەنجەڵێکی زەبەلاحی لەسەر سێکوچکەیەکی ئاگر لەبن داناوە و خەریکی شیر کوڵاندنە. کۆمەڵێك مەنجەڵە ماستی بەتاڵم بینی کە لەلاوە دانرابوون و وا دەبینم سەگەکەیان خەریکی لستنەوەی مەنجەڵەکانە، ئەمە بۆ من زۆر ناخۆش بوو و واقم هوڕ بووا. تا گەیشتمەوە ماڵەوەیش و کە خۆیشم تێکنا بۆ گەڕانەوە بەرەو هەولێریش و تا گەیشتنەوە شاریش واقم بەوە نەبێ، بە هیچی دیکەوە خەریك نەبوو! دوای چەند ڕۆژێك بۆ دەوام، گەڕامەوە مەخموور و بیری ڕێچارەیەکی ماستەکەی کێخوا، هزردانی تێکوپێك


دابووم! لێی وەردەگریی نابێ، لێی وەرناگریی هەر نەیسە!. دوای بیرکردنەوەی زۆر، دوا چارە وام پێ باش بوو کە هەرجارێک کێخوا ماستەکەم بۆ بێنێ، منیش بیبەمە دوکانەکەی نزیکمان و داوای لێ بکەم بە یەك لە مەنجەڵە ماستەکانی خۆی بۆم بگۆڕێتەوە. دوکاندار زەلامێکی کەتەی خەڵکی عالّلا بوو، ناوی نەسرەدین بوو. نەسرەدین دوکاندارێکی خۆشمامڵەت بوو و کە گوتمێ ئەو مەنجەڵە ماستەم بۆ بە یەکێك لەوانەی لای خۆت بۆ بگۆڕەوە، بەلایەوە زۆر ئاسایی بوو و دەمودەست دەستی کردە مەنجەڵە ماستێکی خۆی و ئەوەی منیشی.گێڕایەوە، گوتمێ: کاکە نەسرەدین ئەو ماستەی منیش ماستی سافی مەڕە، وەلێ من زۆرم حەز لێ نییە و هەرجارەی دێم بۆم بە مەنجەڵێکی ئەوانەی لای خۆت بۆ بگۆڕەوە.. نەسرەدین دەستێکی لەسەر چاوی لای ڕاستی دانا و گوتی بەسەر هەرتك چاو.. هەرجارەی کێخوا ماستی دێنا، مەنجەڵەکەم دەبرد و نەسرەدین بۆی دەگۆڕیمەوە و منیش هەرجار ڕۆبعە دینارێکم دەدایێ. سەلاجەکەی ماڵەوەم قەت بێ ماستی غەلوغەش نەدەبوو. دوای هەشت نۆ مانگ، بەخوا لەوانەیە ساڵێکیش دەبوو لەگەڵ نەسرەدین خەریکی ئەو هێنومنهێنە بووم! کەڕەتێ چوومەوە کن نەسرەدین کە سەری قەرەباڵغ بوو و دوای ماوەیەك وەستان، ئینجا نەسرەدین ڕووی کردمێ: ببوورە کاك حاجی، دەستوبرد ڕوبع و مەنجەڵە ماستەکەی لێ وەرگرتم و مەنجەڵێکی خۆی لەمست نام، وەلێ ئەوجارەیان پرسیی: ئەرێ کاك حاجی، ئەو ماستەی جەنابت، من لێم خوارد، ماستێکی تامسۆی زۆر نایابی مەڕە، ئەوە ئەو ماستە هی کێیە؟ هی خۆتانە؟ توخوا هیی کێیە؟ زۆر سوور بوو و منیش ویستم خۆم بپچڕێنمەوە و بڕۆم، کەچی هەر دەیپرسی! ناچار وەرامیم دایەوە، بریا هەزار جار بریا وەرامیم نەدابایەوە!.. گوتم: بەخوا کاکە نەسر، بەینی خۆمان بێ، ئەو ماستە هەرجار کێخوا جەمیل بۆمی دێنێ. نەسرەدین بەرسڤی دامەوە: وەڵڵا مامۆستا گیان، دەنا ئەوەی ئێمەیش هەر ماستەکەی کێخوا جەمیلە! ئەو ماستەی ئێمەیش هەر مام کێخوا بۆمان دێنێ، دڵنیابە ماستێکی تەواو و بێ حیلەیە!

ئەمە دووەم هێڵنج بوو لە ماوەی مانەوەم لە مەخموور لەمەڕ ماستی مەڕ هاتمێ و لەوێوە مەگەر بەدەگمەن، دەنا بیرم نایە کەی دواجار بووە کە ماستم بە دەم کەوتبێ.

---

* **مەجریس**: مەجلیس. لە سەردانێکم بۆ ماڵی هونەرمەندی نەمر، فوئاد ئەحمەد بۆ سەرەخۆشی بنەماڵەکەیان، کە چەند ڕۆژێك بوو مامۆستا فوئاد کۆچی دوایی کردبوو، لەوێ کچێکی باسی بابی دەکرد کە چەند مەجریسخۆش بووە. وشەکەم بەلاوە جوان بوو و وەك وشەیەکی کوردی لێرەدا خستوومەتە نووسینەوە.

# | ملپێچ



ئەدیب نادر

ملپێچەکەت وەکو ئەو دەستەسڕە وابوو، کە جادووبازێک بۆ نووشتە پێویستی پێیەتی تاکو بیخاتە ژێر سەری و..بەڵام دوێنێ ساکار، بێبەریی کردم لێی! چۆن زەفەری بەحەشارگاکەی بردبوو، چۆنی دۆزیبووەوە؟..کە بە دەستییەوە بینیم، پێموابوو سۆماییم دادێت، وەکو شێت لە دەستی ڕامپسکاند و لە حەژمەتا دەستم هەڵبڕی، چونکە نەمدەویست دەستی هیچ کەسێکی بەر کەوێت، تەنانەت دەستی کوڕەکەی خۆیشم..دەستە بچکۆلەکانی خۆی کردە قەڵغان: هەر ئەمڕۆ، هەر ئەمڕۆ بۆ قوتابخانە لەملی دەکەم..هەستێکی بێڕادە ڕمۆک دایگرتم..ئەم کوڕە حەوت هەشت ساڵانەی..چۆن بۆ ئەم ملپێچە قوڕگی پڕ گریانە و گلێنەکانی تکاچۆڕن..ئیتر بەزەییەیەکی بێچوون ڕێگای مۆڵەتی خۆشکرد: بەس ئەمڕۆ..کەچی کاتێ گەڕایەوە مۆرییەکی میلداری ڕەش ملە باریکەکەی دانەدەپۆشی..وەک ئەوەی زەرگی دەروێشێک چەقێنرابێتە دڵمەوە، ئێشێکی ستەمکار ئینجا بە ڕاستیی چەپۆکی پێ هەڵبڕیم، بە زەحمەت خۆی لە ژێر چەپۆکەکانم ڕەخساند و بە گریان بەرەو قوتابخانە تێیتەقاندەوە، گوێم لێبوو: هەر ئێستا دەیهێنمەوەی بە کزیی دەرپەڕاند..دوانیوەڕیەکی درەنگ بوو، سێبەر بە هەموو لایەکدا بڵاو ببووەوە، کە هاتەوە بە ئاستەم نووزەی دەردەهات، وتی: دەروازەکە داخراوە..سبەی..نێ..دەی..هێ..نمەوە.. لەسەر..تەختە..کە..بیرم..چو..وە..لێ ڕۆژی دواتر دیسانەوە دەستبەتاڵ بوو، وەک ئەوەی دڵۆپێک ئاو بووبێ و عەرز قووتی دابێ، یان هەڵم بووبێ و لە هەوادا ڕەوییێتەوە..ئەو پارچە باریکەلە مۆرە خەتدارە ڕەشە دیار نەما و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دوو ڕێڕەوی ئاویی سوێر لە ڕوخساری مندا بازرەقەیەکی سووریان بەست..واقوڕمانەکەی پرسیار بوو، نەیدەزانی لەبەرچی وا بە کوڵ دەگریم..دیارە هەرگیزیش پەی پێنابات..تەنها گوێم لە دەنگە گریاوەکەی بوو..توخوا دایە بۆ ئەو ملپێچە کۆنە وا مەکە، من لە ڕۆژانەکەم دانەیەکی تازە

و جـوانترت بـۆ دەکـرم..دوای ئەمە چی بڵـێم؟ بێگومـان دەدوێـم، بەڵام لەگەڵ کێ؟ کێ لە خۆمـان زیـاتر لەم سـەرزەمانەدا، لە دنیایەکـدا کە شـتەکانی نـاوی لێکـترازاون، گوێمـان لێ دەگرێت؟ تـۆ دیار نییت، کێ هەیە لەودیـو سنوورەکانی جەسـتەی خـۆی شـەقڵ بە ئەوی تریـک نەدات؟ کێ هەیە ئەو شـەقڵە وەکـو ڕاسـتیەک بەرجەسـتە نەکـات و زوو زوویـش نەیکـات بە هـاودەمی دەمەتەقێ؟ دەمەتەقێـیەک کە ڕەنـگە لە ڕاسـتیدا ئەگەر ئەو شـەقڵە بوونیشی هەبێت، بە هیچ کلۆجێک گوێی بەو دەمودووە نەزرینگێتەوە! ئەوی ڕاستی بێت من نەدەبوو ژیانێکی پەردەپۆشکراو، یاخود باشتر بڵێم نهێنیم هەبێت و هەمیشـە لە ژێر سـەرینەکەم، یان لەنـاو خەونەکانمـدا بیشـارمەوە، چـونکە بێ نهێنـی ژیان گەڵێـک دژوارە، لێیشـم ئاشـکرایە وانەبوومـایە وەکـو دارێـک دەبـووم پـاییز ڕووتی کـردبێتەوە و ژیـانێکی بێدەمامکی پڕ خەم و خەفەتی چەخماخەئاسایش کردبێتی بە قەرەبرووت ..بۆیە..ئەگەرچی چەنـدین سـاڵە ئەم سـەربوردەیە بـۆ گـوێچکە ناوەکییەکـان، تـرپە چەمووشـەکان، یـادە دەسـاژۆکەم دەدرکێـنم، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشـدا تەمـومژێکی چـڕی لە دەوردا دەهـێڵمەوە، تەمـومژی ئەوەی نەبا بە ڕووتی بکەومە بەر چاوەکانی خۆشـم، چـاوم، کە وەک پەنـجەرە بیریان لێدەکەمەوە، ئەو پەنجەرانەی تۆیان لێوە نابینم، هەتا پەردەیان دانەدەمەوە، هەتا پێڵـوو نەکەم بە ڕووپۆشـیان تـۆ دەرناکەویـت، کە دایانـدەدەمەوە ئیـتر وەک پەیـکەرەکەی پیگمالیۆن لە ناوەوەمـدا ڕۆحـت تێدەگەڕێت..گەرچی لە حەوت خەویشدام، کەچی لە دنیا دانەبڕاوم، زارم لە گوێکانـدا ناوت دەزرینگێنێتەوە، بانگت دەکەم، تۆ لە کوێیت؟ ئینجا بۆ گوێچکەکـان یەکلادەبێـتەوە ئەوەی بـۆ دوورخسـتنەوەت کردوویـانە هەمـووی بێ هـوودە بووە.. ئیتر.. مۆتەکەیەک سەردەخەن..هەرکە سەردەکەوێ.. چاوەکانم خۆبەخۆ دەنوقێن و گۆرانییەکەت دەست پێدەکات، "لەناو ڕەشماڵی خێڵان"..نقورچ.. زللە، ئینجا ناقرگەم دەگرێ، توند، توند.. دەهرییە، نا تابڵێی شێتگیرە، بە تۆپزێی پێڵووەکانم هەڵدەبڕێ، کەچی دەڵـێی لە دەرگـایەک دەدا ئـاواتمە بەڕوویـدا بکـرێتەوە و تەماشـایەکی میـدۆزانە لێـوەی دەرپەڕێت..بەڵام..دەسـتی زیـاتر دەوەشێنێ..دەسـتی ئەوەنـدە قورسـە وەک ئەوەی کلـکە دەمـانچە ڕاوەشـێنێت..بوونی لەو دیـمەنەدا و نـزیکییەکەی هەسـتێکی نـامۆم تێـدا دەورووژێنێـت، هەسـتی پیسـبوون، یـان گڵاوبـوونی ڕۆح و جەسـتە..وێناکردنی تـۆ لەو سـاتەوەختە زۆر تایبەتـانەدا فریادڕەسـە، خـۆ قوتـارکردنە لەو هەسـتە دزێـوە و چەشـنی هەناسـە هەڵکێشـانی دوای خەفەبـوون وایە..دیسـان تێهەڵـدەچێتەوە، چـاوت بـکەرەوە، هەی... چـاوت بـکەرەوە سـەیرم کە هەی..! چـاوم بەرایی نـادات لە سـەرەوە کەسـێکی تـر ببینم.. هـاوارو هەڵـلا بەرپا دەکات، لێ چـاوم چـووەتە کلیلە، تەنهـا لە خەون و خەیاڵمـدا دەکرێنەوە، چـونکە تـۆ هەمیشـە لەوێی، ئەوێ شانشـینی تـۆیە، منیش تەنهـا و تەنهـا لەوێ بەختەوەرتـرین بـوونەوەرم..ئیتر ئەندێشـە دەتکاتە ڕاسـتییەکی بەرجەسـتە و پەنجەکانت لە سـەر سـینەم مـێرووڵە دەکەن و خەیـاڵی گلێنەکـان باڵندەئاسـا لە شـەققەی بـاڵ دەدات.. دیدی ناوەکییانە بە ڕووی تۆدا ئاوەڵا دەبێتەوە..هەمیشـە هەر وایە..دەنگت لە نـامەیەکی دوورەوە دێت، تەنها ئەو وشانەی لێماوەتەوە لە زەینم: خۆشبەحاڵمان، لە دونیا و ژیانێکی پووچدا پەنا دەبەینە بەر شتێک، پانۆڕامایەکی جیاواز بە دونیا و ڕەنگوڕوویەکی جوانتر بە ژیـان دەدات و میـوەیەکی بێهاوتاشـە تەنـانەت تـاموبۆ بە خەم و کەسەرەکانیشـمان دەبەخشـێت..بەڵێ ئەو نـامەیەت بە دەسـتمەوە سـووا ئینجـا حـاڵی بـووم، ئامـاژە بە چی

دەدات..ساڵێک بەر لەوە، تۆ لە هەست و سۆزی من بێ خەبەر بوویت، هەتا ئەو وەختەی لە ماڵێکی پڕ برادا، دزدەکییانە، ئای، وشەی دزدەکییانە چەند دەمهەژێنێ، نامەیەک، نامەیەکی شەرمنم ئامادە کرد و..نەمدەزانی کە هاتیت چۆن زەفەر بە گیرفانی چاکەتە شینەکەت بەرم؟ ئەو چاکەتەی بۆ پەیمانگا دەتپۆشی، یان بتوانم بیخەمە دووتوێی ئەو کتێبەی جاروبار هاودەمت بوو..چونکە قەت بێ کتێب نەدەهاتیت..بەڵام چەند حەفتەیەک دوای نووسینی، ئینجا پەرجوویەک ڕەخسا..هاتم پیاڵە بەتاڵەکان بەرمەوە، ئەو برایەی دوای چەند ساڵێک نامەکانی تۆ، سەروەت و سامانەکەی منی لە کۆمەدینە شەقوشڕەکەمدا پەی پێبرد و بوو بە کڵپەی ئاگر و بەربووە گیانی من و وشەکانتی کرد بە سووتوو، سەرقاڵی ئەو دەستنووسە بوو کە بۆ گەنگەشە و بێگومان قۆزتنەوەی نەختێک ستایشیش هێنابووت و هەوڵێک بوو بۆ پێ خستنە سەر یەکەم پلیکانە، پلیکانەی جڵەو کردن و تاودانی وشەکان..ئەو وشانەی باڵئاسا مرۆڤ بەرەو تەشقایی ئاسمانێکی سامالتر و ئاسۆیەکی قەشەنگتر و فراوانتر بەرزدەکەنەوە.. نوقمی دەریای بێبنی خوێندنەوە ببوو، تۆیش کاسێتێکی ڕەساسیت لە ڕیکۆردەرە سۆنییەکەوە دەردەهێنا تا ئەمدیوو ئەودیووی بکەیت، کە بە دەستخەتە زێدە قەشەنگەکەی خۆت ناوی مەزهەری خالقیت لەسەر نووسی بوو، ئەو کاسێتەی کە دوایی بەجێتهێشت و بوو بەو تاقە دەنگەی ئاوەدانیی بەو بەتاڵاییە دەبەخشی. کە تۆ بەجێت هێشتبوو..ترس و ڕاڕاییەکی قووڵ لەرزیان خستبووە دەستمەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا گیرفانی چاکەتە شینەکەت وشە بێ ئەزموونەکانی منیان هەڵلووشی..ئینجا ئەژدەری نیگەرانییەکی بێسنوور هەناوی دامە بەر سووتان، چونکە نەمدەزانی کاردانەوەت چی دەبێ، بەڵام وەک بڵێی تۆیش چاوەڕوانی شتێک بوویت ڕەنگ بە جیهانەکەت ببەخشێ، یان هەندێ نیگات لە سەرمدا نیشتبنەوە، کە لەلای بەلووعەکە دەتبینیم وەختێ بە ڕاڕەوەکەدا دەهاتیتە ژوورەوە..وەڵامەکەت دونیا و ژیانی منی بۆ تابلۆیەکی ڕەنگاڵە گۆڕی و بوونیان بە نەبوونی مندا..چونکە تا ئەو ئانوساتە، دەکرێ بڵێم پەییم بە بوونی خۆم نەبردبوو.. هێشتا بوونەوەرێک نەبووم..ئەو وشانەی ناو کاروانی دێڕەکانت، وشە چۆن پەیکەری نووسین بەرجەستە دەکات، ئاوا منیان داتاشی..لە هیچەوە منیان هێنایەئارا..لە هیچەوە! بەڵام هێنانە ئارایەکی ئەوتۆ کە بزانێت بۆچی دێتە ئارا! کە بە دزییەوە وشە ساواکانی خۆمم دەهێنایە سەر ڕووبەری کاغەز و ماوەیەک دواتر وەڵامە دورودرێژەکانی تۆم دەخوێندەوە، ئەو تام و چێژەی لێم هەڵدەکڕاند لەڕادەبەدەر بوو..بە ڕادەیەک هەوڵم دەدا سەرلەبەر ئەزبەری بکەم، تەنانەت وێرگوڵ و خاڵ و دەستخەتەکەشت ئەوا هەر لێیگەڕێ!.. بە شێوەیەک دەتنووسی وەک ئەوەی پیتەکان لە سەرچۆپیدا بن، سەرچۆپییەکی ئەوەندە هارمۆنی تا ماوەیەکی زۆر، هەندێجار تاکوو بەرەبەیان دووپاتەم دەکردنەوە، خۆم لەیاد دەچوو، ئەو چەند کاژێرەی دوای داهێزرانی جەستەیش خەو دەیبردمەوە، هەر لەبەر ئەوە بوو خەونەکانمت ئاوەدان دەکردەوە و نەشمدەویست بێدار بمەوە، دنیایەکی بێ تۆ دەبوایە لێی بێئاگابم..کە هەڵیشدەستێنرام، لە بێزارییدا چارەنووسێکی شوومی کتوپڕم بۆ خۆم دەخواست، شووم، تەنها بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بووە لە خەونەکەدا لەگەڵتدا بمێنمەوە و جارێکی دی زەفەر بە دنیای بێداریی نەبەم و لە کەتوارێکدا قوتنەبمەوە کە لێی دووریت و ناتوانم نەوازشی ئەو ئەنگووستانەت بکەم کە خامە دەگرن و وشە دەکەنە گوڵ و لاپەڕەکانم بۆ دەکەنە گوڵستان..مادامەکێ

مەکتووب ناوبەناو لەبەینماندا دەهات و دەچوو، بە دووریيە کاتییەکەت قایل بووم، بەو ئومێدەی وەک پەیڤێکی نەویستراوی سەر لاپەڕەیەک بسڕدرێتەوە و دیارنەمێنێ..بەڵام ..بارودۆخی ئەو سەروبەند و ئانوساتە تخووبیان بۆت دادەنا و تۆیش ساتو سەودات لەگەڵ وشەدا دەکرد و وشەیش هەوساری نییە و قبووڵ کردنیشی۔ ڕەتدەکاتەوە، لەناو ڕەهاییدا دەژێت و..تۆیش ژیانی وشەت لەلادا هاوسەنگ بوو لەگەڵ ژیانی خۆت و خۆت وەکو پۆرترێتێک هەست پێنەدەکرد تاکو لە چوارچێوە بدرێت..گەرچی بڕوام بەوە نەدەکرد سۆنگەی ڕاستەقینە ئەمە بێت، وەلێ با بڵێم ئەمەم کرد بە بیانوو بۆ ئەو نەخشەیەی داتنابوو بە بێئەوەی بۆمی بدرکێنیت بۆ دوور بڕۆیت، دوورتر لەوەی چاو هەتەری دەکرد و دڵ ئاواتی نزیکبوونەوەیەکی نوێی بۆ دەخواست ..دوا کاغەزت، تەنانەت بێ ماڵئاوایی و بێ پرسیار بوو! لانیکەم دەبوایە بڵێیت داخۆ چاوەڕوانت بم یان نا، تەنانەت گەر بتوتایە هەلا هەلاش بکرامایە تا ئەبەد هەر چاوەڕوان دەبووم..تا ئەبەد..لێ بێئەوەی ڕاستی بزانم، دەبوایە گلەیی لە بارودۆخ بکەم! دەمزانی دوای ئەو بڕیارە ناکاوەی کە وەکو بڕیاری خودی خۆت پێم هەرس نەدەکرا و دەمزانی، خۆیشت نازانی لە کوێ دەبی و لە کوێ دەگیرسێیتەوە و چی چاوەڕوانتە..زۆری برد، زۆر درەنگ هاتیتە خەونێکمەوە و پێت ڕاگەیاندم:"ئەو، ئەوەی دەستنووسەکانمی دەخوێندەوە، دەستەو یەخەم بووەوە..هەرتەنها بۆ ئەوەی لە تۆ دوورم بخاتەوە، دوورم بخاتەوە تا لە یادت بسڕیمەوە، چونکە بە تەمابوو بە برادەرێکی خۆیت بدات، تاکو خوشکەکەی بکاتە هاوسەری خۆی..."، ڕاستە، کەچی پلانەکەی سەری نەگرت و هەر یەکەو چارەنووسێکی دیمان پێ برا ..من جارجار دڵی خۆمم بە: هەر باش بوو لە دوا نامەدا داوایەکم ئاڕاستە کردبووی، لە لاپەڕەیەکی فرمێسک لەکەدارکردوودا وتبووم یادگارییەکم بۆ بەجێبێڵە، بۆنی خۆتی لێ بێت، ڕەنگە پەسەندەکانت بگرێتەخۆ ، دەدایەوە..تۆیش بە ئەستێرەی خوشکتدا ئەو ملپێچەت بۆ ناردم، مۆرێکی تۆخ بوو، خەت خەتی باریکەلەی ڕەشی تێدا بوو..لە حەوت کون دەمشاردەوە تا پەی پێ نەبرێت، چونکە بەو دوادوایە لە ملتدا بینیبوویان و لای من بیاندۆزیبایەتەوە دەرخواردی ئاگریان دەدا و خۆڵەمێشەکەیشیان پێ ڕەوا نەدەبینیم.. هەموو شەوێک بە دزییەوە، ئای چەند خۆش بوو بە دزییەوە، بە ترس و لەرزەوە دەرمدەهێنا و بە دەموپلی خۆمەوە دەمنووساند و پێموابوو هەڵتدەمژمە ناو هەناوە بێ تۆ بۆشو بەتاڵەکەم و لێت پڕپڕ دەبم..تەنها ئەمەم بە دەستەوە بوو پێی پڕبم، چونکە نامەکانت کەوتبوونە بەر پەلاماری ڕەنگە پرتەقاڵی و شینەکانی گڕ و ئەوەندەیش بە سایەیانەوە جەورم کێشا بوو تەنانەت بەشێکی زۆریان لەو گوڵ و گوڵستانانەی تۆیان لە دڵ و ئاوەزم ژاکاندبوو، خاپووریان کردبوو، وەک بڵێی لە ڕاستیدا وێرانە خاک بووبن نەک ئاوەدانییەکی لەڕادەبەدەر ناوازە و ڕەنگاوڕەنگ..کاسێتە بۆرەکە و وێنەکانیشت، بە تایبەتی ئەوەی دوای تەواوکردنی پەیمانگا گرتبووت و لەلام زۆر دانسقە بوو، پارچە پارچە کران و نەهێڵرا تەنانەت پارچەیەکیشیان لێ ڕزگار بکەم..پێموابێ دەیانویست سەرلەبەر ئاسەوارت تەفرو تونا بکەن، ئاخر ئەو ئەوانی تریشی۔ فیت دابوو، بەڵام نەیانزانی تۆ خرۆکەی سووریت، هیچ شتێک ڕەنگەکەت کاڵناکاتەوە..هیچ شتێک..ئێستایش هەروەک خۆی ماوەتەوە و هەمیشەیش هەر وا دەمێنێتەوە ..نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو هەستە سەیرو سەمەرەیەشم پەنهانە و زەفەری پێنابردرێت کە تا بەحاڵ جڵەوی کردووم، هەستی ئەوەی

من هەتاهەتایە لەو ساڵەدا قەتیس ماوم و تۆیش، بۆ من، هەر لەو ساڵەدا قەتیسیت، لەویێ خۆت لە قۆزاخە ناوە، تا کات زەفەرت پێ نەبات..هەرچییەکیش ڕووبدات، تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک ببینم گۆچانێکیش دەستی گرتوویت بۆ من هەر ئەو گەنجەی کە ئەو ساڵەی هەرگیز تێنەپەڕاندووە و هەروەک خۆی بە بیست و چواریی ماوەتەوە..قژێکی ڕەشی چڕوپڕ، سمێڵێکی بێ هاوشان، دەنگێکی بێڕادە زوڵاڵ، ڕووخسارێکی بەڕاستگۆیی درەوشاوە..بە هەر حاڵ، ساڵەکان ڕابواردن و نەیشتوانرا نە لە خوێنەکەم و نە لە خەونەکانم و نە لە تانوپۆی ئەو ساڵەیش وەدەرت بنێن کە تەواوی ژیانمی پەردەپۆش کردووە..خەونیش، دیارە هەرگیز ناتوانن سانسۆر بخەنە سەری، چونکە هەر تەنها موڵکی خۆمن، ئەگەرچیش پێکەوە نین، بەڵام..تۆ هەر لەگەڵمدایت..ئەو کاتەی لە خەویشدا بانگم کردبووی و گوێیان لێ ببوو..دامابوون، شێت و هار ببوون، لە خۆیان پرسی بوو چۆن ساڵ ساڵ ڕادەکێشێت و لای من کاڵبوونەوە بە خۆتەوە نابینیت؟!بۆیە چیدی نەیانهێشت ئەوەی بۆ داخوازییم دێت ڕەتی بکەمەوە..گەرچی ڕەتیشم دەکردەوە، بەڵام چۆن بەسەرمدا سەپێنرا؟ سەربوردەیەکی!.. ئەوەی کە ئەوان بۆ وابوون لەگەڵمدا، هەتا ئێستایش هەر پرسیارە لای من، بۆچی ئێمە لە هەمان پزدان هاوبەش نەبووین، یان من دومەڵانی هەڵتۆقیوو بووم؟.. سەربوردەیەکی تابلێی تفتوتاڵە.. تۆ پێوار بوویت، ڕەنگە سۆنگەکانی ئەو پێوارییەشت هەر هەموو نەزانم، لێ هەر پانۆڕاماکەی منیت، هەر ئەو پردەیت کە لە ڕێگایەوە پەی بە کەوتنە ناو دنیا دەبەم..چونکە دەزانم هێشتاکە هەر لە شوێنێکیدایت، دووریت، سەربار دەستبەرداری وشە نەبوویتە، جاروبار دەبنە ئەستێرەی سەر لاپەڕەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی باوکی ساکار دەیانهێنێتەوە، ئەو درک بەوە ناکات من بۆچی پڕیان دەدەمێ و لاپەڕە بە لاپەڕەیان هەڵدەدەمەوە، بەڵام من تیایاندا بۆ ڕەیحان دەگەڕێم و دەیدۆزمەوە، ڕەیحان..وەلێ هەر کەڕەتە و بە ناوێکی جیاوازەوە، کە بێچەندو چۆن شێوەی من هەڵدەگرن..بەڵێ ئەو ناوەی لۆمەی دایکمم دەکرد داخۆ بۆ میدیا، شەونم، خەندە، نیان، یان ناوێکیتر نەبوو ..کەچی تۆ لای من ئەوەندە بەهادارت کرد ئیتر بەیەکجاریی دەستبەرداری لۆمەکانم بووم..تۆ سەدای ناوەکەم بوویت، زرنگە زرنگی پیتەکانی بوویت، ڕەیحان، ڕەیحان، ڕەیحان... زرنگەیەکی ئەوتۆ بوویت کە زایەڵەکەی هەرگیز ناڕەوێتەوە.. زایەڵەیەک بەدوای بۆشاییدا ناگەڕێت تاکو بوون پەیدا بکات، بەڵکو مەوداکان دەسڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕاستەقینە بێتەدی..بەڵێ..تا دوێنێیش، ملپێچەکەت دەستەخوشکی خەونەکانم بوو، ئەوا دوا شتێک کە دەستیشت بەری کەوتبوو ڕەوییەوە و چیدی ژێر سەرینەکەم بەخۆیەوەی نابینێ، چیدی لووتم بۆن و بەرامەتی لێوە هەڵناکێشێت، ئێستا ئیدی تەنها و تەنها خەونەکانم ماونەتەوە، خۆشبەحاڵم، لە دونیا و ژیانێکی پووچدا پەنا دەبەمە بەریان، پانۆڕامایەکی جیاواز بە دونیا و ڕەنگو ڕوویەکی جوانتر بە ژیانم دەدەن، شتگەلێکیش نین تاکو وردوخاش و پارچە پارچە و جێ بزر بکرێن و لێیان بێبەریی بم، شانشینی تۆن و منیش تیایدا بەختەوەرترین بوونەوەر...

لەندەن ئابی ٢٠٢٤

# | تاتەشۆر



حەسەن نازدار

هەرکەهەواڵم بیست، لەشوێنی خۆم وەک بزمار داکوترام، توشی شۆکێکی گەورە بووم، دەستمکرد بەگیرفانمدا لەشوێنی خۆی مابوو، ترسام لەگەڵ مردنی ئەودا، ئەمیش نەما بێت. چوون هەرکات دەستمدەکرد بەگیرفانمدا ودەرمدەهێناو تەماشام دەکرد، ترسێک هەمووگیانمی داگیردەکرد، ترسێک کەچەندان ساڵە لەگیانماچەکەرە دەکات ولق وپۆپی بەنێوهەموودەمارەکانی لەشمدا بڵاو بۆتەوە، ئاخریادگارییەکی ئەو بوو، هەمیشەئەوی بیردەخستمەوە.

بۆیەکەمجارکەئەوم بینی، ئەورۆژەبوو کەمناڵەکانی گەڕەک ڕایانکردبۆ بەردەم ژووری مردووشۆرەکەی مزگەوت، ئەویش بەفیزێکەوە وەستابوو، چاوەکانی تەواو کرابوونەوەو قۆڵەکانی هەڵمالی بوو، کلاشێکی ڕەشەوە بووی بەسەرپێوە بوو، کراسێکی چڵکنی خەتداری لەبەرابوو، دەستی بەسمێڵەکانیدا دەهێناو دەیگوت: (کاکە گیان ئەم بەردەمە چۆڵکەن باتەرمەکان بێنە ژوورەوەو کارەکانمان بکەین.

لەدڵی خۆمدا دەمگوت: (خوایە گیان دەبێت ئەم پیاوەچ زاتێکی هەبێت کەوابەبێ ترس لاشەی ساردوسڕی ئەم مردووانە دەشوات وکفنیان لەبەردەکات وبۆنیان بەسەردا دەپژێنێ وبەڕێیان دەکات بۆ نوێژوپاشان بۆگۆڕستان.

من پێشتر نەک مردووتەنانەت نەموێراوەسەیری مرۆڤی خەوتووش بکەم یان لەقوتابخانە ئەوقوتابیانەی بەدەم ڕاکردنەوە بەریەک دەکەوتن وخوێن لەدەم و لوتیانەوە دەهات، یان ئەوانەی پەرکەمیان هەبوو لەگۆڕەپان دەبوورانەوە، تەماشام نەدەکردن وبەزوویی ئەوێم بەجێدەهێشت، لەترسان ڕامدەکرد بۆسەرئاوی قوتابخانەومیزم دەکرد، دوایش فشارم

دادەبەزی وڕەنگـزەردو بێ هـێز دەبـووم، بەگریـانەوەدەچوومەوە بۆمـاڵەوەو خـۆم دەکـرد بەژێرجێگاکەمەوە.

بۆیەکەمجـارمن زاتـم لەخـوێن ومـردن شـکائەورۆژەبوو کەلەناوەڕاسـتی بـازاڕ، پیاوێکیـان گوللەباران کردوتەرمەکەیان هێنـایەوەبۆمزگەوتی گەڕەک، منیش بەبێ ویسـتی خـۆم دوای منـاڵانی گەڕەک کەوتـم وخـۆم گەیانـدە لای مـزگەوت بـۆ دیتـنی مـرۆڤێکی کـوژراو، تۆزێـک ئازایەتیم دایە بەرخۆم ولەسوچێکی پەنجەرەی ژووری مردوو شۆرەکەوە تەماشای ناوەوەم کرد، دیتم پیاوەکە هێشتاخوێن لەبرینەکانی دەچۆڕا، مردووشۆرەکە پەنجەی دەکردبەناو برینەکانــداوپاکیان دەکــاتەوەوبەتۆپەڵ لۆکەدەکــات بەشــوێنی گوللەکانــدا، بەبێ هــیچ شـڵەژانێک کـارەکەی دەکـرد، وەک دکتۆرێـک چـۆن نەشـتەرگەری دەکـات یـان وەک قەسـابێک کەچـۆن گۆشـتەکەی بەردەمی وردەکـات، پاشـان دەسـتی خـوێنینی دەسڕی و هەمـان جـل وبەرگی لەبەرابـوو، وەک هەمیشـە کڵاشـەکانی بەسـەرپێوەبوو، دەتـووت ئەم جلانەی تایبەت کردووە بۆشـۆرینی تەرمەکان، دوای کارەکەی دەستەخوێناوییەکەی هێنا بەسـمێڵە سـوڵتانییە کانیـداوبەفیزێکەوە وەسـتاوگوتی: ( برایـان ئـادەی بـۆن وکفـنەکە بێـنن باتەرمەکە زۆر نەمێنێتەوە، بەڕێیکەین بۆ نوێژوناشتن ).

لەورۆژەبەدواوە مـن لەبازاڕیـان لەکـۆڵان دەمـدی ، بەخـێرایی ڕامـدەکرد، وەک مـردوویەک خـــۆم دەهاتەبەرچاوکەلەسەرتاتەشۆرەکەڕاکشـــابم وئەوبەرەوشـــۆردنم بیـــت، بەڵام تەنهاکاتێـک کەحەزم دەکـردبیبینم ئەوکاتـانەبوو کەتەرمێکیـان دەهێنـاودوای شـۆرین وەک پاڵەوانێـک دەهـاتەدەرەوەو بەلەخۆبایبوونێکەوەتەماشـای خەڵکەکەی دەکـرد، جارجـاریش لەژێـر لێـوەوە زەردەخەنەیەکی کاڵی دەخستەسـەرلێوەکانی، مـژێکی قـوڵی لەجگەرەدرێـژەکەی نێـوان لێوەکـانی دەداو دوکەڵەکەی لەکـونی لـوتییەوە دەهێنـایەوە دەر، پاشـان دەچـووە ژووری مردووشۆردنەکە.

تەنهاکاتێــک کەزۆرلەنزیکەوەچاوەترســناکەکانی ئەوپیــاوەم دی ئەورۆژەبــوو کە بــاوکم بانگهێشتی نانی ئێوارەی کرد، لەژووری میوانەکەدانیشتبوو، دایکم پەرداخێک ئاوی ساردی لەسەرسـینییەک دامێ تـابۆی بـبەم، دەسـتەکانم دەلەرزیـن، دەنـگی قـرچەی دانە کـانم ولەریـنەوەی پەرداخەکەلەسەرسـینییەکە تـێکەڵ بەیەکـدەبوون، دڵـۆپ دڵـۆپ ئـاوەکە دەڕژایـیە سەرسـینییەکە، کاتێـک ئـاوەکەم دایە بەیەک قـووم خواردییەوەوهەناسـە یەکی قوڵی هەڵکێشا، بەدەنگێکی نێرانەوە گوتی: (دەستت خۆش بێت کوڕی خۆم)، ویستم بڕۆم لەدواوە توند دەستی گرتم، بۆخۆی ڕاکێشـام، بۆلای خۆی ڕاکێشـام، بەخۆیەوە نووساندم وماچێکی کردم، جەستەی بۆنی مردنی لێدەهات، دەستی کردبەگیرفانیداو دینارێکی ئاسنی دەرهێناوخستیەمشـتمەوەوگوتی: (ئەوەش خەرج بکەبۆخـۆت کـوڕە جـوانەکەم)، بەخـێرایی پەرداخ وسـینییەکانم بردەوەبـۆدایکم، ڕامکردبـۆژوورەکەی خـۆم، لەترسـان ئەوەشـەوە خەونەچـووە چـاوم، بەڵام ئەوەنـدەم زانی کەبۆسـبەینێ خـۆرهەڵات مـن جـێگەکەم تەڕکردبوو، شەوانی تریش دەهاتە خەونم، وامدەزانی مردووم ولەسەرتاتە شۆرەکەدایانناوم

وئەودەمشوات، بەدەستەڕەقەکانی ئاوی گەرم دەکات بەلاشەمدا، لەوکاتەدائاوەکەی پێدا دەکردم بەدەنگی بەرزو قاقاپێدەکەنی، بەدەنگی قاقاگەورەکەی دەمقیژاندولەخەوڕادەپەڕیم، هەناسەم دەگیراوتووشی تاولەرز دەبووم وتابەیانی بێدار دەبووم.


خۆشترین ڕۆژێک کەئەوتوانی بەباشترین شێوەخۆی تێدابنوێنێ وەک پاڵەوانێک، ئەو ڕۆژە بووکەلەبەرەکانی جەنگەوەچەندتەرمێکیان هێنایەوە، لە ژووری مردوو شۆردنەکە بەڕیزدایاننان، کەهەریەکە لەلایەکەوەپێکرابوو گیانی لەدەستدابوو، یەکێک فیشەک بەر قاچی کەوتبوولەبەر نەزیف وخوێنی زۆرگیانی سپاردبوو، هاوڕێیەکەی فیشەک بەرنێو چاوی کەتبوو لەپشت سەریەوە دەرچووبوو، یەکێکی تریان لەدوواوە بەفیشەکی فەرماندەکەی خۆی گیانی لەدەستدابوو، هەندێکی ترسکیان دڕابوو، ئەمیش یەک یەک دەچووەلایان وبرینەکانی دەشۆردن وڕیخۆڵەودڵ وسی وجگەریانی دەخستەوە شوێنی خۆیان وپاشان برینەکانی بەدەزووی ڕەش ودەرزی قایمان دەدووریەوە، لۆکەی دەکرد بەنێوبرینەبچووکەکانەوەودواییش کفنی لەبەردەکردن وبۆنی خۆشی پێوە دەپرژاندن.

لەبەرزۆری تەرمەکان وخوێنی لەبەر ڕۆشتوویان ، جۆگەی بەردەم مردووشۆرەکە ببووە خوێناو، چەندکەسێک لەبەربۆنی خوێنەکە دەبوورانەوە، هەڵیان دەگرتن ودەیانبردنە ناومزگەوتەکەوە ، ئاویان لێ دەپژاندن وبۆنی خۆشیان لەلووتیان دەدا تابەهۆش دەهاتنەوە، ئەو ڕۆژە لەبەر زۆرمانەوەی لەنێوتەرمەکانداهەستی بەبرسێتی کرد، دوو لەفەیان لەزەرفێکی پێچراودا بۆهێنا، زەرفەکەی کردەوە دانە دانە لەفەکانی دەدایە بەرگازوبەخێرایی قووتی دەدا، جارجاریش پەرداخە سوورەکەی لەسوراحیە ئیستیلەکە پڕەکردوقومێکی لەئاوەکە دەداو وەک فەرماندەیەکی ناومەیدانی جەنگ یەک یەک سەیری تەرمەکانی دەکرد.

ئێستادوای بیست ساڵ من گەنجێکی گەورەوکاملم و وەک هەمیشەلەبەردەم پەنجەرەی مردووشۆرەکەی مزگەوتداوەستاوم، چاوەڕێم بزانم کێ تەرمی بەناوبانگترین مردووشۆری شار دەشوات، تەرمەکەی لەسەرتاتەشۆرەکە دانراوەو وەکو خەوتبێت بەدرێژی ڕاکشاوە،

منیش جارجار دەست دەکەم بەگیرفانمدادینارێکی ئاسن دەردێنم وسەیری دەکەم ، دینارێک کەهەرگیزنەموێراوە خەرجی بکەم، وەک پشکۆیەکی ئاگرچەندان ساڵ لەنێو گیرفانمدا بووە، بەدەم یادەوەرییەکانی ئەم پیاوەوە لەدڵی خۆمدا دەڵێم : ( خودایە دەبێت کێ زاتی ئەوە بکات بیشوات؟، دەبێت کێ شوێنی بگرێتەوەو ئەم هەموو مردووەی ئەم ڕۆژگارە بشوات؟.

# |"ئومێد" و "سروشت"



دلاوەر شێخ محەمەد

تا نەچوومە زانکۆ بیرم لە هاوسەرگیری نەکردبۆوە، هەڵبەت کە بیریشم لێکردەوە تەنیا لەبەر ئەو کورە ڕەوشتپاک و خاوەن کەسایەتییە بوو، کە لە ڕۆژی یەکترناسین چووە سەر ستەیجەکە و هێندە بە کورتی باسی خۆیکرد، لە سێ ڕستە زیاتر دەری نەبڕیو وتی:

. من ناوم "ئومێد" ە.

. بە بەرزترین نمرە لەو بەشە وەرگیراوم.

. لەم وڵاتە خوێندن فێری هیچت ناکات.

ئەو تەنیا کۆرسی یەکەمی تەواو کرد و دەستی لە خوێندن هەڵگرت ...

هەڵبەتە لەو کۆرسەش نمرەی لە هەر هەموومان زیاتر بوو...

من کچێک بووم زۆر جیاواز بیرم لە ژیان دەکردەوە تا چوار ساڵی زانکۆم تەواو کرد ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوم بەلای کوڕێکدا نەگێڕا ...

نازانم بۆچی لە داخی دەستهەڵگرتنی ئەم (ئومێد)ە لە خوێندن ئەم چوار ساڵەی زانکۆم لێ بوو بە چل ساڵ

من لە خەیاڵی خۆمدا دەمویست هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک بکەم کاتێ لە دەوام دێتەوە گوڵم بە دیاری بۆ بێنێت ...

کەسێکی لێهاتوو بێت و خاوەن بڕوانامە و ڕۆشنبیر بێت...

حەز لەخوێندنەوە بکات، شیعر بنوسێ و هەستی ناسک و هەر لە گەشتو گوزاردا ژیانم لەگەڵ بباتەسەر...

مرۆڤێک بێت لە قسە و دەربڕیندا پڕ قسە و قسەزان بێت ... ڕۆمانسیەکی سەرشێتی من بێت هەمیشە بە هێنانی گوڵ پێشوازیم لێبکات ...

ڕۆژان هاتن و چوون من خوێندنم تەواو کرد ... چوار ساڵ لە ماڵەوە دانیشتم بەبێ کار... بارودۆخی ئابووری و سیستەمی کارگێڕی وڵات هێندە بێ سەروبەربوو، ئەوە هەر هیچ...دامەزراندن نەبوو، بەڵکو هەلی کاریش ببووە ئەستێرەیەک لە ئاسمان و کەس پێینەدەگەیشت...

لەبەر ئەم (ئومێد)ە حەزم نەدەکرد سەیری هیچ کوڕێک بکەم ...

ڕۆژێ گوێم لێبوو براکەم بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کەسێکدا کرد و وتی:

کاک (ئومێد) بەڕێوەبەر گوتوویەتی :

دەبێ ئەو وەستایە ببینم، کە پارەی زیادەی گەڕاندۆتەوە بۆ کۆمپانیا ...

لەگەڵ بیستنی ناوی (ئومێد)

هەستم بە ئومێدێک کرد لە ژیانمدا... نۆ ساڵ بوو دوای ئەو دابڕانە هەستی وام نەبوو ...

ئەمە دوای ئەو دەستپاکییەی لێیان دیتبوو براکەم زۆر خۆشیدەویست تا ڕۆژێ لەگەڵ براکەم هاتە ماڵمان ...

لەگەڵ لێدانی زەنگی دەرگاکە چووم دەرگاکە بکەمەوە ...

چیم بینی ...

. ئومێد .

ئومێدی هەموو ژیانم ...

براکەم کاکە . ئەژی . وتی:

کاک . ئومێد . فەرموو ... فەرموو

ئەوان پێکەوە هاتنە ژوورەوە ...

دوای نانی نیوەڕۆ ...

ویستی بچێتەوە ...

گوێم لێ بوو زۆر داوای لێبووردنی دەکرد و دەیوت:

ئێوەم ئەزیەت دا ...

ئەو منی ناسیبۆوە ...

بەڵام لای وابوو من ئەو (سروشت)ە نیم، کە لە کۆلێژ منی ناسیبوو...

لایوابوو من شووم کردووە...

بۆیە برام هەر دەیوت:

کاکە ـ ئومێد ـ تۆ هیچت نەخوارد ...

من بێمە ماڵتان وەک تۆ نابم ...هههه

بە پێکەنینەوە هەر گاڵتەی پێدەکرد...

ئەویش بە ڕوویەکی پڕ خەم و ڕوخسارێکی تێکچوو ...

خەندەی دەکرد ...

کاکم ـ ئەژی ـ بانگی کردم و وتی:

خوشکۆڵێ دە وەرە هەندێ ئاوی ترمان بۆ بێنەوە

بە دایکی هێدیش بڵێ :

ئەمشەو من و کاکە ـ ئومێد ـ دەچین بۆ زاخۆ ...

بەپەلە چووم و ئاوم بۆ بردن ...

ـ ئومێد ـ گەشابۆوە و تێگەیشت من خوشکی ـ ئەژی ـ م ، نەک هاوسەری ...!

دوای چەند سەردانێکی خێزانی ...

ـ ئومێد ـ بە ئەژی برامی وتبوو...

من حەز دەکەم بێمە خوازبێنی خوشکەکەت و نامەوێ بە کەسی تر بڵێم ...

تا حەوت ساڵ من و ئومێد لە ناخۆشترین ژیان دەژیاین...

چونکە قەدەر منی لەگەڵ پیاوێکدا کۆ کردەوە کە کاری وەستای کارەبا بوو ... هیوایەتی چەکوش و بورغی و بزمار بوو...

دواتر بۆی باسکردم، کاتی خۆشی لەبەر نەبوونی دەستی لە خوێندن هەڵگرتبوو ...

کەچی بە کاسبی خۆی ببووە خاوەنی هەموو شتێک: خانوو، ئۆتۆمبێل و ماڵێکی خۆش و باخچە...

پیاوێکی سادە بوو، بێ بڕوانامە...

ئەو عاشقی بورغی و و پلایس و ئامێری کارەبایی بوو، نە شیعری دەزانی و نە کتێبیشی خۆشدەویست...

کەسێکی زۆر ڕۆتینی بوو...

خۆ ئەو هەمیشە کەمدو و دژی شەڕ و سەرئێشە بوو ...

بەڵام من هەر بیرم دەکردەوە تاکەی من و ئومێد بەو شێوەیە دەژین!

بۆیە بڕیارمدا تەواوی داواکارییەکانی تری خۆم پشتگوێ بخەم و بە داواکارییەکەی ئەو ڕازی بم...

لەسەر ئەو بنەمایەی ( ئەوەی ئەو خۆشیدەوێ منیش خۆشی ئەوم بوێ ...)

بۆیە دوای ئەم بڕیارە ئەو زۆر لەگەڵم باش بوو و زیاتر لە جاران منی خۆشدەویست...

بڕیارمدا بە ژیانێکی سادە دەست پێبکەمەوە و چاوەڕێی وشەی خۆشەویستی ناو چیرۆک و ڕۆمان و فیلمەکان نەکەم

لە بڕی خوێندنەوەی پەرتووکی فلان نوسەر و چیرۆکنووس و شاعیرانی ڕۆمانسی و خوێندنەوە شیعری هاوچەرخ و عەسری ...

هەوڵمدا ناخی ئەو بخوێنمەوە...

ئیتر دەستمکرد بە خوێندنەوەی لاپەڕەکانی ئەم ـ ئومێد ـ ە جیاواز لەوەی من تێگەیشتبووم، بەڵکو وەک ئەوەی کە ئەو هەیە...

وەک ئەو کتێبەی کە هێشتا نەمخوێندۆتەوە...

ئەو هەرگیز لە چەکوش و بزمار و بورغی دانەدەبڕا...

هەستی بە بچووکترین کەلێن و کەم و کورتی ماڵ دەکرد و خۆی وەستای هەموو شتێک بوو ...

هەر کەم و کوڕییەک لەماڵەکەدا هەبوایە بە کەمترین کات بەشێوەیەکی شارەزا و بەبێ شەڕ و سەرئێشە تەواوی دەکرد...

هێندە حەزی لەکاری ماڵەوە بوو ...

هەندێ جار بیرم دەکردەوە هیچ کارێکی بۆ من نەدەهێشتەوە...

لە سەرچاکردنی منالەکان سەرتاشێک بوو وێنەی نەبوو...

پێش ئەوەی منالەکانم بچنە بەر خوێندن فێری خوێندەواری کردبوون ...

دەیوت : با منالەکانمان خوێندەواربن، بەلام با خوێندن تەواو نەکەن...

وەکو منی دایک خزمەتی ئەو دوو منالەی خۆمانیان دەکرد...

حەزی بە تۆپی پێ بوو، جگەلە کاری وەستایی کرێکارێکیش بوو هەرگیز هەستی بە ماندووبوون نەدەکرد...

ئەو ـ سرووشت ـ ەی وا بیری دەکردەوە هاوسەرێکی دەبێت هەموو ڕۆژێ کە لە دەوام دێتەوە گوڵی بۆ دێنێت، وا ئەمڕۆ لەگەڵ پیاوێک دەژی باخچەی پێشەوە و حەدیقە و باخچەی پشتەوەی ماڵەکەی بۆ پڕ دەیان جۆری گوڵەباغ کردووە، هەموو بەیانییەک بە پێچەوانەی ئەوەی من بیرم دەکردەوە ...

ـ ئومێد ـ دەسکە گوڵێکی لە حەدیقەکە دەکردەوە و پێشکەشی دەکرد ...

هەندێجاریش دڵی نەدەهات من لە خەو هەڵبستێنێ و دەسکە گوڵەکەی لەسەر مێزەکە بە جێدەهێشت...

منیش وەکو ئەو بوومە عاشقی گوڵ، بەڵام نەک ئەو گوڵانەی بە دیاری بۆم بکڕدرێ، بەڵکو لەناو باخچەکەمدا بوون...

منیش وەک ئەو بووم بە عاشقی چەکوش و بورغی و بزمار و ژمارەی سپانەکان...

ماڵمان هەموو دەسکردی من و ئەوی پێوەدیار بوو...

من حەزم دەکرد هەمیشە سەردانی خزم و هاوڕێیان بکەم، ئەو زۆرکەم حەزی بە سەردان و تێکەڵی دەکرد، بەڵام مرۆڤێک بوو ڕقی لە دڵدا نەبوو...

ئیتر تێگەیشتم ژیانی هاوسەرگیری بریتی نیە لە وشە بریقەدارەکانی ناو چیرۆک و ڕۆمانەکان، بەڵکو ژیانی هاوسەرگیری ئەوەیە بەدوای خاڵی هاوبەشدا بگەڕێیت...

دەکرێ هاوسەرەکەت حەز، یان هەستی گوڵ کڕین بە دیاری نەبێت بۆت، بەڵام هێندە گوڵ و گوڵزاری خۆشبوێ و هەموو ماڵەکەت بۆ بکاتە گوڵ!!

# | دوو کورتیلە چیرۆک



حەمە ئەحمەد جاف

## ١ . گەڕانەوە

لە مەراقی گەڕانەوە دابوو ... کە زیاتر لە (٣٠) ساڵێک بـوو ... بـۆ ( پـاڵاوگەی نەوتی ڕومـێلە ) لە کەرکـوکەوە دوور خرابـۆوە ... ئەو کرێکـارە کـوردەی کە سـاڵانێکی زۆر بـوو سـەبرو ئارامی لەبەر هەڵگیرابوو ... چاوەڕوانی ... چـاوەڕوانی گەڕانەوە بـۆ شـارەکەی ... بـۆ شـاری لەدایکبوون و باوکە بەساڵاچووەکەی ... چاوەڕوانی .. . چاوەڕوانی ... کە بۆ تەنیا ساتێ چییە لێ نەدەگەڕا .. تروسکان پێکەوە نێ و بە تەواوی مانا چێژ لە چرکە ساتەکانی ژیان و تەمەن ببینێ .. دەبوو ڕێگایەک وەدۆزێ تا پێیدا گوزەرکا ، ئەو هەردەم لە چاوەڕێی دەرفەتێکدا دەژیا ، کە تێیدا سەرە پەتێک بگرێ بەدەستیەوە ، بێشک ئەو سەرە پەتەش چنگ کرێکاری کورد نەدەکەوت ... شەوکەت کۆکەیەکی نەرمی بۆ کرد و لەسـەر جێگاکەی جـارێکی دی خـۆی هەڵاوگـێڕ کـرد و وەر کەوتەوە و کەوتەوە داڵـغەی ( گەڕانەوە بۆ پاڵاوگەی چاڵە نەوتەکانی باوە گوڕ گوڕ ) گەڕانەوە دوا مەنزڵی ژیانی شەوکەتی شـەکەتی ماندوو بوو هەناسـەکان قـوڵتر بوون ... تـرپەی دڵ زیاتر ..شـەوکەت جغارەیەکی سۆمەری سپی لە پاکەتی پشت سەرینەکەی دەرهێنا و دایگیرساند ... مژێکی قوڵی لێدا و لە دەریای بیرکردنەوەیـدا کەوتەوە مەلە ...ئـا ..بەڵێ .. گەڕانەوە بـۆ شـارەکەم ... گەڕانەوە بـۆ پـاڵاوگەی نەوتی کەرکـوک ، ئـای یـادت بەخـێر ... کەرکـوک .. دەک خـوا لە نـاوت بەرێ بەعسی۔ دڕنـدە ، ئەوە کار بوو لەگەڵت کـردم ... مـن و بەسرەو ڕومێلە و غەریبایەتی کوجا مەرحەبا ... دەک خـوا بتـبڕێ بەعسی۔ فاشـییزم ... شـەوکەت مـژێکی تـری لە جغـارەکەی دایەوە و کەوتەوە داڵـغەی گەڕانەوە .... دووبـارە لە جێگـای خـۆی هەڵسـایە سـەر پێ و تۆزێـک بە ڕاڕەوە کەدا هـاتوچوو .. قەدەرێ ڕاوەسـتاو .. لەناکاو و چـووە ژوورەکە و بەبـن

میچەکەدا هەڵیڕوانی .. کەوتەوە دەریای بیرکردنەوە ، لە داڵغان ڕاچوو .. شتەکان لە جێی خۆیاندا مت ببوون .. بیری بۆ ڕۆشنایی سپێدە و ئەستێرەی کاروانکوژەی سەفەر و گەڕانەوە گرژبۆوە .. دەستی لەسەر سنگی داناو و پێڵوی چاوە بە فرمێسکەکانی خستە وە سەر یەک و بە چیچکانەوە لێی دانیشت ... لە پڕ جارێکی دیکە هەستایەوە سەر پێ و توند قیژانی ( سبەی هەر دەگەڕێمەوە ) ئەگەر ئیعدامیشم کەن .. جغارەکەی بە لێواری تەپڵەکەکەی بەردمی کوژاندەوە و هەڵمەتی بردەوە سەر پاکەتی پشت سەرینەکەی و جغارەیەکی دی پێکردەوە ... لەگەڵ هەڵمژینی یەکەم قومدا دەنگی ئەڵڵا هو ئەکبەر لە مزگەوتەکەی تەنیشتیانەوە ، بەرزبۆوە ... شەوکەتیش لەبەر خۆیەوە گوتی : شکور مەلا بانگدانە ... ئەو شەویشم بەخەم و خەفەتەوە ڕۆژ کردەوە ... شەوکەت ڕادیۆکەی لەسەر دۆلابەکەی داگرت و قرت .. قرت کەوتە سەر مەوج گۆڕین .. ئەی خوا هاوار چ دەبیسم ... ئەوە ئیزاعەی لەندەنە هەواڵی تەقاندنی یەکەم کرۆزی ئەمریکا بۆ سەر بەغدا بڵاودەکاتەوە ... ئای لەو خۆشییەی ئەو جار بێ منەت دەگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم ... بەڵێ گەڕانەوەم بوو بەفەرز ... ئا ... هەر دەگەڕێمەوە ... ( دەگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم ) ... (بەڵێ ) ... شەوکەتی ( ٣٠ ) ساڵ شەکەت و ماندوو لە غوربەت و ئاوارەیی و تەمەن و ژیانی کولە مەرگیدا .. لەگەڵ ئازادکرنی بەغدا و ڕووخانی بتەکانی دیکتاتۆر دا .. بە ئازادی و بە خێزانەوە گەڕایەوە کەرکوک و لەگەڵ گەیشتنی بە ( جەبەل حەمرین ) بەدەم قوڵپ و هەنسکی گریانەوە بۆ خاکی شیرینی کوردستان نەویەوە و بە تەعزیم کڕنووشی بردو کەوتە لستنەوەی گڵ و خۆڵی زێد و مەنزڵگای دێرینی خۆی ... بەڵێ شەوکەت دوای (٣٠ ) ساڵی غوربەت و ئاوارەیی بەسەر بەرزی گەڕایەوە کەرکوک .

## ٢ . گیرفانی بەتاڵ

ئەو بەیانییەش ، وەک هەموو بەیانییەکانی دی ، خاکەنازەکەی دا بە شانیاو لۆژ لۆژ بەرەو وێستگەی پاسی گەڕەکەکەیان ملی نا ... لە و کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان ڕێگای گەیاندە وێستگەکە ... قەدەرێک وەستاو پاسەکە هات ... بازاڕ ... بازاڕ

سواربوو ... لە کوشنی دوای شوفێرەکەوە لێی دانیشت و خاکەنازەکەشی خستە بەردەمی و جغارەیەکی زەرد هەڵگەڕاوی لە گیرفانی چاکەتە شڕەکەیدا دەرهێنا و مژێکی قووڵی لێداو لە چڕە دووکەڵی جغەرەکەیدا ڕەمەلە کەوت و لە دەریای خەیاڵەکانیا نقووم بوو ...

. تۆ بڵێی ئەمڕۆش دەست بەتاڵ بگەڕێمەوە !؟

نا ... نا ... خوا غەفوورو ڕەحیمە ، چوار ڕۆژە دێم و دەچم ، هیچ کارێکم دەستنەکەوتووە ! جا تۆ بڵێی ئەمڕۆش وەک ڕۆژانی دیکە بێکار بمێنم ... کێ دەڵێ نا ... نا ... نا... خوا کەریمە ... بە هەویا خوای ...

وا ئەمڕۆش هاتم ... یـا گاڵ دێنێ ... یـا پەمۆ ؟! سەری بێ ڕسق لە بن گڵدایە ، دەڵێی خوا بەزەیی بەو (نـۆ) سـەروپێچکەدا ... نەیەتەوە ... خـوا کەریـمە .....، .... (مـام سـمایل ) ، لەگـەڵ مژێکی دیکەی جغەرەکەیدا پژمی و لەبەر خۆیەوە گوتی:

-بەخـێری بگـێڕێ ... کێ دەڵێ ئەمـڕۆش مـن دەبەن بـۆ کـار؟ چـونکە دەزانـم .... ( خـاوەن کارەکـان ) هەتـا کرێکـار ی گەنـج و هەرزە و بەتـاقەت هەبـن ... ڕوو لە لای ئـێمەی پـیرو کەنەفـت ناکـەن ... نـا !!؟ بەدەم لێدانی مـژێکی تـرەوە ... نـا ... نـا... کێ دەڵێ واشـە ؟! ئەی پێشینانمان نەیانگووتوە ( تا خـوا سـەربدا ...رسـقیش دەدا ) کەسـیش ڕسـقی کەس ناخـوا !! خوا بڕیویەتییەوە و ، چی بە قیسمەت کردبێ ، بەزیاد بێت.

(مـام سـمایل ) لە دەنـگی سـتاپی پاسـەکە وەئاگـا هـاتەوە و ... دابەزی و خاکەنـازەکەی دابە شـانیا و ڕۆیشـت .. شۆسـتە و شۆسـتە ڕۆیشـت تـاخۆی گەیانـدە (مەیـدانی کـار ) ... ئەو ڕۆژەش بە خاکەنــازەکەوە لە چـــاوەڕوانی گـــۆدۆی کـــاردا وەســـتا و ... وەســـتا ... تـــا چێشـتەنگاوێکی درەنـگ هـیچ کـارێکی دەسـنەکەوت ... ئەمجـارەش وەک ڕۆژانی دیی بە دەست و گیرفانی بەتاڵ ... بە نیکەرانییەکی زۆرەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوە!

# | وەزير و بەردەست



عوسمان باشكالّى

حمه شەريف قەدەرا وى كەسێكێ نەخوندەوار بو..

هەر دئاخليڤەيا گەنجاتيا خوەدا لدەستپێكا شۆرەشا ئيلونێ وەكو كورە جووتكارەك ببوو پێشمەرگە..

حمەشەريف ب شێوەيێ گرێبەست وەكو بەردەست ل وەزارەتێ هاتبوون دامەزراندن..

هەررۆ سپێدا داسا وى ددەستێ وى دا..مقەس دبەر پشتبێنا وى ڕابوو.. دەلنگێن شەروالێ دناڤ گۆرادابوون.. ل پێش هەموو كارمەندا ئەو ل وەزارەتێ وەكو پێشمەرگەيەكێ گيان فيدا دەست بكاردبوو..

وى ...هەموو كارەك دكر.. باغچەڤانى.. پاقژكرن.. ئۆتۆمبێل شوشتن.. كارێن مالێ يێن وەزير و بەرپرسێن بلندێن وەزارەتێ.

حمە شەريف ژوورەكا بچووك د ناڤ كۆگاييێن وەزارەتێ دا هەبوو وتێدا كەل وپەلێن خوەيێن كاركردنێ ژ داس و مقەس و مەرەبێر و ئامێرێن گيا وفريز برينێ دپاراستن.. لێ سوپەكێ عەلادين ژى هەبوو دگەل قۆريەكێ ڕەشێ چايێ و شەملكەكان نڤێژا..

گەلەك جارا كارمەند ب بەهانا نڤێژێ دچوونە ژوورا حمە شەريفى داكو دگەل نڤێژێ ژى چايەكا ب تام و خوەش ڤەخۆن..

پشتى نيڤرۆيە وبارانەكا هور دباريت و سەقا هنەكێ سارە...

حمە شەريف ماندى بووە وهاتيە هندەك بێهنا خوەڤەدەت و چايەك لسەر سوپا عەلادين دانايە و جەمەدانى و جلێن خوە ب سۆپێ هشك دكەت..

کارمەندەکێ وەزارەتی ب ژووریٚ کەفت..

حەمە چا هەیە ..؟ بەلێ یا هەی.. هەرۆ وەرن چایێ ڤەخۆن دنیا سارە..

وی کارمەندی بەحسێ چا و تاما وێ دکر.. کارمەندەك دن هات و گوتێ" وەرە وە برا وە هەمی وەسل ئیمزا نەکرینە.. بەلێ من هەمی یێت ئیمزاکرین ...نەخێر وەسلا گازوائیلا موەلیدا مالا وەزیری مایە تە ئیمزا نەکریە..ئەها ڕاستە... نابیت تو ل جهێ من ئیمزا بکەی...نەخێر چەوا دبیت... لێ ئەڤەیە من یا دگەل خوە ئینای..

کا چەندە..؟ هەروەکی بەرێ یە : ملیونەك و دووسەد و پێنجی هەزار دینارە..

حمە شەریف: ملیونەك و دووسە و پێنجی هەزار دینار... پارێ گازا موەلیدا کارەبا مالا وەزیری.. بڕاستی گەلەك زۆرە..

باوەرکەن ئەڤە ستەم و زۆرداریيە ل گیانێ کوردایەتیێ دهێت کرن..

کارمەند وووسسسسس...! ئەڤە نەکارێ وەیە..

وەزیر بزانیت دێ گەلەك تورە بیت..

حمە شەریف باروەر ناکەم... ڕەنگە وی ئاگاه ژێ نەبێت..!

ژبەر هندێ ئەز حەزدکەم ئەڤ مژارە ب گەهتە وەزیری.. ژبەر کو ئەز باوەرم ئەو قائیل نابیت بڤێ ئێکێ..!

کارمەند" کورۆ تو چ دبێژی..؟

بەسە ژێ ڤەبە..

هەردوو کارمەند چۆنە دەرڤەی ژوورا حمە شەریفی..ئێکسەر ئێکی گۆت: من کارەك لدەف نڤیسگەها وەزیری هەیە..

سلاڤ جەنابێ مودێر ( بەرپرسێ نڤیسنگەها وەزیری): سلاڤ برا.. باوەرکە وەزیر نەلڤێرەیە..

کارمەند" کارێ من ب وە یە نەك ب وەزیری..خێر بێژە...

تو زانی حمە شەریفی چ گۆتە وەزیری..؟ چ گۆت برا: کورۆ کا بێژە..؟

ولله گۆت: پارێ وەسلا موەلیدا کارەبا مالا وەزیری ستەم و زۆرداریەکە ل گیانێ کوردایەتیێ دهێتە کرن..

مودیر... ئەها... تو زانی ئەو مرۆڤ ژ خوە مەزنتر دئاخڤیت..

باشە گەهشت..

جەنابێ وەزیر دزانی حمە شەریفی چ گۆتییە..؟ حمە شەریف کییە ..؟ ئەو زەلامێ بەردەست ل وەزارەتێ.. ئێ چ گۆتییە..؟ یێ گۆتی: پارێ مەلیدا کارەبا مالا وەزیری ستەم و زۆرداریەکە ل گیانێ کوردایەتیێ دهێتە کرن..! چونکە گەلەك زۆرە..

وەزیر وللە ڤێجا هەر ئەو مابوو مە فێری کوردایەتییێ بکەت..

وەزیر یێ دەنگما.. ئەو چ تشتە ل وەزارەتێ... جەنابێ وەزیری بەردەستە و گرێبەستە.. ئەگەر ژبیرا وە بێت چەند جارا هاتیە مالا وە کارێ باغچەڤانی و کارێن دن بۆ وەکرینە.. بەلێ بەلێ ڕاستە..

وەزیر ئەو مەهێ چەندێ وەردگریت..؟

کارمەند: ئەز بێژم ٣٥٠ هەزار دینارا.. باشە ١٠٠ هەزارا ژ مەهیانا وی ببرن دا باش فێر ببیت لدەمێ دئاخڤیت...! بەلێ قۆربان گەهشت..

مودیرێ حساباتا بەلێ مودیر سەد هەزارا ژ مەهیانا حمە شەریفی ببرە باشە و بکە دووسەدوپێنجی..!


برا گەلەك کێمە...نەخێر کێم نینە و بریارا وەزیریە.. باشە گەهشت ها نوکە دێ وی ئاگەهدارکەم..

حمە شەریف ڤەگەریا مالێ وکورێ وی هات پێشیێ و گۆتێ: باب دێ ڤێ مەهێ بۆ من ئایپاتەکێ کری؟

تە سۆز دایەمن... نەخێر کورێ من ڤێ مەهێ، هنەك مەهیانا من کێم بویە دیارە ڕەوشا دارایی یا حکومەتێ باش نینە..

لێ کەنگی ڕەوشا دارایی یا حکومەتێ باش بو ئەز دێ بۆ تە کرم.

# | گەڕانەوە



د. فەیسەڵ عارەب بڵباس

لە گوڕی فرمێسکی چاوەکانی، دەریای فراوانی ژیانێکی پڕ لە ناسۆر و ئازار و ئەشکەنجە بەدیدەکرا... بە لچکێکی چارۆگە لە خمدراوەکەی، کەوتە سڕینەوەی. بە هەنسکدان و قورگی پڕ لە قوڵپی گریان، ڕوویکردە ئافرەتەکان کە بەر سێبەری دیوارە قوڕینەکەیان کردبووە شوێنی ڕابواردنی کاتی بێکاری و گڕو وڕی ناو ماڵ:

- چۆن ئەو ڕۆژە ڕەشەم لە بیر دەچێتەوە، ئێستاش وەک دوێنێ ڕوویدابێ لەبیرمە. هەفتەیەکیش بەسەر کوژرانیدا تێپەڕ ببوو، ئێواران کە کفتی خەو بوو، دوای هەڵپە و سێبازێی ناو منداڵانی کۆڵان، چەتۆ دەیگوت:

- دایە، ئەدی بۆ بابە نایەتەوە.؟

بە هەردوو دەستی نەیتوانی شاڵاوی گریانی بەکوڵی ڕابگرێ و لە پرمەی گریانی دا، دانیشتووانیش کە زۆربەیان بە تەمەن و دنیادیتە بوون، کەمیشیان لە زەبر و زەنگی ڕۆژگار و جگەرسووتان بێبەری بوون، ئەوەی سەری داخست و خۆی بۆ نەگیرا و ئەوەی تر، وەک ئەوەی هاوبەشیی تاڵی و ترشیی پوورە ئاجەر بکات:

- خوا حەقمان بکات. لەوەندە زیاتر چیمان لەدەست دێت.؟

پوورە ئاجەر هەرچەندە ژنێکی بەساڵاچوو و بە تەمەن بوو، بەڵام لە هەڵسوکەوت و پاک و خاوێنییدا، وێنەی ساڵانی گەنجیی لێدەدرەوشایەوە کە چ ئازا و چاپووکێک بووە... بەڵام ئازار و کارەساتی جەرگبڕ شێوەیەکی دیکەی لێ هەڵگرتبوو. جل و بەرگی خماوی و دەستێکی لەرزۆک، چاوەکانی لەژێر سێبەری برۆیەکانی دەدرەوشانەوە، وەک بڵێی هەمیشە چاوەڕوانی گەڕانەوەی چەتۆ بێت..

هەرچەندە کەسوکاری هەڕوگیفیان لێکرد و پرکێشیی کوشتنیان کرد، ئەو لە پەیمانی خۆی نەهاتە خوارێ و دوا وتەشی بۆیان:

- لە دوای ڕەحمەتی، چەتۆ تاکە پەسارگە و ئومێدی منە.

هەر خۆی دەزانێ بە چ دەردەسەری و کوێرەوەریەکەوە لە شەش ساڵانەوە خۆی بەسەر داهێناوە و بۆی بۆتە باوک و دایک و هاوڕێی هەمیشەیی. ئێستاش شەشاگر و سێتیر و تفەنگە ئاگرینەکانی ڕۆژانی منداڵیی بەدیواری تاکە ژوورەکەیەوە هەڵواسیوە و بە دیتنیان سۆزی بێکەسی و ئاوارەیی دادەمرکێنێتەوە..

وەنەبێ چەتۆش لە پاداشی وەفاداریی دایکی کەمتەرخەمیی کردبێ، هەر لەو ڕۆژەوەی دەستی داری گرت، ساتێکی ژیانی بەخۆڕایی لەدەست نەداوە. تا گێڕانی شیرینی و خواردنی منداڵانە بەناو کۆڵانەکانی گەڕەکەکەیان و کە توانیشی- بە کرێکاری، پێویستییەکانی ژیانی سەرپۆش دەکرد...

(ئامکە)ش کە ئەم بەسەرهاتانەی دەبیست، نەیدەزانی چۆن کوڵی گریانی بەربەست بکات و دەکەوتە کرۆشتنی لێوە ئاڵەکانی، چۆن خۆی ڕاگرێ.؟ ئەوەندەی بەسەردا ڕانەبردبوو کە لە خەوی شیریندا، لەگرەی ئوتومبێلی جەندرمەکانی ڕژێمی کۆنەپەرست، کە هاتبوون بۆ گرتنی، بە تاوانی ئەوەی خەریکی کۆکردنەوە و هاندانی لاوانی گەڕەکە لە دژی ڕژێم... ڕایکرد...

- خوایە زۆر سوپاس دەستیان نەکەوت، چونکە بەو بەزمەی زانیبوو و لە گەڵ هاوەڵەکانی هەر زوو بۆی دەرچووبوون.

لە گەڵ ئەو هەموو کارەساتە دڵتەزێنانە دا، شریتی ژیانی ڕابردووی خۆی و چەتۆی وردە وردە هەڵدەکردەوە. چەند بە ئاواتی ئەو ڕۆژە بوون چوار قرۆشێک پێکەوە بنێن و زەماوەندیان ساز بکەن. سۆزی خۆشەویستی هەموو دنیای لێکردبوونە ئەو جێژوانەی دوای ماڵ نووستنان لەگەڵ چەتۆ کە کاکەبرالەی خۆیانیان تێدا تۆمار دەکرد. فرمێسکی چاوی پوورە ئاجەر چەشنی ئاوی سیروان، چکبوونی نەبوو. ڕۆژ لاباڵێکی دەما ئاوا بێت:

- دە پوورە ئاجەر ئێوارەیە، درەنگە، با بچینەوە کاولەکەی خۆمان شەوی تێدا ببەینە سەر...


"نەجارێ بنوو بەبێ خەم و خەیار، خوا یەکەو دەرکە هەزار"...

هەرگیز حەزی نەدەکرد شەو باڵی بەسەردا بکێشێ- و بخزێتە ژوورە تاریکەکەی، چونکە هەمیشە تیچاوێکی هەر لەسەری کۆڵانەکە بوو، بە هیوای ئەوەی جارێک چەتۆ بگەڕێتەوە. بۆیە هەمیشە دەیگت:

- بە گۆڕی ڕەحمەتی، هەرکەسەکی مزگێنیی گەڕانەوەی چەتۆم بداتێ، گەردانە زێڕەکەی خۆمی دەدەمێ، کە دایکم لە ڕۆژی بووکێنیمدا پێشکەشی کردووم...

**تێبینی**: ئەو چیرۆکەم لە بڵاوکراوەی (قەڵا) ژمارە ٧ی ئەیلوولی ١٩٩١ (ساڵی یەکەم) بەناوی خوازراوی (باوکی بڵند) بڵاوکراوەتەوە..

## ڕەگەزەکانی کورتە چیرۆک لای عەزیز گەردی وەهایە:



1. کەس – پاڵەوان.......... کێ؟
2. کات ..................... کەی؟
3. شوێن .................. لەکوێ؟
4. ڕووداو .................. چۆن؟
5. سەبارەت ................ بۆچی؟
6. ئەنجام .................. چی؟

- لە کتێبی پەخشانی کوردی، ١٩٨٧

# | هاوارێکی سەربڕاو



شادە عەلی

شەوان لە دوورەوە تەماشای ڕەشماڵە کۆنەکانم دەکرد، ڕووناکی لێوە دیار نەبوو، تەنیا شەوقی مۆمێکی بێ سوود شەوانە کز دەسووتا.

پیاوێکی بەساڵاچوو، لەناو یەکێک لەو ڕەشماڵە کۆنانە بەتەنیا دەژیا، لەترسی جەنگ دەلەرزی،

هەموو شەوێک پیاوەکە بەچیچکانەوە دادەنیشت و سەری خۆی لەسەر ئەژنۆکانی دادەنا، شەوێک .. لەترسی مووشەکی فڕۆکە جەنگییەکان، کڕنووشی دەبرد و بە چاوێکی پڕ لە مەراقەوە دەستەکانی بەرز دەکردەوە، بە دەستەکانیشی- ژن و کوڕ و کچەکانی لە نزیک ڕەشماڵەکەیەوە، لە بێکەسی خۆیدا بەخاکی سپاردوون.

بێ ئومێد ی بە چاوانیەوە دیار بوو ، هەموو شەوێ چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیاری ڕۆژەکانی داهاتووی دەکرد کە دێتە ڕێی.

ئەو پیاوە بەتەنیا ژیانێکی کولەمەرگی بەسەر دەبرد، لەکاتێکدا شارێک باڵندەکانی بێ دەنگ دەفڕن و کۆترەکانی هێلکە بەجێ دەهێڵن بۆ ئەوەی ببنە بەرد.

ئاسمانیش بۆتە دووکەڵی چڕی مووشەکەکان، وەکوو دووکەڵی ئەو شەمەندەفەرانەی کە بە خەڵووز کار دەکەن، لەناو چەندین ڕێگەی سککەدا، کە هەر یەکەیان بەرەو ڕێیەک دەچێت، ناچارن خۆیان بەملاو ئەولای تەنیشت و سەر شەمەندەفەرەکە گیر بکەن، ناو شەمەندەفەرەکەش پڕ بووە و جێگەی کەسێکی تر نەماوە، تا بگەڕێنەوە شوێنەکەی خۆیان.

تۆبڵێی ئەم شەوانە چەند بخایەنێت؟ کەچی هێشتا نازانرێت داهاتووی سبەی چی دەبێت؟

ترس زەردەخەنەی نەدەزانی لەسەر ڕوخساری پیاوەکە، ڕۆچووبووە ناو خەیاڵەکانییەوە، پارچەکانی لەناو دیواری بێدەنگی لەخاچدەدران، نەیدەتوانی ئارام بێتەوە.

کە توانای چاوەڕێکردنی نەمابوو و وەکوو مۆمەکەی لە ڕووناکیی بەرەبەیاندا دەکوژایەوە.

خەیاڵی ئەو هاوارانەی دەکردەوە، کە لەناو وێرانەی باڵەخانەکانەوە دەهاتنەوە دەر، تەرمی ژن و منداڵان لەناو دار و پەردووی داڕووخاودا بێدەنگییان دەشڵەقاند، ئەو پیاوە بەدرێژایی شەو بیری دەکردەوە.

چۆن ئەو دیوارانە بڕووخێنێ و بەجێی بهێڵێت، کە نزای کڕنووشەکانی لەگەڵیدا تێکەڵ دەبێت !؟

چۆن ئەو ڕەشماڵە بە جێبهێڵێت، کە بە تەنیشتیەوە هەرچی یادگاریی هەن ناشتوونی!؟

ئاخر پیرەمێردێک بەم هەموو ئازارەوە، چۆن دەتوانێت! بەردەوام فرمێسکەکانی بووەستێنێت!.



# | من و ئەو
# (چارەگە سەدەیەک بەیەکەوە)



تەزرە بۆتانی

شەقامەکانی گەڕەک وەک ئێستا لە سەرمان بەستبوویان، عامودەکان گرژو مۆن سەیریان دەکردین و لەبەر چاومان دەبوونە دێوەزمەی چیرۆکەکان، جار جارە زیلی عەسکەری بەعس بە تیژی تێدەپەڕین، بەو حاڵەش لە هیچ شتێ سڵمان نەدەکردەوە، بە ڕۆژ و شەو سەدان مەترمان دەبڕی بۆ بینینی یەکتر.

فڕۆکەکانی ئێران و ئەمریکا بەسەر سەرماندا دەخولانەوە، دەنگی ئینزار هەمووانی کەڕ دەکرد، بەڵام ئێمە لە چێژی یاری کردن بە قوڕ و دروستکردنی بووکەڵە سڵمان نەدەکردەوە.

لە بیرمە دەمانگووت:

(دز پیاوێکی ڕەشی وەکو ورچە هەموو گیانی بە تووکی ڕەش داپۆشراوە).

لە بیرمە شەوێکی زستان ئەو پێی وتم:

(دەزانی من بەم سەرمایە خەمی بیست پەنجەی هەردوو دەست و هەردوو قاچەکانمە، ئەوان هەمیشە لە دەرەوەن، چەند گوناحن هیچیان لەبەر نییە، وەرە با بیان شارینەوە).

منیش ووتم ڕاست دەکەی، هەرچی پەڕۆی کەوتە دەستمان هێنامان بۆ شاردنەوەی پەنجەکانی دەستمان.

لە بیرمە ئەوان لە ماڵی ئێمە بوون، دایک و باوکی هەردوو لامان چووبوون بۆ پرسەیەک، بەیانی نەورۆز بوو، تەقەی خۆشی گەڕەکی پڕ کرد بوو، براکانی من و ئەو ووتیان بڕۆنە ماڵی ئەوان کۆنکانمان بۆ بێنن، زۆر وتمان دەترسین سوودی نەبوو، لە کاتی هاتنەوەمان هێندە بە خێرایی دەڕۆیشتین هەر بەر دەرگاو چەند وەرەقەیەکمان لێدەکەوت، سەرەتا هەندێکمان کۆکردەوە دواتر کار لە کار ترازا، زۆر بوون ئیتر، جێمان هێشت، براکانی هەردووکمان زۆر تووڕە بوون، زۆر قسەیان پێ وتین و وتیان تازە بەم وەرەقانە یاری ناکرێ، بەیانی کە لە خەو هەستاین چ هەستانێک:

(منداڵانی گەڕەک ڕەسمانێیان بە وەرەقەکان دەکرد).

لە بیرمە خوشک و براکانی من و خوشک و براکانی ئەو بە شەڕ دەهاتن بەڵام من و ئەو بۆ جارێکیش پرچی یەکترمان ڕانەکێشا، هەمیشە لەبەر شەڕی ئەوان بە بێدەنگی جار جارەش بە تاوانبار کردنی خوشک و برای یەکتر نێوانمان بۆ چەند ڕۆژێک تێکدەچوو.

کاتێ بۆ یەکەمجار من و ئەو لە قوتابخانەی (ئاسۆ) ی سەرەتایی لە گەڕەکی مامۆستایانی هەولێر، بووین بە قوتابی، ترسی ڕاستەقینەمان ئەوکات دەستی پێکرد.

هەردووکمان لە وانەی کوردی سفری چاو زەقمان وەرگرت، دەترساین کاغەزەکە بدڕێنین، بە ترسەوە فڕێمان دایە تەنیشت زبڵدانی دەرەوەی قوتابخانەو ڕامانکرد، بەڵام قوتابییەکان پێیانزانی و بەیانی خوشکی من و خوشکی ئەو پێیانزانی، ڕۆژێکی ناخۆش بوو، دیسان جوێن بارانکراین:(وەنەبێ زۆریش بێ شانس بووبین، دایکی هەردووکمان بە خوێندەوارییەکی (ڕەش و سپی) ژیانێکیان بۆ تەرخانکرد بووین کە هیچ نەبێ لە منالانی گەڕەک جیاواز بین و ناوی چەند شاعیر و ئەکتەرێک بزانین. باری ماددیشمان خراپ نەبوو.

هەردووکمان جلەکانمان لە جلی منالانی گەڕەک جیاواز یوو، هەموو یارییەکمان بەیەکەوە تاقیدەکردەوە.

- هۆ ڕێوی ڕێوی
- کاروان و کاشی
- ساپ ساپانێ
- قەمەر.. نجوم.. کەواکب شەمس ( کە ئێمە دەمانوت ئەمەرەنجوز کەواکب شەمس)
- دوو دوو دەسی ئا دەسی
- مۆریانێ
- ئەلیاشین
- مەیل مەیلانێ
- پێشبڕکێی ناوی حەیوان و نەبات و جەماد...

- یاریکردن بە قوڕ (خۆشترین یاری)
- بەپارەی هەدووکمان بە شریکی ئەو خواردنانەمان لەبەر دەرگای قوتابخانە لەسەر عەرەبانە دەخوارد.
- گێوژ
- شێلم
- عەسەلیات
- یازدەی ئازار
- نانەقەیسی
- تەمەرهندی
- کەوکەوباری (بارد.)
- تەرۆزی بە سماق... ئاااى چەند خۆش بوو واقمان بۆی وڕ دەما واااق.

دوای ڕاپەڕین، بووین بە دوو منالی شۆڕشگێڕ، لە قوتابخانە دروشممان دەگوتەوە، دوو قوتابی زۆر چالاک، بەڵام زۆر زیرەک نا لە وانەکان، بەیەکەوە گۆرانییەکانی شڤان پەروەرو لالۆ ڕەنجدەر مان لەبەر کرد:

- ئەی بەندیخانە تاکەی ئەمێنی

لاوانی گەلمان ناوخۆت ئەچێنی

هەموو پێنج شەممان کاتێ من و ئەو لە سەنتەری گۆڕەپانی قوتابخانە دەوەستاین، دەمانووت:

- بۆ دەبێ گەلمان ڕەزیل و دیل و ژێر دەست بێ

بۆ دەبێ گەلمان لە ئازادییا بەش بێ

قوتابییەکانی تر هەموویان دەستی ڕاستییان بەرز دەکردەوەو بەیەکەوە دوای هەر دێڕێک دەیانگووت:

- بۆ؟!

راپەڕین بۆ ئێمە وەک هەر کوردێکی تر، نەگبەتیشسی. هێنا، خەونەکانی منداڵیمان کەوتە بەر شالاوی تۆڵەی بەعس لە (کۆڕەو) دواتر (براکوژی)، ئەمجارە چیتر دوو کەسی بەناز نەبووین.

گەورە تر بووین

لاپەڕەی هەژاریمان لە ژیان هەڵدایەوە، بەیەکەوە نان و برسیەتیمان بەشکرد، پێڵاوی یەکتر و جلی یەکترمان لەبەر کرد، بەیەکەوە بۆ نان دەگریاین، بەو حاڵەش و لەبەر فانۆس و بە پاشماوەی تەباشیرەکانی دەستی مامۆستا کە فڕێی دەدا، خوێندمان، دەستێکمان قەڵەم دەستەکەی ترمان بۆ هەستی نەتەوایەتی زۆر بە گەرمی جۆشیدەدا.

من (هار و هاج) چوومە ڕیزی یەکێتی قوتابیان، حەزم لە پلەو پۆست بوو، خێرا پلەکانم بڕی تا بووم بە لێپرساوی قوتابخانەو ئەندام لە ڕێکخراوێکی سەر بە لقی دوو، ئەو تەنیا پاڵپشتم بوو بۆ سەرکەوتن، تەنیا یەکجار دەنگی پێنەدام من نەمتوانی بە نوێنەری پۆل دەربچم چونکە تەنها یەک دەنگم دەویست، بەڵام ناحەق نەبوو نا..

حزبایەتی سەد جار دڵی ئەوی بڕی، هەموو ڕۆژێک نەفرەتی لە حزب دەکرد، بە خوێنی ئازیزانی بۆ ئەم نیشتیمانە قوربانی دا. منیش و ئەویش تێر تێر لە باوەشی یەک بۆ مەرگی بە ناحەقی ئازیزمان گریاین و گریاین.

گریاین بە قوڕگی نووساو، بە هەناوی برسی. گریاین و کۆڵمان نەدا، فرمێسکەکان بۆ بەهاری کۆتایی نەوەدەکان بوون بە ئاو، ڕێگای باخچەی هیوایان گوڵڕێژ کردین.

من گەشتم بۆ قوتابیان ساز دەکرد، ئەویش دەهات بەڵام زۆر کەیف خۆش بوو کە من بەرپرسی یەکەمی قوتابیانم و نزیکی ئەوم، لەبەر دەم ئەم کەیفخۆشییەی دڵە پاکەکەی ئەو من هەمیشە دەمووت نابێ تۆ و خوشکەکانت پارەی سەفەرە بدەن، عایدی خۆمن.

لە گەشت ئەو خەریکی تۆپی پێ بوو لەگەڵ کچانی هاوپۆلمان، خەریکی شایی و کەیفکردن و شەڕە ئاو بوو، بەڵام من نا.

من تەنیا دەمویست بە نێو قوتابیاندا بسووڕێمەوە تا:

- هاواریان لەسەر بکەم

- فەرمان بکەم نزیک خەڵکی تر نەبنەوە...

بەم شێوەیە چێژم لە ڕۆڵی خۆم دەبینی:)

من تەنانەت لە خۆشیان نانیشم نەدەخوارد، بەڵام ئەو وەک من گەمژە نەبوو، تێری دەخوارد و هەمیشە بە میهرەبانییەوە بانگی دەکردم:

- وەرە شێتە نانەکەت بخۆ، سارد دەبێتەوە.

گەورە بووین و خەمەکانیش لەگەڵ ئێمە گەورە بوون، بەڵام نا تەنیا خەم نا، ئەو خودایەی سەیری ئێمەی دەکرد هەموو شتێکی بە زیادەوە بۆ قەرەبوو کردینەوە، خوێندنمان تەواو کرد و بووین بە خاوەنی مووچە و منداڵی خۆمان.

بووین بە دایک.

بەڵام ئێستاش هەر کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە وادەزانم هیچ گەورە نەبووین، کە دەیبینم ناخم پڕ فرمێسک دەبێ نازانم بۆ خۆشییەکانە یان بۆ ئەو ڕۆژە سەختانەی جگە لە خودا کەس ئاگای لە ئاهـ و ناڵەمان نەبوو.

مرۆڤ هەرگیز نابێ ڕۆژە سەخت و ناخۆشەکان لە ژیانی خۆی بسڕێتەوە، چونکە ئەوان پەیژەن بۆ سبەینێ.

ئەوانە باس دەکەم بۆ نەوەی داهاتوو تا بزانن هیچ مرۆڤێک بچووک و هیچ مرۆڤێکیش زۆر گەورە نییە، لە ناخی هەر یەک لە ئێمە شەیتانێک و فریشتەیەک هەن، بەڵام ئایا لە کۆتاییدا دەبینە لایەنگری کامیان؟! کێ جەنگەکە دەباتەوە.

من و ئەو چارەگە سەدەیەک ژیانمان بەشکرد بە خۆشی و ناخۆشییەکانی.

ئەو هاوڕێ و کچە خاڵم بوو

ئەو (سروشت) بوو

بۆیە هەمیشە وەک سروشت جوان و میهرەبان، هەندێ جار ڕەنگزەرد وەک پاییز و هەندێجاریش بەهار لە ڕوخساری دەدرەوشایەوە.

منیش دەنکۆڵە تەزرەیەک بووم لە ناو لەپی ئەو، وەک جادووکەر هەمیشە ئەو ڕۆژەکانی باس دەکرد منیش تۆمارم دەکرد، وەنەبێ ئەوە یەکەم نووسین بێ بۆ ئەو، ماندووم ئەگینا زۆر ترم دەنووسی، ئەمڕۆ فەیسبوک دەیوت ئێوە چەند ساڵێکی کەمە هاوڕێن:).

- **سەرنج**: وێنەکە تەعبیریە، چەند ساڵێک بەر لە ئێستا ئەو بۆی ناردووم، وتی: ڕێک وەک من و تۆن.

# | چیرۆکی وەرگێڕدراو

# | ژنێک... بەدوای مێردی خۆیدا دەگەڕێ



سادق هیدایەت
وەرگێرانی: مقداد شاسواری

بەیانییەکی زوو،لە وێستگەی قولهەک، پۆلیسێکی کورتە باڵای سوورکەڵە، ڕووی لە شۆفێرێک کرد لەولاتر ڕاوەستابوو، ژنێکی بە ئاماژە پێ نیشاندا منداڵێکی لەباوەش گرتبوو، پێیگۆت:

-ئەو ژنە ویستوویەتی بچێتە مازەندەران بەهەڵە هاتۆتە ئێرە، بیگەیەنە شار خێرت دەگات.

ژنەکە چاوەڕێی وەڵامی شۆفێرەکەی نەکرد و خۆی هاویشتە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە. لچکێکی عەباکەی بە ددان گرتبوو، منداڵێک لە باوەشی و، پریاسکەیەک لە دەستەکەی دیکەی بوو.

بەخۆی لەسەر کورسیە چەرمیەکە دانیشت و منداڵەکەی، کە قژی بۆر و چرۆچاوێکی ناساغی هەبوو دانیشاندە سەر ئەژنۆکانی. سێ سەرباز و دوو ژن، کە ئەوانیش لەناو

ئۆتـۆمبێلەکە بـوون بە سـاردییەکەوە نیگایەکیـان تێـبڕی، بەڵام شـۆفێرەکە هەر ئاوڕیشی- نەدایەوە تا بیبینێ. پۆلیسەکە هاتە لای پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەو بە ژنەکەی گوت:

-بۆچی دەچیتە مازەندەران؟

-دەچم بەشکم مێردەکەم بدۆزمەوە.

-بۆ؟ مێردەکەت ونبووە؟

-یەک مانگی ڕەبەقە ڕۆیشتووە و نەگەڕاوەتەوە، ئێمەشی لەم تارانە، بێخەرجی و بێ و پارەو بێکەس جێهێشتووە .

-جا دڵنیای لەوێیە، کە بۆی دەچی؟

" -کەلغولامی" هاوڕێی پێی گتم لەوێیە. دیارە لەوێیە.

-ئەگەر مێردت هێندە ئازاو بە جەرگە تۆ بچیتە ئەوێ لەوێش هەڵدێ. چەندت پارە پێیە؟

-دوو تومەن و دو قڕان.

-ناوت چییە؟

-زێڕین

-خەڵکی کوێی؟

-خەڵکی ئەلڤیزم. ناوچەی شەهریار.

-لەبـاتی ئەوەی بـچی بەدوای مـێردی هەڵاتووتـدا بـگەڕێی باشـتر وایە بچیـتەوە شـەهریار، ئێسـتا وەرزی تـرێ چنینە. بـڕۆ نـاو کەس وکارت لەوێ لێیدانیشـە هەر تـرێ بخـۆ. لەخـۆڕا دەچیــتە مازەنــدەران. لەوێ بە غەریــبی ســەردەنێیتەوە، ئەویــش بەو کەم زەیــنی و کەم هۆشییەی تۆ هەتە...

-هەر دەبێ بچم.

"زێڕین ئەو قسەیەی بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە کرد، پێدەچوو بڕیارەکەی یەکلایی و بە متمانە بەخۆبوونەوە بێ. نیگا تەڵخەکەی پاشییە ڕووبەڕووی خۆی بێ ئەوەی هیچ شتێک ببینێ یان سەرنج بخاتە سەر کەسێک یان شتێک. لەوەدەچوو لەگەڵ خۆیدا بێ ئاگاو بێ ویستی خۆی قسە بکات و هەموو هۆش و زەینی لە شوێنێکیتر بوو .

پاشان پۆلیسەکە ڕووی لە شۆفێرەکە کرد و گوتی:

-کاکی شۆفێر، ئەو ژنە لەبەردەم دەروازەی دەوڵەت دابەزێنەو ڕێگەی پێ نیشان بدە.

"زێڕین"، لەو پشتگیری و خەمخۆرییەی پۆلیسەکە ورەیەکی وەرگرت و گوتی :

-من بێ کەس و داماوم. ڕێم نیشان بدەن خێرتان دەگاتێ.

ئۆتۆمبێلەکە وەڕێکەوت. زێڕین بێ جووڵەو، هەر بەو نیگا تەڵخەی خۆی، وەکو سەگێکی تێهەڵدراو چاوی بڕییە پێش خۆی. چاوە ڕەشەکانی درشت و، برۆکانی باریک و قەیتانی و، لووتی قەڵەمی و بچووک و، لێوە گۆشتنەکانی هەڵگەڕایەوە و، گووپەکانی چاڵ بوو. پێستی ڕوخساری تەڕ و بڕو گەنمڕەنگ و گەشاوە بوو. بەدرێژایی ڕێگە لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا هەر هەڵبەز و دابەزی بوو بێ ئەوەی سەرنجی بکەوێتە سەر شتێک یان کەسێک. منداڵەکە، بێ دەنگ و خەمبار و دایمەن گرژ بوو، هەنارێکی داچەکاوی لەدەستدابوو. نزیک دەروازەی دەوڵەت شۆفێرەکە، ئۆتۆمبێلەکەی وەستاند و بە ئاماژەی دەست، ئەو ڕێگەی نیشانی ژنەکە دا، کە ڕاستەوڕاست دەچووە دەروازەی شەمێران. زێڕین دابەزی و بە هەنگاوی خێرا ڕێگە درێژەکەی لەبن گەرمای هەتاو و، منداڵ لە باوەش و، بارکۆڵە بەدەست بڕی. لەبەردەم دەروازەی شەمێران، ژنەکە خۆی کرد بە گەراجێکداو دوای نیوسعات زۆربێژی و کڕووزانەوە، خاوەنی گەراجەکە ڕازی بوو، ژنەکە سواری بارهەڵگرێک بکات و لە بەرامبەر لێوەرگرتنی شەش قڕان کرێ، بێگەیەنێتە "ئاسیا سەر"ی سەر ڕێگای "ساری". ژنەکەیان ڕێنمایی کرد بۆ لای ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر کە پڕ بوو لە نەفەر و، وەک دەنکی شقارتە بە تەنیشت یەکەوە هەڵکوڕمابوون. بە زەحمەت جێیەکیان بۆ ئەویش کردەوە، ئۆتۆمبێلەکە هۆڕنێکی لێداو، ئەو ناوەی بە دووکەڵ و بەنزین و ڕۆنی سوتاو تەنی و، بەسەر ڕێگەیەکی خاکیدا لێی خوڕی. دیمەنەکانی دەوروبەر لە سەرەتادا بێزارکەر بوو، پاشان گردۆڵکەو کێو و درەختە دوورەکان و پێچ و لۆفەکانی ڕێگاکە، شێوەی دیمەنەکانی دەرێی ئۆتۆمبێلەکەی گۆڕی. کەچی زێڕین هەر بەو کزی و سیسیـ خۆی، چاوی بڕیبووە سەر ڕێگاکە. چەندجارێک ئۆتۆمبێلەکە لە بازگەکان ڕاوەستاو بەڵگەی نەفەرەکانیان پشکنی. نزیکی نیوەڕۆ لە "شەلەمبە" تایەی ئۆتۆمبێلەکە پەنچەر بوو، هەندێک لە نەفەرەکان دابەزین، بەڵام زێڕین لەجێی خۆی نەجوولا، چونکە دەترسا هەڵبستێ جێگەکەی بگرنەوە و بێ جێ بمێنێتەوە، بوخچەکەی خۆی کردەوە کەمێک نان و پەنیری لێ دەرهێنا، پارچە نانێکی نەبرژاوی بە کەمێک پەنیرەوە دایە منداڵەکەی و، خۆیشیـ چەند پاروویەکی خوارد. منداڵەکەی دەتگوت چۆلەکەی تلیاکێشە نقەو جقەی لێوە نەدەهات. بەردەوام خەوە کوتکەی دەبردەوە پێدەچوو تاقەتی قسەکردن و تەنانەت تاقەتی گریانیشیـ نەبێت. ئۆتۆمبێلەکە کەوتەوە ڕێ و چەندین سعات بەڕێگاوەبوون. لە جابۆن و فەیروزە کێو تێپەڕین و دیمەنە جوانەکانی دارستان دەرکەوت. بەڵام ژنەکە، نەیدەهێشت هیچ دیمەنێک بچێتە ناو چاوەکانی و هەر تەنها مات و داماو سەیری بەردەمی خۆی دەکرد و خۆشییەکی شاراوە و، چێژێکی سەیری تێدا وروووژابوو. دڵی بەخێرایی لێی دەدا، بە ئاسوودەیی هەناسەی هەڵدەکێشا، چونکە هێدی هێدی لە شوێنی مێردەکەی نزیک دەبۆوە و سبەی، دەیتوانی " بەبۆی" مێردی بدۆزێتەوە. لە دڵی خۆیدا بیری دەکردەوە دەبێ ماڵەکەی چۆن

بێ، کەسوکارەکەی چۆنچۆنین و چۆن لەگەڵ ئەودا هەڵسوکەوت دەکەن. لەدوای مانگێک دابڕان لە "بەبۆ"ی مێردی چۆن ڕووبەڕووی دەبێتەوە و چی پێ دەڵێ؟ بەخۆیشی. دەیزانی لە بەرامبەر "بەبۆ"ی مێردی دەمی دەبێتە تەڵەی تەقیو و زمانی دەبێت بە لەتێک گۆشتی مردوو، هیچی پێ ناگوترێ و تنۆکێک هێزو وورەی تێدا نامێنێ و دەکەوێتە سەر چۆکان. هەر دەتگۆت لەناو "بەبۆ"ی مێردی دا وزەیەکی تایبەت هەیە هەموو هۆش و هێز و ئیرادەی ئەو بێ باردەکاو هەڵدەوەشێنێتەوە و بە تەواوەتی دەبێتە ملکەچ و فەرمانبەرداری ئەو. ژنەکە دەیزانی و دڵنیا بوو، مێردەکەی گیف و هەڕەشەی لێدەکاو پاشانیش لێی هەڵدەکێشێتە قامچی، هەمان ئەو قامچییەی پێی لە گوێدرێژەکانی دەدا، دەکەوتە گیان و وێزەی ئەویش. زێڕین هەر بۆ ئەوە دەچوو، ئەو، هەموو جەستەی هاواری دەکرد بۆ قامچی خواردن، هەر لە بنەڕەتدا بەدوای مێردەکەیدا دەگەڕا هەتا بیدۆزێتەوە و ئەوی تێر قامچی بکات. هەوای شێدار، دارستان، بەرچاوگەی دڵڕفێنی دەروربەر، ئەو خەڵکەی لە دووررا دیاربوون و کاریان دەکرد، ئەو پیاوەی کورتەکێکی پەمۆی شینی لەبەردا بوو، لە لێواری ڕێگەکە ڕاوەستابوو، ترێی دەخوارد، خانووی ئەو گوندانەی سەر ڕێگەکە، بەبەرچاویدا تێدەپەڕین، هەموو ئەوانە زێڕینیان دەخستەوە یادی منداڵێتی خۆی.

دوو ساڵ دەبوو زێڕین هاوسەرگیری لەگەڵ "بەبۆ" کردبوو. یەکەمجاریش کە ئەوی بینی لە ترێ چنین بوو. زێڕین لەگەڵ "میهربانۆ"ی کچی دراوسێیان و " موچول خانم" و دوو خوشکەکانی خۆی " خۆرکلا و بمانی خانم" ئیشیان ئەوەبوو، هەموو ڕۆژ بە کۆمەڵ، ژن و پیاو و کچەکانی لە باخەکەدا ترێیان لێدەکردەوە و هێشووە ڕەونەقدارەکانیان دەخستە نێو سەبەتەکان. پاشانیش ئەو دەیانبردە ڕۆخی ڕووباری "ئاوی ڕەش" کە دەکەوتە ژێر درەختی چنارێکی کۆن، کە دوعاو نووشتەیان پێ هەڵدەواسی و لەوێ، دایکی زێڕین لەگەڵ " گەوهەر بانۆ" دایکی عەباس و، خۆشقەدەم باجی و، کیشوەر سوڵتان، تیری گوڵداد و خودایار" سەبەتەکانیان ڕادەستی ڕیش چەرمووی گوندەکە " ماندگار عەلی" دەکرد. لەورۆژەدا بارکێشی نوێ هاتبوو، کە سەبەتەکانی بار دەکرد. ناوی "بەبۆی مازەندەرانی" بوو، کە بێ برانەوە گۆرانی دەگوت و کچەکانی فێرە گۆرانی گوتن دەکرد و دڵیانی خۆشدەکرد. وایدەکرد کچەکان بەردەوام پێدەکەنین و ئەو کارەش هەتا دەمەو ئێوارەی ئەورۆژە درێژەی کێشا. بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی کچەکانی بۆلای بەبۆ ڕاکێشا گۆرانی گوتنەکەی نەبوو، خودی ئەو بوو، بوێری و چاونەترسیەکەی بوو، کە بەر لە هەمووان کەوتە ناوەڕاستی دڵی زێڕین. هەر کە کچەکە، لەشولاری پتەو و کارامەیی و گورج و گۆڵی و، ملئەستوری و، لێوە سوورەکانی و، قژی بۆری و، قۆڵ و باسکی سپی و پڕ هێز و توکنی بەبۆی دیتبوو، بەتایبەتی ئەو کاتەی سەبەتە گەورەکانی پڕ ترێی لەسەر یەک ڕیز دەکرد، دڵی بۆی کەوتە ترپەو هەڵبەزین. سەرەڕای ئەو مەیل و ئارەزووەی بەبۆ، بەو تێڕوانینە گەرم و شەوقدارەی لەنێوانیان ئاڵوگۆڕ دەکرا بەس بوو بۆ ئەوەی زێڕین کە هێشتا کچێکی چواردە ساڵان بوو، ئاشق و هۆگری خۆی بکات و سەرنجی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. کچەکە هەرکاتێک نیگای بەبۆی بەسەر خۆیدا دەبینی ناو دڵی پڕ دەبوو لە خۆشی، ڕەنگێکی دەهێناو ڕەنگێکی

دەگۆڕی، چونکە لەو ڕۆژەدا خەریک بوو حاڵەتێک و دۆخێکی تازەی ئەزموون دەکرد و، هەستی دەکرد پێشتر قەت نەکەوتبووە ناو دۆخێکی ئاوها، کە دڵی پڕ بێ لە عەشق و خۆشی و ئارەزوو. ئەو هەتا ئێستا هیچ شتێکی لەبارەی پیاو نەدەزانی. دایکی هەر لێی دەداو چاوی لێ سوور دەکردەوە و، خوشکەکانیشی۔ کە لەو گەورەتر بوون، پشتیان تێدەکرد و نهێنییەکانی خۆیان لێ دەشاردەوە. هەرچەندە زێڕینیش لە داڵغەو خەیاڵی خۆیدا زۆرجاران بیرو هۆشی بۆ لای پیاو دەچوو بەڵام قەت زاتی ئەوەی نەدەکرد لە کەسێک بپرسێ و، دەیزانی قسەکردن لەمبارەیەوە خراپەو دەبێ خۆی لێ بەدوور بگرێ. تەنها هەندێجار "میهربانۆ"ی کچە دراوسێیان و "خانم کوچولو وبلوری خانم" لەگەڵیدا باسیان لە هەندێ تایبەتمەندی و نهێنی پیاوان کردبوو و زێڕینیان کونجکۆڵ کردبوو و خستبوویانە مەراقەوە، بەتایبەت هەندێ چاو و گوێی کرابۆوە. تەنها "میهربانۆ" باسی لە هەندێ هەڵسوکەوتی شاراوەی خۆی کردبوو لەگەڵ شێرزادی کوڕی "ماندگار عەلی"، بەڵام هەموو ئەو بیرو هزرانەی زێڕین لەبارەی عەشق و شەهوەت لە زەین و مێشکی خۆیدا وێنای کردبوو، نیگای "بەبۆ" هەمووی لێگۆڕی. هێز و تین لەناو قاچەکانیدا نەماو هەستێکی تێدا ورووژا مەحاڵ بوو بتوانێ وەسفی بکات. هەر ئەوەندەی دەزانی هەموو گەردیلەکانی ڕۆح و جەستەی "بەبۆیان" دەوێ و لەو ساتە بەدواوە پێویستی تەنها بەو هەبوو، بێ ئەویش نەیدەتوانی بەرگەی ژیان بگرێ و بژی. هەر بە ڕێکەوتیش لەو ڕۆژەدا، زێڕین ئەو کراس و کەوا سوورەی کە هەیبوو، لەبەری کردبوو و، ئەو هەوریە جوانەی پووری لە "مەشهەد" بۆی هێنابوو لە دەوری سەری پێچابووی و حەوت لنگە کەزی بادراو لە پشتی هەوریە ڕەنگاوڕەنگەکە دەرکەوتبوو، بەشێوەیەک وێڕای ناسکی جەستەی و بزاوت و جووڵەکانی و جوانی و شۆخیی ڕوخساری، جلکی بەری، جوانییەکەی دوو هێندە لێکردبوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو، بەبۆ لەناو ئەوسەدان کچە جوانەو ئەو خەڵکە زۆرەی لەوێ کاریان دەکرد سەرنجی تەنها کەوتبووە سەر زێڕین و بە دزییەوە گۆشەچاوێکی هەر لەسەر ئەو بوو و ناوە ناوە بزەیەکی بۆ دەنارد. هەر بەو زیرەکی و وردبینی و هەستە پەنهانییانەی کیژۆڵەیەکی وەک ئەو هەیبوو، هیچ گومانی لە دڵدا نەمابوو. کەوا بەبۆ مەیلی بۆ ئەو هەیەو پەیوەندییەکی تایبەت و بێدەنگ لەنێوانیاندا درووست بووبوو. نەیدەزانی دەبوایە لەکات و ساتێکی ئاوهادا چی بکات، خوێن هێندە بەخێرایی لەنێو لەش و دەمارەکانیدا هاتوچۆی دەکرد هەستی کرد گۆناکانی داغ بوونەتەوە و سوورهەڵگەڕاون، دەتگوت بڵێسەی ئاگر لەبن پێستی ڕوخساریدا داگیرساوە و، هێندە سوور هەڵگەڕابوو "شەهربانۆ"ی کچی " کیشوەر سوڵتان" لێی تێگەیشت ئەو سوورهەڵگەڕانەی لە خوت وخۆڕایی نیە. ئایا زێڕین دەیتوانی ئەو ئومێدە بەخۆی ببەخشێ، کە دەبێتە ژنی بەبۆ، لە حاڵەتێکدا دوو خوشکی لەخۆی گەورەتری هەیە؟ هێشتا مێردیان نەکردووە؟ ئەوە جگە لەوەی ئەو لە هەردوو خوشکەکەی دیکەی لەبەر چاوی دایکی چارەڕەشترین کچ بوو. چونکە بەر لەوەی لەدایک بێ، باوکی مرد و، دایکی بەردەوام لۆمەی کچە بەدبەختەکەی دەکرد و دەندوکی لەسەری دەداو پێی دەگوت تۆ پێ و قەدەمت شووم بوو، سەری باوکتت

خوارد. بەڵام لە ڕاستیدا، دایکی هەر لەدوای زایینی کچەکەی، ئێشێکی قورسی تاداری گرت و بەهۆیەوە دوو مانگی ڕەبەق لە سەر جێگە کەوت و ڕقی لە کچەکە دوو هێندەی لێهات .

دەمەو ئێوارەی ئەو ڕۆژە، هەموو کرێکارەکان دەستیان لەکار هەڵگرت و، لەنێو لک و پۆپی دارمێوەکاندا، کە وەک تەنافی قاوەیی بەسەر، بەرزی و نزمی کێڵگەکەدا پێکەوە چنرابوون و تێکئاڵابوون هاتنە دەرێ و بەلای ڕووباری "ئاوی ڕەش" دا ڕۆیشتن و ترێکانیان وەکو هەموو ڕۆژێک ڕادەستی ڕیش سپی گوندەکەیان "ماندگار عەلی" کرد .

زێڕین و دایکی و میهربانۆ لەگەڵ "گۆگل" کە لە ڕێگا پێکگەیشتن بەرەو قەڵا لە قوڕ درووستکراوەکەیان، کە شوورەو دیواری بەرزی هەبوو بەڕێکەوتن. لەڕێگادا زێڕین باسی عەشق و خۆشەویستی خۆی بۆ میهربانۆ کرد و میهربانۆ بەڵێنی پێدا هەرچییەک لەدەستی بێ و لەتوانایدا بێ بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی درێغی نەکات.

شەوێکی درێژ و پڕ لە زەحمەتی بەسەر زێڕین تێپەڕ بووا تریفەی مانگە شەو لە ڕوخساری دەداو خەوی لێنەدەکەوت. هەستی بە تێنوێتی کرد، هەڵستا بچێ ئاو بخواتەوە. پاشان چووە هەیوانی ماڵەکەیان. نە، هەر حەزی لێ نەبوو بخەوێ. شنەبایەکی فێنک هەڵیکردبوو. سینگ و بەرۆکی کراوەبوو بەڵام هیچ هەستی بە سەرما نەدەکرد. دەنگی مرخە مرخی دایکی، کە هەمووانی کاس دەکرد دەتگوت ئەژدیهایەو لە ژوورێ نووستووە. دەیزانی هەرکاتێ ووئاگا بهاتبایە بانگی ئەوی دەکرد، بەڵام هیچ گرنگییەکی نەبوو. چونکە لەناخی خۆیدا هەستی بە سەرهەڵدانی یاخیبوونێک دەکرد. بە خشکەو ماتەمات چووە سەر حەوزەکەو لەبن چەتری درەختە پیرەکەدا ڕاوەستا. لەو ساتەیا، ئەو وای هەستدەکرد درەخت و زەوی و ئاسمان و ئەستێرەکان و تریفەی مانگە شەویش، هەموویان بە زمانێکی تایبەت لەگەڵ ئەودا دەدوان. دۆخێکی هەم خەمبار و هەم خۆش بوو تێی کەوتبوو. هەتا ئێستا هەستی بە ئاوها دۆخێک نەکردبوو. ئەو بەباشی زمانی درەختەکان و ئاو و شنەباو تەنانەت ئاورنگ وشەونم و دیوارە بەرزەکانی ماڵ و ئەو قەڵایەی تێیدا زیندانی کرابوو، هەروەها لە زمانی ئەوکیتەڵە ماستەی لەسەر لێواری حەوزی ئاوەکەدا داندرابوو تێدەگەیشت و لەناوخۆیدا هەستی پێدەگرد. ئەستێرەکان کە دەتگوت وەک دانەکانی تنۆکی شەونم و ئاونگ لە هەوادا تۆیان دابێ، لاواز و ترسنۆک بە ڕۆشنایيەکی لەرزۆک دەدرەوشانەوە. هەموو ئەوانەو هەر شتێکی ئاسایی و بێ بایەخ لە ڕوانگەی ئەودا، سەیر و ناسروشتی و پڕ لە ڕاز و نهێنی لێهاتبوو، کە واتایەکی دوور و نەزانراویان هەبوو قەت بەبیری ئەو دا نەهاتبوو. بێ ویستی خۆی دەستی بەسەر سینگ و مەمکەکانیدا خشاند تا سەر قۆڵ و باسکەکانی. شنەبایەکە، زوڵفەکانی پەرێشان کردبوو. لە ئەنجامدا لەسەر ڕۆخی حەوزەکە دانیشت و قوڵپی گریان هەتا ناوەڕاستی قورگی هات. لە پرمەی گریانێکی بێ دەنگی داو تنۆکەکانی گەرمی فرمێسک بەسەر لاڕومەتەکانیدا شۆڕبۆوە و ڕێچکەی بەست. ئەو جەستە نەرمەو، ئەو ناوقەدە باریکە بۆناو ئامێزی بەبۆ خولقێندرابوو. مەمکە فەریکەکانی، قۆڵ و باسکی و هەموو جەستەی باشتر بوو بچێتە ژێر گڵ، لەبن خاک و

خۆڵدا دارزێ باشترە لەوەی لەماڵی دایکی بە جوێن و چارەڕەشی چرچ و لۆچی تێ بکەوێ و مەمکەکانی سیسەوە بن و بژاکێن و ژیانی بە بێهودەیی و بێ کەڵک وبێ سود و بێ ئەنجام و بێ عەشق خەسار بێ و بەفیڕۆ تێپەڕێ. دەیویست خۆی لە خرتۆڵێ وەربدا، کراسی بەری بدڕێنێ و زیواڵ زیوالی بکا هەتا ئەو گریانە یەخەی بەردا و، لەو بەختە ڕەشەی ڕزگاری بێ. ئێستا ئیدی بە شەپۆڕ و دەنگی بەرز دەگریا. لەم کات و ساتەدا هەموو بەدبەختی و چارەڕەشیەکەی قۆناغەکان و ساڵەکانی ژیانی بەنێو زەینیدا تێپەڕی. جوێنەکانی پێی درابوو، ئەو لێدان و تێهەڵدانانەی خواردبووی. ئەو هێشتا منداڵێکی گچکە بوو دایکی مشتەکۆڵەیەکی لە پشتی سەری دەدا هەتا پارچە نانێکی وشکی دەدایە و لە پشتەوەی ماڵێ فڕێدەدا، تا لەگەڵ منداڵە کەچەڵ و کوێر و گەڕەکان گەمەو وازی بکات. قەت ڕوویەکی گەش وتۆسقاڵێک میهرەبانی لە دایکی نەبینیبوو. هەموو ئەو چارەڕەشییانە لە ئێستادا دە هێندە گەورەتر و ترسناکتر دەهاتە پێش چاوی. تەنها "میهربانۆ" و دایکی جاربەجارێ هەندێ دڵنەواییان دەکرد و هەموو جارێ کە دایکی لێی دەدا پەنای دەبردە ماڵی ئەوان. زێڕین فرمێسکەکانی بەسەر قۆڵی کراسەکەی سڕییەوە و هەستی بە کەمێک ئارامبوونەوە کرد. دڵنیگەرانی و پەرێشانییەکەی هەندێ دامرکایەوە. هەستی بە ئارامی کرد، جۆرێک ئاسوودەیی هەموو ناخی داگرت. چاوەکانی نووقاند، هەوایەکی پاکی هەڵمژی. بەڵام ڕوخساری "بەبۆ" لەبەر چاوی لانەدەکەوت. قۆڵ و باسکی پتەوی بەبۆ، کە قورسایی و باری پەنجا – شەست کیلۆی وەکو تەلەپووشێک هەڵدەگرت و دەیخستە سەر پشتی گوێدرێژەکەو قژی نەرم و بۆری و، ملە سوور و ئەستوورەکەی و، برۆ پان و پۆڕەکانی و ڕدێنی پڕ و تێکئاڵاوی بەبۆ، لەبەر دید و نیگای زێڕین لانەدەچوو. ئێستا ئەو لەوە گەیشتبوو، کە دنیایەکی دیکە، لەپشت ئەو دنیا بچووکەی ئەو هەیە. دواجار شەڵپە ئاوێکی بەدەموچاویدا کرد و گەڕایەوە ناو پێخەف و گینگڵی دەداو، نیەتی ئەوەی لەخۆی گرت ئەگەر بە مرازی دڵی خۆی بگات و ببێتە ژنی بەبۆ، هەر ئاوها کە خۆی لە زیندانی ماڵ ئازاد دەبوو، کۆترێک بکڕێ و ئازادی بکات و مۆمێکیش لە شەوی هەینیدا لە مەزارگەی ئیمامزادە " ئاغا بیبی سەکینە" داگیرسێنێ، چونکە "ستارە"ی کچی " نایب عەبدوڵلا"ی ئاوکێشیش هەمان ئەو نیەتەی هێنابوو، بۆی هاتە جێ و شووی کرد. بەیانی ڕۆژی دواتر، زێڕین، کە چاوەکانی لە بێ خەویدا پەڵمابوون و سوور هەڵگەڕابوو، لەناو جێ هاتە دەرێ و چووە ترێ چنین. لەسەر ڕێگای لێواری ڕووباری ئاوی ڕەش لەبن درەختی چنارەکەی "مرازان" کە لە جۆخینەکە بوو، لەوێ کە بەبۆ ترێیەکانی باربەندی کردبوو ڕاوەستا. لە پاشماوەی کاری دوێنێ دا هەندێک گەڵامێو کەوتبووە بن پێیان و تەرسەقوڵی گوێدرێژ و توێکڵی تۆو کولەکە لەسەر عەرد کەوتبوو. زێڕین دەستی بردە بن یەخەی کراسەکەی ڕیشاڵێکی دەرهێناو پاش ئەوەی نیەتی کرد بە لکی درەختەکەوەی گرێ داو، هەر کە ئاوڕی دایەوە " مهربانۆی" کەوتە بەرامبەری و گۆتی:

-بۆ ئەمڕۆ چاوەڕێمت نەکرد زێڕین؟ لێرە چ دەکەی؟

-هیچ ناکەم، وامزانی هێشتا نووستووی، نەمویست بێزارت بکەم. ئەم بەیانییە هەندێک زووتر لەماڵ دەرچووم .

"میهربانۆ" قسەی پێ بڕی وگوتی:

-من دەزانم، ئەو زوو هاتنەت بۆ بینینی بەبۆیە!

زێڕین بوخچەی دڵی خۆی بۆ میهربانۆکردەوە و باسی لە خەوزڕانی شەوی ڕابردووی بۆ کرد و هەروەها پێی گوت نیەت و خێری چی لەخۆی گرتووە. میهربانۆ دیسان دڵنەوایی کچەکەی کرد و دڵنیای کردەوە لەگەڵ دایکی ڕاوێژ دەکات و هەوڵی بۆ دەدات. چونکە دایکی میهربانۆ تەنها کەسێک بوو زێڕینی خۆشدەویست. دانی سبەینەکەی زۆر چاوەڕوانیی کرد بەبۆی نەبینی. میهربانۆ هەواڵەکەی بۆ هێناو پێیگوت بەبۆ لەولاتری ئەوان کار دەکات. نیوەڕۆکە بۆ خواردنی فراقین گەڕانەوە ماڵ، زێڕین چووە ژووری پێنج دەرگاکەو هەموو دەرگاکانی لەسەر خۆی داخست و لەبەر ئاوێنەیەکی لێوار شکاو، کە لەناو چەکمەچەکەی خۆی هەیبوو، قژی خۆی داهێناو ڕوخسار و دەموچاوی خۆیشی۔ ڕێک وپێک کرد تا دەمەو ئێوارە کە بەبۆ دەبینێ بزانێ چۆن بزە بخاتە سەر لێوەکانی و چۆن بەدڵی خۆی جووڵە بە جەستەی بکات. دواجار، لە پرۆڤەی هەموو بزەکانیدا جۆرێکیانی بەدڵ بوو و پەسنی کرد. زانی ئەو نەدەبوایە بە تەواوەتی پێبکەنێ و دەمی بکاتەوە وددانە نارێک و ناجۆرەکانی دەربکەون. چەند داوێکیشی۔ لە قژی و کەزیەکانی بەسەر نێوچەوان، لامل و شانەکانیدا پەخش و پەرێشان کرد و جوانیەکەی خۆی، دڵخۆشی کرد. برژانگی درێژ و، بزەی دڵڕفێن و، ڕووخساری منداڵانەی سادەو، ئەو هێڵە کورتەی دەکەوتە سەر گۆشەکانی لێوی هەمووی پێکەوە ئەندازەو سەرنجراکێش بوون. گۆنا سوورەکانی بەسەر پێستی گەنمرەنگی ڕوخساری، جوانیەکی زێتری پێ دەدا. هەروەها ڕەنگی سوور و ئاڵ و گەشی لێوەکانی دەتگۆت ترێی شاهانەیە هێندە تەڕ و وررووژێنەر بوو. دەمی گەرم و، بە تایبەتی چاوەکانی بەو نیگا باڵکێشەی، کە دایکی میهربانۆ هەمیشە پێی دەگۆت. "لەشێوەی چاوەکانت تەنها سەگ هەیەتی"، هەموو ئەوانە ئەوی لە کچەکانی دیکە جیا دەکردەوە. پاش نیوەڕۆکاتێک زێڕین لەگەڵ میهربانۆ گەڕانەوە بۆ ترێ چنین، لەناخی دڵیەوە دڵخۆش و شادومان بوو. چونکە لێ بڕابوو بەهەر شێوەیەک بێ دەبێ ئەو جوانی و دڵبەرییەی خۆی نیشانی بەبۆ بدات. کاتێک زێڕین کەمێک لەولاتری خۆی چاوی بە بەبۆ کەوت دڵی زیاتر گەشایەوە و، دانی ئێوارەکە بە گۆرانی گوتن و شادی و خۆشی تێپەڕی. پێچەوانەی ڕۆژانی پێشترکە زێڕین هەمیشە سیس و داماو و خەمبار دەهاتە بەرچاو، ئەمڕۆ بە شادی و کەیفخۆشی، هێشووەکانی ترێی لێ دەکردەوە و تەنانەت فاڵیشی۔ پێ دەگرتەوە. بۆڵە ترێیەکی بە دەستەوە دەگرت، دانەیەکی دەخستە دەمی خۆی و دانەیەکی دەخستە دەمی میهربانۆ، ئەگەر دوا دانەی ترێ بەر خۆی کەوتبا ئەوا لە خۆشیا شاگەشکە دەبوو، چونکە ئەوە مانای وابوو، ئەو دەبووە قیسمەتی بەبۆ. دەمەو ئێوارە، کاتێ گەڕانەوە لای دارچنارەکە، بەبۆ و زێڕین بەردەوام بزەو پێکەنینیان پێکدا دەگۆڕییەوە. هەروا کە لەماڵ،

لەبەردەم ئاوێنە مەشق و پرۆڤەی کردبوو، جوانترین بزەی دەخستە سەر لێوەکانی و بە جووڵەیەکی خێرا قژی پەرێشانی سەر نێوچەوانی فڕێ دەدایە لای پشتەوەی سەری و ڕووخساری دەتگوت مانگی تەواوە لە پەنا هەوردا دەردەچێ. چوار ڕۆژ بەمشێوەیە تێپەڕی و ڕۆژ دوای ڕۆژبوێری و شەرمشکێنی زێڕین زیاتر دەبوو، پەیوەندی نێوانیان پتەوتری لێ دەهات و ڕایدەکێشایە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە. تا ئەوەی ڕۆژی چوارەم میهربانۆ ئەو مژدە خۆشەی دایە زێڕین و پێی گوت، دایکی هەمـوو شتێکی بڕاندۆتەوە. زێڕین لە شاگەشکەیی و خۆشیی مژدەکە ماچێکی سەر لێوی میهربانۆی کرد. چۆنچۆنی شتەکان بڕابوونەوە و لەگەڵ کێ بڕاندبوویەوە، ئەوانە هیچی بەلای زێڕین گرنگ نەبوو. بەڵام ئەوەی دەزانی هەندێک لە پیرەژنەکان ئەزموونێکی زیاتریان لە ژیان هەیە و لە پێگەیاندنی دوو دڵداردا دەستێکی باڵایان هەیەو شارەزان و، هەندێ ڕێچارە دەگرنەبەر لەناو ئەقڵی ناپوختەی ئەودا جێی نەدەبۆوە. ئێستا دەیتوانی ئومێدوار بێ، کە بە خەونە خۆشەکەی و ئارەزووی دڵ گەیشتووە. تەنها کێشە لەم بەینەدا دایکی خۆی بوو. هەر کە ئەم بابەتەی بزانیبا وەکو تیر لە کەوان دەربچێ بەڕوویدا دەتەقییەوە و چی جوێنی ناشرین و نەفرین و دوعای خراپە، کە هەمیشە لەسەر زاری بوو پێی دەدا. چونکە دایکی ڕۆژانەکەی ئیشکردنی زێڕینی وەردەگرت و، بە شووکردنی کچەکە، ڕۆژانەکەی لە کیس دەچوو. بەڵام دوای کێشمەکێشی. زۆر و، پێداگری دایکی میهربانۆ، دایکی خۆیشی. ڕازی بوو و، دەستێک جلکی ڕەنگسووریان بۆ کڕی. بەڵام لەگەڵ هەڵبڕینی هەر پارچەیەکی کراسەکە، دوعا و نەفرینێکی لێ دەکرد و دەیگوت " خوایە، بکەوێتە ژێر دەستی مردووشۆر، ئیلاهی، کت وپڕ ڕۆحت دەرچێ و نەزانی چۆن و بەچی مردوویت، یاخوا ئاهەنگی گواستنەوەت ببێتە شین و ڕۆڕۆ. یاخوا کچێ، جەرگ و ناوت دارزێ، مەراق بەدڵ بمێنی، جوانەمەرگ ببی بەو مێردە لۆرە پێ پەتیەی دۆزیوتەتەوە!". بەڵام گوێچکەکانی زێڕین لەو دوعاو نەفرینانە پڕ ببوو، ئیدی هیچ کاریگەرییەکی بەسەرەوە نەبوو، لەم گوێچکەیە دەچووە ژوورێ و، لەوی دیکەیان دەهاتەدەرێ. مەنجەڵێکی سفر و سەماوەرێکی برۆنزی بۆ دانا وەک وەک جیهازی بووک. ڕۆژێکیان دەمەو عەسرانێک دایکی میهربانۆ بەبۆنەی زەماوەندی زێڕین میوانداری و سووکە ئاهەنگێکی سازدا و، خەڵکی ئاوایی بانگێشت کرد، ژنە دێهاتییەکانی دەتگوت بووکەڵەی شانۆیین، خڕببوونەوە. بەڵام خوشکەکانی ئەو، " خورشید کڵاو و بمانی خانم" لە ئاهەنگی خوشکەکەیاندا بەشدار نەبوون. مەلای دێ " سەید مەعسوم" بانگکراو زێڕینیان لە بەبۆ مارە کرد. پاشانیش مەلاکە بۆ ممبارەکی و پیرۆزکردن کەمێک شینگێڕی بۆ خوێندن. دایکی، داوای کرد مەلاکە، شینگێڕی زەماوەندەکەی "ئیمام قاسم"یان بۆ بخوێنێ و هەموویانی خستە گریان. کە کۆڕی مەلا تەواو بوو " ماندگار عەلی و شێرزادی کوڕی" بوونە برازاواو بنەهەنگی زاوایان گرت و هێنایانە ناو مەجلیسەکەو دایانیشاندە سەر کورسییەکەی شاڵێکی بەسەردا درابوو. ئەوجا شێرزاد وەخۆکەوت بۆ پارە کۆکردنەوە، سەرەتا چووە بەردەمی باوکی و بە پێکەنینەوە گوتی " با جارێ گیرفانی باوکم هەڵتەکێنم". میهربانۆ کە سینییەکەی بەدەستەوە بوو دەیسوڕاند، لەبەردەم ماندگار عەلی ڕاوەستاو ئەویش دوو

تـەمەنی دەرهێنـاو خسـتیە نـاو سـینییەکە. دەسـتبەجێ تەپڵێـدەرێک کە لە گۆشـەیەکی مەجلیسـەکەدا دانیشـتبوو، زرمەی لێـوە هێنـاو لە تەپـڵەکەی داو گـۆتی: " دوو تمەنـت بەخشی، ماڵـت ئاوا" بەمشێوەیە نـزیکەی سی تمەنیان بۆ زێڕین کـۆکردەوە و ئاهەنگەکە بەخۆشی کۆتایی هات.

بەیانیەکەی ڕۆژی دواتـر، زێڕین ماڵئاوایی لە دایکی و خوشکەکانی کـرد. بەڵام دایکی لەبری ئەوەی بە ڕووخۆشـیی بەڕێی بکـات، هەتـا بەردەرگـا بەدوای داهـات و چەشـنی بەرازێـکی بریندار، بەو ڕووخساره بلۆقەدار و ئاوڵە لێدراوەی،کە دەتگوت توێکڵی شوتیەو مریشکێک داوێتیە بەر دەندوکان، بە دوعاو نەفرینەوە کچەکەی بەڕێ کرد. ئەوجا زێڕین چـووە ماڵی میهربـانۆ، ماڵئـاوایی لەو و دایـکی کـرد. ڕوومەتی میهربـانۆی مـاچ کـرد و ڕایسـپارد، شـەوی هەیـنی، مۆمێـک لە مەزارگەی " ئاغـا بیـبی سـەکینە" داگیرسـێنێ و کـۆترێکیش لە قەفەز بەرەڵا بکـات. ئەوجـا زێـڕین بـارکۆڵەو مەنـجەڵ و سـەماوەرەکەی هەڵگـرت و چـووە گۆڕەپانەکەو بـن دارچنـارەکە، ئەو جێیەی لەگەڵ بەبۆ ژوانیـان دانـابوو، مێردی چاوەڕێی دەکرد، بـووکە خـانی سـواری گوێدرێژێک کـرد و بەخۆیشی۔ سـواری گوێدرێژێکی دیکە بـوو، بەرەو تاران بەرێ کەوتن. شـەو و ڕۆژێک بەرێگاوەبوون. زێڕین لە خۆشـییا حەزی لێبوو باڵ بگرێ و بفڕێ، بە دەنگی بەرز قسـەی دەکرد. مانگە شـەو دەرکەوت و بەبۆ، چەندجارێک دەسـتە پـڕ هێزەکـانی لە دەوری گەردنی زێـڕین وەرهێنـاو تـێر بە دڵی خـۆی مـاچی لێوەکـانی بووکەخانی کرد. تامی ماچەکانی، چەشنی تامی فرمێسکەکانی سوێر بوو. بەبۆ، ناوی زێڕینی زۆر بەلاوە خـۆش بـوو، چـونکە نـاوی گونـدەکەیان لە مازەنـدەران "زێـڕین ئـاوا" بـوو و ئەم ڕێکەوتەی وەک بەختێکی باش لێکدایەوە.

هەر کە گەیشتنە تاران، ماوەی دوو مانگی سەرەتای هاوسـەرگیرییان، لەنێو ژوورێکی بچووکی گەڕەکی سەرچێشـمە بە دڵخـۆشی و بەخـتەوەری ژیانیـان بەڕێ کـرد. بەبـۆ بەرۆژ دەچـووە دەرێ بـۆ ئیشـکردن، زێـڕینیش ناومـاڵی گسـکدەدا، جـل و بەرگی دڕاوی پینە دەکـرد و وەکـو کەیبانوویەک کاروباری ناومـاڵی دەکـرد و، شەوانیشـیان پـێکەوە بەخـۆشی و شـادی بەڕێ دەکرد بە شێوەیەک زێڕین سـاڵانی پڕ ڕەنج و ناخۆشی منداڵێتی خۆی و، نامیهرەبانیی دایکی و خوشکەکانی و، تەنانەت میهربانۆشی لەبیر کردبوو. بەڵام نەعلەت لە هاوڕێی خـراپ، لە مـانگی سێیەمەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەبۆ بەرەو خـراپ گـۆڕا. شـەوانە لە چایخـانەکەی "ڕەزا سـمێڵ بـابڕ" لەگەڵ " کەل غـولام" تلیاکیـان دەکێشـا. مەسرەفی ڕۆژانەی نەدەدایە ژنەکەی. ئەوەی نامۆ بوو، لەبری ئەوەی تلیاک کێشان سست و لاواز و بێ هەستی بکات، بە پـێچەوانەوە، تـووشی وەسوەسـەو نەخۆشـییەک ببـوو، هەر کە دەگەیشـتەوە مـاڵ، ڕایدەکێشـایە قایشی۔ کەمەری و دەکەوتە وێـزەی ژنەکەی و تێروپڕی پێدادەکێشا. سـەرەتا عەیبی لە کارەکانی دەگرت، ئەویش لە شتی هیچ و بچووک، بۆ نموونە پێی دەگۆت: بۆ لەچـکی عەبـای نـوێژت سـووتاوە، یـان بـۆ سـەماوەرت درەنـگ داگیرسـاند، یـان پێرێ شـەو گۆشـتاوەکەت زۆر سـوێر کردبـوو، ئەوجـا چـاوە دەرپۆقیوەکانی دەسـووڕا و قایشـە چەرم و

ڕەشـەکەی کە دوو سـەری گـرێ پێوەبـوو، هەر ئەو قایشـەی، پێ لە گوێدرێژەکانی دەدا، لە دەوری سـەری خـۆی دەیسـووڕاند و دەیسرەواندە قـۆڵ و باسـک و پشـت و کەمەر و ڕان و قاچوقولی زێڕین. ژنەکەش عەباکەی لە دەوری خـۆی لـوول دەداو لە حەژمەتا هاوار و ئاخ و ئـۆفی دەسـتی پێدەکرد، بەڕادەیەک دراوسـێکان هەتـا بەر دەرگای ژوورەکەیـان دەهـاتن و بەرەنگاری بەبـۆ دەبـوون و جوێنیـان پێـدەداو، جـار نەفرینیـان دەکـرد و، جـار ئامۆژگارییـان دەکرد. پاشـان بەبۆ قایشـەکەی فڕێدەدایە سـەر تاقچەکەو وازی دەهێنا. بەڵام ناڵەو نوزە نـوزو کـڕووزانەوەی زێـڕین هەر بەردەوام دەبـوو. ئەوجـا بەبـۆ، کفـتی دادەمرکاو دەچـوو لە گۆشـەیەکی ژوورەکە خـۆی گرمـۆڵە دەکـرد. پشـتی دەدایە سـنووقەکەو دەسـتی دەکـرد بە قەلنەکێشـان. وەختێـک پـانتۆڵە شـینە کـورتەکەی دادەکشـایە سـەر ئەژنۆکـانی و لەسـەر نەرمەی ڕانەکـانی ڕایـدەگرت. قـاچە پـڕ هـێزە پتەوکـانی و ڕانە سـپییەکانی، کە دەردەکەوت زێـڕینی مەسـت و مەنـدەهۆش دەکـرد. پاشـان بەبـۆ دەیگـۆت: " ژنەکە، بـۆ ئێـوارە چیمـان هەیە؟ " زێڕین بەهەندێ ناز و مەکرەوە هەڵدەستاو مەنجەڵە خواردنەکەی دەهێنا، لەنێو قاپێکدا تێچینەی دەکرد و گۆشتاوەکەی لەسەر دەکرد و بە پیازەوە دەیانخوارد و دەست وپەنجەکانیان بەسەر قۆڵیان دەسڕییەوە. ئەوکاتەیش، کە ژنەکە فتیلی چراکەی دادەگرت و دەیانەویست لەناو ئەوپێخەفە سـوورە بخەون کە گـوڵی سـەوز و ڕەشی بەسـەرەوە بـوو، بەبـۆ چـاوە فرمێسـکاویە سـوێرەکەی زێـڕینی مـاچ دەکـرد و پـێکەوە ئاشـت دەبـوونەوە. ئەمەیش هەموو شەوێک دووبارە دەبوویەوە. هەرچەندە زێڕین لە لێدانەکاندا ئازاری زۆری پێ دەگەیی بەڵام وا لێڕاهـاتبوو حەزی بە لێـدانەکەبوو. خـۆی لە بەرامـبەر مـێردەکەی بە بچـــووک و لاواز دەبیـــنی و، هەرچەنـــدە قـــامچی و لێـــدانێکی زیـــاتری دەخـــوارد خۆشەویستیەکەی بۆ بەبۆ زیاتر دەبوو. دەیویست دەستە پڕ هێزەکانی ئەو ماچ بکات. ئەو گـوپە سـوورانەی، مـلە ئەسـتوورەکەی، باسـکی پـڕ تـین و پـتەوی، جەسـتەی تـوکنی، لێـوە درشت و گۆشتنەکانی، ددانە ساغ و سپییەکانی، بەتایبەت بۆنی جەستەی، بۆنی بەبۆ، کە بۆنی گەوەڕ و تەرسەقول و ئاخوڕی دەداو، جولەو بزاوتە زەبر و توندوتیژەکانی و بەتایبەتی تێهەڵدانەکانی هێندە پێخـۆش بـوو نەبێتەوە. مەگەر دەکرا مێردێکی لەو باشتری بەنسیب بـوایە؟ دوای نـۆ مانگ زێڕین منداڵێکی کوڕی بـوو، بەڵام کۆرپەکە هەر کە لە دامێنی دایکی کەوتەوە دوو هـێڵی شـین و مـۆری شـوێن قـایش و قامچیەکـانی بەجەسـتەوە بـوو. لەو قامچییانەی بەبۆ تێی دەسرەواند پەڕیبۆوە بۆ سەر جەستەی کۆرپەکەی. بەڵام کوڕەکەی بەردەوام دەردەدار و ناسـاغ بـوو. زێـڕین نـاوی منـداڵەکەی نـا "مانـدە عەلی" ئەو نـاوەشی لەنـاوی " مانـدگارعەلی" ڕدێـن سـپیەکەی گونـدی پەرەنـدەک وەرگرتبـوو هەتـا تەمەنی درێـژ بێت و بکەوێتە سەر پێ.

زۆری پێنەچـوو کار و کاسبی بەبۆ لە کزی دا. یەکێک لە گوێدرێژەکانی سکەت بوو و ئەوی دیکەیشی. فرۆشت و پارەکەی دا بە تلیاک و دوعاو نوشتە بۆ چارەسـەری تادارییەکەی و، پاشانیش بە نارێکی دەچووە سەر ئیش. تا ئەوەی ساڵی دواتر پێنج تومەنی دایە زێڕین و پێی گـۆت دەچـمە سـەر کارێـک بیسـت ڕۆژم پێـدەچێ ئەوجـا دێـمەوە. بیسـت ڕۆژەکە بـوو بە

مانگێک و زیاتریش. هەرچەندە زێڕین ژنێکی کەم خەرج بوو، دەیتوانی ساڵێک و دوو ساڵی دیکەش بەرگە بگرێت و خەرجی خۆی و منداڵەکەی دابین بکات تەنها ئەوەی دڵنیابێ بەبۆ هێشتا مێردی ئەوە و ڕۆژێک دەگەڕێتەوە. چونکە زێڕین دەیزانی مێردەکەی پیاوێکی دڵخوازی ئافرەتانەو لەوانەیە کچێکی دیکە بیخاتە داو و لێی زەوت بکات... هەربۆیە کەوتە سەر و سۆراغی بەڵام کەس هەواڵی لێی نەبوو. شەوێک چووە بەردەم چایخانەکەی " ڕەزا سمێڵ بابڕ" هەر کە دەرگای کردەوە بۆنی تلیاک هوروژمی بۆناو لوتی هێنا. لەنێو هەموو پیاوە ڕوخسار سیس و چاوەدرپۆقیوەکان "کەل غولام"ی ناسی، بانگی کرد و پرسیاری مێردەکەی لێکرد " کەل غولام" گوتی: بەبۆی دەڵێی؟ چۆتە ئەوێ کە زستان دابێ لەگەڵ بەفردا دادەبارێتەوە سەر زەوی. وازی لەتۆ هێناوە، ژن ومنداڵی دیکەی پێکەوەناوە، چۆتە زین ئاوا، گوندەکەی خۆیان. ڕایسپاردوومە بەکەس نەڵێم.

-زیڕین ئاوا؟

-بەڵێ، زێڕین ئاوا...

تازە زێرین تێگەیشت بەبۆ فێڵی لێکردووە و جێی هێشتووە و چۆتەوە گوندەکەی خۆیان. زۆرجاران بۆی گێڕابوویەوە کەسوکاری لە گوندی زێریناوا، کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی شاری ساری، دەژین ولەوێ دوو براو کەمێک زەوی و زار و ئاو وئالیکیان هەیە .

بەبۆ هەمیشە پێی گوتبوو حەزی لە ئیشکردن نیەو ئارەزووی ئەوە دەکات تەنها بخواو بنوێ، وەک خۆی دەیگۆت : "خەیارێک بخوات و قاچەکانی بداتە دیوار و لێی بخەوێ" ژنەکە بەڵێنێ پێ دابوو ئەو لەوێ ئیشی۔ بۆ دەکات و ئەویش بەس با بخوا و بنوێ. بەڵام بەبۆ بەڵێنەکەی ئەوی بەهەند وەرنەگرتبوو. ئەوەبوو زێڕین بڕیاریدا بەشوێن بەبۆدا بچێتە مازەندەران و مێردەکەی بدۆزێتەوە. مانگێک چاوەڕوانی کردن بەس بوو. چیدی لە توانای دا نەبوو لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێردەکەیدا بمێنێتەوە. چیدی بەرگەی دووری مێردەکەی نەدەگرت. هەناسە گەرمەکەی، گەرمی لەشی، تووکە زبرەکانی جەستەی و بۆنی کورتان و تەرسەقولەکەی و، ئێستا هەموو ئەوانە نەمابوو، ژنەکەیش بێ ئەوانە نەیدەتوانی بژی. هەرچی دەبێ با بێ. ئەو مێردەکەی دەویست. بەدەست خۆی نەبوو. دوو ساڵ دەبوو لەگەڵی ڕاهاتبوو، زیاتر لە مانگێکیشە چاوەڕێی دەکات و چیدی ناتوانێ بێ ئەو بژیت.

زێرین بە هیوا بوو مێردەکەی بدۆزێتەوە هەتا دیسان بەو قایشەی پێ لە گوێدرێژەکانی دەدا، لەویش بدات. هەتا جارێکی دیکە قەپی لێ بگرێ و بەتوندی لەنێو قۆڵ و باسکەکانیدا بیگوشێ. شوێنە شین و مۆر هەڵگەڕاوەکانی قامچی و قایشی۔ سەر جەستەی ماچ بکات. ئەویش دەیویست قاچەکانی بەبۆ ماچ بکات، بۆنیان پێوە بکات، دەستیان پێدا بێنێ. ئەوەی هیچ کاتێک زاتی نەکردبوو بیکات و تازە نرخی دەزانی. ئەو لەناو ئامێزی توندی مێردەکەیدا هەستی بە چێژ و خۆشیەکی زۆر دەکرد. برۆ پڕ و پان و پێکەوە بەستراوی بەبۆ، برژانگە دڕ و زبرەکەی بەبۆ و ڕدێنی درێژ و زبر و ڕەنگسووری خەنە لێدراوی بەبۆ، کە

دەتگوت کەسکی دارە بە ڕوخسارییەوە دەخشێ، لووتی پان و گەورەی و، گوپە سوورەکانی و، بەرچەنە شۆڕەوەبووەکەی بەبۆ، هەناسە گەرم و سووتێنەرەکەی و سەرە کەچەڵ و بێ مووەکەی و، دەمە بڵ و گەورەکەی و، لێوە سوورەکانی بەبۆ، هەرکاتێ نانی دەجوو شەویلاگەکانی دەتگۆت بەردی ئاسیاوە بەسەریەکدا دەخشێ و خواردن دەهاڕێ. چاوە درشت وبێ هەستەکانی بە کزی دەدرەوشایەوەو. هەردوولاسەری دەجوولایەوە. ئەو شکڵ و قەڵافەتە، کە ئەگەر منداڵێک لەنێو تاریکایی شەودا بیدیتبایە لێیدەترساو وایدەزانی دێوێکی بێ کلک و قۆچی بینیوە. کەچی هەموو ئەوانە لە دید و چاوەکانی زێڕین جوانترین قەڵافەت و سەروپۆتەڵاک بوو. بە پێچەوانەوە هەر کە زێڕین دەکەوتەوە یادی ماڵە باوانی هەموو گیانی دەکەوتە لەرزەوە. ئەو هەموو جوێنەی پێیدرابوو، ئەو هەندەی لە سەروگوێلاکی درابوو، دوعاو نەفرینەکانی لێی کرابوو، قەتاوقەت نەیدەویست جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ناو ئەو نەگبەتی و ڕەزاڵەتەوە. ئایا بەبۆ فریشتەی ڕزگارکەری ئەو نەبوو؟ تەنها کەسێک لەیادی مابێ و خۆشیبوێ میهربانۆی کچە هاوسێیان بوو. لە ئێستایا پێی ناخۆش نەبوو چاوی پێی بکەوێ. بەڵام نەیدەویست بگەڕێتەوە ماڵی دایکی. ناو ئەو ڕووخسارە چرچ و پیرانە، ئەو ئاکار و هەڵسوکەوتە خراپانە، حەزیدەکرد بمرێ و نەگەڕێتەوە ناویان.

زێڕین دارکاری و قامچی و قایشەکەی مێردەکەی لەنان و هەنجیری ماڵی باوکی پێ شیرینتر بوو. ناچار بوایە لەسەری کۆڵانەکە، سواڵ و دەرۆزەی دەکرد بەڵام نەدەگەڕایەوە ماڵی دایکی. نەخێر. هێشتا لەبیری نەچۆتەوە، دایکی، لەرۆژی زەماوەندەکەیدا بە مەلاکەی گوت شینی ئیمام قاسمیان بۆ بخوێنێ و هەمووان کەوتبوونە نسکە نسکی گریانەوە. ئەو دەستە لاوازە تاتۆکراوانەی بە ئاگردانەکەیدا دەداو، وەک ئەوەی لەگەڵ قودرەتێکی نادیار قسە بکات و بپاڕێتەوە، دەیگوت: " یاخوا ئەو ئاگردانە بتگرێ و بتسووتێنێ. یاخوا جەرگ و هەناوت دارزێ، زەماوەندت ببێتە شین و ڕۆڕۆ..." دیسان تەپە سەر بکرێت و دەمکوت بکرێت و هەرچۆنێکی بجولێتەوە هەزار جوێن بخوات و بەردەوام سووکایەتی پێبکرێت. " مەگەر من نەمگوت ئەمە پارووی دەمی تۆ نیە؟ تۆ شایەنی ئەو نیت، بەبۆ بۆتۆ نابێتە مێرد"؟

هەرچیەکی ڕووبدات بڕیاریداوە نەگەڕێتەوە ماڵە باوانی.

ئەو نەیدەویست ئەوە بخاتە مێشکی کە چیدی بەبۆ نابینێتەوە. هەر تەنها بەبۆ دەیتوانی تاریکایی بەرچاوی بڕەوێنێتەوە و ڕۆح بگەڕێنێتەوە نێو جەستە مردووەکەی. هەر دەبوایە بیدۆزێتەوە. با ژنێکی دیکەشی هێنابێ، یان ئەوی نەوێ، بۆ ئەو هەر ئەوەندە بەسە ژنی بەبۆ بێت و لەگەڵ ئەو بژی. تەنانەت ئەگەر لەسەر ڕێگەی هاتوچۆی بەبۆ سواڵ و دەرۆزەش بکات خۆ هیچ نەبێ ڕۆژی جارێک دەیبینێ. لێدان و سووکایەتی مێردەکەی لە هی دایکی پێ خۆشتر بوو. هەروەک دایکی خۆی هیچ کاتێک ئەوی خۆش نەویست، ئەویش "ماندە عەلی"ی کوڕەکەی خۆی خۆشناوێت. بەڵام جارێ پێویستی بە منداڵەکەی خۆی هەبوو. گوێی لێببوو دەیانگووت منداڵ بزمارەکەی ناوەڕاستی مقەستەو دەیویست

منداڵەکەی وەکو چەکێک بەکاربێنێ بۆ ڕاکێشانی سۆزی بەبۆ. ئەگەر خواردنی باش و میوەی بە منداڵەکەی دەدا بۆ ئەوەبوو زیاتر هۆگری خۆی بکات. لەولاتریش منداڵەکە شێوەی زۆر لە باوکی دەچوو. بۆ ئەوەیش منداڵەکە زۆر نەگریێ و پەلپی باوکی نەگرێ، هەموو جارێک کەمێک تلیاکی دەخستە دەمی منداڵەکەو، وایلێکردبوو بەردەوام چاوەکانی منداڵەکە خومار و خەواڵوو بێت. دڵی مژدەی ئەوەی پێدەدا کە مێردەکەی هەر زوو دەدۆزێتەوە. هەر ئەو ڕۆژەی کە بڕیاریدا بچێت بەشوێن مێردەکەیدا بگەڕێ، مۆمێکی بەو کەندە گچکەیەوە داگیرساند کە بە دیواری سەر ڕێگەو کۆلانانەدا دایدەنێن بۆ ئاو خواردنەوەی خەڵکی تینوو، بۆ ئەوەی خێرێکی کردبێ و بە مێردەکەی شاد بێتەوە. پاشان مەنجەڵ و سەماوەرەکەی، کە جیهازی بووکێنی ئەو بوو، بە سێ تومان و چوار قڕان فرۆشت. هەندێکی لێدایەوە قەرزەکانی و ئەوەی مایەوەش بۆ خەرجی سەفەرەکەی هەڵگرت. کەمێکیش وردەواڵەو بزرگوڕی هەبوو بە ئەمانەت لای خاوەن خانووەکەی دانا. دوو کراس و دەستێک جلک بۆ "ماندە عەلی" و کەمێک نان و پەنیر و، دوو پارچە تەمەر هیندی ، کە بەبۆ زۆر حەزی بە خواردنی دەکرد، خستە ناو بوخچەیەک و لەماڵ دەرچوو. بەڵام مێشکی لەسەر خۆی نەبوو، لەبری ئەوەی سواری ئۆتۆمبێلی مازەندەران بێ، بە هەڵە چووە "شەمێران" و لەوێ ئەویان گەڕاندەوە گەراجی مازەندەران.

****

لە "شاهی" ئۆتۆمبێلەکە ڕاوەستا. دنیا وردە وردە نغرۆی تاریکی دەبوو. باڵەخانەی نوێ، هاتوچۆی خەڵک، ئەو پیاوانەی دەرپێ و کورتەکی ڕەنگ شینیان لەبەر بوو و، کلاشیان لە پێبوو، ڕێک هاوچەشنی بەبۆ بوون. دوو نەفەر لەوێ دابەزین و کەمێک جێگەیان خۆشتر بوو. ئۆتۆمبێلەکە، کەوتەوە ڕێ. هەوا شێدار و قورس و تاریک بوو. زێڕین دڵئارامی و خۆشییەکی شاراوەی لەناخی خۆیدا هەست پێدەکرد. وەک خۆشیی کەسێکی بێ پارەو بێ هیواو و بێ هیچ بەرچاوڕوونییەک دەچێتە ناو شارێکی غەریب، وابوو. جەستەی شەکەت و، لێوی تینوو بوو، کەمێکیش هەستی بە برسێتی دەکرد. بەڵام دەنگی بێزارکەری ئۆتۆمبێل، تاریکی دنیا، ئەو مرۆڤانەی لە دەوروبەری ئەودا هاتو چۆیان دەکرد، دەنگی هەناسە کپەکەی کوڕەکەی و، ماندوێتی ڕێگاش وایلێکرد وەنەوز بردیەوە و کاتێک واگاهاتەوە گەیشتبوونە شاری ساری. بوخچەکەی دەست دایەو منداڵەکەی لە باوەش گرت و لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی. شار نوقمی بێدەنگی و تاریکی ببوو. دەتگۆت خانووەکان و درەختەکان و سەوزەو گیای شارەکە لە دووکەڵ دروستکرابوون. ئێرە لەبەر چاوی ئەو شارێک بوو لە دووکەڵ دروستکرابوو. دەنگی نالەی باڵندەیەک لە دووررا، بێدەنگیەکەی کەمێک دەڕەواندەوە. ڕوناکی کزی گڵۆپەکان بە حاستەم دەبیندرا. کچێک لەنێو عەبایەکی سپیدا لەناو بەرهەیوانی نهۆمی سەرەوەی باڵەخانەیەک ڕاوەستابوو. بەڵام زێڕین هیچ ئاگایەکی لە دەوروبەری خۆی نەبوو و گوێچکەی ئەو هیچ دەنگێکی نەدەبیست بێجگە لە دەنگی بەبۆ، چاوەکانی ئەو هیچ کەسێکی نەدەبینی بێجگە لە ڕوخساری بەبۆ. لەبەر دەرگای دوکانێک

دوو کەس دانیشتبوون. پرسیاری گوندی زێڕین ئاوای لێکردن. یەکێکیان گۆتی لەسەر ڕێگای "ساری"یە. جامە ئاوێک لەوێ داندرابوو، هەڵیگرت لە تینوێتیدا هەڵیقورتاند. بێ جێ و ڕێ و بێ هێز و بێ ئیرادە هەنگاوی دەنا. کەمێک دوورکەوتەوە، چونکە نە کەسی دەناسی و نە شارەزای جێیەک بوو. بەڵام چونکە هەستی بە نزیکبوونەوە لە بەبۆ دەکرد دڵنیگەرانییەکەی نەمابوو. قڕانێکی لەنێو لەچکی چارۆگەکەی بەری دەرهێناو کەمێک نان و سەوزەو شیری کڕی و لەبن ئەستوونێکی کارەبا لێی دانیشت و نانی ئێوارەی خوارد و کەمێکیشی- دایە منداڵەکەی و چوو لەژێر دیوارێکدا لێی پاڵکەوت. بەر لە خۆرهەڵات وەگاهات و چووە گۆڕەپانی شار و، دوای سەوداو مەعامەلەیەکی زۆر، لەگەڵ خاوەن گوێدرێژێک پێکهات بە چوار قڕان بیباتە گوندی زێڕین ئاوا. سواری گوێدرێژەکە بوو، هەوا تووش و، ناجۆر و هەورێکی خنکێنەر هەڕەشەی بارانێکی بەخوڕی دەکرد. مێشوولە بە نێوچەوانی منداڵەکەی وەدابوو پەڵماندبووی. بەنێو شینایی و سەوزەوات و بەژێر هەتاو و باران و بەنێو قوڕو لیتەدا تێپەڕبوون. دیمەنی دەوروبەری زۆر جوان و دڵڕفێن خۆی دەنواند، کێوە سەوزەکان، دەشتاییەکی هەزار ڕەنگ و هەوری سپی و خۆڵەمێشی. دەتگوت بن زگی مراویە، هەر جێگەیەک و جوانی خۆی هەبوو. دیسان باران دایکرد. بارانێکی توند و بەخوڕ. عەبای سەری بەتەواوی تەڕ ببوو. پەنایان بردە ژێر درەختێک بۆنی نیشاستەو، بۆنی دانەوێڵەی تەڕ و خوساو ئەو ناوەی تەنیبوو. دیسان بەڕێکەوتن. زێڕین منداڵەکەی لەنێو باوەشیدا دەگوشی و تەنها سەیری بەرپێی گوێدرێژەکەی دەکرد. دڵی بەخێرایی لێی دەداو بیری لەوە دەکردەوە کاتێ ڕووبەڕووی مێردەکەی دەبێتەوە چۆن هەڵسوکەوت بکات. بەر لە نیوەڕۆ گەیشتنە گوندەکە. کاتێک دابەزی، دەستی برد لەناو لەچکی چارۆگەکەی پارە دەربێنێ، بینی لەچکی چارۆگەکەی کراوەتەوە و هیچ پارەی تێدا نیە. دەبێ کەسێک پارەکەی لێدزیبێ؟ بەڵام کەس لێی نزیک نەبۆتەوە تا پارەکەی بدزێ. لەوانەیە کەمتەرخەمی خۆی بێ و گرێی نەدابێتەوە و پارەکەی لێکەوتبێ. خاوەنی گوێدرێژ، کە بەزاراوەی تورکی قسەی دەکرد هاوارێکی زۆری بەسەردا کرد، پڕی دایە بوخچەی دەستی ژنەکەو، سواری کەرەکەی بوو و بەدەم بۆڵەبۆڵەوە ڕۆیی. بەڵام زێڕین هیچ بەلایەوە گرینگ نەبوو. تازە ئەو گەیشتبووە شوێنی خۆی. ئێستا دەچێتە ماڵی بەبۆ. هەموو پارەو سامانی دنیا بەقوربانی تاڵە مووەکی بەبۆ! گوندەکە وا هەڵکەوتبوو دەتگوت لە تەپڵی سەریان داوە و خستوویانەتە نێو چاڵایی. دۆرماندۆری گوندەکەش بە مەزرای بەپیت دەورە درابوو. ئاوهاش دەهاتە بەرچاو وەک ئەوەی گوندەکەو دانیشتوانەکەی هەموویان خەویان لێ کەوتبێ. سەگێکی مێگەڵ لەو دوورە پاسەوانی دەکرد و دەنگی پیاوێک دەهات دەیگۆت " بەبۆ... بەبۆ هۆۆۆ"... دڵی زێڕین بە بیستنی ناوی بەبۆ ڕژایە بەر پێیەکانی. بەڵام کە سەیری کرد، بەبۆی ئەونەبوو. لەبن چوار دیوارییەک دوو قاز وەنەوزیان دەداو مریشکێکیش بە پەنجۆڵەکانی ، بە وردی خۆڵەکەی ژێر و ڕوو دەکرد و، پەرتی دەکرد و بەدوای دانەدا دەگەڕا. سەتڵێکی شکاو، پارچە قوماشێکی سەوز و دڕاو و توێکڵی خەیار لەسەر گوفەکەکە کەوتبوو. کەمێک دوورتر دوو مریشک سەری خۆیان کز کردبوو،

هەریەکێکیان قاچێکی لەبن باڵی خۆی نابوو، لە گۆڕەپانەکە سێ منداڵ ڕاوەستابوون دەمیان کردبۆوە سەیری ئەمیان دەکرد. پیرەمێردێک لەولاتر لەسەر کۆڵەکە دارینەیەک دانیشتبوو. زێڕین بۆلای چوو و پێیگۆت: ماڵی بابە فەڕوخ لە کوێیە؟

پیاوە پیرەکە، بەدەست ئاماژەی بۆ ئاڕاستەیەک کرد و پێی گۆت:

-سەیری ئەها ئەو ماڵە بکە، بەلەکۆنەیەکی هەیە، ئەوە خۆیەتی.

زێڕین منداڵەکەی لە باوەشکرد و بە هیواو ئومیدەوە بەرەو ماڵەکە ڕۆیی. هەر کە گەیشتە بەردەم ماڵەکە، لە دەرگای دا. ژنێکی بەتەمەن کە ڕووخساری هەمووی ئاسەواری مێکوتەی پێوە دیاربوو دەرگەی کردەوە :

-کارت بە کێیە؟

-دەمهەوێ بەبۆ ببینم.

-بۆچی دەتەوێ بەبۆ ببینی؟

-من ژنی بەبۆم. لە تارانەوە هاتووم. ئەمەیش "ماندە عەلی" کوڕیەتی.

-دەی، دەی، بەبۆ ئەو ژنەی وا لە تارانە واز لێ هێناوە و تەڵاقی داوە، بەلاش هاتووی ....

پاشان ڕووی لەناو حەوشە کرد و هاواریکرد:

-بەبۆ هۆ... بەبۆ هۆۆۆۆ...

قەڵافەتی درشت و کەڵەگەت و ناقۆڵای بەبۆ هاتە ناو چوارچێوەی دەرگا. کراسێکی یەقە کراوەی لەبەردابوو. چاوەکانی پەڵمابوون و خەواڵو بوو. ژنێکی جەستە لاواز، کە دوو چاوی درشتی هەبوو پاڵیدا بە پاڵی بەبۆ. شوێنی شین و مۆری چەندین داخ لەسەر نێوچەوانی و قۆڵ و باسکی ژنەکە دەبیندرا. وەک داربی ناو ئاو دەلەرزی، باسکی بەبۆی توند گرتبوو، وەک ئەوەی ترسابێ شووەکەی لێ بسەننەوە. هەر کە زێڕین چاوی بە بەبۆ کەوت لە خۆشیا قیژاندی بەسەریدا:

-بەبۆ گیان.. بەبۆ.. من هاتم.

بەڵام بەبۆ زەق زەق سەیری ناوچاوەکانی زێڕینی کرد و پێیگوت:

-لێرە بڕۆ.. دەی بڕۆ.. من تۆ ناناسم.

پیرەژنەکە خۆی هەڵقورتاندە ناویان و ڕوو لە زێڕین گوتی :

-چیت لە کوڕەکەی من دەوێ؟ ژنی بێ ئابڕو شەرم لەخۆت ناکەی؟ ئەو منداڵەی باوەشت زۆڵە و هی کوڕەکەی من نیە. دەتەوێت ئەویش بخەیتە ملی کوڕەکەی منەوە؟ دەی لێرە دوورکەوە .

بەبۆ گۆتی :

-مێشکت لەسەرەخۆ نیە ژنەکە.. بە هەڵە هاتووی بۆ ئێرە.. دەی بڕۆ...

زێڕین حەپەسابوو. واقی ورمابوو، قسەی بۆ نەدەکرا. چاوەڕوانی ئەو حاشکردن و ئینکارکردنەی بەبۆی نەدەکرد. لەبەرامبەر ئەوهەڵسوکەوتەی ئەوان، هەستی تووڕەیی و بێزارییەکی بێ سنوور لەناخیدا سەریهەڵدا بە ڕادەیەک هەموو چاکەو باشیەکانی بەبۆی لەناو دڵ و مێشکیدا سڕییەوە و بەتەوس و پەلارەوە پێی گوت :

-مادام وایە بگرە خۆت منداڵەکەت بەخێو بکە. من پارەی بەخێوکردنیم نیە.

دایکی بەبۆ گوتی :

-خۆ پێم گوتی کچێ، ئەو منداڵە بیژییە، من لەکوێ بزانم ئەوت لەکوێ هەڵگرتۆتەوە و هێناوتە !

زێڕین لەوە تێگەیشت هەموو شتێکی لە دەستداوە و دۆڕاندوویەتی. زەق زەق سەیری ناو چاوەکانی بەبۆی کرد، تووڕەیی و دڕندەییەکی زۆر لەناو هەردووچاوی بەبۆ شەپۆلی دەدا، کە زێڕین هەتا ئێستا لێی نەدیتبوو. پێیەوە دیاربوو ژیانی وەک ئەوەی خۆی دەیویست بۆی دەستەبەر بووە. بۆتە ئاغاو بە ئارەزووەکەی گەیشتووە, نەیدەویست خۆی تووشی کەڵکەلەو نیگەرانی بکات و، ئاوها کە زێڕین بەوپەڕی سووکایەتییەوە، لێی دەڕوانی، دیاربوو هیچ حەز و مەیلی بۆ بینینی ئەو نیە. زێڕین زانی کە پێداگریکردن بێهودەیەو هیچ سوودی نیە. ئاخێکی لە ناخیەوە هەڵکێشاو بە کۆڵ و خەفەتەوە نیگای تێبڕییە شوێنی شین و مۆر بووەوەی قامچی و قایشەکانی سەر جەستەی ئەو ژنە گەنجەی خۆی بە بەبۆوە نووساندبوو، ئەوجا بەبێ مەیلی و بەهەندێک ڕق و بێمنەتییەوە ڕووی وەرگێڕا. لەکاتێکا هێشتا "کاس ئاغای دایکی بەبۆ"، ڕێک هاوچەشنی دایکی خۆی باسک و پەنجە ئێسقانیەکانی دەستی لێڕادەوەشاند و، بە زمانێک کە ئەو تێنەدەگەیشت جوێن و نەفرینی بۆ دەنارد. زێڕین بە هەنگاونانی هێواش و لەسەرخۆ بەرەو گۆڕەپانی گوندەکە گەڕایەوە. لەڕێگادا بیرۆکەیەک کەوتە ناو مێشکی. ڕاوەستاو منداڵەکەی، کە خەوە کوتکەی دەبرد لەبەردەم دەرگای ماڵێک دایناو پێی گوت:

-تۆ لێرە دانیشە من ئێستا دەگەڕێمەوە.

منداڵەکە، بە گوێڕایەڵی وەکو بووکەڵەیەکی لۆکە لەوێ دانیشت. بەڵام زێڕین چیدی نیازی گەڕانەوەی بۆ لای منداڵەکەی نەبوو، تەنانەت ماچێکی دابڕانیشی لە منداڵەکەی نەکرد.

ناخی پڕ ببو لە نەفرەت و بێزاری و تووڕەیی. ئەو منداڵەش بە کەڵکی ئەو نەدەهات تەنها بارگرانی بوو لەسەر ژیانی و نانخۆرێکی زیادە بوو. ئێستا ئەویشی. لە کۆڵ بۆوە. هەر ئاوها کە بەبۆی باوکی، خۆی لە منداڵەکەی بێ بەری کرد و وەرینەگرت و، دایکی خۆیشی۔ ئەوی دەرکردبوو، هەر ئەوها، کە سۆزی دایکایەتی لە دایکی خۆی نەبینیبوو، نە، هیچ سۆزێکیشی. نەبوو بە منداڵەکەی خۆی ببەخشێ . ئەو هیچ نیاز و پێویستییەکی بە منداڵەکە نەبوو. وەک دەستەکانی لە بنی هەمبانەکەوە دەرچووبێ وایلێهات. هەموو شتێکی لە دەستدا. نە قڕانێک پارەی پێ بوو، نە منداڵێکی لە باوەش بوو، نە بوخچەو پڕپاسکەیەکی لەلابوو پارووە نانێکی تێدابێ. هەنانسەیەکی بە ئاسوودەیی هەڵکێشا. ئێستا ئەو لە حەوت وڵاتان ئازاد و سەربەست بوو و دەیزانی دەبێ چیبکا. لە گۆڕەپانەکەدا تاوێک ڕاوەستاو سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. هێشتا پیرەمێردە دوکاندارەکە لەسەر کۆڵەکە دارینەکە دانیشتبوو، وەنەوزی دەدا. دەتگوت هەموو تەمەنی خۆی لەسەر ئەو کۆڵەکە دارینە تێپەڕاندووە و هەر لەوێش پیر بووە. سێ منداڵە دێهاتیەکە لەنزیک دوکانەکەدا گەمەیان دەکرد. هەمووان بە خوێنساردی و بێ ئاوڕدانەوە سەرقاڵی کاروباری ژیانی خۆیان بوون و بێ ئەوەی ببینێ، گوێی لە کەلەشێرێک بوو باڵەکانی لێکداو بە دەنگێکی دوو ڕەگەوە دەیشیڕاند. هیچ کەسێک ئاوڕی نەدایەوە ئەو ببینێ. وەک ئەوەی ژیان هیچ بایەخێک بەو پێشهاتە نەدات کە بەسەر ئەودا هاتووە. دەبێ لەمەوبەدوا چی بەسەر بێ؟ بێ خاوەن و بێ کەسوکار. دەیویست لەوێ هەڵبێ تا لانیکەم لە منداڵەکەی دوور بکەوێتەوە. هەوا گەرم و شێدار و هەڵماوی بوو، دەتگوت هاڵاوی دەمی نەخۆشێکی تادارەو وڵاتی تەنیوە. بێ ئیرادەو داهێزراو و بێ هیچ پلان و بەرنامەیەک هەنگاوی خێرای دەنا. بەبەردەم ماڵەکان و بەناو کۆڵانەکاندا تێپەڕی. هەر ئەوەی گەیشتە لای مەزراو شیناییەکان شارێیەکی گرتە بەر وبەسەریدا ڕۆیی.

لەو کاتەدا چاوی کەوتە سەر پیاوێکی قامچی بەدەست، پتەو و بەهێز و سۆر وسپی بەسەر پشتی گوێدرێژێکداو، گوێدرێژێکیش کەسی لەسەر پشت نەبوو، لە پێشیەوە غاری دەداو زەنگوڵەکانی ملی جرینگ جرینگیان بوو. کە لێی نزیک کەوتەوە، زێڕین پێی گوت:

-کوڕە لاو، خێرت دەگات.

پیاوەکە گوێدرێژەکەی ڕاگرت و گوتی:

-چیت دەوێ؟

-من غەریبم، هیچ کەسێکم نیە، با منیش سوار بم .

دەستی بۆ کەرەکە ڕاداشت، پیاوەکە گوێدرێژەکەی ڕاوەستاند. دابەزی و زێڕینی سوار کرد و، خۆیشی۔ بە جوڵەیەک هاویشتە سەر پشتی گوێدرێژەکەی دیکە. بەڵام هەر ئاوڕی نەدایەوە تا ڕوخساری زێڕین ببینێ. پاشان قامچیەکی ڕاوەشاندە سمت و کەفەڵی کەرەکەو، زەنگوڵەکان کەوتنە جرینگ جرینگ و کەوتنە ڕێ. کاتێک بە تەنیشت مەزرایەکی جۆدا تێپەڕین ، گەنجەکە دەستی درێژ کرد لقە جۆیەکی لێکردەوە و خستیە دەمیەوە و بە

ئـاوازێکی تـایبەت، کە بە گوێچکەکـانی زێـڕین ئاشــنا بـوو، فـیکەی لێـدەدا، ئەوە هەر ئەو ئاوازەبوو کە لەکاتی ترێ چنیندا بەبۆ دەیچڕی، هەر هەمان ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمجار لەناو دارمێوەکاندا یەکتریان بینی.

هەموو ژیانی، گەنجێتی، جـوێن و نەفرینەکانی دایکی، ئەو شـەوەی بە بـووک و زاوایەتی، لەبن تریفەی مانگە شەودا لەگەڵ بەبۆ چوونە تاران، سووکایەتی و جوێنەکانی دایکی بەبۆ، هەمـووی وەکـو فیلمێک بەبەرچـاوی زێڕینـدا گـوزەری کـرد و تێپەڕی. هەرچەنـدە بـرسی و تینـوو بـوو بەڵام لە نـاواخنی دڵیـدا کەیفخـۆش بـوو. هێنـدەی پەڕی کایەک سـووک ببـوو. نەیدەزانی بۆ سواری گوێدرێژەکە بووە و نەشیدەزانی بۆ کوێ دەچێ. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، لە دڵی خۆیـدا بـیری کـردەوە: " لەوانەیە ئەو کـوڕە گەنـجە قـۆڵ و باسـک پـتەوەش فێرە قامچی لێدان بێ و، جەستەی بۆنی کەرو پشقل و ئاخوڕ بدات ."!

# | دیدارێک لە هاویندا



**لویجی بیراندیللو**
**وەرگێرانی: بەهزاد حەوێزی**

(رۆندۆنی)کێیە و (رۆندینلا)کێیە؟ لە ڕاستیدا من نازانم هەروەک چۆن کەس لە دانیشتوانی ئەو شارۆچکە چیاییەش نازانێ، چوون ئەوان هەموو هاوینان دێن و بۆ ماوەی سێ مانگی ڕەبەق لەو هێلانە بەختەوەرە بەسەردەبەن.

ئەو کچەی لە ئۆفیسی- پۆستە کاری دەکرد سوێند دەخوات، کە چەندین ساڵە نەیتوانیوە لەو چەند نامەیەی بەدەستیان دەگات، دەنگێکی مرۆیی هەڵبهێنجێ بەجۆرێک ئەو پیتانەی نازناوی ئەم و ئەوی بەخۆوە گرتبێت، جا ئەگەر ئەو خانمەی کارمەندی پۆستەش توانیبێتی نازناوەکان دەربکات و تەواویان بکات، ئەی ئەو پاش ئەوە چی بکات؟.

من پێموایە وا باشە کارەکان هەر ئاوا بمێننەوە، وا گونجاوتریشە هەروەک خەڵکی ئەو شارۆچکە چیاییە بە ڕۆندۆنی و ڕۆندینلا بانگیان بکەین.

ڕۆندۆنی و ڕۆندینلا، نەک لەبەر ئەوەی هەموو ساڵێک هاوینان دەگەڕێنەوە ئەو هێلانە کۆنە، بەبێ ئەوەی بزانین داخوا لە کوێوە هاتوون یا لەبەرئەوەی پیاسەدەکەن و تیا دەخولێنەوە، بەڵکە ڕەنگە وا جوان بێ بڵێین: لە بەرەبەیانەوە تا ئێوارە، بە دەنگەدەنگ بەدرێژایی مانەوەیان لەوێ، هەڵدەنیشن، بەڵام ڕەنگە بەهۆیەکی دیکە بێ کەمتر شاعیریی بێ.

لەوانەیە کەسێک لە دانیشتوانی ئەو شارۆچکەیە بیر لەوە نەکاتەوە ئەو ناوەیان بەسەر دابرِێ، ئەو پیاوە غەوارەیە نەبێت ساڵی یەکەم هات و پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژی لەبەردابوو،

دوو لچکی دواوەی بەسەر پانتۆڵە سپییەکەی هەڵدەبەزینەوە، کە (بەدوای خانوویەکی دوورەدەست بەمەبەستی گەشتیاریی دەگەڕا) ئیتر لە ڤێلایەکی بچووک گیرسایەوە، زۆر بچووک وەک کونجی ئەحزان و دەکەوێتە سەر لوتکەی چیاکە لە نێو دار کاژەکاندا، خاوەنەکەی نوژدارێک بوو، بەڕێوەبەری شارۆچکەکەش بوو.

ڤێلاکە بچووک و ئەویش زەبەلاح بە چاویلکە زێڕلیەکەی و ڕیشە ڕەشەکەی، کە ڕوومەتی تا بن چاوەکانی داگرتبوو، بەبێ ئەوەی ستایلێکی دڵڕەقانەی کەئیبی پێ ببەخشێ-؛چوون لە کەسایەتییە بەهێزەکەیدا خۆشەویستیەکی ڕاشکاوانەی خەندەئامێز ڕەنگیدەدایەوە.

بەو کەللەسەرە نەقوڵایە و سینگە هەرقەلیەکەی واپێدەچوو هەردەم ساز و ئامادە بێ بە گیانێکی منداڵانە خۆی بداتە بەر هەر خواستێکی دوورەدەست و شاراوە..تەنیا ئەو تێیدەگات یا لەسەر لوتکەی چیاوە یان لە قووڵایی دۆڵێکدا، جاروبار لە ملایەوە دەبینرا دەهاتەوە جاری واش هەبوو لەولاوە، لە لایەکی دیکەوە، شەکەت و هیلاک دەگەڕایەوە بە هەناسە برکێوە، ئارەقەی ڕەشوشینی لێدەچۆڕایەوە، جا چەند گوێچکەماسیەکی بەردینی لە نێو چنگیدابوو یا گوڵێک بە دەمیەوە، دەتوت ئەو گوێچکەماسیانە یا ئەو گوڵە لەناکاو بە دووری سەدەها میل بانگیان کردووە بۆ سەر ترۆپکی چیاکە یا تەختایی دۆڵەکە.

جا چۆن بە ڕۆندۆنی بانگی ناکەن، کە دەیبینن بە پاڵتۆیەکی ڕەش بەسەر پانتۆڵێکی سپیەوە دەسووڕێتەوە؟!

لە ساڵی یەکەم ڕۆندینلا دوای ئەو پاش پازدە ڕۆژ گەیشت، پاش ئەوەی ئەو هێلانەی دۆزیەوە و ساز و ڕێکیخست لەوێ لە نێو دار کاژەکاندا، لەناکاو گەیشت بەبێ ئەوەی شتێکی لەبارەوە بزانێ و زۆریش هیلاک بوو تا ئەو خەڵکە تێبگەیەنێ، کە ئەو بەدوای ئەو پیاوە سەیرەدا دەگەڕێ و حەز دەکات ماڵەکەی نیشان بدەن.

جا هەر ساڵەی ڕۆندینلا بە ڕۆژێک یا دوان درەنگتر دەگەیشت و هەمیشەش لەناکاو دەگەیشت، یەک ساڵی تەواو بە ڕۆژێک پێش ئەو گەیشت، ئەمە واتە پێشتر ڕێکنەکەوتوون کەی بەیەکەوە بێن، هەروەها بەربەستێکی ترسناکیش هەیە نایەڵێ بە هەواڵی یەکتر بزانن، هەروەک چۆن لە مۆری پۆستەکەوە دیار بوو لە دوو شاری جیا دەژیان لە یەک وڵات.

سەرەتا، گومان ڕەویەوە، ئەو مێردی هەیە، بەڵام ڕێی پێداوە ساڵێ سێ مانگ ئازادە، ئەویش دێ بەدوای دڵدارەکەی دەگەڕێ، کە ناتوانێ تەنانەت کاتی گەیشتنیشی- پێ بڵێ، بەڵام داخوا چۆن چۆنی دەکرێ زەوینەی ئەو بەربەست و چاودێریکردنەی لەلایەک و دەرفەتی ئازادیەکی تەواو لە ڕابواردن لە ئیتاڵیا لەو سێ مانگەی هاوین لەلایەکی دیکەوە، بسازێنرێ؟!

لەوانەشە نوژدارەکان بە مێردەکەیان گوتبێ ئەو پێویستی بە خۆرەتاوە، ئیدی مێردەکەیشی. ڕێی ئەو دەرفەتە ساڵانەییەی پێداوە غافڵگیر لەوەی ڕۆندینلا بۆ شتێکی دیکە دەچووە ئیتاڵیا، گرنگتر لە خۆرەتاو، کە چارەسەری دەردی ئەوینداریی بوو.

ئەو ژنە بە جەستە بچووک بوو، ناسکۆڵە، وەک لە شەماڵ داڕێژرابێ، دوو چاوی شین، بێگەرد، هێمن و مەست لەبەر سێبەری موژگانی درێژ لەو ڕووخسارە وردە نەرمەدا.

وردەم وادەهاتە بەرچاو بە فوویەک دوور تا ئەوسەری هەڵبدات و هەر هێندە گرتبای ئیتر قرچەی لێوەدەهات، مرۆڤیش واقی وڕدەما کاتێک دەهاتە بەرچاوی وا لە نێو باسکەکانی ئەو پیاوە زەبەلاحە دایە، بەڵام بۆ نێو باسکەکانی ئەو پیاوە زەبەلاحەی بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی دەکرد لەو ڤێلا بڵندە و وەک دێوێک هەڵدەلەرزی، ئەو چکۆڵە ناسکۆڵە هەموو ساڵێک بەهەڵەداوان پەلەی بوو تا خۆی بخاتە نێو باوەشی، دڵشاد، دڵنیا، بەبێ ترس لەوەی تێکدەشکێ، بەڵکە چ زیانێکیشی۔ پێ بگات، ئەو بە تاموچێژی ئەو هێزە مەزنەی دەزانی، ڕۆحسوکی ئەو گەرموگوڕییە پتەو و عینادە، ئیتر لەو خۆبەدەستەوەدانەیدا ون دەبوو.

هەموو ساڵێک، گەیشتنی ڕۆندینلا بە لای خەڵکی شارۆچکەکە جەژن بوو، لانی کەم ئەو وای زەن دەکرد.

بە مسۆگەری جەژن لە نێو ناخ و دەروونیدا بوو، سروشتیشە، ببینی ڕووە و شتە دەرەکییەکان ملدەنێ، بەڵێ.جا بۆ نا؟!.

ئەو خانووە کۆنانەی زەمانە بالی خەمۆکی بەسەردا کێشاون، لە کاتی گەیشتنی پەنجەرەکانیان دەکردەوە و ئاوی کانیاوەکان پێدەکەنین، باڵندەکانیش لە خۆشیانا وەک شێت هاروهاج، شاگەشکە دەبوون.

بەبێگومان، ڕۆندینلا زیاتر لە زمانی خەڵکی شارۆچکەکە زمانی چۆلەکەکانیشی۔ دەزانی، بەڵکە هەرگیز لە زمانی خەڵکەکە نەدەگەیشت، بەڵام لە زمانی چۆلەکەکان دەگەیشت..دڵنیاش زەردەخەنەی دەهاتێ و ڕووی لەملاوئەولا دەکرد، هەر کاتێ جریوەجریوی چۆلەکەکانی بەر گوێ کەوتبا، کە هەڵبەزودابەزیان بوو بەسەر لکوپۆپەی ئەو دارە بەرزانەی بەدرێژایی ڕێگا هەڵکشاوەکە تا شارۆچکە چیاییەکە بەرچاو دەکەوتن.

گالیسکەکە بە جانتاکانەوە بە هێواشی دەڕۆیی و گالیسکەوانەکەش ناو بە ناو سەیری دەکرد، ئیتر دەبا ڕۆندینلای چکۆڵە پێبکەنێ، کە وەک عادەتی خۆی ساڵانە دەگەڕێتەوە لانەکەی و بەدەستەکانیشی ـــ ئاماژەی بۆ دەکرد:خاوەنەکەی لەوێیە..ڕۆندۆنی لەوێیە..لەوێ، سێ ڕۆژ دەبێ، لەوێندەرە.

ڕۆندینلا چاوەکانی بڕیبووە چیا دوورەکەوە و دەیویست لە لوتکەکەیەوە ئەو ڤێلا پەمەییە بچکۆڵە بدۆزێتەوە، لە نێو ئەو شینایییە گەردئامێزەی باوەشی بەو دارستانە کاژەکەدا کردبوو، کە تیشکی خۆر نەیدەپێکا.

بەڵام ئەو نەیدۆزیەوە..ئائەوەتانێ کۆنە کۆشکەکەی بەسەر شارۆچکەکە دەڕوانێ و لە خوار ئەو خانووەدایە، خانەی بەساڵاچوانی سواڵکەران، نزیکی گۆڕستانەکە، هەروەکو بڵێی ئەو وا لەتەکیانا لە ژووری چاوەڕوانی..چاوەڕوانی ئەو مردنەی باوەشی بۆ کردوونەتەوە.

لە دامێنی ئەو شارۆچکەیەی بەسەر ڕێگا پێچاوپێچەکەدا دەڕوانێ، دارستانێکی مەزنی سپیندار دەبینرا، هەرکاتێک ڕۆندینلا پێیدا ڕەت بووبایە هەستی بە فێنکایەتی و سەرمەستی دەکرد، بەڵام هەرکە لە گالیسکەکە دادەبەزی ئیتر پاش ئەوەی ئەو دارستانە چکۆڵەیەی ڕەتدەدا ئیتر ڤێلاکەش دەبینرا.

چۆن لەوێ دەژیان؟ کەس بەوەی نەدەزانی، بەڵام ئاسانیشە خەیاڵ بکەین:خزمەتکارێکی بەساڵاچوو سبەینان دێت پاکی دەکاتەوە، ئیتر هەر ئەوەندە.. پاشان ئەوانیش ئیتر دێن و وەک ئاشقە و ماشقە لەو لانەیەوە هەڵدەفڕن وەکو بڵێی شادی و خۆشیان بەبێ ماندووبوون لێرەولەوێ هەڵگرتبێ.

بەسەر چیاوە یا لە قووڵایی دۆڵەکە و لە دێهات و گوندە نزیکەکاندا، جا لەوێ یەکێک دەڵێ ڕۆندۆنیم بینیوە، هەندەجاریش بەسەر باسکەکانی ڕۆندینلا هەڵدەگرێ وەک کیژۆڵەیەکی ژیکەڵە.

هەموو دانیشتوانی شارۆچکەکەش بەدەم زەدەرخەنەوە بەختەوەرن کاتێک ئەو دوو عاشقە دەبینن وا بەلایاندا گوزەر دەکەن، شاگەشکە، پاش ماندووبوون لە گەڕان و سووڕان، ئینجا بەرەو چێشتخانە دەچن نان بخۆن، تێکڕای خەڵکەکە لەسەر بینینیان ڕاهاتبوون، هەستیان دەکرد شارۆچکەکە خۆشی یا شتێکی سەرنجڕاکێشی. نوقسانە ئەگەر بهاتایە ڕۆندۆنی و ڕۆندینلا وەرزێک لە وەرزەکانی هاوین نەگەڕابانەوە لانەکەیان، نوژدارەکەش بیری لەوە نەدەکردەوە ڤێلاکە بداتە کەسێکی دیکە، چوون دڵنیابوو لەوەی پاش ئەو ساڵانە دواناکەون و هەر دێن.

لە کۆتایی سێپتێمبەردا یەکەمجار ژنە شارۆچکەکەی بەجێهێشت، ئینجا پاش دوو یا سێ ڕۆژ پیاوەکە..بەڵام لە ڕۆژانی پێش سەفەر بۆ ساتێکیش لانەکەیان جێنەدەهێشت..دەیانزانی کە بۆ ماوەی یەک ساڵ یەکتر نابیننەوە، بۆیە پێش لێکدوورکەوتنەوە دەمێکی چاک لە هەمێزی یەکتریدا کڕ و کپ دەبوون.

توو بڵێی لە ئایندەدا بیانبینینەوە؟ دەتوانن، ئەوێکی چکۆڵەی نازدار بەرگەی سەرمای ئەو مانگە دوور و درێژانە دەگرێ دوور لە ئاگری ئەو خۆشەویستییە بەبێ پشتیوانی ئەو هێزە

مەزنە؟ ڕەنــگە لەو زســتانەدا بمــرێ و لەوانەشــە هــاوینی داهــاتوو بگەڕێــتەوە کــۆنە هێلانەکەی، ئەویش لەوێ بە تامەزرۆیی چاوەڕێی بکات..

هەر کە هاوین هات، ڕۆندۆنی دێتە شارۆچکەکە و بە تاسەوە چاوەڕوانە و چاو لە ڕێگا هاکە خۆشەویست ئەمرۆ نا سبەی دەگات، ئیتر ڕۆژی سێیەم دەگاتە جێ، بەڵام ساڵ بە ساڵ لاوازتر و هەڵبزرکاوتر دەبوو بە دوو چاوی کزەوە، هێمن..تا هاوینی حەوتەم هات.

نەخێر ئەو دوانەکەوتووە، درەنگ هاتووە، بەڵام پیاوەکە دواکەوتووە، بەمەش سەرجەم دانیشتوانی شارۆچکەکە دڵتەنگ بوون.

چۆن؟ نایەت؟ نەهاتووە؟ دواتر دێت؟ نوژدارەکە شانەکانی ڕادەتەکاند و خەڵکەکەش بە پرســیاران دەورەیــان دابــوو، داخــوا دەتــوانێ چی بــزانێ؟ ئەویــش خەفەتبــارە، چــونکە شـــــارۆچکەکە ئەو دیـــــمەنە شادیبەخشـــــە لەدەســـــتدەدات..دیمەنی هەردوو عاشق(ڕۆندۆنی)و(ڕۆندینلا)بەڵام لەبەر ڤێلاکەش دڵی تەنگە، چونکە بەتاڵە.

- دەبێ شتێک ڕوویدابێ.

-ئایا مردووە؟

-یا ژنەکە مردووە؟

-یا مێردەکەی زانیویەتی..

هەموان بەدەم ئازارەوە چاویان بڕیبووە ئەو ڤێلا پەمەییە، هێلانەی چۆلکراو لە ترۆپکی چیادا لە نێو دارستانی کاژدا.

یۆنیۆش بەسەرچوو، ئینجا یۆلیۆ، هێندەی نەمابوو ئۆگستۆسیش بەسەر بچێ، کاتێک لە چاوترووکانێکدا هەواڵەکە لە شارۆچکەکە بڵاوبۆوە.

-وا گەیشتن..واگەیشتن..

-پێکەوەن (ڕۆندۆنی)و(ڕۆندینلا).

-بەیەکەوەن..هەردووکیان.

نــوژدارەکە و هەرچی لە دەرمانخــانەکەدا بــوو ڕایــانکردە دەرەوە، هەروەهــا ئەوانەی لە قاوەخانەکەدا بوون، بەڵام بەدبەختییەکی دیکە بوو، لەیەکەم گەورەتر.

ڕۆندینلا لەو گالیسکەیە بوو، کە بە هێواشی ڕێی دەکرد، ڕۆندۆنی لە تەکیا نەبوو، بەڵکە پیاوێکی دیکە لەجێی ئەو بوو، سپیپێست، دەموچاو چوارگۆشەیی، هێمن و سەلار، کەتە و تێکسـمڕاو، ڕەنـگە مـێردی بێـت، بەڵـکە سەتدەرسـەت هەر مـێردیەتی، شـەرعیەتی تیـا بەرجەسـتەیە و هەر نیگـایەک لەو دوو چـاوە سـپیباوانەی لەو دیـو چـاویلکەکەوە هـاوار

دەکات مێردیەتی، جا هەر کە دابەزی بەرەو نوژدارەکە چوو و بە زمانی فەرەنسایی تکای کرد تا نەقالەیەکی دەست بکەوێت، تاکو بەستەزمانی سەر کورسییەکە بگەیەنێتە ڤێلاکە– وەک پێیان وتووە-کەوتۆتە شوێنێکی....

-بەڵێ..بەڵێ..باشی پێدەزانم..ئەوە هی منە..

+تکایە گەورەم، پێیان وتم و دووبارەی دەکەمەوە دەکەوێتە شوێنێکی بڵند و گالیسکەش بۆی ناچێ.

جا چاوەکانی ڕۆندینلا زۆر بە ڕوونی دەدوان، ئەو دەمرێت بەهۆی ئەو ژیانەی لەگەڵ ئەو پیاوە ڕێزدارەی بەسەر برد، ئەو پیاوە سەلارەی زۆر بە ڕەوانی دەدوا..ئەوە ئەویشە دەممرێنێ..بە ڕێزگرتنەکەی..بە وردەیی و بە لوتفەکەی، بەڵام تکا دەکەم، خۆتان سەغڵەت مەکەن، ئەگەر هاتوو توانیم لێرە سەر بنێمەوە و گیان بسپێرم، بە قاقا و پێکەنینەوە تۆڵەم لە ئەو بکەنەوە، من تەنیا بە چاوەکانم دەتوانم پێبکەنم، داخوا نابینن پاش هەڵفڕین چۆن بوومەتە ڕۆندینلا، بۆیە دەبێ بەسەر نەقالەوە بچێتە ئەو ڤێلایە.


بەڵام لە چاوی ئەو خەڵکەی دەورەیان لە گالیسکەکە دابوو، چەند پرسیارێک دەخوێندرایەوە: ڕۆندۆنی لە کوێیە؟ ڕۆندۆنی هاوەڵت لە کوێیە؟ لەبەرچی نەهاتووە؟ بۆیە نەهاتووە لەبەرئەوەی تۆ لەو بارودۆخەی؟ یاخود تۆ لەو بارودۆخەی لەبەرئەوەی ئەو مردووە؟.

لەوانەیە چاوەکانی ڕۆندینلا لەو پرسیارانە بگەن، بەڵام لێوەکان توانای وەڵامدانەوەیان نییە..ئیتر بەدەم ئازاری پەراسووەکانی ژنەی سەرلێشێواو چاوەکانی دادەخات، جا کە چاوەکانی داخست هەر بە مردوو دەچێت، بە مسۆگەری شتێک ڕوویداوە، بەڵام ئەو شتە چییە، کەس نازانێ، زەن و شک و گومان کەم نین، دەشکرێ بە ئاسانی ئەو مەتەڵە هەڵبهێنرێ، بەڵام ئەوەی یەقینە و قسەی لەسەر نییە، ئەوەیە ڕۆندینلا هاتووە تاکو بەتەنیا لێرە بمرێت، هەر چی ڕۆندۆنیشە ئەوە کەس هیچی لەبارەوە نازانێ.

------------------------

**سەرچاوە**: لویجی بیراندیللو، قصص ایطالیه، ترجمه: خلیفه التلیسی، دار المدى للثقافة والنشر، لقاء في الصيف ص١٥١-١٥٨، ٢٠٠٤، سوريا.

# | بەڕێوەبەری کرملین



**چیرۆکی / ئیڤلین ئارتەر سانت جۆن**
**وەرگێرانی: تاهیر عوسمان**

بەڕێوەبەری یانەیەکی شەوانەی بەناوبانگ لەپاریس لەدەمێکی زۆر زووی بەیانی ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە، منیش زۆر لەڕاستییەکەی دڵنیام، ناوی ڕاستەقینەی بەڕێوەبەرەکەو یانە شەوانەکەت پێ ناڵێم، چونکە چیرۆک ڕێکلام نیە، بەڵکو لەبری ئەوە ناویان دەنێم بۆریس و کرملین، یانەی شەوانەی کرملین شوێنێکی تایبەتی گرتووە، لەبەر دەرگا قەوقازیەکی ڕەسەن بەڕەنگو ڕوویەکی شەڕاوی کڵاوو پاڵتۆکەت لێ وەردەگرێ، جووتێ چەکمەی بەمامزە*ی لەپێ بوو، بەشێک لەڕووخساری کە ڕدێنەکەی دای نەپۆشیوە چەند جێ برینێکی چوون قوتابیەکی ئەڵمانی بەر لەجەنگ بێ، پێوە دیارە، لەسەر دیوارەکانی ژوورەوە مافوروشتی بەدەست چنراوی وەکو ڕەشماڵ هەڵواسراوە، هەر لە ژوورەوە تیپێکی قەرەجی زۆر باش هەیە مۆسیقای قەرەجەکان دەژەنن، لەپاڵ تیپێکی جازی بەتوانا کاتێک کە خەڵکەکە حەز بەسەما بکەن، دەست بەژەنین دەکەن، تەنها گارسۆنە باڵا بەرزەکان بۆ ئەوێ هەڵدەبژێردرێن، کەبەروانکەی ڕووسی جوانیان پۆشیوە، چەقۆی گەورەیان بەدەستەوەیە پارچە گۆشتە خڕەکان و پیازی پێ لەت دەکەن، زۆربەشیان لە ئەفسەرە کۆنەکانی گاردی ئیمپڕاتۆرین.

بۆریس بەڕێوەبەرێکی گەنجە، بەرزی باڵای شەش پێ و پێنج ئینج و نیوە، کراسێکی ڕووسی ئاوریشمی و پانتۆڵێکی فش و پێڵاوێکی پازنە بەرزی لەپێیە، لەمێزێکەوە بۆ مێزێکی تر دەچێ، تا لەوە ئەرخایەن بێ کە هەموو شتێک تەواوە،

لەسەعات دووەوە تا بەرە بەیان کرملین بەتەواوی پڕە، زۆر جاریش کە هاموشۆکەرە ئەمەریکیەکان سەیری وەسڵی پارەکانیان دەکەن، تێبینی ئەوە دەکەن کە بۆریس پارەیەکی زۆری دەستدەکەوێ، بێگومان هەر واشە.

مۆدیـل لەمۆنمـارتەر زۆر بەخـێرایی دەگـۆڕێ، بەڵام بـاس لە خانەنشـین بـوونیش دەکـا لەڤێلایەک لەسەر ڕیڤیرا نیشتەجێ بێ، بەتایبەتی ئەگەر بازاڕە گەرمەکەی بۆ وەرزێکی تریش بەردەوام بـوو، لەشـەوێک لەشـەوانی شـەممە، یابەدیـاریکراوی لەسـبەینەیەکی ڕۆژی یەکشـەممە بـوو، بـۆریس بەوە شـەرەفمەندی کـردم کەلەسـەر مـێزەکەم دابنیشێـ و پەرداخێک (مەی) م لەگەڵدا بخواتەوە، هەر ئەوکاتەش چیرۆکی خۆی بۆ گێڕامەوە، باوکی ژەنەراڵ بـووە کەشـەڕ هەڵگیرسـاوە بـۆریس قوتـابی بـووە لەئەکادیمیـای سـەربازی ولەوە بچووکتر بووە شەڕ بکا، بۆیە ناچار بووە لەپشت هێڵەکانی شەڕەوە سەیری هەرەس هێنانی حکـومەتی ئیمپڕاتـۆری بکا، پاشـان بەکۆتـایی هـاتنی جەنـگە مەزنەکە پەشـێوی بەرپا دەبێ وپاشـماوە هەمە جۆرەکـانی سـوپای پادشـایی بەپشـتگیریەکی سـاردو سڕی هاوپەیمانـانی پێشوویان، دەچنە نێو جەنگێکی دۆڕاو لەدژی بەلشەفیەکان.

بـۆریس تەمەنی هەژدە سـاڵان بـوو کەبـاوکی کـوژراو دایکیشیـ بەرەو ئەمەریکـا ڕایکـرد، ئەکادیمیـای سـەربازی داخـراو بـۆریس لەگەڵ هەنـدێک لەهـاوڕێ خوێنـدکارەکانی دواجـار بڕیاردەدا بچێتە ناو سوپای پادشاییەوە، کەلەژێر سەرکردایەتی کۆڵتشاک بەلشەفیەکانی لە سیبیریا گەمارۆ دابوو.

سوپایەکی زۆر سەیر بوو، ئەسپ سوارەکانی بێ ئەسپ بوون، دەریا وانەکان کەشتیە کانیان جێهێشـتبوو، ئەفسـەرەکان لەفەوجەکانیـان وسـەربازگە سـنووریەکان و یاریـدەرەکانیان، هەروەها لەجەنگاوەرە کۆنەکانی شەڕی ڕووسیاو ژاپۆن یاخی ببوون.

گەنجەکانی چەشنی بۆریس یەکەمجار بوو پرۆسە سەربازیەکانیان دەدیت، لەپاڵ ئەوانەدا چەنـد یەکەیەکی هێزەکـانی هاوپەیمانـان هەبـوون، واپێـدەچوو حکـومەتە ڕاڕاکانیـان کەبـۆ ئەوێیان ناردبوون لەبیریان کردبن، لەگەڵ فەیلەقێک لە ئەندازیارە بەریتانیەکان و هەندێک تۆپهـاوێژی فەڕەنسیـ، لەپـاڵ ئەفسـەری پەیوەنـدی کـردن و پاشـکۆ واتە مـولحەقە سەربازیەکان لەدەستەی ئەرکانی گشتیدا، لەنێو پاشکۆکانیش ئەفسەرێکی فەڕەنسی. لەهێزی سـوارچاکان هەبوو، چەنـد سـاڵێک لەبۆریس گەورەتـر بـوو، زمـانی فەڕەنسـیش بـۆ زۆربەی ڕووسە خوێندەوارەکانی پێش جەنگ، وەکو زمانی دایکیان لایان ئاسان بوو.

هـاوڕێیەتیەکی گەرموگـوڕ لەنێـوان بـۆریس و پاشـکۆ فەڕەنسـیەکە پەیـدابوو، بەیەکەوە جگەرەیـان دەکێشـاو لەبـارەی مۆسـکۆو پـاریس بەر لەجەنـگ دەدوان، دوای تێپەڕبـوونی چەنـد حەفتەیەکـیش دەرکەوت کە هەڵـمەتەکەی کۆڵتشـاک بە کارەسـاتێک نەبێ کۆتـایی نـایەت، لەکۆتاییشـدا ئەنجومەنی ئەفسـەران بڕیاریان دا کەهیـچ هەلێکیان لەبەردەمدا نیە تەنها بڕینی کەنارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕاکردن نەبێ بۆ ئەوروپا.

بەڵام دەبـوو هێزێـک بـۆ بەرەڤـانی کـردن لەکشـانەوەکە جێ بهێڵـدرێ، بـۆریس و هـاوڕێ فەڕەنسـیەکەشی بەوە شـۆک بـوون کە ڕاسـپێردران لەگەڵ گاردەکـانی دواوە بمێنـنەوە،

لەپرۆسەکانی دواتریش هێزە بچووکەکەی پاراستنی پاشەکشەکردن دووچاری شکستێکی گەورە بۆوە.

لەنێو ئەفسەرەکانیش تەنها بۆریس و هاوڕێکەی دەربازیان بوو، هەرچەندە لە حاڵەتێکی نیمچە نائومێدی دابوون، چونکە شتومەکەکانیان ونکردبوو، خۆیان بەمەلوولی لەخاکێکی ڕەقورووتدا بینیەوە، کەهێزەکانی دوژمن پێشڕەویان تیا دەکردو بەشێک لەهۆزە ئاسیاییە کێویەکان تیایدا نیشتەجێ بوون.

بۆریس ئەگەر بەتەنها ڕایبکردایە دەرفەتی ڕاکردنی فەرەنسیەکە زۆر کەم دەبوو، تاکە نیشانەیەکیش کەمایبوو و پێی دەناسرایەوە، پەیوەست بوو بەجلوبەرگی ئەفسەرێکی ڕووسی لەگوندە لاچەپەکاندا، بۆریس پاڵتۆ سەربازیەکەی دایە هاوڕێکەی تا جلە سەربازیەکەی پێ بشارێتەوە، بەیەکەوە زەحمەتیەکی زۆریان لەنێو بەفردا بینی ورێگای بەرەو سنووریان گرتە بەر، لەکۆتاییشدا گەیشتنە هەرێمێکی ژاپۆنی، کەتیایدا هەموو ڕووسەکان جێگای گومان بوون، دواجار بۆریس لەگەڵ فەرەنسیەکە گەیشتنە نزیکترین کونسوڵگەری فەرەنسی.

ئامانجی سەرەکی بۆریس چوونە لای دایکی بوو لە ئەمەریکا، هاوڕێکەشی دەبوو بگەڕێتەوەو لەپاریس خۆی بناسێنێ، بەمجۆرە هەر لێرەوە لەیەکتر جیا بوونەوە، ماڵئاواییەکی گەرموگوڕ وبەڵێنی ئەوەیان بەیەکتر دا جارێکی تر یەکتر ببیننەوە دوای ئەوەی بارودۆخ ئارام دەبێتەوە، هەردووکیشیان لەناخی دڵیانەوە گومانیان هەبوو ڕێکەوت جارێکی دیکە بەیەکەوە کۆیان بکاتەوە.

دووساڵ تێپەڕی ولەڕۆژێکی بەهاردا گەنجێکی ڕووسی خۆی لەپاریس بینییەوە، کە سێسەد فرانکی لەگیرفان دابوو، هەموو سامانە دونیاییەکەی لەنێو جانتایەکی بچووکدا بوو، ئەو کەسە زۆر لە بۆریسی- دەم بەخەندە جیابوو کە ئەکادیمیای سەربازی جێهێشتبوو تا پەیوەندی بەسوپای کۆڵتشاکەوە بکا، بۆشی دەرکەوت کە ئەمەریکا زۆر لەو زەمینی دەرفەتانە جیاوازە کەمەزەندەی کردبوو، دایکی خشڵەکانی و بەشێک لە شتومەکە تایبەتیەکانی خۆی فرۆشت و توانی پارەکە لەگەڵ خۆیدا ببا بۆ ئەمەریکا و لەوێ پرۆژەیەکی بچووکی بەرگدرووی کردەوە.

واش پێدەچوو لەوێ دەرفەت بۆ بۆریس نەڕەخسێ. کارێکی بەردەوامی دەستبکەوێ، بەڵکو دوای دوو تا سێ مانگ لەکاری سەرپێی توانی بۆ ئینگلتەرا سەفەر بکا، چەند مانگێک دوای ئەوەش بۆریس چەند کارێکی لابەلای دەسکەوت وەکو گارسۆنی، پاشان بوو بە شوفێر، ئینجا سەماکەرێکی پێشەگەر، کرێکاری لەحەوزی کەشتیەکان، کارەکانیشی. ئەوە نەبوون پێیان تێر بخوا بەڵکو لەبرسیەتیەوە نزیک بوو.

دواجار یەکێک لەهاوڕێکانی باوکی دۆزیەوە، کە پێشتر سکرتێری یەکەم بوو لەبواری دیبلۆماسیدا، بەڵام کاری ڕێکخستنی قژو سەرتاشی دەکرد، ئەو پیاوە ئامۆژگاری کرد بەختی

خۆی لەپاریس تاقیبکاتەوە، وپێی گوت کۆلۆنیالێکی گەورەی ڕووسی لەوێ کۆبوونەتەوەو کرێی سەفەرەکەشی پێدا.

بەمجۆرە بەیانیەکیان کەتازە چرۆکان لەشەقامی شانزلیزیە دەپشکوتن، وبەرگ دروەکان جلە بەهارییەکانیان نمایش دەکرد، بۆریس بەجلوبەرگێکی شڕو بەبێ هاوڕێ، خۆی لەشارێکی نامۆی تردا دیتەوە، هەموو ئەو پارەیەی پێیبوو بەرامبەر سی شلن بوو، لەبەر ئەوەی نەشیدەزانی چی لێبەسەردێ، بڕیاریدا فراوین بکا، بێگومان ئەگەر پیاوێکی ئینگلیزی خۆی لەبارودۆخێکی هاوشێوەدا ببینیایە حیساباتێکی وردی دەکرد، دەبوو بڕیاربدا پارەکەی بەشی زۆرترین ماوەی بکا، هەروەها بەوردی لەسنووری بودجەکەی هەڵسوکەوت بکا، تا جارێکی تر بە دوای کارێکدا دەگەڕێ، بەڵام بۆریس کەدەستی بەژماردنی ئەو بڕە پارەکەمە کرد شتێکی بۆ دەرکەوت و زانی لەگەڵ ئەوپەڕی دەست پێوەگرتندا پارەکەی بەشی زیاتر لەدوو حەفتە یا ئەو پەڕەکەی سێ حەفتە ناکا، لەدوای ئەو ماوەیەشدا خۆی لەبارودۆخێکدا دەبینێتەوە کەتەمەنی دوو حەفتە زیادی کردووەوگەورەتر بووەو هەموو پارەکەشی خەرجکردووەوهیچ کارێکیشی دەستنەکەوتووە.

باشە بۆ هەر ئێستا وەکو دوای دوو حەفتە نەبێ؟.ئەو هەنوکە لە پاریسە کەزۆری لەبارەوە خوێندبووەو بیستبوو، بۆیە بڕیاریدا ژەمە خواردنێکی باش بخوا و ئەویتر بۆ ڕێکەوت جێبهێڵێ.

هەندێکجار گوێی لەباوکی دەبوو باسی چێشتخانەیەکی دەکرد بەناوی لارن، هیچ بیرۆکەیەکی لەبارەی شوێنی چێشتخانەکەوە نەبوو، سواری تەکسیەک بوو، کە گەیشت لە چێشتخانەکە چووە ژوورەوە، لەسەر یەکێک لەکورسیە سوورە پان و پۆڕەکانی دانیشت، گارسۆنەکان بەدوو دڵیەوە سەیری جلوبەرگەکانیان دەکرد.

بەبێ شڵەژان سەیری دەوروبەری خۆی کرد، کەشی چێشتخانەکە هێمنترو زۆر لەو خواردنگە گەورانە بەباق و بریقتر بوو کەلە نیویۆرک و لەندەن بینیبوونی، بەڵام کە سەرنجێکی خێرای لیستی خواردنەکانی دا زانی ئەمە شوێنێکە هەژارەکان ڕووی تێناکەن.

کەداوای خواردنی کرد، شێوازی گارسۆنەکە گۆڕا، چونکە زانی ئەو میوانەی کەجلوبەرگێکی سەیری لەبەرە پێویستی بەوە نیە لەمەڕ هەڵبژاردنی خواردن و خواردنەوەکەی هیچ ئامۆژگاریەکی پێشکەش بکرێ، کافیاری فرێش و ئۆرتۆو لاسان و کرێت سۆزیتی خوارد، پاشان بوتڵێک لەکلارێتی سەرمۆرو پەرداخێک شەمپانیای کۆن و هەرە گرانبەهای خواردەوە، چەندین جۆرە پاکەتە جگەرەی پشکنی تا یەکێکی زۆر باشی هەڵبژارد.

کەتەواو بوو داوای وەسڵی پارەکەی کرد بایی ٢٦٠فرانک بوو، ٢٦فرانک بەخشیشی. دایە گارسۆنەکە، ٤فرانکی دایە پیاوەکەی بەردەرگا، کەکڵاوو جانتاکەی لێوەرگرتبوو، کرێی تەکسیەکەش ٧ فرانک بوو.

دوای نیو خولەک کەلەسەر شۆستەکە وەستا هەموو ئەو پارەیەی کە پێیمابوو بریتی بوو لە ٣فرانک، بەڵام نانێکی باشی خواردبوو، لێی پەژیوان نەبوو، کەلەوێ وەستابوو بیری دەکردەوە دەبێ چی بکا، لەناکاو یەکێک لەدواوە قۆڵی ڕاکێشا، کە ئاوڕی دایەوە پیاوێکی فەڕەنسی- بینی بەجلوبەرگێکی زۆر شیکەوە، کە دیاربوو تازە ئەویش لەچێشتخانەکە دەرچووبوو، ئەو پیاوە هاوڕێکەی پاشکۆ سەربازیەکە خۆی بوو.

پێی گوت:لەسەر مێزەکەی دوای تۆ دانیشتبووم، تۆ تێبینی منت نەکرد، هەر مژوڵی خواردن بووی.

بۆریس وەڵامی دایەوە:لەوانەیە ئەمە تا ماوەیەکی تر دوا ژەمی خواردنم بێ.

هاوڕێکەی پێکەنی و وایزانی گاڵتە دەکا، بەیەکەوە بەشەقامەکەدا ڕۆیشتن وبەخێرایی دەدوان، فەڕەنسیەکە باسی ئەوەی بۆ دەکرد کە چۆن دوای تەواو بوونی ماوەی خزمەتەکەی، سوپای جێهێشتووەو هەنوکە بەڕێوەبەری یەکێک لەکۆمپانیا گەشەسەندووەکانی ئۆتۆمبیلە.

هاوڕێکەی پێیگوت: بێگومان تۆش هەر وای و دڵخۆشم کەلەبارودۆخێکی باشدا دەتبینم.

-لەحاڵەتێکی باش؟.لەئێستا هەموو ئەو سامانەی کە هەمە تەنهاسێ فرانکە.

+هاوڕێم ئەوانەی تەنها سێ فرانکیان هەیە کافیار لە چێشتخانەی لارن ناخۆن.

پاشان بۆ یەکەمجار لەجلوبەرگە شڕەکەی بۆریس ڕاما، ئەو پێشتر هەر بە جلوبەرگی سەربازیەوە بینیبووی، بۆیە سەرەتا لای ئاسایی بوو بەهەر جۆرە جلوبەرگێکەوە بیبینێ، ئێستا زانی جلەکانی ئەو جلوبەرگە نیە کەگەنجە دەوڵەمەندەکان لەبەری دەکەن.

پاشان گوتی:هاوڕێ ئازیزم ببوورە بۆ پێکەنینەکەم، نەمزانی، با ئەو ئێوارەیە بەیەکەوە لەشوقەکەم نان بخۆین، پاشان باس لەوە دەکەین کە دەبێ چی بکەین.

بۆریس دوماهی بەقسەکانی هێناو گوتی:بەمجۆرە بوومە بەڕێوەبەری یانەی شەوانەی کرملین، وئەگەر ئەو ڕۆژە نەچوومایەتە چێشتخانەی لارن، بێگومان ئێمە هەرگیز بەیەکنەدەگەیشتین، وهاوڕێکەم پێی گوتم:دەشێ ڕۆلێکم لەکارەکەی ئەو واتە بواری ئۆتۆمبیلدا هەبێ، بەڵام پێیوابوو ئەوکەسەی ٣٠٠فرانک لەیەک ژەمە خواردن خەرج بکا باشتر وایە چێشتخانەیەک بەڕێوە ببا.

کارەکانیش بەمجۆرە بەڕێوەچوون، پارەی پێدام و هەندێک لەهاوڕێ کۆنەکانم کۆکردەوەوئێستاش هەروەک دەبینی پیاوێکی تا ڕادەیەک دەوڵەمەندم.

دوا میوان پارەی خواردنەکەی خۆی داو بەخۆچەماندنەوە ڕۆیشت، بۆریس یش لەشوێنی خۆی هەڵسا تا خۆی بچەمێنێتەوە، تیشکی ڕۆژ لەژوورەکەی داو ئەوانیش پەردەکانیان بەرزکردەوە تا بڕۆن.

لەناکاوو لەو ڕووناکیە تازەیەدا دەرکەوت کە گشت نەخش و نیگارەکان ساختەن و تەنها باق و بریقن، گارسۆنەکان پەلەی داکەندنی بەروانکە ساختەکانیان بوون، بۆریس تێگەیی کە من هەست بەچی دەکەم.

گوتی:دەزانم ئەمە ڕووسیا نیە، بەڵام هەبوونی یانەیەکی شەوانەی میللی هیچ شتێک ناگەیەنێ، کاتێک کەمرۆڤ وڵاتەکەی لەدەستدەدا!

........................................................

نووسەر/ئیڤلین سانت جۆن(١٩٠٣-١٩٦٦)رۆماننوس و نووسەری کورتە چیرۆکە، زۆرێک لەرەخنەگران بەدیارترین ڕۆماننووسە ئینگلیزە گاڵتەجارەکانی سەردەمەکەی دەزانن، لەکۆلیجی لاسینگ، سالسکس، کۆلیجی هێرت فۆرد، ئیکسفۆرد خوێندوویەتی، دوای ماوەیەکی کەم لەخوێندنی هونەرەکان و کارکردنی وەکو بەڕێوەبەری قوتابخانە، ژیانی خۆی بۆ گەشتی تاکە کەسی و ڕۆماننووسین تەرخان کردووە، لەبەر زیرەکیە قۆشمە چێتیەکەی و هەڵکەوتنی تەکنیکی هەر زوو ناوبانگێکی فراوانی بەدەستهێنا، لەجەنگی جیهانی دووەم لەهێزی پیادەی سەر بەدەریاوانی پادشایی وگاردی سوارچاکانی پادشایی خزمەتی کردووە، سائی ١٩٤٤ دەچێتە نێردەی سەربازیی بەریتانی بۆ سەرخستنی یۆگسلافیا، پاش جەنگ خانە نشین دەبێ و لەرۆژئاوای ئینگلتەرا ژیان دەباتە سەر، لەکارەکانی کە وەرگێڕدراونەتە سەرزمانی عەرەبی ڕۆمانی(دەست پێشخەری رۆژنامەوانی) یە کەوەرگێڕی ئەم چیرۆکە(عبد المقصود عبد الکریم)کردوویە بەعەرەبی و سائی ٢٠٢٣ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی یەسترون بڵاوکراوەتەوە، هەروەها ڕۆمانی(مشتێ خۆڵ)کە ئوسامە مەنزڵجی کردوویە بەعەرەبی و لەلایەن دەزگای مەداوە بڵاوکراوەتەوە، چیرۆکی( بەڕێوەبەری کرملین) لەتوێی کۆمەڵەچیرۆکێک وەرگیراوە کەبۆ یەکەمینجار لەژێر ناوی(چیرۆکە ڕاستەقینەکانی ژیان بۆ نووسەرە بەناوبانگەکان)، لە١٥ی شوباتی ١٩٣٠ لەگۆڤاری جۆن پۆل بڵاوکراوەتەوە.

وەرگێڕی بۆ عەرەبی عبدالمقصود عبدالکریم.


*مامزە ئاسنێکە پولەکەیەکی پێوەیە لەپشتی پانیەی چەکمان دەدرێ تازرینگەی لێوەبێ و وڵاخیشی پێ لێدەخوڕدرێت و لەپێشدا پاڵەوانان بەکاریان دەهێنا(ت ع).

-----------

**سەرچاوە**: گۆڤاری الفیصل ژمارە ٥٧٥-٥٧٦ئەیلولی ٢٠٢٤

# | هاوڕێی سەفەر

بەشی یەکەم:



**هانس کریستیان ئەندەرسن[٣٣]**
**ئازاد مەولوود کردوویەتی بە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە**

( یۆهانەس) ی بەستەزمان زۆر خەمبار بوو، چونکە باوکی زۆر ناساغ بوو و لە سەرە مەرگدا بوو. ئێوارەیەکی درەنگ، لەو باوك و کوڕە بترازێ کەسی تر لە ژووری دانیشتنەکەیان نەبوو، و چرای سەر مێزەکە خەریك بوو کز دەبوو و بەرەو کوژانەوە دەچوو.



»ڕۆڵە یۆهانەس، تۆ هەمیشە کوڕێکی بە وەفا و چاك بوویت«، باوکە نەخۆشەکەی گوتی.

»خوای گەورە پشت و پەنات دەبێ لەو دنیایەدا.« ئەمەی گوت و نیگایەکی پڕ سۆز و بەزەیی تێبڕی، و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە یەکجاری چاوەکانی لێکنا. هەروەك خەوی لێکەوتبێ، ئاوا دەهاتە بەرچاو.

یۆهانەس دەستی کردە گریان. ئیتر لەم دنیایە بێکەس مایەوە، نە باوك نە دایك، نە خوشك نە

[٣٣] نووسەری گەورە و بەناوبانگی دانیمارکی هانس کریستیان ئەندەرسن، Hans Christian Andersen کە ناسراوە بە H.C.Andersen لە 1805.4.2 لە شاری ئۆدێنسە لە دایك بووە و لە 1875.8.4 لە کۆپنهاگن کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی Assistens بە خاك سپێردراوە. ماڵەکەی لە شاری ئۆدێنسە کراوە بە مۆزەخانە و ساڵانە بە هەزاران کەس سەردانی دەکەن. ئەندەرسن کورتەچیرۆك و ڕۆمان و شانۆنامە و شیعر و ژیاننامە و چیرۆکی بەرئاگردانی نووسیوە. سەرجەم چیرۆکەکانی بەرئاگردان و چیرۆکی تری ئەم نووسەرە مەزنە لە کتێبێکی 1180لاپەڕەیی چاپکراوە، کە ئێمە ئەم نموونەیەمان لێیەوە وەرگرتووە.

برا. لە تاوا لە بەردەم تەختی نووستنەکە کەوتە سەر ئەژنۆ و دەستەکانی باوکە مردووەکەی ماچ دەکرد. هێندە گریا و هێندە فرمێسکی سوێری ڕشت تا شنگی لەبەر بڕا، ئیتر پێڵوەکانی کەوتنە سەر یەك و سەری بە ڕۆخی ڕەقی تەختەکە کرد و خەوی لێکەوت.

خەونێکی زۆر سەیری بینی. لە خەودا بینی خۆر و مانگ کڕنوشیان بۆ دەبرد و باوکی ساغ و سەلامەت و کشت و چالاك بوو. دەنگی پێکەنینی باوکی دەهاتە گوێ کە هەمان ئەو پێکەنینەی ساتە خۆشەکانی جاران بوو. کچێکی نازداری بینی بە قژێکی درێژ و جوانەوە، تاجێکی زێڕینی لەسەر نا بوو. کچەکە دەستی بۆ یۆهانەس درێژ کرد، و لەو دەمە باوکی پێی گوت:

»سەیر کە، بزانە چ بوکێکت بۆ هاتووە. نازدارترین کچی ئەم دنیایەیە.«

یۆهانەسی بەستەزمان لە پڕ لە خەونەکەی وەئاگا هات، و هەموو ئەو شتە جوانانە لەبەرچاوی بزر بوون. بینی باوکی سارد و سڕ بە مردوویی لە سەر تەختەکە ڕاکشاوە و کەسیان بە دەورەوە نیە.

هەفتەی دواتر لە کاتی ناشتنی باوکی، یۆهانەس لە دوای جەنازەکە دەڕۆیشت. ئیتر تەواو هەرگیز جارێکی دی ئەو باوکە خۆشەویستەی نابینێتەوە. گوێی بۆ خشەی خۆڵەکە شل کردبوو کە هەڵیان دەدایە ناو گۆڕەکە بۆ سەر سندوقی تەرمەکە. بینی یەك تۆز لە گۆشەیەکی سندوقەکە دیارە، بەڵام کە دوا بێلی خۆڵەکەیان هەڵدایە خوارەوە، ئیتر ئەو گۆشەیەش دیار نەما. هێندە دڵی پڕ لە خەم بوو، وەکو ئەوە وابوو دڵی لە ڕیشەوە دەربێت. بەڵام کاتێك دەنگی سروودە ئایینیەکان ئەو ناوەی تەنیەوە، هێندە خۆش دەهاتنە گوێ بە ڕادەیەك یۆهانەس دەستی کردە گریان و چاوەکانی پڕ بوون لە ئەسرین. ئەم گریانە وایکرد خەم و پەژارەی کەمێك سووك بێت.

هەتاو بە سەر لق و پۆپی درەختەکان دەدرەوشایەوە، وەکو ئەوەی پەیامێکی پێبێت و بڵێ:

»یۆهانەس، هێندە خەمبار مەبە. سەیری ئاسمان بکە چەند جوانە. ئێستا باوکت لەوێوە لە خوا دەپاڕێتەوە کە تۆ هەمیشە لە خۆشیدا بیت.«

یۆهانەس گوتی:

»منیش پەیمان دەدەم هەمیشە کوڕێکی چاك بم، تا لە دوای مردنم بڕۆم بۆ ئاسمان بۆ لای باوکم. دڵنیام ئەو دیدارە لەگەڵ باوکم دەبێتە ساتەوەختێکی پڕ لە شادی و کامەرانی کاتێك بەیەك شاد دەبینەوە. ئەوساکە زۆرم باس و خواس پێ دەبێ بۆی بگێڕمەوە، و ئەویش لەوێ زۆر شتم پێشان دەدات و چۆن جاران لە دنیا فێری هەموو شتێکی دەکردم

ئاواش لەوێ شارەزای هەموو شتە جوانەکانی ئاسمانم دەکات. وای، دەبێتە چ ڕۆژێکی پڕ لە خۆشی و شادی«

یۆهانەس هێندە خەیاڵی بە ڕوونی ڕۆیشتبوو، بە ڕادەیەك خەندەیەك کەوتە سەر لێوەکانی و لە هەمان کاتدا فرمێسکی بە سەر کولمەکانیدا دادەبارین. باڵندە بچکۆڵەکان لە سەر دار مازووەکان هەڵنیشتبوون و جریوە جریویان بوو. بوونیان لەم ناوە مایەی خۆشی بوو. هەرچەندە دەیانزانی کە مردووەکە ئێستا لە ئاسمانە و جووتێ باڵی هەیە زۆر لە باڵەکانی ئەوان گەورەتر و جوانترن ، و لەوپەڕی بەختەوەریدایە چونکە لە دنیادا مرۆڤێکی چاك بووە، کەچی شتێکی یەکجار جوان بوو کە لە کاتی ناشتنەکەدا ئەوانیش لەوێ بە دڵخۆشییەوە ئامادە بوون.

یۆهانەس بینی چۆن باڵندەکان لە سەر درەختە سەوزەکان هەڵدەفڕین و بە دنیای بەرین و فراواندا بڵاو دەبوونەوە، و خۆزگەی خواست ئەویش بیتوانیبایە لەگەڵیان بفڕێت. کە گەڕایەوە ماڵ خاچێکی لە دار دروست کرد تا لە سەر گۆڕی باوکی بیچەقێنێ. کە ئێوارە خاچەکەی برد بۆ گۆڕستان بینی سەر گۆڕەکەی باوکی بە زیخ و چەو و گوڵ نەخشێندراوە. دیار بوو خەڵکێکی بێگانە ئەم کارەیان کردبوو چونکە باوکی ڕەحمەتی پیاوێکی خۆشەویست بوو لە لای خەڵك.

ڕۆژی دواتر لەگەڵ گەردی بەیانی یۆهانەس بوخچەی پێچایەوە و ئەو پارە و پوولەی بە میرات بۆی مابۆوە، کە نزیکەی پەنجا لیرەیەك و چەند لیرەیەکی زیو دەبوو، هەمووی خستە باخەڵی و ملی ڕێگای گرت. بەڵام بەر لەوەی بەرێ بکەوێت ڕووی کردە گۆڕستانەکە و چەند نزا و پاڕانەوەیەکی لە سەر گۆڕی باوکی خوێند. ئنجا گوتی:

»باوکی خۆشەویستم، خوا لە ژێر باڵی خۆیت بگرێت. من پەیمانت بۆ تازە دەکەمەوە کە هەمیشە مرۆڤێکی چاك بم، تا تۆش هەردەم بتوانیت بە ڕووی سپییەوە لە حزور خوای گەورە بۆم بپاڕێیتەوە کە دەست بە باڵمەوە بگرێ و چەپەرم بدات.«

کە یۆهانەس بە نێو دەشت و دەر گوزەری دەکرد، چاوی بەو هەموو گوڵە جوان و ڕەنگاوڕەنگە کەوت لە بەر شنەی با دەلەرانەوە و دەچەمانەوە وەکو ئەوەی زمانی حاڵیان بڵێ:

»بەخێر بێیت بۆ ناو سەوزایی. توخوا ئێرە خۆش و دڵگیر نیە؟«

کەچی یۆهانەس بۆ جاری دووەم ئاوڕێکی دایەوە و سەیرێکی کلێساکەی کرد کە تیایدا بە منداڵی باوەڕی بە گوێدا کرابوو و دواتریش هەموو یەکشەممەیەك لەگەڵ باوکە بە سالاچووەکەی لەوێ بوو و سروودە ئاینییەکانی دەگوتەوە. کاتێك سەری کەمێك بەرز

کردەوە و نیگای کەوتە سەر یەکێك لە کونەکانی بورجی کلێساکە، بینی وا جنۆکەیەك[٣٤] بە قوتە کڵاوێکی سوورەوە، لەبەر هەتاو دەستی داوەتە بەر چاوی.

یۆهانەس بە سەرلەقاندنێك خواحافیزی لێکرد، و جنۆکەکەش کڵاوە سوورەکەی بۆ هەڵشەقاند و وەڵامی دایەوە و ئنجا دەستێکی خستە سەر دڵی و سەرپەنجەکانی نایە سەر لێوی و ماچ لە دوای ماچی بۆ هەڵدەدا وەکو هێمایەك کە هیوای سەرکەوتن و سەفەرێکی خۆشی بۆ بخوازێ.

یۆهانەس بیری لەو هەموو شتە جوانە کردەوە کە بۆی هەیە لەم دنیا خۆش و فراوان و گەورەیەدا بیانبینێ. ئیتر ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت و ڕۆیشت، هێندە دوور کەوتەوە کە لە ژیانیدا هێندە دوور نەڕۆیشتبوو. بە نێو هەندێك شاردا ڕەت دەبوو کە لە ژیانیدا گوێی لە ناویان نەبووبوو. تووشی چەندین کەس و خەڵك هات کە تەواو بێگانە بوون بەلای ئەوەوە.

شەوی یەکەم لە سەر کۆمەڵێ پووش و پەڵاش پاڵی دایەوە. ئێ خۆ ئەو دەشت و دەرە لەوە زێتر تەختی نووستنی لێ نیە. لە ڕاستیدا شوێنەکەی بەلاوە زۆر خۆش و دڵگیر بوو بۆ نووستن، پاشا بە پاشایەتی خۆی شوێنی ئاوا خۆشی دەست ناکەوێ. ئەو کێڵگە خۆشە کە ئەو جۆگە ئاوەی پێدا دەڕوا و ئەو کۆمەڵە پووش و قەسەرە و ئەو ئاسمانە شینەی بە سەریەوە، ئەمانە هەموو بۆی بوون بە جوانترین جێگای خەوتن. چیمەنی سەوزی ڕازاوە بە گوڵی سپی و سوورەوە[٣٥] هەر بۆ خۆی فەرشێك بوو لەو ناوە ڕاخرابوو. درەختەکانی ئێلدەریێری[٣٦] و تانۆکی گوڵەباخە کێوییەکان هەر بۆ خۆیان بە یەکەوە چەندین چەپکە گوڵیان پێکدێنا. جۆگەکەش بە ئاوی سازگار و شیرینەوە وەکو تاڤگەیەك بوو بۆی. شلکە قامیشەکانی قەراخ ئاوەکە بۆی دەچەمانەوە و بەیانی باش و ئێوارە باشیان لێدەکرد. مانگ لەو بەرزییە بۆ خۆی چرایەکی گەورە بوو بە بنمیچە شینەکەوە، چرایەکی ئەوتۆ ترسی لێنەکرێ ئاگرەکەی بگاتە هەچ پەردەیەك و گڕ بگرێ. یۆهانەس بە هێمنی و ئارامی خەوی لێکەوت. کاتێ بە ئاگا هات بینی خۆر بە ئاسمانەوە بوو و باڵندە بچکۆلەکان لەو ناوە دەیانخوێند و جریوەیان دەهات.

»بەیانی باش، بەیانی باش... ئەوە تۆ هێشتا لەخەو هەڵنەستاویت؟«

---

[٣٤] ڕەنگە وشەی جنۆکە پڕ بە پێست نەبێ بەڵام زۆر نزیکە لە وشەی nisse ی دانیمارکی، کە پێناسەیە بۆ جۆرە بوونەوەرێکی میتافیزیکی لە فۆلکلۆری نەتەوە جەرمانییەکان و لە بیر و باوەڕی دانیشتوانی باکووری ئەوروپا. منداڵان لە ڕۆژانی کریسمسدا وا دەزانن ئەو (جنۆکانە) لە بنمیچ و کون و قوژبنەکانی ماڵان خۆیان مات دەکەن و سەرنج دەدەنە ڕەفتاری منداڵان و دواتر هەموو ڕۆژێك ڕاپۆرت دەدەنە بابانۆئێل لە بارەی ئەم ڕەفتارانە. بە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن elf.

[٣٥] دوور نیە سوور و سپی هێما بن بۆ ڕەنگەکانی ئاڵای دانیمارك.

[٣٦] بە زمانی عارەبی پێی دەڵێن (بلسان یاخود بیلسان).

زەنگوڵەکانی کلێسا لێیان دا. ڕۆژی یەکشەممە بوو. خەڵك بەڕێوە بوون بەرەو کلێسا تا گوێ لە وتاری قەشە بگرن. یۆهانەس بەگەڵ خەڵکەکە کەوت. سروودە ئاینییەکانی لەگەڵیان دەچڕی و گوێی بۆ فەرموودەکانی خوا شل کردبوو. پێی وابوو لە کلێساکەی خۆیەتی، ئەوەی تیایدا بە منداڵی باوەڕی بە گوێدا کرابوو، و سروودە ئاینییەکانی لە تەك باوکی تێدا دەگوتەوە.

ژمارەیەکی یەکجار گۆڕ لە گۆڕستانەکەدا هەبوو.[٣٧] لەسەر هەندێکیان گیایەکی زۆر ڕوابوو. لەو ساتەدا یۆهانەس گۆڕی باوکی بیر کەوتەوە کە ئێستا لەبەر دووری دەستی ناگاتێ خزمەتی بکات. دەبێ ئێستا ئەویش لە بێ خزمەتی وەکو ئەمانەی ئێرەی لێهاتبێ. بۆیە دەستی کردە ڕنینی گیای سەر گۆڕەکان و خاچە دارینە کەوتووەکانی ڕاست دەکردەوە و ئەو چەپکە گوڵانەی لە سەر گۆڕەکان دادەنایەوە کە با لای دابوون. بیری کردەوە ئێستا کە من دوورم و دەستم نایگاتێ، لەوانەیە یەکێك هەمان شت لەسەر گۆڕی باوکم بکا.

لە دیوی دەرەوەی دەروازەی گۆڕستانەکە دەرۆزەکەرێك وەستابوو خۆی بە دارشەقەیەکەوە ڕاگرتبوو. یۆهانەس لیرە زیوەکانی دایە و بە دڵێکی خۆش و شادەوە ملی ڕێگای گرت و ڕووی کردە دنیای بەرین و فراوان.

لە دەوری ئێوارەدا کەش و هەوا بە شێوەیەکی ترسناك تێکچوو و زۆر دژوار بوو. یۆهانەس هەوڵی دا بە پەلە خۆی بگەیەنێتە پەنایەك. لەو کاتەدا دنیا زۆر تاریك داهات. لە کۆتاییدا گەیشتە کلێسایەکی بچووك لە سەر گردێك لە دەرەوەی ئاوەدانی. بینی دەرگای کلێساکە کلۆم نەدراوە، ئەویش خۆی خزاندە ژوورەوە بەو نیازەی لەوێ خۆی مات کا تا دژوارییەکە بەسەر دەچێ.

»لێرە بۆ خۆم لە سووچێك دادەنیشم«، خۆی بە خۆی گوت.

»زۆر هیلاك و ماندووم و پێویستم بە کەمێك حەسانەوەیە«

ئیتر لەوێ دانیشت و دەستەکانی تێکپەڕاند و نزای ئێوارانی خوێند. هێندەی نەبرد خەوی لێکەوت و کەوتە خەو بینین لە کاتێکدا لە دەرەوە بروسك ئاسمانی لەت دەکرد و گەواڵە گرمەی دەهات و دەیشریقاند.

کاتێك بە ئاگا هات بینی نیوەشەوە، و ئەو کەش و هەوایە دژوار و تووشەی دەرەوە بەسەرچووە، و تریفەی مانگ لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە ژوورەوە. لە ناوەڕاستی کلێساکە دارەمەیتێك لە سەر زەوی دانرابوو. دارەمەیتەکە لاشەی پیاوێکی مردووی تێدابوو، کە بۆ ناشتن ئامادەکرابوو. یۆهانەس لەبەر ئەوەی خاوەن ویژدانێکی پاك بوو، هیچ جۆرە ترسێکی

[٣٧] بوونی کلێسا و گۆڕستان بە نزیك یەکەوە زۆر ئاساییە بە تایبەت لە لادێکان.

بە دڵدا نەهات. سەرەڕای ئەمەش قەناعەتی هەبوو مردووەکان هیچ کارێکی دژێو ناکەن، ئەوەی کاری نابەجێ دەکات زیندووەکانن نەك مردووەکان. هەر هێندەی زانی دوو کەسی بەدکار لە نزیك دارەمەیتەکە بەدەرکەوتن و خەریك بوون ئارامی ئەم مردووە بەسەزمانەیان دەشێواند. دواتر لاشەکەیان هەڵگرت و فڕێیان دایە دەرەوەی کڵێساکە.

»ئێوە بۆ وا دەکەن؟« یۆهانەس لێی پرسین. »لێی گەڕێن، گوناهە. ئەوەی ئێوە دەیکەن کارێکی کرێتە. بۆ خاتری حەزرەتی عیسا وازی لێبێنن لەو خەوەیدا.«

»فڵتە فڵت.« هەردوو پیاوخراپەکان وەڵامیان دایەوە. »ئەمە فێڵی لە ئێمە کردووە، و پارەمان قەرزارە. پارەکەی نەداینەوە و ئەوەتا ئێستاش مردووە، ئیتر یەك عانەمان نایەتەوە دەست، بۆیە ئێمەش تۆڵەی خۆمانی لێدەکەینەوە. دەبێ وەکو سەگ لە دەرەوەی کڵێساکە بکەوێت.«

»من لە پەنجا لیرە زێترم پێ نیە« یۆهانەس گوتی. » ئەوە هەموو ئەو بەشەمیراتەیە کە پێم براوە. من ئامادەم هەموویتان بدەمێ ئەگەر ئێوە گفتم بدەنێ واز لەو مردووە بەسەزمانە بێنن. من بێ پارەش کاری خۆم پێ ڕایی دەکرێ، خواش هەمیشە پشت و پەنامە.«

»باشە.«، دوو کەسە تووڕەکە وەڵامیان دایەوە. »ئەگەر تۆ وەکو دەڵێی قەرزەکەی ئەو بدەیتەوە، ئەوا ئێمەش دڵنیات دەکەین کەوا هیچی لێناکەین.«

ئیتر پارەکەیان لە یۆهانەس وەرگرت و لە بەرامبەر ئەو دڵسافییەیدا دایانە قاقای پێکەنین و بۆی دەرچوون. یۆهانەس لاشەی مردووەکەی بە جوانی خستەوە ناو دارەمەیتەکە و هەردوو دەستەکانی لە سەر سنگی تێکپەڕاند و خواحافیزی کرد و بە دڵ و دەروونێکی ڕەحەتەوە ڕێگای گرتەبەر بە نێو دارستانەکدا.

لە بەر ڕۆشنایی تریفەی مانگ کە لە میان لق و گەڵای دارەکان دەرژایە خوارەوە، بینی چۆن خێو و جانەوەرە بچکۆڵە باڵگرتووەکان لەو ناوە بە شادمانی و پڕ بە دڵی خۆیان یاری دەکەن و بە هیچ کلۆجێك بە بوونی ئەو نارەحەت نین، چونکە ئەوانیش دەیانزانی چ جۆرە مرۆڤێکی باش و بێوەیە. تەنیا مرۆڤی بەدکار و پیاوخراپ بۆیان نیە ئەم بوونەوەرانە ببینن. هەندێك لەم بوونەوەرانە زۆر بچووك بوون، هەر هێندەی پەنجەیەك دەبوون و قژە زەرد و درێژەکانیان بە تۆقە و شانەی زێڕین بەستابووەوە. دوو بە دوو بە سەر دڵۆپە ئاونگەکانی سەر گەڵا و لکە گیاکانەوە جۆلانەیان دەکرد. جار جار کە تکە خوناوەکان دەکەوتنە خوارەوە، ئەوانیش خلۆر دەبوونەوە و دەکەوتنە نێوانی کەلە گیاکان، ئیتر پێکەنین و غەڵبەغەلب ئەم ناوەی دەتەنیەوە.

شتێکی یەکجار سەیر و سەمەرە و خۆش بوو. گۆرانییان دەگوت و یۆهانەس زۆر بە ڕوونی بەیت و بالۆرەکانی بە بیر دەهاتەوە کە لە سەردەمی منداڵیدا فێریان بووبوو.

جالجالۆکەیەکی گەورەی خاڵداری پەڵەپەڵە بە تاجی زیوی سەر سەریەوە بە هێمنی هەنگاوی دەنا. دەیویست سەر تانۆکێك بکەوێت تا دەگاتە کۆشك و پردە هەڵواسراوەکانی سەر تەونە دوور و درێژەکەی. لەم کاتەدا دڵۆپێك ئاونگی وردی کەوتە سەر، ئیتر وەکو شووشە لە ژێر تریفەی مانگ دەبریسکایەوە. یۆهانەس بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا خۆر گزنگی دا. بینی چۆن جانەوەرە بچکۆلەکان خۆیان لەنێو قۆزاخەی گوڵەکان گرمۆڵە دەکرد و چۆن با کۆشك و پردەکانیانی دەبرد و وەکو تەونێکی پانی جاڵجاڵۆکە بە هەوادا دەفڕین.

لە کاتێکدا یۆهانەس دارستانەکەی بەجێ هێشتبوو، لە پڕ لە دواوە دەنگێکی بەهێزی کابرایەکی نەناس هاتە گوێی:

»هۆ هاوڕێ هۆ، ڕێگات بەرەو کوێیە؟«

»ڕێگام بەرەو دنیای پان و بەرینە« یۆهانەس وەڵامی دایەوە. »، من نە باوکم هەیە نە دایك، گەنجێکی هەژارم، بەڵام خوام لە پشتە و خوا بە هانامەوە دێت.«

»منیش ڕێگام بەرەو دنیای پان و بەرینە.«، کابراکە گوتی. »چی دەڵێی ببینە هاوڕێی سەفەر؟«

» جا بۆ نا.«، یۆهانەس وەڵامی دایەوە، و ئیتر بەیەکەوە ملی ڕێگایان گرت. وای لێهات دڵیان زۆر بە یەکتر بکرێتەوە، چونکە هەردووکیان پیاوی چاك بوون. بەڵام یۆهانەس سەرنجی دا کابرای نەناس زۆر لەم زیرەك و داناتر بوو. بەشێکی زۆری ئەم دنیایە گەڕابوو و شارەزا بوو و چەندین باس و خواسی دەگێڕایەوە. خۆر تەواو بە ئاسماندا بەرز بووبۆوە کاتێك لەژێر درەختێك دانیشتن تا فراوین بخۆن. لەو دەمە پیرێژنێکیان لێ پەیدا بوو، هێندە پیر بوو پشتی چەمابۆوە، و خۆی بە سەر گۆچانێك نووشتاندبۆوە. بارێك چیلکە و شووڵکەداری بۆ سووتان لە دارستان کۆکردبووەوە و لە پشتی خۆی هەڵدابوو. بەرهەڵبێنەکەی[38] تۆزێك هەڵکرابوو. یۆهانەس بینی سێ شووڵکەداری زۆر باریك لە بەرهەڵبێنەکەی بەدەرکەوتوون. پیرێژنەکە زۆر لێیانەوە نزیك بوو. لە ناکاو پێی هەڵخلیسکا و کەوت. لەگەڵ کەوتنی زیڕەیەکی لێهەڵسا. دواتر بەدەر کەوت ئەو ئافرەتە بەستەزمانە لەگەڵ کەوتنەکەی قاچێکی شکاوە.

یۆهانەس پێی وابوو یەکسەر هەڵیگرن و بیگەیەننەوە ماڵەکەی خۆی، بەڵام کابرای نەناس، واتا هاوڕێکەی کۆڵەپشتەکەی خۆی کردەوە و گۆزەیەکی بچووکی دەرهێنا. گۆزەکە جۆرە مەڵحەمێکی تێدابوو، گوایە وا دەکا قاچی پیرێژنەکە چاك ببێتەوە و برینی سارێژ بێ و بە پێی خۆی بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی وەکو ئەوەی لە ژیانیدا قاچی نەشکابێت. لە

[38] جۆرێکە لە بەرکۆش، لە دەشتی هەولێر پێی دەڵێن بەرامپیل یاخود بەرانپیل

بەرامبەر ئەم خزمەتەدا داوای کرد پیرێژنەکە ئەو سێ شووڵکەدارە باریکەی بداتێ کە لە بەرهەڵبێنەکەدا هاتبوونە دەرێ.

»باشە من ڕازیم.«، پیرێژنەکە بە سەرلەقاندنێکی سەیرەوە گوتی.

لە ڕاستیدا نەیدەویست شووڵکەدارە باریکەکانی لە دەست بدات، بەڵام بیری کردەوە کامەیان باشترە، شووڵکەدارەکانی بڕوات یان بە قاچی شکاوەوە بگەڕێتەوە ماڵ. بەم جۆرە شووڵکەدارەکانی پێدا. هەرکە مەڵحەمەکەی لە قاچی دا یەکسەر هەڵسایەوە سەر پێ و ڕۆیشتنی لە جاران باشتر بوو. دیار بوو مەڵحەمێکی زۆر چاك و كاریگەر و دەگمەن بوو و لە هیچ دەرمانخانەیەك دەست نەدەكەوت.

»ئەم شووڵکەدارە باریکانەت بۆ چیە؟«، یۆهانەس لە هاوڕێکەی پرسی.

»هەروا. من ئەم سێ شووڵکەم وەکو چەپکێك بەلاوە جوانە حەزم لێیەتی.«، هاوڕێکەی گوتی. » من هەر خۆم کەسێکی سەیر و نائاساییم.«

ئیتر بە ڕێدا بەردەوام بوون.

» ئای، وا خەریکە ناخۆشی دەکات.«، یۆهانەس ئەمەی گوت و ئاماژەی بۆ پێشەوە کرد. » ئەو هەورانە زۆر تیر و تاریك و ترسناکن.«

»نەخێر.«، هاوڕێ سەفەرەکەی گوتی. » ئەوانە هەور نین، بەڵکو شاخی بەرز و گەورە و جوانن کە لووتکەکانیان لە نێو هەوای سازگاردا گەیشتۆتە سەر هەورەکان. باوەڕت بێ، لێی خۆشتر نیە. بۆ بەیانی دەگەینە شوێنی زۆر دوور لەم دنیایەدا.«

بەڵام شاخەکان ئاوا نزیك نەبوون وەکو ئەوەی بە چاو دیار بوون. یەك ڕۆژی تەواو ڕۆیشتن تا گەیشتنە ئەوێ. دارەکانی نێو دارستانە تاریکەکان بەرز بەرز ڕووەو ئاسمان هەڵکشابوون. کەپکەشاخی هێندە گەورەی لێبوو بە قەدەر شارێك دەبوون. پەڕینەوە لەو شاخانە گەشتێکی یەکجار سەختە. بۆیە یۆهانەس و هاوڕێی سەفەری بە مەبەستی حەسانەوە لایاندا کاروانسەرایەك، بەڵکو شنگ و تاقەتیان وەبەردا بێتەوە تا ئامادەبن بۆ گەشتی ڕۆژی دواتر. لە هۆڵە فراوانەکەی کاروانسەراکە خەڵکێکی زۆر کۆببووبوونەوە. پیاوێك لەوێ خەریك بوو نمایشێکی کۆمیدی بە بووکەڵە پێشکەش دەکرد، لەو جۆرە بووکەڵانەی کە داویان لێ دەبەسترێت و بە ڕاکێشانی داوەکان جووڵەیان تێدەکەوێت. . شانۆیەکی بچووکی بۆ خۆی ساز دابوو و خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە بە دەوریەوە بازنەیان بەستبوو تا کۆمیدیاکە ببینن. لە ڕیزی پێشەوە قەسابێکی بە تەمەنی قەڵەو دانیشتبوو، و سەگە سەرپان و پا کورتەکەی لە تەکیەوە هەڵتووترکابوو. سەگێکی زۆر دڕ و هار دیار بوو. ئەویش وەکو خەڵکەکەی تر چاوی زەق کردبۆوە.

کۆمیدیاکە دەستی پێکرد.[٣٩] نمایشێکی ڕێکوپێك بوو و پاشایەك و شاژنێکی تێدا بوو کە لەسەر تەختی جوان و نەرمونیانی پاشایەتی دانیشتبوون. تاجی زێڕینیان لەسەر بوو و کراسی ئاڵا و واڵا و دامێن شۆڕیان لەبەربوو. دیارە کە ماڵە پاشا بن، پارەیان بۆ ئەو جۆرە کراسانە زۆر بوو. بووکەڵە خنجیلانەکانی تر لە دار دروستکرابوون و لەشوێنی چاوەکانیان کەلاشووشەیان بۆ دانابوون و ڕیشی- پان و بەرینیان بۆ دانابوون. لە دیمەنی کۆمیدیاکە پەرت بووبوون و لە لای دەرگاکان وەستابوون. ناوە ناوە دەرگاکانیان دەکردەوە و دایان دەخستنەوە تا هەوای سازگار و بۆنخۆش بێتە ژوورەوە. کۆمیدیایەکی زۆر خۆش و سەرنجڕاکێش بوو. هیچ خەم و دڵتەنگی و ناخۆشییەکی تێدا نەبوو. بەڵام کاتێك شاژن هەڵسایەوە و کەمێك هەنگاوی نا، مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ سەگە درەکەی کابرای قەساب لەو ساتەدا چی بە مێشکدا هاتبێ. دیار بوو قەسابەکە نەیگرتبوو، ئیتر ئەو دەعبایە بازێکی هەڵدایە سەر تەختەی شانۆکە و قەپێکی لە ناوقەدی باریك و زراڤی شاژن گرت و قرچەقرچی لێوە هێنا. بەڕاستی شتێکی ناخۆش و ترسناك بوو. کابراکەی کۆمیدیاکەی پێشکەش دەکرد ترسێکی زۆری لێنیشت و زۆر خەفەتی بۆ شاژنەکەی خوارد، چونکە ئەمیان جوانترین بووکەڵەی بوو، بەڵام فایدەی چی، ئەوا ئەو سەگە بەدفەساڵە گازی لێگرت و تێکی شکاند.

دوای ئەوەی خەڵکەکە پەرتەیان کرد، کابرای نەناس، ئەوەی لەگەڵ یۆهانەس هاتبوو، گوتی من دەتوانم وەکو جاران چاکی بکەمەوە. ئیتر هەمان گۆزەی ئەو مەڵحەمەی دەرهێنا کە قاچە شکاوەکەی پیرێژنە بەسەزمانەکەی پێ چاك کردەوە. هەرکە بووکەڵەکەی بە مەڵحەمەکە چەور کرد، یەکسەر چاك بۆوە و وەکو جارانی لێهاتەوە. نەك هەر هێندە و بەس، بەڵکو دەیتوانی بەبێ یاریکردن بە داوەکان هەموو ئازای لەشی بجووڵێنێتەوە. ئەم بووکەڵەیە بە تەواوی وەکو مرۆڤێکی زیندوو دەجوڵایەوە، تاکە شتێك کە نەی دەتوانی قسەکردن بوو.

کابرای خاوەن بووکەلە هەر خەریك بوو لە خۆشییان بفڕێت. ئیتر لە مەولا پێویستی نیە بووکەڵەکە بجوڵێنێ، ئەوەتا دەتوانێ بە خۆی بجووڵێ و سەما بکات. هیچ یەکێك لە بووکەڵەکانی تر ئەو توانایەیان نەبوو.

کە شەو داهات، میوانەکانی کاروانسەراکە هەر کەسە چووە ژووری خۆی و ناو جێ بۆ خەوتن و حەسانەوە، تەنیا یەکێك نەبێ هەنسکی قووڵ و ترسناکی دەدا. هەنسکەکان زۆریان خایاند و درێژەیان کێشا، ئیتر خەڵکەکە هەموو هەڵسانەوە تا بزانن ئەو دەنگە لە

[٣٩] بە پێویستم زانی سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە ڕاکێشم کەوا کاراکتەرەکانی کۆمیدیاکە بووکەشووشەی ئەوتۆن کە لە دار دروستکراون و دەست و قاچ و سەریان لە ڕێگای داوە دەزوو دەجوڵندرێت، ئەم جۆرە بووکەشووشەیە لە دنیای شانۆ پێی دەڵێن (ماریۆنێت). بۆ ئەوەی لێمان تێك نەچێ دەبێ بزانین لە هەندێ شوێن ئەم بووکە شووشانە وەکو مرۆڤی زیندوو قسە دەکەن و هەستی خۆیان دەردەبڕن. ئەم دیاردەیە لە ژمارەیەك چیرۆکەکانی هانس کریستیان ئەندەرسن بەرچاو دەکەوێت.

کوێـوە دێـت. کـابرای خـاوەن کۆمیـدیا ڕۆیشـتە لای شـانۆ بچووکەکـەی خـۆی و بیـنی وا دەنگەکە لەوێوە دێت. هەموو بووکەڵە دارەکان بە پاشا و پاسەوانەکانەوە تێکەڵ بەیەك بووبوون و بە سەر یەکدا کەوتبوون. چاوە شووشەکانیان زەق زەق ببوونەوە و بە جۆرێك هەنسکیان دەدا دڵت پێیان دەسووتا و بەزەییت پێیاندا دەهاتەوە. هەموویان ئاواتیان دەخواست وەکو شاژن چەور بکرێن تا بتوانن بەبێ داو خۆیان بجووڵێننەوە. شاژن کەوتە سەر ئەژنۆکانی و تاجە زێڕینە بە نرخەکەی بەرزکردەوە و بە پاڕانەوە گوتی:

»فەرموو، با ئەمە بۆ تۆ بێ، تەنیا داواکاریم ئەوەیە لە بەرامبەریدا هاوسەرەکەم و خەڵکانی کۆشکم بۆ چەور کەیت.«

کابرای بەسەزمانی خاوەنی کۆمیدیاکە، زۆر دڵی بە بووکەڵەکانی خۆی سووتا و لە داخا بەخۆی نەوەستا و دەستی کردە گریان. ئنجا ڕووی لە هاوڕێ سەفەرەکەی یۆهانەس کرد و پێی گوت هەرچی پارە و داهاتی بلیت فرۆشتنی نمایشی.کۆمیدیاکەی شەوی ئایندە هەیە، هەموویت دەدەمێ لە بەرامبەر چەورکردنی چوار پێنجێك لە ڕێکترین بووکەڵەکانم. هاوڕێی سەفەر لە وەڵامدا گوتی من لە جیاتی پارە و مارە یەك شتم لێت دەوێ، ئەویش ئەو قوتە شمشێرەیە کە بە قەدتەوەیە. ئیتر لە سەر ئەوە پێکهاتن. کە قوتە شمشێرەکەی وەرگرت، شەش بووکەڵەی بۆ چەورکرد. هەر شەش بووکەڵە کەوتنە سەما و هەڵپەڕینێکی جوان و دانسقەی ئەوتۆ، بە ڕادەیەك هەموو ئەو کچانەی هاتبوون بۆ سەیری نمایشەکە لەگەڵیاندا کەوتنە سەما. تەنانەت عارەبانچی پەیتوون و کچە چێشتلێنەر و خزمەتچی و بەردەست و خەڵکی بێگانە و ماشەی پۆلییە خەڵووز و خاکەناسی بچووکی خۆڵەمێش فڕێدانیش و کەوتنە سەما. بەڵام ماشە و خاکەناسەکە لەگەڵ هەنگاوی یەکەمیان کەوتن. شەوێك بوو پڕ لە خۆشی و شادی.

بەیانی ڕۆژی دواتر یۆهانەس و هاوڕێکەی سەفەری هەموو ئەمانەیان بەجێهێشت و بە سەر شاخە بەرزەکان هەڵگەڕان و ڕێگایان بە نێو دارستانە فراوان و بەرینەکاندا بڕی. کە لە سەر شاخە بەرزەکانەوە سەیری خوارەوەیان دەکرد، بورجی کڵێساکان لە نێو پانتایی سەوزدا وەکو دەنکە سوورەکانی بەری داری میوە دەهاتنە بەرچاو. بە چەندین میل دوور و تا چاو بڕی دەکرد دنیایان لێ دیار بوو، هێندە دوور کە لە ژیانیاندا نەگەیشتبوونە شوێنی ئەوتۆ. یۆهانەس هەرگیز پێشتر شوێنی وا جوان و خۆشی لەم دنیایەدا نەبینیبوو. تیشکی خۆر لە نێو ئەو هەوا شین و سازگارەدا دەدرەوشایەوە و گەرمی دەبەخشی. لە نێو شاخەکاندا ناوە ناوە دەنگی کەڕەنای ڕاوچییەکان لە دوورەوە دەهاتە گوێ. لە خۆشیدا ئاو لە چاوەکانی دەهات. وتەیەکی بە مێشکدا هات، نەیتوانی نەیڵێت:

»ئەی خوای خاوەن خێر و بەرەکەت، لە بەرامبەر بەخشندەیی و میهرەبانیت بۆ ئێمە گشتمان، و لە بڕی ئەم هەموو شتە جوانەی بە ئێمەت بەخشیوە لەم دنیایەدا، پڕ بە دڵ ئارەزوو دەکەم ماچت بکەم.«

هاوڕێکەی سەفەریش لەبەر ئەو خۆرەتاوە گەرم و خۆشە وەستابوو و دەستەکانی تێکپەڕاندبوو، و چاوی بڕیبووە دارستان و شارەکان. لە پڕ دەنگێکی زۆر خۆش لە سەر سەریانەوە هاتە گوێ. کە سەریان بەرز کردەوە بینیان وا سۆنەیەکی سپی گەورە بە ئاسمانەوەیە. هێندە جوان بوو، و هێندە خۆش دەیخوێند کە لە ژیانیاندا خوێندنی لەم چەشنەی هیچ باڵندەیەکیان نەبیستبوو. بەڵام دەنگە خۆشەکەی ئەم باڵندە جوانە وردە وردە کز دەبوو، خەریك بوو بە هێمنی و بە شێنەیی دەنیشت، تا وای لێهات ئەو باڵندە جوانە ملی لار بۆوە و بە مرداری کەوتە بەر پێیەکانیان.

»وای لەم جووتە باڵە جوانە.«، هاوڕێکەی سەفەر گوتی. » ئەم باڵە سپی و گەورانەی ئەو باڵندەیە شتێکی یەکجار بە نرخن. من ئەمانە لەگەڵ خۆ دێنم. دەبینیت چۆن کارێکی باشم کرد کە ئەو قوتە شمشێرەم پەیدا کرد.«

ئیتر بە یەك شمشێر هەردوو باڵەکانی سۆنە مردووەکەی لێکردەوە و لای خۆی هەڵیگرتن.

دواتر درێژەیان بە سەفەرەکەیان دا و چەندین میل لە دوای میلیان بە سەر شاخەکاندا بڕی تا گەیشتنە شارێکی گەورە کە زێتر لە سەت بورجی تێدابوو. بورجەکان لەبەر هەتاودا وەکو زیو دەبریسکانەوە. لە ناوەڕاستی شارەکەدا کۆشکێکی مەرمەڕی زۆر جوان و ڕازاوە هەبوو، کە سەربانەکەی بە زێڕی سوور گیرابوو. پاشای شارەکە لە ناو ئەو کۆشکە دەژیا.

یۆهانەس و هاوڕێکەی نەیان ویست یەکسەر بڕۆنە ناو شارەکەوە، بەڵکو لە کاروانسەرایەکی دەرەوەی شار مانەوە و کەمێك لە خۆیان خەفتن تا کە چوونە دەرەوە بۆ سەر شەقام و جادەکان ڕێك و پۆشتە دەرکەون. خاوەنی کاروانسەراکە پێی ڕاگەیاندن کەوا پاشای ئەم شارە پیاوێکی زۆر چاکە و دەخلی بە سەر کەسەوە نیە، بەڵام کچێکی هەیە، هەر خوا بە گەورەیی خۆی بمانپارێزێ، کچە شازادەیەکی زۆر خراپ و ڕەقەکارە. لە لایەنی جوانی و شۆخ و شەنگییەوە خوا هەڵناگرێ کەس نیە خۆی لە شانی بدات. بەڵام جوانی و شۆخ و شەنگی بەکەڵکی چی دێت. ئەو کچە شازادەیە هەر بۆ خۆی جادووکەرێکی بەدکار و خراپی ئەوتۆیە، چەندین کوڕە شازادەی قۆز و بە شان و شەوکەت بە هۆی ئەمەوە سەریان تێدا چووە.

ئەم کچەشازادەیە دەرگای واڵا کردبوو بەبێ جیاوازی بۆ هەر کەسێك بێت داوای دەستی بکات، جا ئەو کەسە کوڕە پاشا بێت یاخود بەرەڵایەك بێت. بەڵام مەرجێکی بۆ ئەم مەبەستە هەبوو، کە دەبوایە وەڵامی سێ پرسیار بداتەوە. ڕایگەیاندبوو هەر کەسێك بتوانی ئەو سێ پرسیارە هەڵبێنێ، ئەوا مێردی پێ دەکات و بەم جۆرە ئەو کەسە لە دوای مردنی پاشا دەبێتە پاشای سەرتاسەری وڵات. بەڵام ئەگەر ئەو کەسە نەیتوانی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و هەڵیان بێنێ، ئەوا یان سەری دەپەڕێندرێت یان لە سێدارە دەدرێت. ئیتر ئەم کچەشازادە شۆخ و شەنگە ئاوا خراپ و ڕەقەکار بوو. باوکی، واتا پاشا بەساڵاچووەکە، زۆر


بەمە خەمبار و دڵتەنگ بوو، بەڵام نەیدەویست دەست لەبەر دەستی کچەکەی هەڵبدات و لەگەڵیدا توند بێت، چونکە جارێك لە جاران گفتی پێدابوو کەوا بە هیچ جۆرێك و هەرگیز تێکەڵی خۆشەویستی و دەسگیرانی و شووکردنی نەبێت، و بە ئارەزووی خۆی کێ هەڵدەبژێرێت با هەڵیبژێرێت. هەر جارەی کورە شازادەیەك دەهات و دەیویست پرسیارەکان هەڵبێنێ، سەرکەوتوو نەدەبوو و چارەنووسی سێدارە یان لە مل دان بوو. ئیتر وای لێهات خەڵك ترسی لێ بنیشێ. و بە پارێزەوە بیر لەم پرسە بکەنەوە. پاشا لەبەر ئەم هەموو خەم و پەژارەیە دڵی زۆر توند و خەمبار بوو، و هەموو ساڵێك ڕۆژێکی تەرخان کردبوو کە تیایدا بە گشت سوپا و سەربازەوە دەکەوتە سەر ئەژنۆ و نزاو پاڕانەوەی دەکرد بەڵکو ئەمە خوایە کچەشازادە بگۆڕێت و ببێت بە کەسێکی باش، بەڵام نزا و پاڕانەوەکانی بێ سوود بوون. پیرێژنەکان لە خەم و داخا ئاڵوودەی شەراب خواردنەوە بوون، و بۆ دەربڕینی خەم و دڵتەنگی، ڕەنگی شەرابەکەیان ڕەش دەکرد. لەوەیان زێتر پێ نەدەکرا.

»کچە شازادەی ڕەزاگران«، یۆهانەس گوتی. »ئەوە هەر شایانی ڕەخنە و سەرزەنشتییە. گەر من لە جێگای ئەو پاشایە پیرە دەبووم، دەبوایە وای لێدەم خوێن لە دەم و لووتی فڕکە بکات.«

لەم دەمەدا بوو بە هەرا و خۆشی و هوتاف لێدان لە دەرەوە. کچەشازادە بەو ناوەدا ڕەت دەبوو. لەبەر شۆخ و شەنگی خەڵك لایەنە خراپ و ڕەقەکارییەکانیان لەبیر کرد و کردیان بە هەرا و خۆشی. دوانزە پاکیزەی شۆخ و شەنگ و ڕازاوە بە سواری ئەسپی ڕەشی قەترانی بە دەوریەوە بوون. هەر یەکەیان کراسێکی ئاوریشمی سپی لەبەر بوو و گوڵە مێلاقەیەکی ڕەنگی زێڕی بە دەستەوە بوو. کچەشازادە خۆی سواری ئەسپێکی سپی وەکو بەفر بووبوو، کە بە یاقوت و ئەلماس ڕازاندرابۆوە. بەرگ و پۆشاکی سوارچاکی ئەو لە زێڕی ساف دروستکرابوو، و قامچیەکەی دەستی هەر لە تیشکی هەتاوی دەکرد. تاجە زێڕینەکەی سەری وەکو وردە ئەستێرە وا بوون بە ئاسمانەوە، و عەباکەی سەر شانی وەکو ئەوە وابوو لە هەزاران باڵە پەپوولەی نەخشین چنرابێت. بەڵام جوانی و ڕەنگینی پۆشاکەکانی بە هیچ جۆرێك شایانی بەراورد نەبوون لەگەڵ جوانی و شۆخ و شەنگی خۆی.

ماوێتی..

# | دەربارەی پێشوولان قسەکردن قەدەغەیە



**محەمەد شوکری**
**وەرگێڕانی: سالار عەبدولرەحمان محەمەد**

لەســـەر ئەو ڕۆژانەی لە زینـــدانێم بەڕێکردبـــوون نەم ژمـــاردبوون، هـــیچ پەشـــیمان نەبـــووم. هەرچەنـــدە ڕۆژگارەکـانم سـەخت بـوون، بەڵام ئەمـن زێـدەتر زەیـنم لەسەر ئەشکەنجەدان بوو تا ئەوەی بیر لە کات بکەمەوە.

بەڕێـوەبەری یـانەیەکی شـەوانەی بەناوبانـگ لەپـاریس لەدەمـێکی زۆر زووی بەیـانی ئەو چـیرۆکەی بـۆ گـێڕامەوە، منیش زۆر لەڕاستییەکەی دڵنیام، ناوی ڕاستەقینەی دوو سەعات یان پتر تێپەڕی، ئێستا لەوە دڵنیام دەکرێت زۆر کەمـتر لەوەی پێمـوابـوو، هەسـتکردنم بەرانـبەر کـات و دنیـای دەرەوە لەدەسـت بـدەم. چەندین جار بیرم لێکردەوە:- ئەرێ دەبێ چ شتێك ئەشکەنجەدانەکەمی وە دواخستبێت؟

ئۆتـۆمبێلەکە ڕادەوەسـتێت، هەسـتم بە ڕاوەسـتانەکەی کـرد، دەرگەکە دەکـرێتەوە، ئەو کەسەم نەدیت، ئەوەی پێی گوتم:-

– دابەزە!

بیرم کـردەوە: ڕەنـگە ئەمە سـەرەتای دەهـۆیەك بێـت تـا لەوێ ڕادەسـت بە ئەشـکەنجەدانم بکەن. دوودڵ بووم دابەزم، هەمدیسان گوێم لە داواکەی بۆوە:-

– دابەزە! ئەدی پێتم نەگۆت؟

بە لەرزیـــن و ســـەردانەواندنەوە دادەبەزم. ســـەرگێژەیەك بە لایداخســـتم. هەســـتم بە قورساییەك کرد. بای ساردی شـەو زللـەیەکی سرەواندمێ، بەرەو پێشـەوەی پاڵدام. گـوێم لە پێـوەدانی دەرگەی دواوەی ئۆتـۆمبێلەکە بـوو. ئۆتـۆمبێلەکە دوور کەوتەوە، گۆڕەپـانەکە

گەورەیە، چۆڵە، نەهامەتی و دەوڵەمەندی تێدا تێکەڵە. دەبێ ئەم شارە کێندەرێ بێت؟ گومانی تێدا نیە کەوتۆتە باکوور ئاخۆ دەبێ بۆ چ منیان بردبێتە شارێکی دیکە؟ ئەرێ دەبێ لێرەش کێشەیەکی دیکەم بۆ نەخولقێنن؟ لە تاریکی یەوە بەرەو تاریکی. لە تاریکی یەوە منیان گرت و لە نێو تاریکیش بەرەڵایان کردم. دەنگێك لە دواوەمەوە دێت، پیاوێك کە کچە دۆستەکەی دەڵێت:

- ئەمشەو دەبێتە شەوی تۆ، ئەمشەو تێدەگەیت ئەمن کێم.
- هەرچییەکەت دەوێ لێم بکە، بەڵام تۆ هەڵەی، هەر تەنیا پێکەوەمان خواردەوە، بەڵام من ڕێگەم بە خۆم نەداوە لەگەڵیدا بخەوم.
- ئێهە! ئەو قسەیە بە گێلێك بڵێ.

لە من ڕەتبوون، وردە وردە دەنگیان کەمتر دەبۆوە،بە لا دادێن، ڕادەوەستن، لێك ڕا دەمێنن. کوڕەکە کچە ڕادەکێشتە لای خۆی و فشاری لەبۆ دێنێت، دەیەوێ لە بنەخۆی بنێت، کچەکە ئازار دەبینێت: ئای! ئای! ئایی!

لێی دەپاڕێتەوە:

- تکایە! لێرە نا.
- ئەتۆ شایانی ئەوەی ئا لێرەدا ئەمەت لەگەڵ دابکرێت، شایانی زۆر لەوەش زێدەتری لێرە لەگەڵت بکرێت.
- خەڵکی، خەڵکی دەبینن. ئەلێرە ئەم کارەم لەگەڵ مەکە، تکات لێدەکەم.
- گوێ بە خەڵکی نادەم، هەر ئەلێرە لەگەڵتی دەکەم. لەبنە خۆی دەنێت، قایشەکەی دەکاتەوە.
- تکات لێ دەکەم، هەر چیەکی دەتەوێت لێم بکە، بەس لێرە نا.

کابرا هەڵدەستێتەوە، بەلا دادێت، لەکۆڵی دەبێتەوە، کچەش هەڵدەستێتەوە، شوێنی پیاوەکە دەکەوێت.

ناکرێت هیچ شتێك دروست بکرێت ئەگەر هەبوونی نەبێت، ڕەنگە ئەمە ڕاست بێت، بەڵان ئەدی هەر ئەوەش توڕڕەهات نیە؟ لەسەرەخۆ و بە هەستەوە دەڕۆم. کەسێکی دیکە لێم نزیك دەبێتەوە. ڕادەوەستێت. ڕووم تێ دەبڕێت. دەنووشتێتە بان تەنەکەیەکی سەر ڕێگەکە. قسەی لەگەڵ دەکات:

- ئەوە چتە؟ ئەوێستا تۆ بەتاڵی، ئەدی وانیە؟ دەزانی کێ کونی کردی؟ ئاخۆ کێ بەتاڵی کردی؟ تۆ ناتەوێت ڕاستی بڵێیت، بەڵام خەڵکی دەزانن، کونیان کردی و لێرەیان بە جێ هێشتی. دەی ئازیزم، ئەی تەنەکەی ئازیزم، دە پێم بڵێ، بە جێیان هێشتووی وانیە؟

بە لەخۆرازیبوونەوە تەماشام دەکات. هەر لەنێو ئەو کەش و هەوایەوە دەمخنکێنێ، من یان یەکێکی دیکەیە و دەیخنکێنێ! لە دوورەوەش ڕا تەماشام کرد تەنیا جارێك ئاوڕێکی دایەوە و پاشان بزر بوو.

لەسەر دیواری دەروازەی کۆڵانەکە وێنەیەکی گەورە هەیە، وەکو عادەت وایە وێنەی هونەرمەندێکە: هونەرمەندێك یان سترانبێژێك، بەڵام نا! ئەوە چیە؟ ئەمە وێنەی منە!؟ ئەدی بۆ ئەوەندەیە؟ وێنەکە وا وردە وردە چاکتر دەردەکەوێت. نازانم ئەم وێنەیەم و بەم ڕوونییەش چۆن گیراوە و منیش هاییدار نەبوومە: عماروش ئەلتەمسمانی، لە هەموو بارو زروفێکدا هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم کەسە قەدەغەیە، هەر کەسێکیش سەرپێچی لەو هۆشدارییە بکا و بەرخوردی لەگەڵ بکا، ئەوە بەپێی یاسا سزا دەدرێت. کەواتە ئا ئەمە ئەشکەنجەدانەکەیە؟ هەر بیریان لەمە کردۆتەوە؟ بەدرێژایی کۆڵانەکە هەندێك وێنەی دیکە هەبوون، لایەکیان لێ هەڵپچڕاندبوون، هەندێك وێنەی لەدیوار چەسپکرابوون چاوەکانیان لێ پچڕێندرابوون، لەگینە ئەو کەسەی ئەم وێنەیەی شێواندووە، خۆزگە بەوە دەخوازێت چاوەکانم دەربێنن. ئەگەر کەیفیان بێنێ ڕەنگە وەهاش بکەن، پێدەچێت لەمەش زیاتر بکەن، کێ دەتوانێ ڕێگەیان پێ بگرێ؟

وێنەی من لە گشت شوێنێك دراوە: لە دوکانان، لە قاوەخانان، لە چێشتخانەکان.... لە ناوە و دەرەوەی هەموو جێگەیەکە، لەوانەیە ئەم لەکەدارکردنە لە نێو هەموو شارەکانی دیکەش هەبێت.

گەیشتمە گۆرەپانی قاوەخانەکان. وا پێدەچێت ئەم گۆرەپانە بچووکە لە گۆرەپانە گەورەکەی دیکە ڕێك و پێکتر بێت. وێنەکەم بەسەر ڕووکار و دیوارانەوە. هەندێك کەسم دیتن بە نیگاو دەستەکانیانەوە ئاماژەیان بۆ دەکردم. لەنێو ئازای بەدەنم، هەست بە بەتاڵایی دەکەم. لەسەر کورسیەکی گۆرەپانی قاوەخانەی ( س ) دانیشتم، شاگردەکە نووستووە، شاگردەکەی دیکەیان لەو دیوی ناوبڕەکە هاتەدەرەوە و شاگردەکەی دیکەی بە ئاگا هێنا، لە دواوە ڕا شاگردەکە پێی گوتم:

- ئەزیەت نەبێ لێرە برۆ.

سەرنجم دایێ!! ئەمیش هەڵی دایێ:

- بۆ خۆت باش دەزانی لەبەر چیە؟

منیش بە ئاماژەیەکی سەر سوپاسم کردێ.

کەواتە خەڵکی لێم لە ڕق ڕانەچوون، تەنیا ئەوەندەیە ناچارن هەڵسوکەوتم لەگەڵدا نەکەن. هەر هەوڵێکی دانیشتن لە قاوەخانەیەکی دیکە دەبێتە شتێکی گاڵتەجاڕانە. دەبێتەوە هەمان ڕێگەپێنەدان. دوور نیە هەندێك کەس بە سووکی هەڵسوکەوتم لەگەڵدا بکەن و منیش نەتوانم بەرگری لەخۆم بکەم.

لە دەروازەی ڕێگەکەدا خواردنگەیەکی بچووکم دیت. لەپێشەوەی ماسی سوورەوەکراوە، مریشکی برژاو، پارچە گۆشتی خاو و هێلکەی کوڵاو و بەهارات داندرابوون. لەبەرانبەری ڕاوەستام. پیاوگەل و ژنانێك جگەرەیان دەکێشا. قاپی بەتاڵ و بەرماوەی خواردنیان لەبەردەم مابۆوە. ئەڤینداران دەدوان و حریتەیان دەهات. شاگردە خەواڵووەکە یەك پێ هەڵدەستێت و بەهێواشی لە دەرگەکە نزیك دەبێتەوە، نەی دواندم، بە سەرنجەوە سەرتاپای دێن کردمێ، چاوەکانی ئەمە دەڵێت: دەی! بڕۆ! لەبەردەم چێشتخانەکەم وە لاکەوە.

بەرەو پێشەوە دەڕۆم، دەنگ و هەرای پێکەنیناوی لە دوامەوە دێت. بەبێ ئەوەی کەسێکیان هەنگاو بنێتە ئەم دیوی سەکۆی دەرگەکەوە، پێنج شەش کەڵلەسەرم دیتن، ملەقوتەیان لێ کردم. ئەرێ هەر دەبێت سەرم بکێشمە دیوارەکە، تاوەکو دەکەومە ئەو گۆڕە!؟ ئەمە دەبێتە ئەو ئازاردانەی کە بۆخۆمی هەڵدەبژێرم، لێ چۆن دەتوانم لەوە دڵنیا بم ئەو کارەی من دەبێتە باشترین چارەسەری کێشەکەی من. ئەتۆ بڵێی هیچ چارەیەکی دیکەم نەبێت؟

لە ڕێگەیەك دەردەچم و دەکەومە سەر ڕێگەیەکی دیکە. بە ماندووبوونەوە بەسەر پلیکانەکان سەرکەوتم. ئەو گۆڕاییە گەلێك دەلالە، ئەلێرە دیمەنی دەریا فرە دڵڕفێنە. ئاوەکە لەژێر کەشتییەکان و بەسای ڕووناکیەکان، هەر وەکو سەراب دەبریسکێتەوە. لەسەر کورسیەکی گرانیێ دانیشتم. ئاخۆ دەبێ چارەنووسم بە کوێ بگات؟ ئەتۆ بڵێی ئەمە تاکە ئەو ئەشکەنجەیە بێت؟ دەبێ هەتا کوێ بڕ بکات؟ لەسەر کورسیەکە ڕاکشام ماندووبوونەکەم سووك بوو. لەگینە ئەو سزایە هەر تەنیا نمایشێکی گاڵتەجاڕانە بێت و منیش پاڵەوانەکەی بم و بینەرانیشی. خەڵکی ئەم شارە بن. ڕەنگە کێشەکەی من دەسپێکێك بێت تا لەوێوە دەست بەکاراکردنی یاسایەکی نوێ بکرێت. مادام کەسانێك هەبن لەسەر حیسابی خەڵکێکی دیکە گەمە و گەپ و سەرگەرمی ساز بکەن، ئیتر هەموو شتێك شیمانەی ڕوودانی هەیە. لەوانەیە ئەم حکوم لێکردنە، لە یەك کاتدا هەم گاڵتە و گەپ و سەرگەرمی بێ و هەمیش سزادان بێت، بۆیە دەشێت هەموو شتێك ڕووبدات.

بۆرژام، هەستم کرد وا کەسێك جزدانەکەی لە گیرفانی باخەڵم دەردێنێت. لەو خەوە ڕەنگاو ڕەنگە وە ئاگاهاتم. کەسی یەکەم گوتی:

- پەل بزافتی نەکەی ! شتێکت لێناکەین ئازارت بدات.

کەسەکەی دیکە گوتی:

- بەخۆت باش دەزانی لێرە بەدوا پێویستت بە پارە نابێت، تەنانەت پێویستیت بەخۆشت نابێت. دەنگم نەکرد، ئەوەی یەکەم گوتی:
- ئەگەر دەتەوێت، ئەوا دەتوانی بنوویەوە، پێموانیە کەسێك هەبێت ئازارت بدات.

دوور دەکەومەوە، سەر و سەکووتیان ڕێکو پێکە. بە پێکەنینەوە لە پلیکانەکان چوونە خوارەوە. وەها بزر دەبن وەکو بڵێی بچنە ناو بیرێکەوە. کەواتە لە هەموو شتێکی کێشە و چارەنووسەکەم دەزانن. ئەوانە زۆر زێدەتر لەسەر من دەزانن وەکو ئەوەی خۆم لەسەر خۆمی دەزانم. دەوجە وەرە بزانێ، هەر لەپێناو وتارێك لەسەر دەرۆزەکردن ئەو هەموو گۆمەزەم بەسەر دادێت!؟ من جزدانی پارەکەم لەیاد کردبوو. واقم ورما!! ئاخۆ بۆ دەبێ ئەوانەی بەندیان کردم و ئازادیشیان کردم لێیان نەستاندووم!؟ ڕەنگە کێشەکەم زۆر لەوە ترسناکتر بێت وەکی ئەوەی بەخۆم وێنای دەکەم. دەنگەدەنگێك نزێك دەبێتەوە: دووان، سێیان، پێنج لانەوازن، ئاخۆ دەبێ چییان بووێ لێمی بکەن؟ دەوریان لێدام، یەکەمجار شەلەکە لێم هاتە پێش، پاشان یەك چاو کوێرەکە، دوایێش ئەوانی دیکە هاتنە پێش. لەیەك کاتدا دەستیان بە ڕووتکردنەوەم کردا؟ یەکبین هەر بە ڕووم دادەکۆخی. ترس دایگرتبووم، ئەو کاتە هێور بوومەوە کە تەماشام کرد ئازارم نادەن. سەیرو سەمەرەیە!؟ تەنانەت ئەو لانەوازانەش بە نەرم و نیانی هەڵسووکەوتم لەگەڵدا دەکەن، بە ڕێز و کەیفسازیشن. بۆنی گەنیووم کرد، وەها پژمیم، وەکو بڵێی بۆنی قوون پیسێکم کردبێت.

یەك لەدوای یەك کشانە دواوە، هەر یەکە و سەیری ئەو شتەی دەکرد کە لێی ئەستاندبووم، هەر بەتەواوەتی بە ڕووتیان بەجێ هێشتم. گومانی تێدا نیە ئەوان هەموو شتێك لەبارەی من دەزانن، تەنانەت ئەوەش دەزانن من پێویستم بە خۆ داپۆشینێکی عەرەبی نیە. سەرکۆنەی ئەوەیان لێ ناکەم و تەنانەت پێویستم بەخۆشم نیە. حەق بەوانە چونکە ئەوان پێویستیان یە شتانێك هەیە ئیدی من چ پێویستیەکم پێیانەوە نین.

دەستم بە لەرزین کرد، وا دیارە کێشەکەی من گاڵتەجاڕی نیە، کەواتە بۆ سەرگەرمیی خەڵکە. سێ کەس: یەکەمیان سەتڵێکی هەڵگرتووە، ئەوەی دووەمینیشیان پەڕۆی سپی پێیە، هەرچی سێیەمینیانە قووتوویەکی سووری پێیە، لەسەر کورسیەکەی لای چەپ دانیشتوون و بە گوێ پێنەدانەوە سەیری بەتاڵایی دەکەن، جگەرەیان بەبا دەکرد. جوڵام، سەیری منیان کرد. سەیرکردنەکانیان نیگەرانەیە. یەکێکیان پێی گوتم:

– گوێ بگرە! ئەگەر دەخوازی بەر لەوەی خۆر هەڵبێت دەتوانین لەگەڵت دەست پێ بکەین.

ئەوەی دووەمینیان گوتی:

– وەکو هەر ڕۆژێکی دیکە، ڕۆژەکەی گەرم دەبێت. لام وایە ڕۆژانی دادێت گەرمتریش دەبێت.

سێیەمیشیان گوتی:

– کەس ناکارێت بەزەیی پێتدابێتەوە، ڕەنگە لەدوورەوە سۆزیان بۆت بجوڵێت، لێ کەس ناکارێت لە بارو زرووفێکی وەهادا یارمەتیت بدات.

- ڕۆژێك، دووان، سێیان و دوایێش دەرووخێ، وەهای بۆ ناچم لەوە زێدەتر بەرگە بگریت. بەخۆت وێنای خۆت بکە وا بە ڕووت و قووتی لێرە دانیشتووی و هەرجارەی دەچیە شوێنێك. کەسێك نابینی ئازارت بدات، بەڵام لەلای خەڵکی وەکو ئاژەڵێکی سەمەرەی لە قەفەس نراو دێیتە بەرچاو. چما ئەوەت لە بۆ خاستر نیە ئێستانەکینێ سزایەکەت بەسەردا جێبەجێ بکەین؟ ئەگەر ئێستێ دەستمان پێکرد، ئەوا لەم ئیشە بێزارکەرەدا ئازار لەسەر خۆت سووك دەکەیت و کاتیش لە ئێمە بە فیڕۆ نادەیت. ئەوەی یەکەمینیان کە دەدوا، پرسیارم لێ کردێ:
- ئەمن سەرەدەری لێ دەرناکەم بۆچی بەم شێوەیە سزام دەدەن؟

گوتی:

- زیاد لە پێویست گاڵتەت بەخەڵکی کرد.

واقم وڕما و پێیم گوت:

- پێموانیە من زیاد لە پێویست گاڵتەم بەخەڵك کردبێت. ئەمن تەنیا دەربارەی دیاردەیەکم نووسیووە هەر بەخۆی هەبووە.
- ئەوە لە دیدی خۆتەوە وایە، لە پێشتردا کەسێك نەبووە وەکو تۆ ئاواهی گاڵتەی بەخەڵکی کردبێت.

دووەکەی دیش گوتیان:

- ڕاستە، تۆ زیاد لەپێویست گاڵتەت بە خەڵکی کردووە. کەسێك نابینیەوە نەشارەزایی یاسا بێت، بەتایبەتیش یاسایە نوێیەکە.
- بەڵێ، نەشارەزایی لە یاسا حوکمەکەی پێ بەتاڵ نابێتەوە. سەرباری ئەوەی ئەمەیان دەقێکی کۆنە، لێ هەتا هەنووکەش کاری پێ دەکرێت.
- تۆ بەبەختیت و وادیارە لەگەڵتدا هەندێك شلیش بوون.

گوتم:

- سەرەڕای ئەمەش، ئەمن شایانی ئەم جۆرە سزادانە نیم.
- چۆن شایانی ئەم جۆرە سزادانە نیت و بەخۆشت دەزانی ئەوا بیست و پێنج ساڵە پێشوولە نەماوە.

واقم وڕما

- پێشوولە!؟
- بەڵێ، وا چارێگە سەدەیەکە پێشوولە نەماوە و ئەتۆش وا تازە دێی دەربارەی چالاکیە زایەندیەکانی دەنووسی.

بەهەڵچوونەوە گوتم:

- بەڵام نا، ئەمن دەربارەی چالاکیە زایەندییەکانی پێشوولانم نەنووسیووە، من وتارێکم دەربارەی دەرۆزەکردن نووسیووە.
- خۆزی بە خۆزی داران لەسەر دەرۆزەکردنێت نووسی با، ئەگەری ئەوەی دەبوو تۆمەتباریان نەکردبای، چونکە بەلانی کەم، دەربارەی شتێکت دەنووسی خۆی هەبوونی هەبووە، لێ ئەتۆ بێی دەربارەی دیاردەیەك بنووسی کە هیچ هەبوونێکی نەبێت، دەسا ئەوە تاوانکاریەکی مەزنە.
- بۆتان دەسەلمێنم من هیچ شتێکم دەربارەی پێشوولان نەنووسیووە.
- گوێ بگەر! هەوڵ مەدە پەناوپێچمان لەگەڵدا بکەیت، ئێمە لامان گرنگ نیە داخوا لەسەر پێشوولەی دوابڕاو دەنووسیت یانیش لەسەر سواڵکەران، ئێمە تەنیا دەمانەوێت لە کێشەکەی خۆت حاڵیت بکەین.

گوتم:

- هەر دەبێت هەڵەیەك دەربارەی کێشەکەی من ڕوویدا بێت.
- ئەمەشیان لە بەختی کەچتە، بەڵام تازە حوکمەکەت دراوە. پشتی ساتێك بێ دەنگی، پێیانم گوت:
- دەی کەواتە ئێوە لەسەرتان کراوە سزایەکم بەسەردا جێ بەجێ بکەن؟
- نەخێر، ئێمە نین!؟ ئێمە تەنیا لەسەرمان کراوە پاسەوانیت لێ بکەین و ئازارەکانت لەسەر سووك بکەین، پاشان دەبێت بتدەینە دەستی ئەوانەی سزایەکەت بەسەردا جێ بە جێ دەکەن.
- لەکوێ؟
- بەگەڵمان کەوە.

هەڵستان، ئەوان کەل و پەلەکانیان هەڵگرت و منیش بە پێشیان کەوتم. یەکێکیان بەوەکەی دیکەی گوت:

- ئێە، دەی ئەوە سابوونەکەشت لەبیرچووە!

سەرنجم دایێ خۆ سابوونی کافوور بوو، بە گۆڕەپانە بچووکەکەدا ڕۆیشتین. ئەمجارەیان بە پیس و پۆخڵ و دڵتووندکەرم هاتە بەرچاو. دوو کرێکار، کەوا پاککەرەوەی جۆگە بوون لە ئیش وەستان. منیش بۆنێکی گەنیووم کرد، ئەمجارەیان وەکو جارانی دیکەم نەکرد و هەناسەی خۆم ڕا نەگرت، جا ئێستا کەی ئەوە گرنگە؟ کاتێ گەیشتینە گۆڕەپانە گەورەکە، کۆمەڵە مشکێکی دیکە هاتنە دەرەوە، قسەیان دەکرد، دەیانقیژاند، قاقایان دەهات. لە توێکڵێك هەڵخلیسکام، بە پشتدا کەوتم. قاقای گاڵتە پێکردن بەرزبووەوە. دووان لەوانەی لەگەڵم بوون یارمەتیان دام تا هەڵستمەوە. یەکێکیان لێی پرسیم:

– ئەرێ تۆ باشیت؟

ورتەورتێکم کرد:

– هیچ نیە، دەتوانم بەرێدا برۆم.

بەشەلەشەل بەپێشیان کەوت، قاچی چەپم ئازاری دەدام، بەڵام ئیدی لێرەوەڕا هیچ شتێکی دیکە گرنگ نیە، چەند وشەیەکم کەوتنە بەر گوێ:

لە گۆڕنان، قوربانی، سزا، یاسای نوێ....

نزیکەی نیو سەعات لەنێو تاریکاییەکی سەوزباو ڕۆیشتین، لەکەژاوەکەدا هەر تەنیا چوار پێنج کەسێك مانەوە، ئەوانیش لەرۆیشتندا لە ئێمە دواکەوتبوون.

کاتێك لە شوێنە سپییەکە نزیکە کەوتینەوە، ئەوانەی لە ڕۆیشتن لێمان بەجێمابوون، بزربوون. ئەوەی سەتڵەکەی هەڵگرتبوو پێی گوتم:

– ئا ئەوە گەیشتین


دەرگەی جیهانی بێدەنگییە ئەبەدییەکەش کراوە بوو، کاتێك وەژوور کەوتم، بای شەوێکی دیکەی درێژ، بۆندار و ساردم بەرکەوت.

دەرگەی ماڵێکی بچووك کرایەوە و دوو کەسی بەهێز، زەبەللاح و ڕەشپۆشی تێدا دەکەوت.

## | لە ئەرشیفی چیرۆکی کوردییەوە

# | چیرۆکنووسی لە بیرکراو، یوونس مستەفا عومەر دووەم چیرۆکنووسی هەولێرە

سابیر ڕەشید



کاتێ خەریکی ئامادەکردنی ئەنتۆلۆجیای چیرۆکنووسانی هەولێر بووم، لە دەیەی بیستەکانەوە دەستم پێکرد. یەکەم چیرۆکنووس کە بە گوێرەی ساڵی بڵاوکردنەوە کەوتە ڕیزبەندی یەکەم (حوسێن حوزنی موکریانی) بوو. دوای ئەو یوونس مستەفا عومەر بوو، بەڵام هیچ زانیاریم لە بارەیەوە نەبوو، تەنانەت وێنەکەیشی ـ دەست نەدەکەوت.

ئەوەم دەزانی کە ساڵی ١٩٣٦ چیرۆکی لە گۆڤاری ((ڕووناکی)) بڵاوکرۆدتەوە. ئەم گۆڤارە یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر بووە. لە ٢٤/١٠/ ١٩٣٥ یەکەم ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و دوا ژمارەشی لە ١٩٣٦/٥/١٦ دەرچووە. لە دوای دەرچوونی ئەنتۆلۆجیاکەم (مامۆستا مومتاز حەیدەری) ئەم زانیارییەی پێدام کە ئەو چیرۆکنووسە برای ((شێت مستەفا))ی پارێزەرە و تەنانەت ئەو دیویشیەتی.

((شێت مستەفا)) بەڕێوەبەری بەرپرسی گۆڤارەکە بووە و حوسێن حوزنی موکریانیش دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری کارگێڕی و سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە.

تا ئێستا لەبارەی ئەو چیرۆکنووسە، هیچ شتێکی لە بارەوە نەنووسراوە ونەناسێنراوە. تەنیا حوسێن عارف و عومەر مەعرووف بەرزنجی لە باسی چیرۆکی کوردی لە قۆناغی سییەکاندا باسی چیرۆکەکانیان کردووە، ئەویش لە بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردیدا کە لە کتێبەکانیاندا نووسیویانە، وەك ئەوەی ناوی ئەم چیرۆکانەیان هێناوە کە لە ساڵی ١٩٣٦دا لە گۆڤاری ((ڕووناکی))دا بڵاوکراونەتەوە.

لە بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانیدا لە سەرەتای چیرۆکەکان نووسراوە ((لاپەڕەی قوتابی)) و لە کۆتایی چیرۆکەکانیشدا نووسراوە ((هەولێر، قوتابی مکتب متوسطة: یونس مصطفی عمر))، بەڵام هیچ کەسێك باسی ژیانی نەکردووە و هیچ وێنەیەکیشی بڵاونەکراوەتەوە.

کاتێ شێرزاد هەینی لە ساڵی ٢٠٢٣ کتێبی ((بیرەوەرییەکانی دکتۆر ئەمیر چەلەبی – **یەکەمین دەرمانسازی شۆڕشی کوردستان**)) چاپ و بڵاوکردەوە، کە هەڤپەیڤین و نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی کوڕی ((شیت مستەفا))ی پارێزەرە و بە وردەکارییەوە لە بارەی بنەماڵەی ئەو دوو چەلەبییە باس کراوە. لەم کتێبەدا زانیاری زۆر زیاتر لەبارەی ((شیت مستەفا)) و یونس مستەفای برای بەدیار دەکەون و یەکەم جاریشە وێنەی ئەو سێ برایە بڵاو دەکرێتەوە لە بنەماڵەی چەلەبیان ئەوانیش ((شیت و یونس و بەشیر)) مستەفان، کە ئێمە بۆ ناساندنی یونس مستەفا ئیشمان بە وێنەی ((یونس مستەفا عومەر))ە و یەکەم جاریشە بڵاودەکرێتەوە.

دکتۆر کوردستان موکریانی، کە ژمارەکانی گۆڤاری ڕووناکی سەرلەنوێ چاپ کردۆتەوە، پێشەکییەکی بۆ گۆڤارەکە نووسیوە و بە ناونیشانی ((ڕووناکی یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر))، لە باسکردنی یوونس مستەفا عومەر دا دەڵێ: ئەگەرچی دوو لەو چیرۆکانەی کە لە گۆڤارەکەدان و لەژێر سەرنێوی ((پادشاهێکی دادپەروەر)) و ((قیمەتی ناڵێك))دا بە نێوی یوونس مستەفا عومەر ((ژمارە ٨-٩)) پەخشکراونەتەوە ەو سێیەمینیان ((هەرچی دەکەی دوامینی ڕەچاوکە)) وەك لە پێڕستی سەر بەرگەکەی هاتووە، بە نێوی ڕووناکی بڵاوکراوەتەوە. ئەگەر هەرسێ چیرۆك لە وردی بخوێنرێتەوە و لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی حوزنی دا بەراوردی بکەن، کە لە ((زاری کرمانجی)) و ((دەنگی گێتی تازە))دا بڵاویان کردۆتەوە، ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە لە ڕووی ناوەڕۆك، داڕشتن و زمانەوە هەمووی بە یەك خامە نووسراوە، کە ئەویش خامەی بە توانای حوزنی موکریانییە.

من ئەم ڕایە ڕەتدەکەمەوە، چونکە دیارە د. کوردستان نەیزانیوە کە ئەو نووسەرە برای شیت مستەفایە، وەکوو چۆن مامۆستایان حوسێن عارف و عومەر مەعرووف بەرزنجی و هەموو توێژەرانی تریش کە باسی ئەم قۆناغەی چیرۆکی کوردیان کردووە، وەکوو ناوێکی هەبوو لە بیبلیۆگرافیاکانیاندا وەك ناوێکی دەیەی سییەکان ناساندوویانە و ناوی چیرۆکەکانیان هێناوە، منیش وەکوو ناوێکی هەبوو و خاوەنی ناوی خۆی لە ئەنتۆلۆجیای چیرۆکی کوردی هەولێر دامناوە، وەلێ ئەو کاتە هیچ زانیارییەکم لەبارەی ژیانی نەبووە و وێنەکەیم دەست نەکەوتووە، بەڵام دوای کتێبەکەی شێرزاد هەینی کە پێشتر باسم

کردووە توانیم لەناو زانیارییەکانی ئەم کتێبە و پرسیار لە مامۆستا مومتاز حەیدەری و هی تر توانیم بەم شێوەیە ژیاننامەی بنووسم.



یوونس مستەفا عومەر| ١٩١٨ – ٢٠٠٠

**| بایۆگرافی ژیانی یوونس مستەفا**

- یوونس مستەفا عومەر چەلەبی.
- لە ساڵی ١٩١٨ لە قەڵاتی هەولێر لە دایك بووە.
- لە بنەماڵەی چەلەبییەکانی هەولێرە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.
- قوتابی ناوەندی هەولێر بووە کە چیرۆك و بابەتی ئەدەبی لە گۆڤاری ((ڕووناکی)) بڵاوکردۆتەوە، چونکە حاکم شیت مستەفای برا گەورەی خاوەن ئیمتیازی ئەم گۆڤارە بووە. لە ژێر چیرۆکەکانیش نووسیویەتی یونس مستەفا عومەر، قوتابی ناوەندی هەولێر.

- لەگەڵ عیزەددین فەیزی هاورێ بوونە و بڕیار دەدەن لە نووسین لەقەبی بنەماڵە نەنووسن، بۆیە بە ناوی سییانی خۆی و جارجارەش نووسینی بەناوی خوازراوی ((فوئاد)) بڵاوکردۆتەوە.
- مستەفا چەلەبی باوکیان هەر سێ کوڕی ((شیت، بەشیر، یونس)) دەنێرێتە بەغدا بۆ خوێندن. شیت دەبێتە پارێزەر و دواییش دەبێتە حاکم و ((بەشیر و یونس))یش دەبن بە مامۆستای سەرەتایی.
- لە ساڵی ١٩٣٩ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە.
- کە لە بەغدا خانەی مامۆستایان تەواو دەکات دەگەڕێتەوە هەولێر و دەبێتە مامۆستای سەرەتایی، لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا و سانیەدا ماوەیەك مامۆستا و دوایی بۆتە بەڕێوەبەری قوتابخانە.
- مامۆستایەکی کوردپەروەر و پیشەنگ بووە لە فێرکردنی زمانی کوردی و پەروەردەی دروستی قوتابیانیدا.
- ماوەیەکیش لە دائیرەی ئینحیساری تووتن کاری کردووە و فەرمانبەر بووە.
- چیرۆك و نووسینەکانی لە ساڵانی سییەکاندا بە ناوی سیانی خۆی و خوازراوی فوئاد لە گۆڤاری ((ڕووناکی)) لە هەولێر بڵاوکردۆتەوە.
- جگە لە هەولێر، لە شارەکانی سلێمانی و کۆیەش مامۆستا بووە، عەزیز محەمەد و د. فوئاد مەعسوم و چەند نووسەر و ناوداری تریش قوتابی ئەو بوونە.
- ماڵی ئەوان لە قەڵات بە تورکی قسەیان کردووە، بەڵام لە ناو بازاڕ بە تورکی و کوردی قسەیان کردووە و نووسینەکانی بە زمانی کوردی نووسیوە.
- هەرسێ منداڵەکانی ناویان کوردییە ((وریا، ڕووناك، ئاواز)).
- ئەندامی چالاکی حیزبی هیوا بووە.
- بە گەنجی لەگەڵ برادەرانی دا بڵاوکراوەی سیاسی و هۆشیارکردنەوەیان نووسیوە، بەیانییان بە شریت لە دیوارەکانی شاریان داوە و بۆ قوتابیانی قۆناغەکانی ئامادەیی قوتابخانەکەشیان لەناو ڕەحلەی قوتابیانیان داناوە و لە دیواری قوتابخانە بە دزی هەڵیواسیوە.
- وەك شیت مستەفای برای چەندان شاری کردووە، لە سلێمانی، کۆیە، تا دەگاتە بەسرە، لەوێش خانەنشین بووە.
- لە ٢٠٠٠/١/٢٤ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

## چیرۆکەکانی یونس مستەفا عومەر

### پادشاهێکی دادپەروەر

لە دەوری پێشوودا پادشاهێکی گەورە هەبوو، زۆر دڵپاك و دادگوستەر بوو. ئەم شاهە قەسرێکی گەلێك زل و بڵندی بە مونتەزەمی دروست کرد و خۆی و وەزیرەکانی لە ناویا دەژیان و لەگەڵ جوانی و ڕێکیدا خەریك بوون. بەڵام لە بەرامبەر ئەم قەسرە خانووێکی وەکوو زنج بچووك و ناحەز کە لەوە پێش هەر هەبوو، بەر چاوی قەسرەکەی ناشیرن کردبوو، جوانی و خۆشی قەسری لەناو بردبوو.

ڕۆژێك شا و وەزیرەکانی لەوە وردبوونەوە و کەوتنە ئەندێشەی ئەوەوە کە ئەو زنجە لە خاوەندەکەی بکڕن و بیخەنە سەر بەردەمی قەسر و ڕێکیخەن.

ناردیانە دوای خاوەندی و بانگی کردە پێش بارەگای و پێی وت: (تۆ ئەم زنجە بفرۆشە، هەرچەندە دراوی ئەم کوخە پیسەت بوێت دەتدەمێ. تۆ بەم دراوە کە پێت دەدەم دەتوانی لە جێگایەکی دیکە خانووێك لەمە چاکتر دروستکەی و سەد قات لەم کوخە خاوێن تر و جوانتر بێت).

خاوەند خانووەکە وەڵامی دایەوە و گوتی:

میرم، شاهم، من لەم خانووەدا هاتوومە دنیاوە و تێیدا گەورە بووم، لەبەر ئەمە من ئەم خانووەم زۆر خۆشدەوێ و حەزی لێدەکەم، جا کەوابوو چتێکی هێندە لە لام شیرین بێ لە دەستی نادەم و چەندە دراویشم پێ بدەنێ نامەوێ.

وەزیرەکانی شا لەو قسەی دڵگیر بوون و ڕوویان لە شا کرد و گوتیان: با ئێمە بە قسەی ئەو پیاوە نەکەین. ئەگەر بخوازی ڕازی بێ، یان ڕازی نەبێ تاکوو بەرچاوی قەسرەکە خاوێن بێتەوە پێشی بکرێتەوە و دڵ گوشا بێ و قەسرەکە جوانی و خۆشی دیار بێ، ئەو کوخە پیسە بخەین.

شاهی دادگەری ڕەعیەت پەروەر نەیەویست ژێر دەستی ڕەنجیدە بکا. قسەی وەزیرەکانی پەسند نەکرد و گوتی: نا!، با زنجە لەجێی خۆی بمێنێت و نەخرێ، تاکوو لە پاش مەرگی من عالەم هەر جارێك کە بنۆڕنە ئەم کوخە نارێکە و پەستە کەوا لە پێش دەمی ئەم قەسرە جوانە، بەرز و خاوێنە ماوەتەوە و دەستی لێ نەدراوە، بزانن کە من پیاوێکی ڕەعیەت پەروەر بووم و بڵێن بەڕاستی پادشاکەمان گەورەو دادگەر بووە.

**سەرچاوە:** گۆڤاری ((ڕووناکی))، ژمارە ((٨))، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

## قیمەتی نالێك

پیاوێك کورێکی هەبوو ناوی سمایل بوو لە دێیەکەیەوە چووە شار. بابی سمایل لە ڕێگا نالە ئەسپێکی چاو پێکەوت. بە کورەکەی گوت: کورم ئەم نالە لە خاك هەڵگرەوە بە کەڵك دێت. سمایل گوێی نەدا قسەی بابی، نالەکەی هەڵنەگرت و بەجێیهێشت، بەڵام بابی سمایل بۆ خۆی دابەزی هەڵیگرتەوە. لە دوای چەندێك گەیشتنە شار. باوکی سمایل نالەکەی فرۆشت دای بە دە پول (پارە) ئەویشی. دا بە هەندێك ترۆزی. لە دوای پێکهێنانی ئیشوکاری خۆیان وەختی نیوەڕۆ بۆ دێیەکەی خۆیان گەڕانەوە. کە هەندێك لە شار دوورکەوتنەوە سمایل زۆری تێنوو بوو چونکو وەختی هاوین و گەرما بوو. کەمێك مابوو لە تێنوان بخنکێ و لەو نزیکانەش چ ئاو نەبوو نەختێکی لێی بخواتەوە و هیچ دێیەك لەو نزیکانە نەبوو تاکوو بچنە ئەو دێیە کە لەوێ ئاو بخواتەوە. جگە لە خۆگرتن و سەبر و تەحەمول چ چارەیەکی نەما..

کە بابی ئاگادار بوو تەماشای کرد کورەکەی لە تێنوان زۆر هیلاکە دەستی بردە نێو باغەڵی خۆیەوە و بە پەنهایی ترۆزێکی فرێدایە زەوی، سمایل کە ترۆزییەی لە ئەرز دی بۆ هەڵگرتنەوەی خوار بووەوە و هەڵیگرتەوە و خواردی. هەندێك تێنوویی شکا لەگەڵ خواردنی ئەو ترۆزییەوە هاتەوە سەرخۆی. لە پاش هەندێك سمایل دووبارە تێنووی بووەوە. بابی ترۆزێکی دیکەشی بەرداوە سەر زەوی. دیسان سمایل خواربووەوە هەڵی گرتەوە و خواردی، بەڵام بە خواردنی ئەم ترۆزیە تێنوویی نەشکا. بابی دیسان ترۆزییەکی بۆ بەرداوە و سمایل خواردی هەروەها چەند جاران بۆی بەرداوە هەتا سمایل تێنووەتی شکا. بابی ڕووی کردە کورەکەی و وتی: کورم سمایل تۆ ئەگەر بۆ هەڵگرتنەوەی نالە ئەسپەکە جارێك خوار بوویتایەوە و هەڵت گرتبایەوە، ئێستاکە بۆ هەڵگرتنەوەی ترۆزییەکان ئەمەندە جار خوار نەدەبوویتەوە. ئەمە دەرسێکە بۆ تۆ، لە پێشان زەحمەتیەکت بکێشابا ئێستاکە ئەم هەموو زەحمەتانەت نەدەکێشا. کوڕ جوابی داوە:

بەڵێ بابە وایە ئەمە دەرسێك بوو بۆ من، چونکی من تازە لە ژیانی خۆم لە تەجروبەدام.

**سەرچاوە:** گۆڤاری ((ڕووناکی))، ژمارە (٩)، ١٩٣٦/٤/١١

**سەرچاوەکان:**


١. شێرزاد هەینی، بیرەوەرییەکانی دکتۆر ئەمیر چەلەبی، یەکەمین دەرمانسازی شۆڕشی کوردستان، هەڤپەیڤین و نووسینەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای فام، هەولێر، ٢٠٢٣.
٢. سابیر ڕەشید، ئەنتۆلۆجیای چیرۆکنووسانی هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دانیشفەر، هەولێر، ٢٠٢٣.
٣. گۆڤاری ڕووناکی، ژمارە (٨)، لە ١٩٣٦/٤/٤.
٤. گۆڤاری ڕووناکی، ژمارە (٩)، لە ١٩٣٦/٤/١١.
٥. مومتاز حەیدەری، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣/٨/٢٤. لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی زانکۆ.

1

Sala Yekem | Bihara 2025

# Kovar (DINYAY ÇÎROK)

Kovareke demsalî ye ku ji bo çîrokbêjî û lêkolînên vegotinê ye,
ji hêla «Mala Ronahî ya Kemal Saadî» ve tê weşandin.

o Serpereştyarê Beşa Kurdîya Jorîn (Kirmancî): **SARBAZ Siyamand**

o Navnîşan: Herêma Kurdistanê- Hewlêr

o Email: stories.Magazine@gmail.com

o Telefon: 00964 (**0750**) 492 **5483**

**Mercên weşandina gotaran di kovarê de:**

1. Divê mijar di çarçoveya cîhana çîrokbêjiyê de be.
2. Berê nehatiye weşandin.
3. Bi tîpên Unicode û Goran hatiye nivîsandin.
4. Di lêkolînan de, divê pîvan û çavkanî bêne destnîşankirin, çi ji hêla pergalên Harvard an Chicago ve.
5. Lêkolîn ji (7.000 - 10.000) peyvan û nivîs ji (4.000) peyvan derbas nebe.
6. Nav û navnîşana nivîskar, kurte CV|Jînenîgarî û wêne.
7. Bi qasî ku dibe bila bibe gotaran bi e-nameyê bişînin û hûn dikarin bi rêya Telegram, Viber û WhatsAppê jî gotaran bişînin.


- **Emaila kovarê**: stories.magazine@gmail.com
- Hejmara Mobîlê Serpereştyarê Beşa Kirmancî:(009647504925483)

**Navnîşan**: Hewlêr - Taxa Rastî, Mala Ronahî ya Kemal Saadî

# Naverok

- Gotinek| Xwediyê kowarê ........ 03
- EZBENÎ! Gotin Siltanê Demê Ye| Konê Reş/ Qamişlo ........ 04
- Dema kal û bapîrên me dimrin sed çîrokan jî bi xwe re dibin mezelan | Gülbahar Altaş ........ 07
- Mamoste Jî Dişibin Hev..! | Qadir Egîd – Qamişlo ........ 11
- Dêw di çîrokên Kobaniyê de| Emel Me'mo ........ 16

# | Gotinek



**Xwediyê îmtiyazê**

**" Dinyay Çîrok"** pencereyek e ber bi cîhana xeyal û îcadê... Çîrok li her quncikek cîhanê belav bûne mîna stêrkên ku tarîtiya şevê ronî dikin. Her çîrokek dengek heye û her dengek wateyek heye ku tiştek vedibêje. Ji ber vê yekê ramana "Dinyay Çîrok" bû neynikek ku vê cîhana efsûnî nîşan bide, ku tê de giyanên dilşewat bi peyvan re dicivin.

Di vê hejmarê de, me bi nêrînek zelal dest pê kir ku çîrokan bikin rêwîtiyek domdar a pirçandî, dem û hestan. Em di wê baweriyê de ne ku çîrok ne tenê peyvên li ser kaxezê hatine nivîsandin, lê jiyanek pêlbaz in, ku bi xeyala xwendevan re dimeşe û wî ji sînorên wê demê dûr dixe.


" Dinyay Çîrok" ne tenê kovarek e, lê platformeke ku hezkiriyên çîrokan tîne cem hev; Çi nivîskar bin, çi xwendevan bin. Em li vir in ku çîrokên afirîner destnîşan bikin, gelo ew ji mîrasê hatine îlham kirin, an ji hişên nûjen, xeyalî. Em derî ji nivîskaran re vedikin ku çîrokên xwe vebêjin, û ji xwendevanan re ku di her rûpelê de ji rêwîtiyek îlhamê kêfxweş bibin.

Di vê hejmarê de, hûn ê cûrbecûr çîrok, çîrokên ku ji rastî, xeyal û edebiyata cîhanî hatine îlhama xwe bibînin, ji bo ku we bibin rêwîtiyek berbi kûrahiya mirovahiyê.

Em we vedixwînin ku hûn beşdarî vê gera edebî ya balkêş bibin û "Dinyay Çîrok" bikin perçeyek ji cîhana xwe, û amade bin ku efsûna ku peyvan tê de hene kifiş bikin.

# |EZBENÎ!
# Gotin Siltanê Demê Ye

Konê Reş/ Qamişlo



Belê ezbenî! Bela zarok û neviyên me sosretmayî bimînin! Erê sosretmayî bimînin, dema ku nivîsên me yên îro bixwînin û nas bikin ku, (dew ne birayê mast e, birayê avê ye) Hingê wê sosretmayî bimînin...

Di rojekê de berî du salan de, ji encamê rûdaneke bi êş ve, ez bi tev hêza xwe ve hatim hejandin. Wê hejandinê, çîrokek ku kes bawer nake bi xwe re anî...! Lê ez xweş bawerim wê zarok û neviyên me pê bawer bin. Piştî wê rojê, dêmê veşartî ez bi rex xwe ve kişandim. Min jî bi mebest da pey û wiha di navbera du salan de, min kelehek ji gotinan ava kir, Erê ezbenî kelehek ji nepeniyê.

Ezbenî! Nîtşe, feylesofê Elmanî bingehê felsefeya xwe li ser du hîmenên ku di hundirê mirov de diçing û tên ava kiriye. Yek jê, belû û eşkere ye, ya din nepen û veşartîye, Di baweriya min de Orhan Pamuk jî di nivîsên xwe de li gor felsefeya Nitşe liviya ye, ta ku wî xelata Nobel wergirtiye.

Ew di hundirê qehremanên romanên xwe de, li wan tiştên veşartî gerya ye... Tiştên diyar her kes bi wan zan e, lê ez heyranî wî mirovî bim yê ku karibe wan tiştên ne diyar, bi hunereke ciwan û bawerî diyar bike...

*        *        *

**Ezbenî!**

Bîranîn ji serketinan xweştir û zindîtirin. Serketin kêlîkeke û derabs dibe, lê bîranîn her dem û gav bi mirov re dijîn û pêre zindî dimînin. Erê ezbenî, tiştên xweş temen kurtin û tevî ku her tişt bi demê re tê guhertin lê xewnên kevin her xweş dimînin.

* * *

**Ezbenî!**

Ji dema ku çemê Ceqceq miçiqîye, zeviyan xatir ji me xwestine û di kolanên Qamişlo re derketîne... Ji dema ku ewa koçer sermê û germê li xwe dike, dêmên dayikan li ber rivîna agirê tenûrê diqemire, ji wê hingê ve ezbenî sozên me li darin...

Erê ezbenî em herdû- ez û dem- li ber hevin û di kevinbûnê de perrixîn e. Em ji wan dîwarên ku di biçûkaniyê de, me xêzik li ser wan çêdikir, pîrtir bûne... Gelo ew zarokbûn winda bûye û êdî, em nema bi ser vedibin? Çendî dixwazim nêçîra zaroktiyeke din bikim... Gelo tu jî wek minî?

Te divê ku tu nêçîra zaroktiyeke din bikî, careke din di beriya Mêrdînê de bibezî, ji nav toz û ecacoka gundên pir belav, derkevî û berê xwe bidî Qamişlo...?! Mane Çemê Ceqceq miçiqiye, nema Serxetî û Binxetî ji ava wê têr vedixwin...

Qamişlo xerîb bûye û em bûne xerîb...!! Gelo em xwe bidin ber pala kîjan çiyayî, kîjan zinarî? Kîjan bajar dikare me biparêz e? Em destên xwe ji kê re dirêj bikin?

Erê em herdû ji kevinbûnê rizyan e, bêtir ji nebîza tiriyê rezên Omeriyan... Bêtir ji çîrokên dara Çinarê... Tevî ku, em herdû wek du biyaniyan e. Payîz jî her roj, her kêlîk ji me qut nabe, bi me re dikulkule û pelên darên xwe yên zer bi ser dil û huşê me de diweşîne...

* * *

**Belê ezbenî!**

Piştî 46 salan hê jî konê perîşaniyê bi melûlî di ser kolan û cadeyên me re vegirtiye... Gerdenên xûz, bi dûv nanûzikê de dibezin... Efyonkêşî pir dibe... Rovîtî pir dibe...

Canbazî di bazaran de tê firotin... Diz xwe bi xwe, ji hev didizin. Vir û xap di kolanan de bazdidin. Terbiyesizî bi tov şîn dibe... Zilam kêm dibin, jin-avisk pir dibin û wiha xîzanî û mişextî konê xwe bi bilindahî vedigire… Malbat ji

hev bela wela dibin û bingehê civatê ji kok ve vedirşe... Ji çar hawêr ve, sînor bilind dibin, xelk ji neçarî berê xwe didin asmana, li Xwedê digerin û berjorî wî dibin, tika û lava jê dikin...

Erê ezbenî bi xweziya kesî ranehiştiye baqê keziya... Haho li vê sosretmayê... Erê ezbenî em bi nanûzikê razî ne, bi şevek têr xew û bê qerebalix razî ne, lê ma bi destê kê dikeve?! Lo herê qurba lo herê...

*      *      *

**Erê ezbenî...!**

dem bi dûv me de dibeze... Em jî ji ber baz didin, ta ku em li hev rast bên, li hev biterpilin û bibêjin em hev nas nakin... Em li stranên Mihemed Arif Cizrawî guhdarî dikin, ew dengê nêr, ku çiya, zozan û geliyên Kurdistanê tîne ber çavên mirov, dema ku strana Eyşana Elî, Xerabo, Bavê Fexro û Gula Etrûşî dibêje:

Gulê mehrûmê, çiya bilind in...

Gulê... Berfê spî kir...

Welle malxerabê,

çawa qaz û qumriyan lê hêlîn çêkir...

Gelî gundiyan û cîranan,

Gula Etrûşî ya min bû...

De çawa bi xelkê şû kir...

**Erê ezbenî!**

Bi guhdarîkirina stranên Mihemed Arif re, dem xwe dide alî û winda dibe... Sînor xwe ji nav nifşan vedidize û namîne. Û wiha her tişt disekine; rojên îro, sibe û doh tev disekin in... Erê, dem disekine bi tenê gotin dimîne... Gotina dîroka kul û derdan û kêf û şahiyan dimîne...

Xwe eşkere dike ku ew, siltanê demê ye... Erê ezbenî, gotin siltanê demê ye...

- **Konê Reş** (Selmanê Osmanê Evdo) (jdb. 1953 li Qamişloyê), nivîskar û helbestvanê kurd e.

# |“Dema kal û bapîrên me dimrin sed çîrokan jî bi xwe re dibin mezelan”





**Gülbahar Altaş**

Weqfa Mezopotamya, ku di sala 2013an de li Amedê hatiye avakirin, ji wê salê vir ve bo belgekirina berhemên folklora Kurdî kar û xebatên xwe dimeşîne.

Mamosteyên weqfê di 2017an dest bi perwerdekirina xwendekaran kirine û xwendekarên hatine perwerdekirin niha li gund û bajaran li dû foklara Kurdî ne.

Em li ser girîngiya folklora Kurdî û berhevkirina wê bi berpirs, mamoste, xwendekar û kordinatorê waqfê re axifî.

**Mikail Bulbul: Berhemên folklorîk bi tunebûnê re rûbirû ne**




Kordînatorê Weqfa Mezopotamya Mikail Bulbul dibêje “Berhemên folklorîk û berhemên edebîyata devkî, ji bo zimanên wekî Kurdî yên ku ne xwediyê statuya fermî ne çavkanîyên bi qîmet in.”

Ew dîyar dike ku berhemên folklorîk bi tunebûnê re rûbirû mane û jiber vê ew girîngiyeke taybet didin van qadan.

**“Em ji bo berhevkariyê piştgirî didin xwendekaran**”



Li gor kordînatorê beşa folklora Kurdî Mem Mukrîyanî jî divê berhevkirina berheman ji bo her kesekî karê esasî be.

Mukrîyanî dîyar dike ku ew ji bo hejmara kesên vî karî dikin zêdetir bikin qursan çêdikin û eleqeyeke zêde bo wan qursên wan heye.

Ew dibêje, bo kesên dixwazin li qadê berhevkarîyê bikin ew di warê teknikî de piştgirî didin wan û amurên qeydê bo wan peyda dikin.

**“Eger îro em vêya nekin...”**




Zimannas û Edîtorê Weşanxaneya Wardozê Bahoz Baran jî li ser belgekirina berhemên foklorîk dibêje “Eger îro em vêya nekin, piştî 15-20 salan em li gundan van tiştan nabinin.”

Bahoz dîyar dike ku foklora Kurdan dewlemendbûna wan e û dibêje, “Wekî berê çîrok di bîra bab û bapîrê me de namine. Dema ku ew dimirin 100 çîrokên xwe jî bi xwe re dibin mezelan”

**Seîd: Divê xebatên rêkûpêk bêne kirin**




Rêdî Sêîd, ku 15 sal in li ser arşîvkirina folklora Kurdî dixebite, yek ji wan mamosteyan e ku li weqfê dersan dide.

Li gor Sêîdî gelek kes berhemê folklorê nizanin û ji bo vê ji divê xebatên rêkûpêk bêne kirin.

Seîdî dibêje; “Yê ku emrê wî ji 60 sal ve jortir e folklora Kurdî zêdetir dizane. Eger em dernekevin qadê û ji wan faydê negrin piştî çend salan wê ew jî nemînin.”

**“Ez dixwazim li gundê xwe jî dest bi vî karî bikim”**



Li Weqfa Mezopotamyayê salê du caran ji bo xwendekaran qurs tê vekirin. Kesên dixwazin li ser foklorê kar û xebat bimeşînin beşdarî van qursan dibin.

Dicle jî yek ji wan kesan e ku bi meraq û kelecanekê tevlî qursê bûye.

Ew dibêje “Ez ji Wanê me, piştî min çend pirtûkên weqfê xwend û fikirîm ku çima şevbêrkên gundê me jî di van pirtûkan de cî negirin? Ez fêrî gelek rê û rêbazan bûm, dixwazim li gundê xwe dest bi vî karî bikim.”

# |Mamoste Jî Dişibin Hev...!

Qadir Egîd – Qamişlo



Mamoste destê xwe avêt du pakêtan û danî ser maseya ku pir qerebalix li derdorê hebû. Ji hêlekê ve dengê tembûrê, ji hêla dî ve çepikên nehevgirtî û stiranên ji gweriyên kesên ku bi awayekî gelemşe li derdora maseyê civiyabûn bilind dibûn, ku yekemîn car Qenco dibihîstin.

Qenco di deng û axaftinên wan de nedigihaşt, guhê wî jê diêşiya. Bihna xwarinên ku ji ser maseyê difûriya ew sermest dikir, dilê wî yê piçûk jî diêşand. Serm û cemeda wê xwaringehê bi hêsanî di hemû qulikên çermê wî re derbas dibû, xwe berdida kûrahiya nava wî ya ku ji sibeha xwexdê de ta roj çûye ava li ber roka bajêr dikeliya.

Cil û bergên wan ên dewlemendan bûn, yan jî mîna dapîra Qenco her dem li ser kesên weke wan ku di televizyonan de derdiketin digot: Xewace ne law!

Bihna cilên mamosteyê Qenco ku tu car li dibistanê tiştên wisa xweşik li xwe nedikir, bi ser Qenco de difûriya, ew hêdî hêdî ji bihna xwêdana ku rojane ji sibehan ta roka xwedê diçû ava tê de noq dibû hindekî riha dikir.

- Ka qotîka xwe nêzîk bike û dûr bikev çavşîno, bihna te em xwarin! Mamosteyê wî bi tenazî jê re got.

Hesteke tevlihev di hinavê Qenco de liviya, çiqas bêriya gotinên wî kiribû, va ye dîsan mamosteyê wî bi heman awayî, lê ne bi wê dilovaniyê, bang li wî dike. Tiştê ku Qenco tê negihaştibû, çima mamosteyê wî navê wî nabêje.

Qenco bêhtir nêzik bû, maseya dirêj ku bêhtir ji heşt zilaman li derdorê civiyane, di ser deh rengên xwarinên cuda re ku cara yekem bihin dike û dibîne jî li pêş wan bûn.

Hindek cureyên sebze jî hebûn, tev ku ew kurê gund û baxçeya ne jî, lê ev cara yekê ye ku wan dibîne. peyaline dirêj, pehn, û hindek piçûk ku di nav kefa destê mirovan de winda dibûn, li ser maseyê rêzkirî bûn. Hindek li nîvî, hindek li ber dev, hindek kef bi ser wan ketibû, û hindek jî tertiyên qeşayê di nav de bûn.

Mamosteyê Qenco tenê nîvê laşê xwe û serê xwe zîvirndibû û pê re diaxivî, lê Qenco xweşik di gotinên wî de, mîna gotinên ajovanê her êvar wan digihîne bajrokê wan nedigihaşt, tev wilo jî mebesta gotinên wî fam dikir û pê re axaftin berdewam dikir.

- Tu ji ku yî quto? Mamoste Jê pirsî.

Tenê keneke kurt û bi dengekî nizm û şermok ji nava Qenco derket.

- Çima mamosteyê min xwe li min nake xwedî?! Dibe ji ber cil û bergên min ên pînekirî û xêzkên xwêdanê ku mîna ava şebeşan li ser wan hatine nexişandin fedî dike. Qenco ji xwe pirs kir û bi dilekî şkestî qotîka xwe danî ber wî.

Qorzîka kertonê li zendikê mamoste yê spî ket û şûna wê lê xuya kir, mamoste ebrûyên xwe qermiçandin, ziq li Qenco û qotîkê nêrî, dûv re bi çavan jê re got ku ji ser maseyê hilde. Qenco vê carê xweş têgihaşt.

Qotîka Qenco ya kertonî ku şekirok, benîşt, piskewît, desmalk, û pakêt jî tê de hebûn ji sibeha xwedê de bi dehê caran li erdê hatiye danîn û dîs hatiye hildan ser serê wî, û porê wî yê zer gemar kiriye, pirr tozgirtî bû.

Gotinên mamoste û nêrînên wî Qenco matmayî hişt, tu carî di refê de wisa bi hişkayî pê re nediaxivî, dibe ew nas nekiribe, dibe! ji ber ku şeş sal di ser re derbas bûn ji çaxa ku mamosteyê wî yê refa yekê bû.

Dengê tembûrê û çepikan careke dî bilind bû, yekî ji wan bang li mamoste kir û got:

- Ma çawa bû!? Û hindek gotinên dî jî gotin, lê Qenco jê fam nekir, tenê nas kir ku gotinên ne baş der heqê benîşt û şekirokên wî de dibêje.

Qenco bi mamosteyê xwe re diaxivî, lê çavên wî çep û rast dilîstin, dizanîbû kêlîk berî kêlîkê wê xwedîyê xwaringehê yê rû xurî û kulek, wek her car bi çeplê wî bigire û wê wî di derî re çeng bike, ew ê tilîya xwe jê re wek nîşana geflêxwarinê hilde, û behsa Asayîşan bike. Ji xwe ji roja ku malbata Qenco bêçare maye û ew ketiye vî karî de, gotina Asayîş û hebsê ku her roj dibihîze li gel wî bûne mîna gotina benîşt şekirên wî.

destê sibehê bû, qenco bi bavê xwe re ji karê li hotêlê vedigeriya, dema ku wê erebeya camreş li bavê wî da û riya xwe berdewam kir. Tenê termeke di nav xwînê de gevizî, qîreqîra zarokekî deverekê nas nake, û xêzeke reş û dirêêêj ji şûna dûlabê xwe li pey xwe hişt.

Ji wê rojê de Qenco û birayê xwe bêçare mane, Qenco bi qotîka xwe, û birayê wî bi sênîka xwe ya şêranîyê, kolanên bajêr, bi pêlavên xwe yên lastîkî li hev bixin, ji destê sibehê ta êvarê bigerin ji bo debara jiyana malê û dermanê bavê pûçmayî peyda bikin.

Piştî ku mamoste pişta xwe da Qenco, û tev li civatê û çepikan bû, ji nişka ve hemûyan peyalên xwe mîna yên di filman de hildan û li hev xistin.

Qenco hişk sekinî, û ji kêlekê de ziq li mamosteyê xwe yê ku her dem di refê de ji wan re digot mey heram e nêrî. Gelekî nehatibû guhertin, porê wî reştir bûye, cil û bergên wî nû bûne, ûtîkirî ne, bihnek xweş ji wan difûre, û ya herî balkêş ku rengên wan – wek her car - ji hev nedireviyan.

Gelek bîranînên Qenco di wê kêlîkê de hatine tevdan, jêhatîbûna wî û birayê wî, ku her sal yê yekemîn li ser asta dibistana xwe bûn, hezkirina mamoste jê re, çepikên ku jê re dihatin lêdan, pênûsên rengîn ku her hefteyê bi kêmanî carekê ji mamoste werdigirtin, û şekir û benîştên ku piraniya rojan ji nav hemû xwendekaran para wî bûn.

Qenco hindekî dî ber bi mamosteyê xwe ve çû, û hindekî dî jî dilê xwe xurt kir ta ku jê re bibêje:

- Ez Qenco me, ma tu min nas nakî?... Tu li vir çi dikî!? Û du benîştan jî bê pere bide wî. Lê destekî mezin milê wî girt û ew bi paş ve vegerand, ew dest yê xwediyê xwaringehê bû!

Qotîka Qenco ji ser serê wî hate xwarê, benîşt û şekirên wî li nav lingan û li bin maseyan belawela bûn. Qotîk bi çend libên ku tê de mabûn danî erdê û hewl da ku tiştên erda xwaringehê pê hate xemilandin bide hev, lê xwediyê

destê mezin ew mîna qerpalekî bi dûv xwe de kişand, û Qenco jî bi şewat û bê liberxwedan li şekir û benîştên ku li pey wî rêz dibûn dinêrî. Di dilê xwe de ji mamosteyê xwe xwest ku bi gaziya wî ve were û wî ji destê vî zalimî xelas bike, lê hayê mamoste ji bayê felekê tunebû, bi hildana peyalan mjûl bû, û dengê dilê Qenco qet nedikir.

Wek kêlîkên kêfê ku zû derbas dibin, Qenco ji nişka ve xwe li derveyî deriyê xwaringehê, bi qotîkeke pelixî û vala re dît. A baş ku dem havîn bû.

Ji nû ve Qenco bi germa vî bajarî hest bû, dîwarê ku pişta xwe dabûyê, tev ku şev ber bi nîvî de jî diçû, lê hîn sincirî ye, û germa erdê jî ne kêmtir bû.

Di kêlîkekê de her tişt ji bîr kir, û germbûna konê wan, dema ku bavê wî ji nexweşxaneyê anîn malê, çawa xwêdana wî bi ser birînên wî de diherikî û qîreqîre wî bilindtir dibû, û xweşikbûna dêya wî berî ku rûyê wê bişewite hate bîra wî.

Ew jî di havîna par de bû, firavîn amade dikir, wî û birayê xwe ji germa xwe bi tena şortan kiribûn, dema ku ji nişka ve agir ji ser ta pê dêya wan girt, bavê wan jî li kar bû, ji tirsa, ji desthilanînê ketin, tenê xwe xistin himbêza hev û di quncika kon de bi dengekî bilind giriyan.

Dema ku dêya wan piştî çend rojan ji nexweşxaneyê vegeriya, ser çavên wê hemû spî girêdayî bû û cîranên ku serdana wan dikirin, piştî ku radibûn, bi şewat li Qenco û birayê wî dinêrîn, destên xwe li hev dxistin, û digotin:

- Weleeed law, wê ev zarok çawa bikin!?

Wê demê kela girî dikete qirika wan de, bi çavekî şkestî li çavên dêya xwe yên ku bi zorê di nav wê şaşa spî de xuya dikirin dinêrîn û dibû îskeîska wan.

Rabe Qenco rabe, rabe, çima tu saet neh nehatî garacê? Ev saeteke ez li te digerim, ma tu nizanî niha erebeyên devera me nemane? Birayê wî Heso bi dengekî bilind û kelogirî jê re got.

Qencoyê ku li devê deriyê xwaringehê xilmaş bûbû, û mamosteyê wî jî çûbû malê bê ku Qenco wî bibîne û karibe du benîştan bidê, çeng bû û kertona xwe zeft girt.

Hesoyê dehsalî çavên xwe xistin çavê wî de, bi hêz millê wî hejand û got: Te dîs xewnên ne xweş dîtine ne...!?

Bê ku Qenco bersivê bide zendikê xwe bi xwêdana eniya xwe xist û ji birayê xwe pirsî: Her dem dapîra min digot mirov dişibin hev, ma maosta jî dişibin hev.!?


Hesoyê ku di pirsa birayê xwe de negihaşt, tirabêlka rûyê wî ku tev li xwêdanê bûbû paqij kir û bi bêzarî û melûlî got: Xuyaye em ê îro dîsan li bin pirê derveyî bajêr xew bikin birawo...

## Jînenîgariyê, Nivîskar û wergêr Qadir Egîd

Di sala 1973an de, li bajarê Amûdê jidayik bûye. Xwendina amadeyî û navîn li dibistanên bajarê Amûdê biserî kiriye. Lîse di sala 1991ê de, ji dibistana Elmeerî wergirtiye.

- Di sala 1994an de, ji peymangeha amadekirina mamosteyan /Mamosteyê refê / Derçûye, û piştî xizmeta 30 salî di warê perwerdeyê de, ji kar hatiye dûrxistin. Derçûyê zanîngeha Rojava, beşê ziman û wêjeya kurdî ye.
- Di sala 2019an de, weke mamosteyekî alîkar li zanîngeha Rojava maye.
- Ji sala 1995an de, bi kurdî dinivîse. Çîroknivîs, ragihêner, perwerdekar û wergêr e.
- Ji sala 2000an de, bi hindek werger, lêkolînên ziman, û xwendina di berhemên nû çapbûyî de dest bi nivîsîna ji malperên kurdû û erebî kir.
- Di sala 2013an de, beşdarî damezirandina saziya Nûdem a ragihandinê (Malper û rojname) bû, ku tê de cîgirê serokê encumena rêvebir û sernivîser bû.
- Di dawiya sala 2014an de, beşdarî damezirandina saziyeke ragihandinê nû bi navê Bûyer (malper kurdî û erebî, rojname, û radio) bû. Û ji detpêka damezirandinê de ta 2019an birêvebirê cîbicîkar û sernivîser e.
- Di sala 2018an de, xelata yekem ya pêncemn festîvala çîroka kurdî li Rojavayê Kurdistanê wergirt. Di heman salê de, xelata duyem ya festîvala çîrokê li Mexmûrê wergirt. Endamê komîta amadekar ya pêşangeha pirtûkê ya şehîd Herekol e.
- Du dewreya li ser hev weke Serokê Yekîtiya Nivîskarên Kurd li Sûriyê hatiye hilbijartin, û hîn li ser karê xwe ye.

# |Dêw di Çîrokên Kobaniyê de



**Emel Me'mo**

Di wêjeya devkî de û bi taybet di çîrokan de motîvên curbicur tên dîtin. Lê bi rastî jî yê herî zêde bala mirov dikşîne motîva dêw e, ji ber ku ev motîv di nava çîrokên Kobaniyê de bi gelek awayan hatiye bikaranîn. Her wiha ji ber ku piranî çîrokên vê herêmê di nava xwe de motîva dêw dihewînin, lê bi awayine cihêreng pêşkêş kirine.

Hin ji wan heftserî ne, hin kor û bi çavekî ne û hin ji wan guharên wan bi qasî berên aşan in û hin jî ji wan bi pifa xwe mirovan bi hewayê dixin.

Dêw an jî dêv di nava mîtolojiyê de li cem gelê kurd û li gel hin gelên din jî tê bikaranîn. Peyva dêw ji aliyê ferhengî ve tê wateya afirandiyên aşopî anku çîrokî yên pir mezin an jî kesê gir û zexm. Ev peyv di jiyana rojane de jî tê bikaranîn dibêjin filan kes mîna dêw e, ku tê manaya kesê zexm û girs.



Ji bilî dêw hin peyvên din jî di mîtolojiyên din de tên bikaranîn, weke “Dêwaz” ku tê wateya mezinê dêwan, “Dêwane” ku ew jî tê wateya “Dehbe”, hov an cinawir.

Em dikarin di folklora kurdan de gelek çîrokên li ser dêw bibînin ku ne tenê çîrokên girêdayî Kobaniyê, lê belê her herêmekê bi rengekî dêw pêşkêş kirine, ku emê yê herêma Kobaniyê bigirin dest.

Dêw bi xwe zindiyekî xeyalî ye, di çîrokên gelêrî de tên dîtin. Dêw yek ji karakterên dualî ye di çîrokan de, lewre gelek caran sembola xerabî, tirs û zordariyê ye, lê di hin cihan de jî dilnerm, alîkar û qehreman e û carcaran jî alîgirê bindestan û tolhildêrê zaliman e. Lewre em dikarin bibêjin ku di çîrokên ku motîva dêw tê dîtin de, nakokiyên dualîtî nîşan didin wek qencî û xerabî, jîrî û ehmeqî, çavbirçîbûn û razîbûnê nîşan didin, ka werin em vê paragrafa ji çîroka bi navê “Bozan Axa” binêrin û darazê bidin:



"Şivan ku weke dara çinarê dirêj e û zexm e, çalim gemarî tu dibêjî qey vî şivanî jiyana xwe di şikeftan de derbas kiriye. Em diçin cem. Bixêrhatina me dike, kurkê xwe ji me re li erdê pan dike. Em li ser runiştin. Dema ku tarîtî rehên xwe dike erdê, em li çavên hev dinhêrin ku em rabin şivên bi çarika wî girêdin. Şivan li me dinhêre dibîne ku êdî niyta me xirab e, radibe ser xwe û me her çaran bi hev ve girê dide. Derdikeve ew şivan dêw e. bi cilên şivanan xwe veşartiye.  Wanî em girêdan û dane pêş xwe. Gava em

digihêjin serî quçekê işkeftek xuya dike, deriyê işkaftê hîmekî mezin daye ber radike û pêz ber dide hundir û me gêre hundir dike û dîsa hîmê xwe dide ber işkeftê û diçe paşiya işkeftê.

Piştî demekê bi hin êzing û tepikên dewêr koziyak arî xwe da dide. Işkeft ronî dibe. Û heta ku hin nan û gêrmî nizam ji kur anî datîne ber me û dibêje kerem kin bixwin. Ê em di bin çavan re lev dinhêrin, qirçe qirça gewriya me ye, em dê çawa nên bixwin. Em nanê xwe dixwin. Di vir de dêw du şîş e xwe serî tûj kiriye, xiste nav komira êgir. Hevalekî me berî me têr xwar û ji ser sifra nên vekşiya. Dêw qet rabû ew hevalê me danî erdê û şîşek di çavan re kir di aliyê din re derdixe".

Dêw zindiyekî bi şiklê mirovan e, her wiha dirêj, gir û mezin e û li rex wan jî xwedî hêzê ye, çimkî dikaribû deriyê şikeftê bi hîmekî mezin bigire. Em dikarin zêdeyî wan jî bibêjin kesekî xapînok û mirovxwir e ji ber vê ye ku di piraniya çîrokên Kobaniyê de kesine xerab in.



Di çîrokên her gelekî de motîvên cihêreng tên dîtin, ku hin motîv weke bawerî ji xwe re digirin, çimkî motîva dêw jî di çîrokên Kobaniyan de wek nîşaneya tirs, xerabî tê pêşkêşkirin. Em ji bîr nekin ku motîva dêw carinan jî di çîrokên zarokan de jî dihat bîranîn ku ew jî ji bo ku navgînek be ku zarok razê an li dijî dayik û bavê xwe dernekeve vê motivê pêşkêş dikin. Ger mebesta xwe ji bo raberkirina xerabî be wî bi şiklê mirovan pêşkêş dikin ta ku mirov jê sûd bigire ku dûrî xerabiyan bikeve, Ger mebesta xwe ji bo xuyakirina tirsê be ew vê motîvê bi awayekî derasayî digihînin bihîzer, lê ev

yek çima? Ji ber gava ku mirov heman çîrokê ji devê du kesan dibihîze, wê gavê mirov tê digihê ku her yek bi rêbaz û mbesta xwe pêşkêş dike.



Li aliyekî din, carcaran navê dêw bi taybetmendiyên xwe ve tê girêdan, an her dêwek di her çîrokekê de bi taybetiyên cuda tên binavkirin, hin ji wan dêwê sor, dêwê heftserî, dêwê heftçav, dêwê destqut, dêwê zalim û gelek navên din tên binavkirin.

Em dikarin mînakekê bidin ji çîroka gelêrî ya bi navê “Qîza Sultên” bînin zimên:

"Li memleketeke dûr, sultanek hebû, rojekê ji rojan sultan pêşbirkekê li dar dixe…axir di dawiyê de dêwek bi ser dikeve, îcar divê Sultan soza ku dabû bi cih bîne, ew soz jî ku kesê bi ser keve, sultan dê qîza xwe bide, lê ji ber ku sultan dizane yê ku bi ser ket dêw e, pir xemgîn dibe. Dêwekî bi yek çavî ye, gelekî zexm e, di paşûla wî de hin hestî xuya dibûn, helbet ew hestiyên mirovên mirî bûn, dema ku miriyek nû dimire, dêwê bejin girs berê xwe dide goristanê û wî mirî ji xwe re dike xwarin, Sultanê hejar neçar dibe û di dawiya dawî de keça xwe dide wî. Bi vî awayî dêw berê qîza Sultên dide çiyayên dûr, êdî digihêje şikefteka ku ji xwe re wek cih girtiye û dikeve hundir bi qîza Sultên re.

Sibehan zû bang li keçika hejar dike û hin hestî dirêjî wê dike, divê heta ku vegere bixwe û sîtila mezin jê re tijî hêsrên xwe bike ji bo ku dêw vexwe. Axir dêw bi hêrs dibêje ta ku ez vegerim divê tu wan hestiyan bixwî û sîtila li ser êgir tijî hêsir bikî…"

Bi vî awayî bi rêya analîzkirina motîva em dibînin ku dêw di her du çîrokên “Bozan Axa û Qîza Sultê” ku li bajarê Kobaniyê tê gotin de em dikarin wiha motîva dêw bidin naskirin:



Motîva dêw li gel çîrokên kurdan û weke hemû gelên din bi şiklekî cuda ye, çawa di çîrokên gelên ereb de motîva xol an carinan jê re dibêjin 'îmlaq tên bikaranîn, ku ev motîv ji bo nîşaneya tirs û nexweşikiyê ye. Ku em dikarin bibêjin xol weke motîva dêw e, her tim bi awayekî nerênî hatiyê pêşkêşkirin bo guhdaran û pir kêm bi awayekî erênî tê diyarkirin. Belkî jî xol û dêw yek bin lê bi navên cuda ne, ji ber ku xol jî di piraniya çîrokên gelê ereb de tê bikaranîn. Lê em dikarin bibêjin ku dêw zindiyekî deraqil e, ku bi gelek şiklên cuda hatiyê diyarkirin. Carinan wek mirovan mîna di çîroka Bozan Axa de û carinan jî bi şiklê xwe yê normal ku çavkor, girs û mirovxur xuya dike. dêw di her çîrokekê de bi rengekî hatiyê xuyakirin, ku her yek ji wan bi taybetmendiyên xwe cuda ne ji yên din.

**Çavkanî:** KURDŞOP, Dêw di çîrokên Kobaniyê de, Kurmancî | kurdshop.net, 03-05-2024, Lînka babet: https://kurdshop.net/kt/culture/3708

| "**دنیای ئەدەب**" کتێبێکی نیمچە سالانەیە، وەک پاشکۆی گۆڤاری "دنیای چیرۆک" لەلایەن `ماڵی ڕۆشنگەری کەمال سەعدی` دەردەچێت.

ئامانجی پێشکەشکردنی بابەتی ئەدەبی جۆراوجۆرە، لەوانە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، وتاری ئەدەبی، دەقی داهێنەرانە و شیکاریی پرسە ئەدەبییە کلاسیک و مۆدێرنەکان.

**بۆ پەیوەندی:**

litreature.book@gmail.com

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

ژمارە
**1007**

ریکەوت
09/02/2025 - 09/02/2026


بەپێی بڕگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی
سالی 2007 کە لە 22/9/2008 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت
گۆڤاری ( **دنیای چیرۆک** ) وەرزییەو، خاوەن ئیمتیازی ( **كمال سعدى مصطفى** )
و سەرنووسەرەکەی ( **صابر رشيد صالح** )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە،
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی ( **1007** )تۆمارکرا، بۆ ماوەی یەک سال.

ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

# DINYAY ÇÎROK دنیای چیرۆک

Hejmar: 1 |sala yekem, Bihara 2025

Kovareke demsalî ye ku ji bo çîrokbêjî û lêkolînên vegotinê ye,
ji hêla «Mala Ronahî ya Kemal Saadî» ve tê weşandin.

تابلۆی زەیتی هوندرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ

بەرمیلی زبڵ- 1985- لەسەر کانڤاس، قەبارە ٦٠×٨٠ سم